# قەڵای
# بەرخۆدان

نووسینی:
برایم چووکەڵی

ناوی کتێب:

قەڵای بەرخۆدان

نووسینی: برایم چووکەڵی

پێداچوونەوەی: هەژیر عەبدوڵاپور

تایپ: بەیان چووکەڵی

دیزاین: ئەیوب شەهابی راد

# پێشکەشە

ــ بــەو کەســانەی کــە درێــژەدەری رێگــای شــەهیدانن‌و وەك قەڵایــەکی پۆڵــایین لــە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا ماون.

ـ بەو کەسانە کە حەول دەدەن بۆ یەکڕیزی ریزەکانی حیزبی دێموکرات.

# سوپاس و پێزانین

جێگای خۆیەتی کە لەم چەند دێرە دا پڕ بە دڵ سوپاسی ئەم بەرێزانە بکەم کە بۆ ئامادە کردن و چاپ کردنی ئەو پەرتووکە هاوکاری بەنرخیان کردووم وخۆیان لەگەڵ ماندوو کردم.

⋆ سوپاسی هاورێی خۆشەویستم هەژیر عەبدوڵلاپور دەکەم کە زەحمەتی زۆری کێشاو بە کتێبەکە دا چۆتەوەو کاتێکی زۆری خۆی بۆ ئەم پەرتووکە تەرخان کردبوو.

⋆ سوپاسی جگەر گۆشەی خۆشەویستم بەیان چووکەڵی دەکەم کە کاری تایپەکەی وەئەستۆی خۆی گرت.

⋆ سوپاسی ئەیوب شەهابیڕاد دەکەم کە کاری مونتاژو تەرڕاحی بەرگی کتێبەکەی کردوە.

⋆ سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە بۆ لە چاپ دانی لە باری ماڵییەوە یارمەتیان داوم.

# پێڕست


ـــ چەند وتەیەك ٧
ـــ هۆیەکانی لاواز بوونی خەباتی چەکداری ٩
ـــ بەرەو کۆنگرەی ١١ ١٣
ـــ چوون بۆ کۆمیتەی بۆکان ٣١
ـــ پلینۆمی ئاڵوگۆری سازماندەهی ٣٢
ـــ دانیشتنێکی چاوەڕوانکراو ٣٤
ـــ گیرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان ٣٤
ـــ بەهاری پڕ کێشەی ساڵی ١٣٧٨ ٣٧
ـــ دیاری کردنی فەرماندەری تیپ ٣٩
ـــ بەرەو کۆنگرەی ١٢ ٤٢
ـــ دابەشینی کار دوای کۆنگرە ٤٥
ـــ هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ئەمریکا ٤٧
ـــ کێشەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری لە کەمپنشینی دا ٥٠
ـــ کۆبونەوەی کومیتەناوەندی ٥١
ـــ سەیرانێکی تاڵ ٥٢
ـــ پلینۆمی تەرح ٥٣
ـــ تەرحی کاك بابا عەلی مێهرپەروەر ٥٤
ـــ پێکهێنانی ستاد ٦٠
ـــ شەهید بوونی رۆڵەیەکی تێکۆشەر ٦١
ـــ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ٦٢
ـــ بڕیاری چوونەوە بۆ ناوچە ٦٤
ـــ پێکهێنانی هەیئەتی کۆنگرەی ١٣ ٦٧
ـــ دەست پێکردنی کۆنفرانسەکانی حیزب ٦٨
ـــ تەرحی سکرتێری کاك بابا عەلی مێهرپەروەر ٦٩
ـــ کۆنگرەی ١٣ ٧٩
ـــ هۆیەکانی دارمانی پایەکانی جەناحی دەسەڵاتدارلە ...... ٨٥

ـــ کارو تێکۆشانی دوای کۆنگرەی ١٣ ٨٩
ـــ باڵی شکست خواردوو چۆن یەکی گرتەوە ٩٣
ـــ بەهارێکی تاڵ ٩٥
ـــ تێکدانی کۆبوونەوەی مامۆستا ٩٧
ـــ ساڵی لەتبوون ٩٩
ـــ بیست خاڵەکەی ئۆپۆزیسیۆن ١٠١
ـــ نامە بۆ کاك شاهۆ وخۆسرەوی بەهرامی ١٠٧
ـــ دەقی ١٧ خاڵەکەی زۆرینە ١١٥
ـــ وڵامی ئۆپۆزیسیۆن بە ١٧ خاڵەکە ١١٨
ـــ ئاوردانەوەیەك لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات ١٢٧
ـــ وڵامی ئۆپۆزیسیۆن بە ئاوڕدانەوە ١٥١
ـــ بەیاننامە ٢٣٥
ـــ هۆیەکانی دوو کەرتبوونی حیزبی دیموکرات ٢٤٠
ـــ زیانەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکرات ٢٤٢
ـــ تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٤٤
ـــ کۆنگرەی ١٤ ٢٤٨

# چەند وتەیەك

١ــ ئەو پەرتووکە لە کاتێك دا بڵاو دەبێتەوە کە بەداخەوە ٤ ساڵ دەبێ بە سەر لەتبوونی حیزبی دێموکرات دا تێدەپەڕێ. لە راستی دا ئەو کتێبە بەرگی دووهەمی "لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە"یە. بەڵام لە بەر ئەوەی شێوەی خەباتەکەمان ئاڵوگۆڕی بە سەر داهات بە پێویستم زانی ناوەکەی بگۆڕم. چونکی لە کتێبی پێشوودا باسی سەردەمێك دەکا کە خەباتێکی سەختی چەکداری لە ئارا دابوو ولە شاخەوە دەستم پێ کرد وتا خەباتی چەکداری بە تەواوی کەم ڕەنگ بۆوە، واتە لە ساڵی ١٣٧٥ لە دەشتی کۆیە بەرە بەرە روو لە کزی بوو. بەرگی پێشوو هەمووی لە حماسەو فیداکار ییەکانی پڕ لە شانازی پێشمەرگە دەدوێ بۆیە ناوەکەی بۆ ئەو کتێبە نەدەبوو مادام ئەو شێوە خەباتە روو لە کزی بوو وەك لە کتێبەکەش دا ئاماژەی پێ کراوە پێویست بوو ناوەکەی بگۆڕدرێ.

٢ــ بیست ساڵ ماوەیەکی کەم نیە بۆ خەباتی چەکداری، بۆیە مانەوە لە بنکەی سابیت زۆر دژوار بوو. ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بە سەر شێوەی خەبات دا هاتبوو، ئەویش لە شوێنێك کە بەراستی تەحەمولی جێگۆڕکەی جوغرافیایی بۆ ئێمە سەخت بوو. هەم شێوەی خەبات ئاڵوگۆڕی تێدا پێك هات هەم مەوقعییەتی جوغرافیای نیشتەجێبوونمان گۆڕا، ئەویش جێگایەك کە یەکم رۆژ لە هاوینی ساڵی ١٣٧٢ دا حیزبی دێموکرات رووی تێ کرد بە ناوی " قەڵا"، لەنزیك شاری کۆیە ماوەیەکی زۆر مانەوە لە شوێنێکی ئەوتۆ بەراستی خۆڕاگری دەوێ.

لەوە گرینگتر بە چەندین جار رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئەو قەڵایەی بۆمباران کردوە تەنانەت هێرشی زەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ١٣٧٥ دا کە زیاتر لە هەزاران گوللە تۆپ وکاتیوشاو موشەکی بە سەر داباراند نەیتوانی ورەی قەڵای پۆڵاینی حیزبی دیموکرات لەو شوێنە بروخێنێ. هەر بۆیەش ناوی" قەڵای خۆراگری"م لە سەر دانا.

٣ــ لەو کتێبە دا کۆمەڵێك ئەسنادو بەڵگە هاتووە ئی کاتی جەناح بەندییە وپێوەندی بە هەردووك جەناحی رابردووە هەیەو وەك خۆی دامناوەتەوە، چەند هەڵەی ئیملایی تێدایە من بە پێویستم نەزانی دەستکاری بکەم وەك هەیە هێناومەتەوە.

٤ـ داوا لە خوێنەران دەکەم لە پێوەندی لە گەڵ ئەو پەرتووکەدا هەر تێبینێك یا پێشنیارێك یا رەخنەیەکیان هەیە دەتوانن لە رێگای ئەو ئیمەیلەوە بۆم بنێرن بە دڵێکی کراوە وەری دەگرم دڵنیام ئەو رەخنانەی دەگیرێن بۆ دەوڵەمەندی کتێبەکەیە.

Mokreyan77@yahoo.com

Ibrahim_chokali@yahoo.com

برایم چووکەڵی

١٣٨٩/٦/٢٦

# هۆیەکانی لاواز بوونی خەباتی چەکداری

لە راستیدا حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای شەڕی پارتیزانییەوە، لەبەر ئەوەیکە شەڕەکەی بە سەردا سەپابوو، خۆی بۆ ئامادە و تەیار نەکردبوو، هەر بۆیەش بۆ رۆژانی داهاتوو بیری لێ نەکردبۆوە و بە بەرنامە و رێکخستنێکی تۆکمەوە نەهاتبووە مەیدان و تا ساڵانێکی زۆر هەر لەو بڕوایە دابوو کە رێژیم مل بۆ داواکانی گەلی کورد رادەکێشێ و سەرەنجام دێتە سەر مێزی وتووێژ. بەم پێیە بە شێوەیەکی زۆر قووڵ و هەمەلایەنە خۆی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان دواتر ئامادە نەکردبوو و هەر بۆیەش هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سنوورەکان وگەلاڵە وگەورەدێو چیاکانی قەندیل و سەرەنجام لەوێشەوە بەرەو دەشتی کۆیە شۆڕبۆوە. دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ١٣٧٥ هێرشیان کردە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە دەوروبەری شاری کۆیە (کە لەکتێبی "لە چیاکانی موکریان تا دەشتی کۆیە" بە وردی ئاماژەم بە هۆکارو ئاکامەکانی ئەم هێرشە کردووە) و هەروەها ئەو قەراردادەی کە ئیمزا کرا، ئالۆگۆڕی قووڵی بە سەر خەباتی چەکداری چەندین ساڵەی حیزبی دێموکراتدا هێنا. هەر لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە حیزبی دێموکرات بە دابڕان و چۆڵکردنی قەندیل و گیرسانەوە لە دەشتی کۆیە لە ساڵی ١٣٧٢دا، کاریگەریی نیگەتیڤی لە سەر خەباتی ئێمە هەبووەو هەروەها کێشەی نێوان ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێراق و حیزبی دێموکرات لە سەر چوونەوە بۆ ناوخۆی وڵات و ئەو ئیمزاکردنەی کە بە رواڵەت پاراستنی باری ئەمنی ئەندامانی حیزبیشی تێدا

رەچاوکرابوو، لە سەر خەباتی ئێمە شوێندانەر بوو. دابڕان لە شاخ، وردە وردە خووگرتن بە ژیانی شاری، لە سوارەوە بوون بە پیادە، نەبوونی پشتی جبهە، هاوکاریی نەکردنی لایەنەکانی ئێراقیو راهاتن بە خۆشبژیوی و پاڵدانەوە، کۆمەڵە هۆکارێك بوون کە خەبات وتێکۆشانی کادرو پێشمەرگەی تا رادەیەکی زۆر، کەم کردەوە. هەر لەمبارەیەوە رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو وتەیەکی بە نرخی هەیە کە دەڵێ: "ئێمە لە کاتی خەباتی چەکداری دا نابێ لە شار نیزیك بین"، ئەو وتەیە سەبارەت بەو قۆناغەی کە ئێمە قەندیلمان جێهێشت و لە دەورووبەری شاری کۆیە جێگیربووین، راست گەڕا و ئەگەر مرۆڤێکی راستبین بین، دەبینین ئەم نیزیك بوونەوەیە لە شار، تووشی جۆرێك قەتیس مان و پەنگخواردنەوەی کردین و بە گشتی بێبەرنامەیی و کۆمەڵێك دیاردەی وەك کۆتلەبەندی و ناوچەگەرێتی و... دەست و داوێنی گرتین کە ئێستاش بە تەواوی نەمان توانیوە لێی قوتار بین و بە یەکجاری لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە. لە گەڵ ئەوەشدا لە کاتی هاتنەخوارەوە لە قەندیل، حیزبی دیمۆکرات دوو رێبەری هەڵکەوتە و زانای لە دەست دابوو و زەبرێکی قەرەبوونەکراوەی وێکەوتبوو و بە داخەوە لە وەها بارودۆخێکدا، رێبەری ئەو کاتی حیزب بە بێ لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ بڕیاری چۆڵکردنی چیا سەرکەشەکانی قەندیلی دا. شەهید دوکتور قاسملوو باشی دەزانی لە بناری قەندیل توانای بەربەرەکانی لە گەڵ زۆر هێزی داگیرکەری دەبێ و وا بەسانایی حیزبی دێموکرات بە چۆك دانایە، بەڵام دواتر رێبەرانی ئێمە هەستیان بەو شوێنە ستراتیژی و لەگیراننەهاتووە نەکرد بوو، هەر بۆیە بێ کێشە و بە دەستی خۆمان لە گەورەیی و پڕستیژ و دەسەڵاتی حیزبمان کەم کردەوەو بەو هەموو هێزە شەڕکەرەی کە هەمان بوو بەرەو دەشتی کۆیە شۆڕبووینەوە. کەمتر حیزب ورێکخراوەی دیکە بە ئەندازەی ئێمە لاوانی بە توانای لە ئیختیار دابوو، هەروەها لە بیرمان نەچێ کە لە ماوەی سێ ساڵ دا لە دەشتی کۆیە بە سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب وازیان لە خەبات هێنا و روویان لە وڵاتانی ئورووپا کرد. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە مەسەلەی شۆڕبوونەوە لە قەندیلەوە بەرەو کۆیە، هیچ پرس و

راوێـژێك لـە گـەڵ بەدەنـەی حیـزب نـەکرا کـە ئـەوەش یەکێکـە لـە هەڵـەکانی رێبـەری ئەوکاتی حیزبە. دوکتور قاسملووی شەهید لە دوای راگرتنی شەڕی ئێران و ئێـراق لـە گەڵ چەند هـەزار کەسـی ئـەوکاتی بەدەنـەی حیـزب دانیشـت و پرسـی پێکـردن کـە چ بکەین. ئەگەر رێبەری ئەو کاتی حیزب هەر ئەو فاکتەرانەی کە ئەودەم تـاوتۆیٚ کـران، بۆ درێـژەدان بـە خـەبات لـە بەرچـاوی گرتبـا و بـەڕێوەی بردبایـە، خـەباتی چـەکداری نەدەوەستا. تەنانەت دەمانتوانی لە ماوەی ١٢ساڵی پێشوودا بـە شـێوەیەکی چالاکتر بجولێینەوە و زۆر رێکار و رێگەچارەمان بگرتایەبەر. ئێمە هەروەها دەمانتوانی هـەموو سالێك بە جۆرێـك جووڵابایەینـەوە کـە جەسـتەی حیـزب نەدەتـەزی وخـوێنی تازەمـان سەری هەڵدەداو لە نێو دەمارەکانی حیزب دا دەجووڵانەوە و حیزبی زیندوو رادەگرت. لـە راسـتیدا دوای کـەم رەنـگ بوونـەوەی خـەباتی چـەکداری لـە سـاڵی ١٣٧٦دا، هـیچ ئالٚترناتیڤێکمان بۆ خەبات نەبوو. ژیـانی ئوردوگانشـینی وای لـیٚ کـردین کـە لـە دۆخـی شۆڕشـگێری و پارتیزانیـەوە بـبین بـە داموودەزگایـەکی ئیـداری. گەرچـی پاراسـتنی بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم پێویست بـوو، بـەڵام ئـەوە نەدەبوایـە ببوایەتـە ئـەمری واقیع و هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگیری لە چوونەوەیەکی هەمیشەیی. راستە کە باسی کوردستان دەکرێ لەوانەیە بەردی تالاری یەکێك لە بەشەکانی کوردستان قایم بکرێ بە قازانجی بەشەکانی دیکەش بیٚ و دەبیٚ ئەوانیش پشتی بگرن، بـەڵام ئـەوە بـەو مانایـە نییە کە خەباتگێڕانی ئەو بەشە بە یەکجاری واز لە خەبات بێنن.

لە لایەکی دیکەوە، لە سەردەمی شاخدا، کادرو پێشـمەرگەی حیـزب بـە دەم کـارو تێکۆشانی حیزبییەوە، وردە ئاوڕێکییان لە ژیانی کەسێنی خۆیان دەدایەوە، بـەڵام بـە نیشتەجێبوونییان لە پێدەشتەکانی کۆیە، وردەوردە ئەم شێوە باوە پێچەوانە بـۆوە و ئەنـدامانی حیـزب بــە دەم ژیانــەوە، ئــەرکی حیزبییــان رادەپەڕانـد و بــە داخــەوە هەنووکەش ئەم راستییە باڵی بەسەر زۆربەی ئەندامانی حیزبدا کێشاوەو دابـینکردنـی بژیوی و بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ و بە گشـتی خـەمی نـان بەشـی هـەرەزۆری فیکـر و زیکری ئەندامانی حیزبی داگیر کردوە !و ئەوانی لە خەبات و تێکۆشـانی بـەردەوام شـل

کردۆتەوەو مخابن ئێستاش ڕێکارێك بۆ چارەسەرکرنی ئەم بارودۆخە تالْ و ناخۆشە لـە لایەن ڕێبەری حیزبەوە دانەنراوە. بەڵێ! گیرسانەوە لـە دەشـتی کۆیـە فێـری کـەمپ-نشینیشی کردین و ئـەو بـێبەرنامـەیی و بێکارییـەی کـە بـاڵی بەسـەر حیـزبدا کێشـا، دەرفەتی زیاتر بۆ هەلپەرسـتان و دەسـەلاتخوازانی نـاو حیـزب ڕەخسـاند و ئەوانـە بـۆ بردنەپێشـی بەرنامـەکانیان کەوتنـەخۆ و لـە هـەر دەرفـەتێك بـۆ دووبـەرەکیٖنانـەوە و کرمەڕێزکردنی قەوارەی حیزب کەڵکیان وەرگرت.

بە کورتی ئێمە دوای ساڵی ١٣٧٥بیرمان لە هیچ شێوە خەباتێکی دیکە نەکردەوە هەر چەند دەمانتوانی زۆر کار بکەین ئەویش لەو قۆناخە دا پێویستمان بە ڕاهێنان بوو لە بوارە جیاجیاکانی خەبات دا. بۆ ئەوەی هیچکات لە خەڵك دانەبڕێین، ڕاهێنان و پەروەردەکردن لەو قۆناغەدا زۆر لاواز بوو و نەمانتوانی هیچ ڕێگا چارەیەك بۆ درێژەدانی خەبات بدۆزینەوە و تەنیا لە ماوەی ١٢ ساڵدا چەند تیمێك لە ساڵەکانی ٧٨و٧٩و٨٢و ٨٦و٨٧دا چوونەوە بۆ هێندێك کاری دیاری کراو. بۆیە پێموایە حیزبەکەمان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و دەبێ ڕەخنە لەو بڕیارانە بگرێ کە نەیانتوانیوە حیزب زیندوو ڕابگرێ. ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو چرای ڕووناکی داهاتوویە، ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو نەدەینەوە ڕێگای داهاتوو تاریك وهەڵە دەبێ. بوونی خوێنی تازە بۆ نێو ریزەکانی حیزب پێویستی یەکی هەمیشەییە و بوون لە نێو خەڵك دا حیزب بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. پێویستە بە ڕاهێنانی بەردەوام و خۆگونجاندن لە گەڵ هەلومەرجی ڕۆژ خۆمان بۆ هەموو گۆڕانکارییەك ئامادە بکەین و حیزبیش هەمیشە چالاك و زیندوو ڕابگرین. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە "خەباتی چەکداری، پرۆژەی ئیفلیج کردنی کوردو بزووتنەوەی کوردایەتییە یا پێیان وایە خزمەتی داگیرکەر دەکا". دەبێ ئەوە بڵێم کە بە بێ بەرگریی چەکداری ڕۆڵە بوێرەکانی گەلی کورد، ئەمڕۆ خاوەنی ئەم مێژووییەش نەدەبووین. ئەوانە تەنیا چاوی دیتنی ئەو خەباتەیان نیە.

# بەرەو کۆنگرەی ۱۱

بە پێی پێڕەوی نێوخۆیی، ساڵی ۱۳۷٦ساڵی گرتنی کۆنگرەی ۱۱ی حیزب بوو، هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندی ئامادەکاری بۆ کردو لە پلینۆمێکدا کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پێك هێنا. ئەو کۆمیتەیە بەرەبەرە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد کە دواتر باسی کارەکانی کۆنگرەو هەڵوێست و ئاکامەکانی دەکەم. هەر بۆیە لە پێشدا دەمەوێ ئاماژە بە ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵی ۱۳۷٦ی هەتاوی بکەم چونکوو کتێبی"لە چیاکانی موکریان تا دەشتی کۆیە " ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانە لەخۆدەگرێ کە تا کۆتایی ساڵی ۱۳۷٥ ڕوویانداوە.

دوای ئەوەی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ بە بۆنەی نەورۆزەوە جێژنێکی بەشکۆ لە سالۆنی قەڵا گیراو پاش ئەوەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەو بۆنەوە قسەی کرد و پەیامی خۆی پێشکەش کرد، پێڕاگەیشتن و میوانداری لە بەشدارانی جێژنەکە کراو ساڵێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب دەستی پێکرد. ئەو خەبات و تێکۆشانە هەر وەك ئاماژەم پێکرد خەباتی چەکداری نەبوو بەڵکوو سەرەتای کەمڕەنگ بوونەوەی خەباتی چەکداری بوو. لە سەرەتای ساڵی ۱۳۷٦ پاش ئەو هەموو کردەوە تیرۆریستییەی کە کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان ئەنجامیدا و هەر لە ئاکامی ئەو ڕەشەکوژی و ئاژاوەگێڕییەی کە کۆماری ئیسلامی وەڕێیخستبوو، پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بەرەو گرژی و ئالۆزییەکی زۆر چووبوو و وێدەچوو هەر ساتەوەختێك ڕووداوێکی تاڵ و ناخۆشی لێبکەوێتەوە. پاش ئەوەی بەڕیزان مام جەلال و عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە پاریس چاویان بە یەکتر کەوت، ئەو دانیشتنە تا ڕادەیەك تەمومژی ناکۆکی و نێوان ناخۆشی

نێوان هەردووك لای ڕەواندەوە و بوار بۆ پتەوکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوانیان خۆش بـۆوە. هــەر بــە دوای گەڕانــەوەی هــەردووك بــەڕێزان بـۆ کوردســتان، لــە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوە بەڕێز مام جەلال سەردانی شاری کۆیـەی کـردو بـۆ ڕۆژی ٨ی خاکـەلێوە بـۆ نەهار میوانی حیزبی دێموکرات بوو و هەردووك لا تـا کاتـژمێر ٤ی ئێـوارێ بـۆ تـاوتۆیی مەسەلەکانی نێوانیان کۆبوونەوە و لە ڕاستیدا پاش دانیشتنەکەی پاریس، ئەوە یەکەم هەنگاوی بە کردەوە بوو بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان حیزبـی دیمـۆکرات و یەکیەتیی نیشتمانی کوردسـتان. چـەند ڕۆژ دواتـر واتـە ڕۆژی ١٤ی خاکـەلێوەی ٧٦ کاك مستەفا هیجری و کاك باباعەلی مێهرپەروەر سەردانی یـەکیتیی نیشـتمانیان کـرد. مەبەست لە سەردانەکە درێژەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی نێـوان هـەردوولا بـوو. بـۆ بەیانی هـەمان ڕۆژ پلینـۆمی کۆمیتـەی ناوەنـدیی گـیرا، هـەروەك ئامـاژەم پێکـرد لـەو پلینۆمەدا نۆ کەسی بۆ کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە دەست نیشان کران.

لەو سەروبەندەدا دادگای میکۆنۆس لە دەرکردنی بڕیاری کۆتایی نزیك دەبۆوە. بەڵێ! ڕۆژی دادگای میکۆنۆس ڕۆژێکی مێژووییە. ئەو ڕۆژە گرینگی یەکی تایبەتی بۆ حیزبی دیموکرات وگەلی کوردو بنەماڵەی شەهیدانی میکۆنۆس هەیە لەو ڕۆژەدا شاری برلێنی ئاڵمان ودەورووبەری میکۆنۆس حاڵەتێکی تایبەتی بە خۆیەوە دیبوو. کوچەو شەقام وشوێنی دەورووبەری دادگا بە شێوەیەکی کەم وێنە پارێزگاریان لێ‌دەکرا نزیك بە ٢٠٠٠ کەس پۆلیس لە بەردەرکی بیناکان وماڵەکانی دەورووبەری دادگا لە حاڵی ئامادەی و بۆ کاری پارێزگاری تەرخان کرابوون. تەنانەت دادوەرەکانیش لە ژێر چەتری حمایەی پۆلیس دابوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی حیزبی دیموکرات وئۆپوزیسیۆنی ئێرانی وخاریجی ودەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی لە دەرەوەی دادگا چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بوون. دادگای میکۆنۆس بڕیاری کۆتایی خۆی لە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوە دا، ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی کەموێنە لە ئاستی دنیادا دەنگی دایەوە، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەیکە لەو دادگایەدا بە ڕوونی ئەوەی دەستنیشان کردبوو کە سەرانی کۆماری ئیسلامی دەستیان لەو تیرۆرەدا هەبووەو بەرپرسانی سەرەوەی

ئەو رێژیمە بڕیاری جێبەجێکردنی ئەو جینایەتەیان داوە. هەر لەو بارەوە ماوەیەك دواتر، کتێبی کاك سەلامی عەزیزی بە ناوی "سەفەری بێ گەڕانەوە" چاپ و بڵاوکرایەوە کە بە باشی باسی چۆنیەتیی تیرۆرەکە و ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەی کردبوو. هەر بۆ باس و تاوتوێی ئەو مەسەلەیە رۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٦، عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە سکرتێری گشتی حیزب کۆبوونەوەیەکی گشتی لە قەڵا گرت کە لەو کۆبوونەوەیەدا باسی دوو مەسەلەی کرد: یەکەم گرتنی پلینۆم و ئاکامەکانی، دووەم دەرکردنی بڕیاری دادگای "میکۆنۆس". گەرچی ئەو دادگایە بڕیاری زیندانیکردنی ٥ کەسی دا، بەڵام دەسکەوتی گەورەی ئەو دادگایە بۆ حیزبی دێموکرات، ناساندنی سەرانی رێژیم وەك بڕیاردەری سەرەکیی ئەو تیرۆرە سامناکە بوو. ئەوەش جێی داخە کە دەوڵەتی ئەڵمان، کازمی دارابی کە یەکێك لە جێبەجێکارانی سەرەکیی تیرۆری میکۆنۆس بوو، پاش ١٥ ساڵ ئازاد کرد! دیارە کاتێك قاتڵەکان گیران باڵوێزەکانی ئورووپا گەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەڵام دوای دادگای کردنەکان و بریاری کۆتایی یەکێتیی ئورووپا لە سەر گەڕانەوەی باڵوێزەکانیان بۆ ئێران، وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا رۆژی ٩ی بانەمەڕی ١٣٧٦ لە کۆبونەوەی خۆیان دا بڕیاریان دا بگەڕێنەوەو ئامادەنەبوون کە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران بپسێنن و بڕیاری دادگای میکۆنۆسیان کردە قوربانی مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیان لە گەڵ ئێران و رایانگەیاند" کە ئێران دەبێ مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکە لە بەرچاو بگرێ"!

لە ساڵی ٧٦ کە بەرەبەرە هەوا گەرم دەبوو پێشمەرگە کەوتنە بیری چوونەوە بۆ ناوخۆ، بەڵام بریار وابوو کەس نەچێتەوە. ئێمە کە فێری گەرما نەبووین تا ئێوارێ لە ژوورەوە دادەنیشتین. ئەم دۆخە تەنیا قازانجێ کە هەیبوو بوارێکی لەبار بوو بۆ خوێندنەوە و موتاڵاکردن و خۆپێگەیاندن.

رۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی١٣٧٦ عەبدوڵڵا حەسەنزادە سەردانی جەلال تاڵەبانی کرد کە بۆ نەهار لە قەڵاچوالان مابنەوە، پاشان کۆبوونەوەیەکی دوورودرێژ سەبارەت

بە رەوشی نێوان هەر دووك حیزب دەستی پێکرد. هەرچەند بەرەبەرە نێوانمان ئاسایی دەبۆوە، بەڵام کۆماری ئێسلامی دەستی لە کوشتن و ئاژاوەگێری هەڵ نەدەگرت و هەروا درێژەی بە کردەوە دژەمرۆییەکانی خۆی دەدا. مامۆستا هەر ئەو رۆژە سەردانی بەرێزان قادر عەزیز و مامۆستا شێخ جەلال حوسینی کرد. بە دوای گەڕانەوەمان لە سلێمانی رۆژی ٢شەممە یەکی بانەمەڕ مامۆستا و کاك حەسەن شەرەفی سەردانی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کرد. لەوێش لە کۆبوونەوەیەکدا سەبارەت بە پێوەندیی هەر دوو لا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. بۆ رۆژی دواتر واتە رۆژی ٥ی بانەمەڕ کاك مستەفا هیجری و کاك سەلام عەزیزی سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستانسان کردەوە هاوکات هەمان رۆژ مەکتەبی سیاسی یەکیتیی نیشتمانی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبیان لە کۆیە کرد.

هەروەك لە کۆنگرەی ١٠دا بریار درابوو هەموو ئەندامێکی  حیزب ٦مانگ پێش کۆنگرە هەقی خۆی بوو بۆچوونەکانی خۆی بە ئاشکرا بڵێ، لە رۆژی ١٣ی بانەمەر کۆبوونەوەم بۆ هێزی پارێزگاری گرت کە لەو کۆبوونەوەیەدا پێم راگەیاندن کە هەموو ئەندامانی حیزبی لە پێش دا دەتوانن روانگەی خۆیان لە بڵاوکراوەی "بۆڵتەنی کۆنگرەدا "بڵاو بکەنەوە و ئیدی پێویست بە کۆبوونەوەی نهێنی نییە. هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا، هێندێك گیروگرفتی  دیکە کە لە نێو پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاری دا هاتبووە ئاراوە، تاوتوێ کران. دوو رۆژ دواتر واتە رۆژی ١٥ی بانەمەڕ، "لەتیف نەقشبەندی" کە بۆ کاری نەخۆشان لە هەولێر دانرابوو، تیرۆر کرا. پاش ٩ساڵ یەکێك لە تیرۆریستەکان کە لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە گیراو سەر بە "شێخ زانا"بوو، لە سەر  کەناڵی کوردستان" تی ڤی" پارتی دێموکراتی کوردستان دانی بەوەدانا کە کاك لەتیفیان کوشتوە و بە وتەی ئەو پیاوکوژانە تەنیا هۆی کوشتنەکەی ئەوە بووە کە گۆیا پێویستییان بە کارتی پێناسی حیزیی دیمۆکڕات هەبووە. ئەو رەوشە تەنیا بەوە کۆتایی نەهات و زۆر جار هەواڵ دەهات کە ئامادە باش بن کە خۆمپارە باران دەکرێن یان ئەو شەو لێتان دەدەن. هەر چەند رۆژ دواتر "مەولان سوارە" کە بە ماشینێکی

بێنز پڕ لە سیمان لـە سـلێمانی دەهاتـەوە و لـە ڕێگـای سـلێمانی ــ کۆیـە کەوتـە بـەر دەسرێژو تیرۆر کرا و بـۆ ڕۆژی دواتـر لـە قـەڵا سەرەخۆشـی بـۆ دانـرا. مـەولان سـوارە کەسێکی بێ دەنگ و لەسەرەخۆ بوو. لەو کاتەدا خـەباتی چـەکداریی بەتـەواوی ڕووی لە کزی کردبوو و ڕێژیم بەو کردەوە نامرۆڤانەی تەنیا دەیویست کە پێشمەرگەی حیزب بکـوژێ بۆیـە هـەردەم لـە پـیلان دژی کـادر و پیشـمەرگەکان دەسـتی هەڵنـەدەگرت. هاوینان کێبەرکێی تۆپیپێ لە نێوان هێزەکاندا بەڕێوەدەچوو و شەوانە بۆ ئەوەی ئـەو دەرەتانە بە دوژمن نەدەین کە لە مەیدانی فووتباڵ مین بچێنێ، گەشـت و نگـەبانیمان لە مەیدانەکـە دادەنـا. لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا کـە کۆمـاری ئیسـلامی بـە بـەردەوامی پیلانـی دژی حیـزب دادەڕشـت، ئەرتەشـی تورکیـەش هێزێکـی زۆری بـۆ ماوەیـەك خزاندبووە باشووری کوردسـتان و دەسـتی دابوویـە هێرشـێکی بـەرین بـۆ سـەر پـارتی کرێکارانی کوردستان لەو هەرێمەدا. لە گەڵ ئەوەی بـارودۆخی ناوچـەکە بـەو شـێوەیە بوو، ئێمەش بەرەو کۆنگرە دەچووین و هەرچی لە کۆنگرە نزیکتر دەبووینەوە کێشەی دەسەڵات و باڵەکانی ناو حیزب زەقتر دەبۆوە و تەنانەت بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی حیزبی چەندین جار ئەم کـەس و ئـەو کـەسمان دەکـرد، چـونکوو وای لێهـاتبوو کـە خەڵکەکـە زیاتر خـۆی بـە کۆتلەبەنـدی و دەسـەڵاتخوازییەوە خـەریك کردبـوو تـاکوو بردنەپێشـی ئەرکەکانیان. بەڵێ! لەو کاتەدا ئورووپا لە بیری پووڵی یەکدەست دا بوو کەچـی ئێمـە بەداخـەوە لـە دەشـتی کۆیـە خۆمـان بـەو شـتە لاوەکییانـەوە خـەریك دەکـرد. سـەرەڕای ئـەو کێشمەکێشـە لابەلایانـە، جاروبـار ڕاهێنـان و کۆبوونـەوەی سیاسـیمان هەبوو و هێـزی پارێزگـاری هـەر جـارەی کەسـێك لـە ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی بـۆ پێکهێنانی کۆبوونەوە بانگهێشت دەکرد. هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی یەکی پووشـپەر کاك مستەفا هیجری لە سەر هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦(خرداد) کـە محەممـەد خاتـەمی دەنگـی هێنـابۆوە قسـەی بـۆ بەشـدارانی کۆبوونـەوە کـرد. هـەر دوای ئـەو کۆبوونەیە کۆمیتەی ئەمنییەت لە گەڵ کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی کۆبۆوە. ئـەو کـات هەر کەس فەرماندەی هێزی پارێزگاری بووایە دەبووە ئەندامی کۆمیتەی ئەمنیـەتیش.

کۆبوونەوەکـە لـە سـەر رەوشـی ئەمنییـەتی حیـزب و سـکرتاریا بـوو و هـەروەها لـەو دانیشتنەدا بارودۆخی بەشـی پارێزگـاریی کۆمیتـەی ئەمنییـەت تـاوتوێ کـرا و هەنـدێ رێکاری باشترمان بۆ کارکردن و راپەڕاندنی ئەرکەکان لەبەر چـاوگرت و هـەر دوای ئـەو کۆبوونەوە بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنییـەت یەکـەمین کۆبوونـەوەی لـە گـەڵ کادرەکـانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی گرت. پاش ئـەوە، کۆبوونەوەیـەکمان بـۆ کـاك حوسـێن مەدەنی پێکهێنا کە ناوبراو بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە سـەر جووڵانـەوی کـورد دوا. دوو رۆژ دواتـر، کۆبوونـەوەی بەرپرسـانی ئەمنییـەت و پارێزگـاری لـە سـەر چـۆنییەتیی پێوەندی ئەو دوو ئۆرگانە گیرا. لەو سەروبەندەدا، ئێمـە بـە چـەکەوە هاتوچـۆمان بـۆ کۆیە دەکرد، هۆیەکەشی ئـەوە بـوو کـە هەسـتمان بـە ئەمنییـەت نـەدەکرد و نیگـەران بـووین کـە مـۆرە ودەسـت و پێوەنـدەکانی رێـژیمی تـاران دەسـتمان لێبوەشـێنن و لەراستیشدا بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و ئەو کەلێن و چەند بەرەکییەی کە کەوتبووە نـاو هێزەکـانی کـوردی باشـوور، سـیخوڕەکانی رێـژیم لـە هـەموو شـوێنێکی باشـووری کوردستاندا چالاك بوون و ئەو مەڵبەندەیان کردبـووە مەیـدانی تـەراتێنی خۆیـان. هـەر بۆیە کاك مستەفا هیجری رۆژی ١٧ی پووشپەر سەردانی یـەکیتیی نیشـتمانی لـە کۆیـە کرد تا دوو هەیئەت هاتوچۆی پێشمەرگە لـە نـاو شـاردا تـاوتوێ بکـەن. کـاك مسـتەفا پاش هاتنەوەی لە کۆیـە، کۆبوونـەوەی بـۆ هێـزی پارێزگـاری گـرت و لـە سـەر شـەڕی ناوخۆ و سـەر هەڵـدانی ئـەم چەشـنە شـەڕە و ئاکـام و دەرکەوتـەکانی دوا. پێویسـتە بگوترێ کە هەرکات سکرتێری حیزب سەفەری دەرەوەی دەکرد، کاك مسـتەفا هیجـری وەك جێگـری سـکرتێر کەسـی یەکـەمی حیـزب بـوو و دەبووایـە ئـەرکی سـکرتێریش راپـەڕێنێ. مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە تـازە لـە سـەفەری دەرەوە گـەڕابۆوە کـە کۆبوونەوەی گشتی لە قەڵا گـرت و تێیـدا باسـی رەوشـی حیـزب لـە دەرەوە و چـوونە دەرەوەی کـادرو پێشـمەرگە و هۆیـەکانی ئـەم دیاردەیـەی کـرد. لە رۆژی ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٦ پلینۆمێکی دیکە تایبـەت بـە کاروبـاری کـۆنگرەی ١١ی حیزب گیرا، کە دیارە ئەم پلینۆمەش بێبەری نەبوو لـە کێشـە و هەنگامـەی نێوخـۆیی،

چونکوو وردە وردە بەرەو کونگرە دەچووین و بەم پێیەش جەناح بەندی زیاتر پـەرەی دەستاند و پەلوپۆی داویشت. جگە لەوە هەر لەو پلینۆمـەدا هێنـدێك پرسـی سیاسـیی دیکە و هەروەها پێوەندی لە گەڵ حکومەتی هەرێم لێکدرابوونەوە. دوای تـەواو بـوونی پلینۆم، چەکۆ رەحیمی لە سەر ئەنجامەکانی پلینۆم کۆبوونەوەی بۆ هێزی پارێزگـاری گرت. بۆ بەیانی ٢ پێشمەرگەی خۆشەویست و ئازامان کـە یـەکیان دەسـتی نووسـین و شێعری هەبوو بەناوی "کۆلنەدەر" لە شاری سلیمانی تیرۆر کـران. هـەر وەك ئامـاژەی پێ کرا بوو ئەمنییـەت و ئاسـایش بەکـەمی هـەبوو، کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتانی عێراق بە بەردەوامی لە بیری پیلانگێڕی و تیرۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دابوو. لە درێژەی ئەو پیلانانەدا، رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، مینوبوسـێك پـڕ لـە پێشـمەرگە کـە لـە کۆیـە ڕا بـۆ بازیـان دەگەڕایـەوە لـە جـاددەی دووکـان ـــ سـلێمانی کەوتنـە کـەمینی تیرۆریسـتەکانی رێـژیمی تارانـەوە و لـە ئاکامـدا ٣ کـەس شـەهید و ٩ کەسـی دیکـەش برینـدار دەبـن. بـەمجۆرە رێبـەری حیزبـی دێمـوکرات بـۆ ئـەوەی بـەر بـە پیلانگێـڕی دەستوپێوەندەکانی رێژیم بگرێ و لە خەسـار و زیانـەکانی بـۆ سـەر ئەنـدامانی حیـزب کەم بکاتەوە، بڕیاریدا هێزەکانی چڕ و لێك نزیك بکاتەوە، هەر بەم پێیە لـە رێکـەوتی ٣ی خــەرمانان دا لــە کۆبوونەوەیـەکی کـورتی کومیتـەی ناوەنـدی بڕیـاریدا کـەمپی تانجەڕۆ و بازیان لە نزیك سلێمانی بپێچێتەوە. ئەو بڕیارە پەسند کرا یان نا، ئـەوە بـۆ من ڕوون نیـە بـەڵام شـەش مـانگ پـاش ئـەو کۆبوونەوەیـە کـەمپی نـاوبراو چـۆڵ کـرا. دوای رووداوی جاددەی سلێمانی ـ دووکـان، رۆژی ٦ی خـەرمانان هەیئـەتێکی حیزبـی دێموکرات پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسـەنزادە، کـاك بابـا عـەلی مێهرپـەروەر و کاك حەسەن شەڕەفی سەردانی مام جـەلالیان کـرد. دیـارە مـام جـەلال زۆر بـە گـەرمی پێشـوازی لێکـردن بـەڵام مـن ئاگـاداریی نـاوەرۆکی ئـەو کۆبوونەوەیـە نـیم. هـەر دوای سەردانەکەی هەیئەتی حیزب، مام جەلال هەفتەیەك دواتر سـەردانی بنکـەی دەفتـەری سیاسی کرد. ئەو سەردانانە ئەوەیان پێوە دیار بوو کە هاتووچۆیەکان حاڵەتی ئاسایی خۆی دەپێوی.



.



لە کۆمیتەی ئەمنییەت کێشە و مقۆمقۆ زۆر بوو، هەر بۆیە مانگێ جارێك لە گەڵ دەفتەری سیاسی یان سکرتێر یان خود جێگری سکرتێر کۆبوونەوە پێکدەهات. کاك چەکۆ زۆربەی دەسەڵاتی ئەو کۆمیتەیەی لە لای خۆی قەبزە کردبوو. کاك ئەحمەد پادگانیش ئەو شێوە بەڕێوەبردنەی قەبووڵ نەبوو. هەر بۆیە ئەم کێشانە درێژەی

هــەبوو و لــە ئاکامــدا رۆژی ٢٣ی خــەرمانان لــە گــەڵ ســکرتێر کۆبووینــەوە، کــە لــەو کۆبوونەوەیەدا کاك ئەحمەد دەیگوت چـەکۆ راوێـژ ناکـا، چـەکۆش گلـەیی زۆر لـە کـاك ئەحمەد هەبوو. دیارە ئەم کۆبوونەوانە زیاتر حاڵەتی هێورکەرەوەی هەبوو و کێشەکان بەتەواوی ریشەکێش نەدەکران و بە تایبـەتی کـە لـە کـۆنگرە نزیـك دەبووینــەوە زیـاتر سەری هەڵدەدا و زەق دەبۆوە. هەروەها کۆمـەڵێك لـە گیرفتمـان لـە هێـزی پارێزگـاری هەبوو و بۆ چارەسەرییان زۆرجار لە گەڵ هەرکام لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی باسم دەکردن، یان لە گەڵ سکرتێر و جێگرەکەی یـان سیاسـیی ـــ نیزامـی کۆدەبووینــەوە. تەنانەت رۆژی ٨ی خەزەڵوەر دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەی هەبوو و منیشـیان بـانگ کرد بۆ ئەوەی لەسەر گیروگرفتەکانی هێزی پارێزگاری بدوێین.

ئــالۆزی و شـــەڕ وکێشـــە لـــە نێـــوان یـــەکیتی و پـــارتی دا هـــەر مـــابوو جاروبـــار تێکهەڵچوون لە نێوانیان دا رووی دەدا، ئێمە هەمیشە پێمانخۆش بوو کە لە نێوان ئـەو دوو هێزە دا ئاشتی و یەکیەتیی جێگیر ببێ. چونکوو تاکوو ئەوان ئالۆزییان لە نێواندا بووایە، ئێمەش ئامادەباشیمان دەبوو و هەمیشەش رێژیم لەو گرژییانە بۆ زەربە لێـدان لە ئێمە کەڵکی وەردەگرت و بە تایبەتی سەروبەندی گرتنی کۆنفرانسەکان هەمیشـە لـە بیر پیلان دارشتن دابوو لە دژی ئێمە. رۆژی ١١ی خەزەڵوەر ، بە مەبەستی پاراسـتنی ئەمنییـەتی کۆنفرانســەکان و چـۆنیەتی گرتنـی کـۆنفرانس و دیـاری کردنـی نوێنـەرانی هێزی پارێزگاری بۆ کۆنفرانسی کادرەکـانی قـەڵا، لـە گـەڵ خۆالێخۆشـبوو کـاك سـەلام عــەزیزی کۆبوونــەوەمان گــرت، لــەو کۆبوونەوەیــەدا بڕیـار درا رۆژی ١٥ی خــەزەڵوەر کۆنفرانسی هێزی پارێزگاری بگیرێ. لەو رۆژە دا کۆنفرانسـی هێـزی پارێزگـاری گـیرا و کـاك سـەلام عـەزیزیش بەشـدار بـوو، بـەرێزیان لـە سـەر سیاسـەتی حیـزب، دروشمـی ستراتیژی، ئامانجی دوارۆژ و ئۆپۆزیسیون قسەی کرد. پاشـان ٨ پێشـمەرگە لـە پێـنج دەورەی هەڵبژاردنـدا، هەڵبـژێردران تـاکوو بچـنە کۆنفرانسـی کادرەکـان. دوای گـرتنی هەموو کۆنفرانسەکان، کۆنفرانسی کادرەکانی قەڵا بۆ هەر لایەك لە باڵەکان چارەنووس ساز بوو و ئەو باڵەی کە لە قەڵایە نوێنەری زیاتر بووایە دەیتوانی ئۆتۆریتەو دەسەڵاتی

کۆنگرە بەدەستەوە بگرێ. ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٧٦ کۆنفرانسی کادرەکانی دەفتەر کە دەبووایە ٢١ کەس دیاری بکرێن بە دوو دەستە دابەش کرا، ئەوەش بۆ خۆی جۆرە بیرێك بوو بۆ بردنی ئەفرادی لایەنگر بۆ کۆنگرە کە تیمی ئێمە ١١ کەس هەڵبژێری و تیمەکەی دیکەش ١٠ کەس دیاری بکا. کە لە تیمی ١١ کەسەکە منیش دەنگم هێناوە. دیارە لەو کۆنفراسەدا باڵی کاك مستەفا ئەگەر ١٠ کەسیان دەنگی هێنابایەوە، زۆرینەی کۆنگرەی یازدەیان بەدەستەوە دەگرت، چونکوو لە کۆنگرە جیاوازیەکە زۆر کەم بوو.

هەر ٤ ڕۆژ دوای کۆنفرانس سکرتێری حیزب بانگی کردم بۆ باسکردن لە سەر پاراستنی کۆنگرە و بردنی کەسەکان. بەرەبەرە لە کۆنگرە نزیك دەبووینەوە، بە داخەوە ڕۆژی ١٢ی سەرماوەز سەیید جەماڵ نیکجوویان کە کاری تداروکاتی هێزی پارێزگاری دەکرد لە شاری کۆیە کەوتە بەر گوللەی تیرۆریستان و تیرۆر کرا. تا ئێستاش هیچ هەواڵێك لە بکوژانی نەزانرا، دوو ڕۆژ دوای ئەو تیرۆرە نوێنەرانی ئوروپا بۆ کۆنگرە هاتنەوە، هەر بۆیەش بەرەبەرە ورتەورتی گرتنی کۆنگرە لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا بڵاو بۆوە. ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز کاك مەنسوور فەتتاحی، سەید مەنسوور ناسری، سامالْ ئیسماعیل زادەو چەند پێشمەرگەی پارێزەر لە بنکەی سلێمانی و هەروەها کومیتەی بانە و پاوەوە بۆ بەشداری لە دوایین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەرەو کۆیە دەهاتن کە لە ڕێگای سلێمانی لە نێوان "دووکان" و "خەلەکان" کەوتنە کەمینی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و لە یەکەم دەسڕێژدا مەنسور فەتتاحی بەرپرسی کومیتەی پاوە شەهید دەبێ، ئەوانی دیکەش دەست دەکەنەوە و پاشەکشە بە تیرۆریستان دەکەن و ئەو پیاوکوژانە بەرەو "خەلەکان" هەڵدێن. یەکێك لە پێشمەرگەکان خۆی لە ماشێنی تیرۆریستەکان نیزیك دەکاتەوە و سواری دەبێ و بەرەو دەفتەری سیاسی لە کۆیەی دێنێ. هەڵبەتە، تێرۆریستەکان کەسێکیان بە ناوی "قودرەتی" کە فەرماندەری (دەرەوە سنووری) ڕۆژئاوای وڵات بوو، لە گەڵدا بوو. کاتێك ماشێنەکە گەیشتە بنکەی دەفتەری سیاسی کتوپڕ ڕەوشەکە ئاڵۆز بوو. زۆر زوو

دەستەیەك پێشمەرگەی هێزی پارێزگاری ساز بوون، تاهیر قادرپوور کە فەرماندە لك بوو لە گەڵیان چوو. ئەوان بە دوو ماشێن بەرەو شوێنی رووداوەکە رەوانە کران، لە رێگا تووشی سەید مەنسور و سامالْ دەبن، پێیان دەڵێن کە راوەستن بە یەکەوە دەڕۆینەوە بەڵام ئەوان گوێ نادەنێ و ملی رێگا دەگرن. کاتێك دەگەنە خاڵی پشکنینی کۆیە "حاجی مەسیفی"(فەرماندەیەکی ینك) دوای رووداوی رێگای سلێمانی نیزیك ٢٥ کەسی لە پرسگەی کۆیە دانا بوو و بە گەیشتنی ئەو ماشێنەی کە سەیید مەنسوور، سامالْ، رەفعەت و "یدالله شیرین سخن"ی تێدا بوو بۆ بازگەی ناوبراو، لە لایەن ئەو تاقمەوە دەدرێنە بەر دەسڕێژ و بەداخەوە هەر چوار کەسەکە شەهید دەبن و چادرێك بەسەر ماشێنەکەدا دەدەن. دیارە پێش رووداوەکە من لە گەڵ ١٠ پێشمەرگە بە ماشێنێك بەرەو لای تاهیر قادرپوور چووین بەڵام لەو پرسگەیە وەك ئاماژەم پێ کرد ٢٥ کەسی لێ بوو و هەموو لە سەنگەر دا دامەزرا بوون، یەکیان هاتە سەر رێگا کە شەڵوارێکی سپی لە پێ دابوو، وتی بۆ کوێ؟ منیش گوتم بۆ رێگای سلێمانی دەچین لە رێگا تیرۆریستان تەقەیان لە پێشمەرگەی ئێمە کردوە. دیارە زۆر بە روو خۆشی گوتی برۆ لە ئاسایش وەرەقە بێنە ئەو کات برۆن، ئێمە ئەمرمان پێیە کە نابێ برۆن. ئێمەش بە ناچاری گەڕاینەوە، بەڵام تاهیر پێش هاتنی ئەوانە لە خاڵی پشکنینەکە تێپەریبوو. دە دەقیقە دوای ئێمە سەیید مەنسوور و سامالْ گەیشتبوونە ئەم شوێنە و شەهید کرابوون. کاتژمێر ٤ هەموو پێشمەرگەکان لە شوێنی رووداوەکە گەڕانەوە و پێکەوە بۆ ناشتنی شەهید مەنسووری فەتتاحی، ئامادە بوین بۆ سەر قەبران. بەڵام لێرەوە ئاماژە کردن بە مەسەلەیەك بە پێویست دەزانم، ئەویش سەبارەت بە کەسێك بە ناوی داود ئیبراهیم زادە ناسراو بە (ئازاد)ە. ناوبراو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندی هەبوو، چەندین جار لە گەڵ "قودرەتی" و بەرپرسانی قەرارگای رەمەزان دانیشتنی هەبوو. ئەو بەڵگانە پاش هەڵاتنی دەرکەوت. ئازاد کادری کومیتەی مەهاباد بوو، نەقلی هێزی پارێزگاری کرا وەك کادری لك دیاری کرابوو، ئەو لە گەڵ هەموو کەس خۆی رێك دەخست، بە تایبەتی لە گەڵ بەرپرسان و رێبەری، شۆخی زۆر دەکرد، زۆر

بە کەمی جیددی بوو و هەموو کات پێدەکەنی و گاڵتەی لە گەڵ هـەموو کـەس دەکـرد.
ڕۆژی ڕووداوەکە کاتێك چاوی بە ماشێنی قەرارگا کەوتبوو ڕەنگـی گۆڕابـوو منـیش زۆر بە توندی چەند جارم پێ گوتبوو خۆت ساز بکە لە گەڵ پێشمەرگەکان بچۆ سەر چیای هەیبەت سوڵتان، زۆر بە زەحمەت خۆی ساز کرد. ناوبراو هەستی بـە شـتێك کـرد بـوو بەڵام بۆی ڕوون نەبوو چییە، بەراسـتی بـۆ ئێمـەش ڕوون نـەبوو کـە ئـازاد سـەری بـەو ماشـێنەوە بەسـتراوەتەوە. کاتـژمێر چـواری ئێـوارێ کـاك شـاهۆ، چـەکۆ ڕەحیمـی، ئەحمـەدپادگانی، نوسـەری ئـەم دێرانـە و چـەند کەسـی دیکـە چـەند مـیتر دوور لـە سکرتاریا چووینە لای ماشێنەکەی ئیتلاعات کە دوو ساکی تێدا بوو تاکوو بیپشـکنین. لەو کاتە دا کە کیفەکانمان بە سەرنێزە دەشکاند ئازاد هاتەوە، ڕووی کردە لای ئێمـەو چەند جاران دەنگم دا بەڵام هەر هات چونکوو چاو ورووی ئەو وا بوو و دەیوست بزانـێ کە ئێمە خەریکی چین. بە کردنەوەی ساکەکان چاومان لە بەڵگەکان دەکـرد کـە چـەند نامەو زەبت و نەواری تێـدابوو، هـەروا کـە شـتەکانمان دەپشـکنی یـەکێك لـە نامـەکان بەربۆوە کە فاکتۆری ٢٠٠ دولاری تێدابوو و بە ناوی نهێنی ئیمزا کرابوو، ئازاد بە دیتنی ئەو نامەیە ڕەنگی گۆڕاو وەك ڕۆژانی پێشوو نەدەهاتە بەرچاو. دیارە نـاوبراو سـێ ڕۆژ پێشتر ئەو ٢٠٠ دۆلارەی پیشانی من و تاهیری قادرپوور دابوو و وتبووی بابی شەهید حەمە ڕەسوڵ پێی داوم کە ویدیۆیی بۆ بکرم. بە دوای ئەو دا من دەسـتم دا زەفتەکـە کە یەکێك لە نەوارەکان بگرم. لەو کاتەدا کاك چەکۆ گوتی دەست ڕاگرە؟ بۆمبیان تێدا نەنابێتەوە؟ منیش بە ڕاستی شك و گومـانم هـەبوو و نەوارەکـەم نـەگرت. بـەڵام بـیرم لەوە نەکردەوە ئەو ڕووداوە لە نەکاو بووەو بۆمبی چی؟ هەموو شتەکانمان کۆکردەوە و بەرەو قەبران ڕێکەوتین تاکوو شەهید مەنسوور فەتتاحی بە خاك بسپێرین. لـە سـەر قـەبران بـیرم لـە ڕەنـگ و ڕووی ئـازاد دەکـردەوە کـە بـۆ وا تێکچـڕژا بـوو، کەوتمـە پێوشوێنی کە لە سەر قەبران چاوم پێی کەوێ. زۆر گـەڕام نەمدیتـەوە لـە هـەر کەسـم دەپرسی نەیدیبوو، سەرئەنجام کەریم عەلی پـور کـە ئـەودەم سـەرپەل بـوو لـە هیـزی پارێزگاری، گوتی بیست دەقیقە لەوە پێش سواری "لەنـدەوێر" بـوو چـوو بـۆ کۆیـە،

منیش بە بێ سێ‌ودوو لێکردن لە گەڵ دوو پێشمەرگە بەرەو کۆیە رێکەوتین. کە چوومە گەراجی کۆیە، خاوەن گەراج وتی ئێستا برادەرێکی ئێوە ماشینێکی دەربەستی گرت و ماوەی دە دەقیقە دەبێ کە بەرەو رانیە وەڕێکەوتووە، منیش بەپەلە بەرەو رانیە کەوتمە ڕێ، ئێستاش نازانم ئەو ماشینەم چۆن گەیاندە رانیە. بە داخەوە ئەوکات رێژیم لە زۆر جێگاو بە تایبەت لە شارەکانی باشووری کوردستان ناوەندی سیخوڕی زۆری هەبوو، بۆیە بۆمان نەدۆزرایەوە و دەرباز بوو. بۆ بەیانی رۆژی دواتر چەکۆ رەحیمی بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنییەت گوێ لە نەوارەکان دەگرێ وهەر دوو نەوارەکە قسەی ئازادی خائینی لەسەر تۆمار کرابوو کە قودرەتی پرسیاری لێکرد بوو. فاکتۆری ٢٠٠ دولارەکەش هی ئەو بوو، دیارە منیش هەر دووك نەوارەکەم گوێ لێگرت کە شتی نێو نەوارەکان بەنهێنی بمێنێ باشترە. بەڵام هەر سەبارەت بە ئازاد ٢٠ شەو پێشتر ئیزنی وەرنەگرتبوو و چووبووە شاری کۆیە و شەو کاتژمێر ١٠ هاتەوە، زۆرم هەڵپێچا کە بۆ لەو هەلومەرجەدا بە بێ ئیزن رۆیشتووی و شەو لەکوێ ماویەوە. چونکوو هەرجارێ سەفەری هەولێری دەکرد ٣تا٤ هەزار دیناری سویسری لە گەڵ خۆی دێنایەوە، ئەو کردەوانەی بە تەواوی جێگای شك وگومان بوون. ئەو شەوە کە درەنگ هاتەوە بۆ بەیانی لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادە و کاك مستەفا هیجری و دواتر لە گەڵ هەر دووکیان بە سێ قۆلی کۆبووینەوە بە بێ پەردەو بە راشکاوی گوتم ئازاد کاتێك دەچێتە هەولێر هەموو جارێ چەندین هەزار دینار لە گەڵ خۆی دێنێتەوە من پێم وایە یان دزی دەکات یان بە ناوی حیزبەوە پووڵ لەخەڵکی وەردەگرێ یان ئەوەتا پێوەندی لە گەڵ دەوڵەت هەیە و جاسوسە. هەر دووکیان گوتیان کە ئەگەر بەڵگەمان نەبێ ناتوانین قامك بۆ کەس درێژ بکەین، بەڵام من لە سەر سیخوڕ بوونی ناوبراو سوور بووم، تەنانەت پێم گوتن لە پارێزگاری دەری دەکەم یا لە سکرتاریا دوور کەوێتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کاتێك محەممەد شارویرانی لە رێکەوتی ١٣٧٥/٥/١٧ بە دیل گیرا، لە کاتی لێپێچینەوەی ئیتلاعاتدا، کاك محەممەد چاوی بە نامەیەك کەوتبوو کە

ئازاد بەناوی "داود" بۆ ئیتلاعاتی نووسیبوو، محەممەد شارویرانی گوتی کە من لە ڕێگای کەسێکەوە حیزبم ئاگادار کردۆتەوە.*

*ئازاد دوای چەند ساڵ لە لایەن خەڵکەوە لە شاری مەهاباد کوژرا.

بە دوای ڕوودانی تیرۆری کاك مەنسوور و سامانڵ، شەوی دواتر پۆلێکی زۆر لە بەرپرسانی یەکیتی بۆ سەرەخۆشی هاتن. هەر چەند من لە ژووری دانیشتنەکە نەبووم بەڵام دەفتەری سیاسی حیزب زۆری گلەیی لێکردبوون. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە واتە ١٩ی سەرماوەز دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی گیرا، دوای ئەو پلینۆمە تا کۆنگرە ڕووداوێکی تایبەت ڕووی نەدا. بۆ مەبەستی گرتنی کۆنگرە سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەز بەرەو شوێنی کۆنگرە کە لە کەرکووك و لە بنکەی ڕادیو کوردستان بوو، ڕێکەوتین. کاتژمێر ٦ی ئێوارێ هەمان ڕۆژ بە یادی لە دایك بوونی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو ڕێوڕەسمێك پێك هات. د.قاسملوو لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ لە دایك ببوو، ئەو شەوە تەنیا یادی ئەو کرایەوە. بۆ بەیانی ڕۆژی یەکی بەفرانبار کۆنگرە بە سروودی ئەی ڕەقیب و خولەکێك بێ دەنگی دەست بە کار بوو، پاشان لەلایەن کاك جەلیل گادانی بە ڕەسمی کرایەوە. نوێنەرانی کۆنگرە ١٢٨ کەس بوون، یەك کەس لە دەرەوە نەیتوانی بگەڕێتەوەو ئەو ٣ کەسەی لە ١٧ی سەرماوەز شەهید ببوون وێنەکانیان تا کۆتایی کۆنگرە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدەکان لە سەر کورسییەکان دانرابوو. کەواتە سەرجەم ١٢٤ کەس بەشدار بوو، دوایی دەستووری کاری کۆنگرە پێشکەش کرا، ئینجا لەلایەن سکرتێرەوە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە خوێندرایەوە. دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت خەڵکێکی زۆر قسەی کرد و بەگشتیی ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرت، بەڵام دواتر بە تێکڕای دەنگ ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا. لە کۆنگرەدا کێشەی دەسەڵات و گرتنی سوککانی حیزب بە دەست کێ وەبێ گرینگ بوو، چەند کەسێك لەو برادەرانەی لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر بوون لە کۆنگرەی ١١ دا بەلای کاك مستەفا دا کەوتن، بەڵام لە قۆناغی کۆتایی هەڵبژاردن دا بەڕوونی دەرکەوت کە تا ئێ خۆیان هەبێ دەنگ بە کەسی دیکە نادەن، بۆ وینە کەسێکیان لە دەوری یەکەمدا

٦١دەنگی هێناوەو لە دەوری دووەم دا تەنیا ١٦ دەنگی ئەو کەسانەی هێناوە کە لە ڕێبەرایەتی

شۆڕشێگێر بوون. دواتر ئەوانە زانییان بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان لە گەڵ باڵی کاک مستەفا یەك ناگرێتەوەو هاتنەوە ناو باڵی مامۆستا. هەرچۆنێك بێ کەشوهەوای کۆنگرە ناسالم نەبوو و لەراستیدا وەك کۆنگرەی پێشوو نەبوو، ڕۆژانە خەڵك بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد، تەنیا لە سەر ناوی کۆنگرە نەبێ کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سوور بوو لە سەر ئەوەیکە ناوی "خەباتگێرانی خۆڕاگر"ی لەسەر دابنرێ و لە ئەنجامدا هەر ئەو ناوەشی لە سەر دانرا. کۆنگرە لە باری خۆێندەوارییەوە ئاستی لەسەرێ بوو، خەڵکی نەخوێندەواری تێدانەبوو، باس و دیالۆگ لە سەر زۆر مەسەلە کرا. هەروەها کۆمەلێك پەیامی پیرۆزبایی هاتبوو کە سەرجەم ٩٣ پەیام بوو. ٤١ پەیامی خارجی بوون و ٢٨ پەیامی کوردستانی و ٢٤پەیامی ئێرانی هاتبوون بۆ کۆنگرە. پاش٤ ڕۆژ کاری بەردەوام و باس لە سەر ڕاپۆرت، کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. ئەو کۆنگرەیە لە ٤ ٪ ی ژنان و ٩٦٪ ی لە پیاوان پێك هاتبوو، کە بە تەمەن ترین کەس ٦٣ساڵ و کەمتەمەنترین کەسیش ٢٢ساڵ بوو و نێونجی تەمەنی بەشداربووان ٣٧ ساڵ بوو. پاش ئەوەیکە کاری کۆمیتەکانی دیکەش تەواو بوو، نۆرەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هات کە کۆنگرە بریاری دا ٢١ کەس وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ١٠ کەسیش وەك جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن، بۆ وەئەستۆگرتنی ئەو پۆستانە واتە ٣٥ کەس بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ١٨ کەس بۆ جێگر خۆیان کاندیدا کرد کە لە دەورەی یەکەمدا ئەم ١٨ کەسەی خوارەوە بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندیی دەنگیان هێناوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مستەفا هیجری، سەیید سەلام عەزیزی، جەلیل گادانی، بابا عەلی مێهرپەروەر، عوسمان ڕەحیمی، کەماڵ کەریمی، حوسێن مەدەنی، محەممەد عەلی عینایەتی، سولێمان کەڵەشی، قادر وریا، سمایل بازیار ، حەسەن شەڕەفی، حەسەن ڕەستگار، حەمەنەزیف قادری، مستەفا مەولوودی، فەتاح کاویان و چەکۆ ڕەحیمی.

دەورەی دووهەم تەنیا حەسەن قادرزادە دەنگی هێنایەوەو لە دەورەی سێیەم شاهۆ حۆسینی و لە دەورەی چوارەمدا تەیموور مستەفایی دەنگیان هێنایەوە. دیارە لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سولێمان کەلەشی لە کاتی کاری کۆنگرە رایگەیاند کە نایهەوێ ببێتە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی، بەڵام بە زۆری کاندیدایان کردو دەنگیشی هێناویەوە و دواتر چەند مانگ پاش کۆنگرە وازی هێناو رووی لە ئورووپا کرد. ئینجا هەڵبژادن بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندی کراو ئەوانەی خوارەوە بوونە جێگری کۆمیتەی ناوەندی:

ئەحمەد نستانی، خەدیجە مەعزوور، عومەر باڵەکی، لوقمان مێهفەر، رۆستەم جەهانگیری، کاوە بەهرامی، سەید رەزا دروودگەر، کەریم سەقزی، سەیید برایم کەریمی و سەیید عەبدوڵڵا حوسێنی.

هەڵبژێراوی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ١١، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد و بەمجۆرە کاتژمێری ٢ی نیوەشەوی هەینی٥ی بەفرانبار کۆنگرە کۆتایی هات و بۆ بەیانی شەممە هەموو ئەندامانی کۆنگرە بەرەو شوێنی کاری خۆیان گەڕانەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە چەند رۆژ دواتر لە پلینۆمێکدا ئەو کەسانە وەك دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران: کاك مستەفا هیجری بوو بە جێگری سکرتێر، حسن رەستگار، حەسەن شەڕەفی، سەیید سەلام عەزیزی، بابا عەلی مێهرپەروەر و جەلیل گادانی.

گرینگترین بریار لە کۆنگرە دا ئەوە بوو کە کەمایەتیی دەتوانێ لە دوای کۆنگرە لە کۆبوونەوەی رەسمی شتی خۆی باس بکا و بڵاوی بکاتەوە. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرینگ بوو دوو دەورە بوونی سکرتێر لە پێرەوی نێوخۆییدا گونجا.

پاش ماوەیەك کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەیەکی بۆ دابەش کردنی کار سازدا، دیارە دەفتەری سیاسی وەك هەمیشە گەڵاڵەی پێشنیاری خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئامادە کردبوو، چونکوو چەند رۆژ پێشتر مامۆستا حەسەنزادە لە گەڵ کاك سەیید سەلام عەزیزی لە گەڵ من باسیان کرد کە دەفتەری سیاسی پێشنیاری کردوە وەك

بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان دیاری بکرێی، بۆیە لە رۆژی یەکی رێبەندان پلینۆمی کومیتەی ناوەندی گیراو دابەشبوونی کار لە ئورگانەکان دا کرا.



کۆیسی، جەعفەرحامیدی، مستەفاهیجری، سمایل بازیارو ئەحمەدشێربەگی




برایم چووکەڵی کۆنگرەی ١١



شەهیدان وەستا ئەحمەدو رەحیم ولیزادە، برایم چووکەڵی



کۆنگرەی ١١ ـ چووکەڵی، میرۆعلیار، حەسەن رەستگار، فتاح ئیلخانیزادە

# چوون بۆ کۆمیتەی بۆکان

بە مەبەستی چوون بۆ کومیتەی بۆکان رۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ٧٦، ماڵاواییم لە هێزی پارێزگاری کرد. بۆ بەیانی لە سەر کارو چۆنیەتیی تیکۆشان و ئەرکی ئیستا لە خەباتدا لە گەڵ کاک مستەفا هیجری کۆبوونەوەمان گرت، بۆ رۆژی ١٨ی ڕێبەندان لە گەڵ کاک سەلام عەزیزی چووینە کۆمیتەی بۆکان و وەك بەرپرسی کۆمیتەی شارستان دەسنیشان کرام.

پاش ناساندنی من بەرەبەرە دەست بە کاری کۆمیتەو کۆنفرانس کران و کۆمیتە شارستان وهێزمان دەمەزەرد کردەوە، سەلاح مەحموودی و تاهیر قادرپوور وەك ئەندامی کۆمیتە شارستان هەڵبژێردران وعوسمان ئیبراهیمی(مەمیل) وەك بەرپرسی هێز دیاری کرا. کاری حیزب ببووە کاری ئیداری رۆژانە، ئەوکات پێش نیوەڕۆ سێ کاتژمێر و دوانیوەرۆ سێ کاتژمێر کارمان دەکرد کە تەنیا کاری سیاسی و کۆبوونەوە هەبوو. بەمجۆرە تا رێکخستنی دوای کۆنگرە کرا و کاروبارەکان سەروبەر کران، ساڵی ١٣٧٦ کۆتایی هات و ساڵێکی دیکە بۆ تێکۆشان نوێ بۆوە.

لە سەرەتای ساڵ دا ئێمە کۆمیتەکانمان سەروسامان دا و هەر کەس بە کاری خۆیەوە خەریك بوو. لە ٢٧ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا، پێشانگای رۆژنامەی کوردستان بەڕێوەچوو کە لە هەموو کۆمیتەکان بەشدارییان کردبوو. ئەو کاتە بەراستی دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات چەندە کادری بە توانای لە باری نووسین و وەرگێڕان و داڕشتنەوە تێدایە، رۆژنامەکان لە هەموو بوارێکەوە وەك سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژووییەوە بابەتیان تێدا بوو و هەر کامەیان لە بوارێك دا خەڵاتی وەرگرت.

دوای ئەو کێبەرکێیە، کاك سەلام عەزیزی لە گەڵ دوو کومیتەی بۆکان و مهاباد لە سەر هێندێك پێداویستی بۆ کەمپ و بنەماڵەکان کۆبۆوە، بەڕێزیان قەولیاندا کە داخوازەکانمان لە گەڵ دەفتەری سیاسی باس بکاو بەشێکی زۆرمان بۆ چارەسەر بکا.

# پلینۆمی ئاڵوگۆڕی سازماندەهی

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، کومیتەی ناوەندی ساڵانە سێ یان چوار کۆبوونەوەی دەبێ. بێجگە لە ئەندامانی رێبەری ئەو کەسانەی بەرپرسی کۆمیتە شارستان بوون و ئەندامی رێبەری نەبوون بەشدارییان دەکرد من یەکێك لەو کەسانە بووم کە بەشداری ئەو پلینۆمە بووم. نامەیەکی دەعوەتیم بەم جۆرە بۆ هات.

*هاورێی خۆشەویست کاك برایم چووکەڵی*

*لە گەڵ سڵاوی گەرم*

*ئاگادارت دەکەین کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی رۆژی ٧٧/٢/١٢ دەست پێ دەکا، بۆیە تکا دەکەین رۆژی هەینی ٧٧/٢/١١ کاتژمێر چوار لە بنکەی سکرتاریا ئامادە بی. دەستوری کاری کۆبوونەوە، ئەم شتانەی تێدایە.*

*١- باسێکی کورتی سیاسی.*

*٢- باس لە سەر گەڵاڵەی سازماندەهی*

*٣- دیاری کردنی نوێنەری حیزب لە دەرەوە.*

*٤- باس لە سەر ئایین نامەی تازەی کاروباری ئورووپا.*

*هەر خۆش بن*

*براتان عبدالله حسن زادە*

*١٣٧٧/٢/٩*

پلینۆم رۆژی ١٢ی بانەمەری ١٣٧٧ دەستی بە کارەکانی کرد، کە سەرەتا باسێکی سیاسی لە سەر بارودۆخی ئەوکاتی ئێران کرا، دواتر گەڵاڵە پیشنیارێك بۆ رێکخستنەوەی حیزب، کە کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە پەسندی دەفتەری سیاسی هێنابویانە پلینۆم، لە لایەن بەشدار بووانەوی پلینۆمەوە رەد کرایەوە و پاشان ئەوباسە راگیراو بابەتەکانی دیکە وەك ئایین نامەی دەرەوە، دیاری کردنی بەرپرسی دەرەوە، هاتنە گۆڕێ و بوونە تەوەری باسەکان.

لە رۆژی کۆتایی پلینۆم واتە رۆژی چوارەمدا بریار درا کە کومیتەکان نەمێنن ولە حیزبی دیموکرات دا ٣ ناوەند پێك بێ کە بریتی بن لە: ناوەندی یەك پێکهاتوو لە هێزەکانی( زاگرۆس، مەڵبەندی٢، شاهۆ، دالاهۆ)، ناوەندی دوو پێکهاتوو لە هێزەکانی(بەیان پێشەوا، ئاربابا، گیارەنگ، زمزیران،)و ناوەندی سێ کە هێزەکانی (قەندیل، ئاگریو کێلەشین)ی لەخۆگرتبوو. بڕیاریش وابوو کە بەرپرسی کومیتەکان ببنە ئەندامی ناوەند یا لە هەر شارێك نەفەرێك ئەندام بێ و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی وەك بەرپرس دیاری بکەن، ئەو بڕیارە بە شێوەیەك درابوو کە تا کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٣٧٧ ناوەند پێك بێ. رۆژی ٢٣ی جۆزەردان بە رەسمی ناوەندی دوو پێکهات کە ئەوکات بە هەموو پرسونیلییەوە ١٧٠ کەس بوو. لەمبارەوە چەند شتێك بە پێویست دەزانم، بڕیار وابوو بەرپرسی کومیتەکان ببنە ئەندامی ناوەند، ئەو بڕیارە بۆکانی نەگرتەوە، هۆیەکەشی ئەوە نەبوو کە کەسی بە توانای نەبێ، بەڵکوو ئەو کێشانەی لە ناو حیزب دا هەبوون زۆر جار دەبووە هۆی ئەوەیکە هەقی خەڵکی بە توانااو لێهاتوو پێشێل بکرێ، لە ئاکام دا ئەرکی حیزبی بە باشی بەڕێوە نەدەچوو و کێشەکانی گەورەتر دەکردەوە. هەرچۆنێك بێ ناوەند پێك هات و کاك سمایل بازیار وەك بەرپرس دیاری کرا و ئەندامانی ناوەندیش بریتی بوون لە کەریم سەقزی، حوسێن نازدار، سەید عەبدوڵلا حوسێنی و محەممەد کەسرایی. دیارە ناوەندیش لە فۆرم وشکڵ دا گەورەتر بوو، بەڵام شێوەی کارو ئیدارەی هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ کومیتە شارستانەکان نەبوو بە هەمان شێواز بەڕێوەدەچوو.

## دانشتنێکی چاوەڕوانکراو

هـەروەك پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد هەرچـەندە پێوەنـدیی نێـوان یەکیـەتی و پـارتی ناخۆش بووایە و شـەڕ و ئاڵۆزییـان لـە نـاودا بووایـە، دوژمنـانی نەتـەوەی کـورد زیـاتر هەوڵیان دەدا کە بە قازانجی خۆیان ئاگرەکە خۆش بکەن. ماوەیەك بوو لـە نێـوان ئـەو دوو هێزەدا تەقەراگیرابوو و ئاگربەست کرابوو و ئەمەش ببووە جێگای هیـواو هومێـدی خەڵکی کوردستان، هەر لە سەر ئەو بنەمایـە ڕۆژی٢٣ی خـەرمانان ١٣٧٧ لـە ئـەمریکا بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی ومەسعوود بارزانی پـاش چوارسـاڵ، بەیەکـەوە دانیشـتن و لەسەر کۆمەڵێك بابـەت ڕێککـەوتن کـە بـۆ نەتـەوەی کـورد زۆر دڵخۆشـکەر بـوو و دڵـی دۆســـتانی گـــەلی کوردیشـــی زۆر خـــۆش کـــردو بەگشـــتی هـــەموو ئـــازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد بزەیان کەوتە سـەر لێـو و وزە و هیوایـەکی پتـەوتر سـەراپای کوردستانی داگرت.

## گیرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان

دوژمنانی کورد هەمیشە لە پیلان دابوون کە ڕێبەرانی کورد لە داو بخەن و بیـانگرن یان تیرۆریان بکەن. بە درێژایی مێـژوو لـەو چەشـنە ڕووداوە قێـزەون و سـامناکانە لـە لایەن دوژمنانی کوردەوە دووپات بوونەتەوە، هەر لەم ٢٠ ساڵەی دوایـی دا، ٢ ڕێبـەری بەتوانای حیزبی دیمۆکرات لـە سـاڵەکانی ١٣٦٨ و١٣٧١ بـە شـێوەیەکی دژەمرۆڤانـە و ناجوامێرانە لە لایـەن دەسـت و پێوەنـدەکانی کۆمـاری ئێسـلامییەوە تـیرۆر کـران. لـە بـاکووری کوردسـتانیش لـە مێـژ بـوو جووڵانەوەیـەك بـە ڕێبـەری پـارتی کرێکـارانی کوردستان سەری هەڵدابوو و لە لایەن عەبدولا ئۆجەلانەوە ڕێبـەری دەکـرا. مـن ناچـمە سەر مێژووی ئەو پارتە و ڕێبەرایەتییەکی، بەڵام پێمباشە بەکورتی باسی گرتنی بـەڕێز ئوجەلان بکەم. پاش ئەوەی ئۆجەلان ماوەیەکی زۆر لەسووریە (دەرەی بەقا) مایـەوە و تـاکوو لـەوێ بـوو ئـەو شـوێنە وەك ناوەنـدی سـەرەکیی ئـەوان چـاوی لێدەکـراو بـۆ ئۆجەلان و پارتی کرێکاران شۆێنێکی باش و ئەستەم بوو. ئۆجـەلان لەسـاڵی١٣٧٧ بـە

هەر جۆرێك بوو رازیی بوو کە سووریە بەجێ بێڵێ و لە ئیتالیا گیرسایەوە، رۆژی ٢٧ی بەفرانبار لە ئیتالیاوە چوو بۆ رووسیە، پاشان رۆژی ١٣ ی رێبەندان بە فرۆکە رووی کردە هولەند کە ئەو وڵاتە رێگای نیشتنی بە فرۆکەکەی نەدا، لەو ماوەیە دا زۆر جێگای کرد بۆ ئەوەی پیلانی تورکەکان بۆ زەربە لێدان لە ئۆجەلان سەرکەوتوو نەبێ، بەڵام بە داخەوە سەر لە بەیانی رۆژی ٢٧ ی رێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ لە وڵاتی کینیا دەگیرێ. ئەوکات کێشە و هەڵڵایەکی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە ساز بوو و وڵاتی کینیا رایگەیاند کە باڵوێزخانەی یوونان بەبێ ئیزن ئۆجەلانی هێناوەتە ئەو وڵاتە و١٢ رۆژ لە ماڵی باڵوێز بووە، باڵوێزخانەی یوونانیش گوتی پۆلیسی کینیا فریوی داون. بەمجۆرە رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە پیلانێکی نێودەوڵەتیدا لە نایروبی پێیتەختی کینیاوە رادەستی دەوڵەتی تورکیە کرایەوە. حیزبی دیموکرات لە کاتی گیرانی ئۆجەلاندا، هەڵوێستێکی زۆر ئازایانەی گرت، جارێك بە دەرکردنی بەیاننامە و دواتریش بە ناردنی نامەیەکی سەرئاواڵە بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوکان و زۆر لە کۆڕ و کۆمەلە سیاسییەکان خوازیاری ئەوە بوو کە گیانی ئۆجەلان بپارێزن. گیرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان ئەگەر لە هەموو دنیا دا بە شێوەیەکی کەم وێنە دەنگی دایەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە زۆربەی شارەکان هاتنە مەیدان و بە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی هەم پیلانەکەیان مەحکووم کردو هەمیش ئەو کردەوەیەی دەوڵەتی تورکیەیان کردە بیانوویەك بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری خۆیان لە دژی رێژیمی ئاخوندی. گەرچی لە سەرەتا دا رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەك هەر پێشی بە ناڕەزایەتییەکان نەگرت، بەڵکوو هانی خۆپیشاندەرانیشی دەدا کە بەشداری بکەن. تا لە لایەك بتوانێ ئاراستەی ناڕەزایەتییەکانی ناوخۆ بەرەو دەوڵەت یان نەیارانی دەرەوە پەلکێش بکا و لە لایەکی دیکەوە بە دنیای دەرەوە بڵێ کە لە کوردستانی ئێراندا کوردەکان کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە و دەتوانن ئازادانە خۆپیشاندان وەڕێبخەن و ئەوە دەوڵەتی تورکیەیە کە زوڵم لە کورد دەکا نەك کۆماری ئیسلامی. بەڵام خەڵکی کوردستان کە لە مێژ بوو لە بیانوویەك دەگەڕان تاکوو رق و

بێزاری خۆیان دەرهەق بە ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی دەرببڕن، هەر بۆیە ئەو هەلەیان قۆزتەوە و بە گوڕوتینێکی بێوێنەوە هاتنە سەرشەقامەکان و بە دەنگی بەرز و بە نەعرەتەی شێرانەیان خوازیاری وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بوون و نەیانهێشت کۆماری ئیسلامی لەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە بەرینانە بە قازانجی خۆی کەڵك وەرگرێ و بەو کردەوانەی ئامانجەکانی گەلی کورد لە بیر خەڵکی بباتەوە. دواتر کە ڕێژیم هەستی بەوە کرد کە کۆنترۆڵی خۆپێشاندانەکانی لەدەست دەرچووە و ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینانە لە ئاقاری دابین بوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا دەچێتەپێش، بەرەنگاری خۆپیشاندەران بۆوە و لە زۆرێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندەرانی دایە بەردەسڕێژ و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێزی خەڵتانی خوێن کرد و ژمارەیەکی زۆری دیکەشی قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانە و ئەشکەنجەگاکانی خۆی کرد. چڵەپۆپەی ئەو توندوتیژی نواندنانە و هەروەها ڕەفتارە دژەمرۆییانەی ڕێژیم لە ڕۆژی سێی ڕەشەممەدا بوو کە ژمارەیەکی زۆریان لە لاوانی شاری سنەیان شەهید و بریندار کرد و سەدان کەسی دیکەشیان ڕاپێچی بەندیخانە کرد. لەو سەروبەندەدا" پ.ك.ك "هەڵەیەکی گەورەی کرد ئەویش ئەوە بوو کە لە ڕاگەیاندنی خۆی دا ئەو خۆپیشاندەرانەی بەژمارەیەك ئاژاوەچی و کەسانی سەر بە ئیسڕاییل ناو برد و بەداخەوە هەر ئەو هەڵوێستەش بووە هۆیەك لە ئەوەیکە ناڕەزایەتییەکان بەرەو ساردبوونەوە و دامرکانەوە بچێ. بە کورتی خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژە ناسك و ئەستەمانەدا هەم دژی ئەو پیلانی ڕفاندنی ئۆجەلان ڕاوەستان و بە توندی ئیدانەیان کرد و هەمیش نەخشە و پیلانەکانی ڕێژیمیان کردە بلقی سەر ئاو و پێیان گوتن کە خەڵکی کوردستان ئاگایانە هاتوونەتە مەیدان و لە هەر دەرفەتێك بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان کەڵك وەردەگرن. دیارە لەو پێوەندی یە دا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتی حیزب لە حەوتوویەك دا ٢ جار کۆبوونەوەی گرت و لایەنەکانی ئەو ڕووداوانەی شیکردەوە.

بەم جۆرە کۆمەڵە رووداوێك لەساڵی ١٣٧٧ بە دەورووبەرمان دا تێ پەری وساڵێك لەخەبات وتێکۆشانی پڕ لە هەورازو نشێومان بڕی وپێمان نایە ساڵی ١٣٧٨ کە ئەو نەورۆزەش بە خۆشی و سەیران لە تاراوگەنشینی تێ پەڕێ.

## بە هاری پڕکێشەی ساڵی ١٣٧٨

بەهاری ساڵی ١٣٧٨ هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە سالێکی پڕکێشەشی بە دواوە دەبێ. لە بیریشمان نەچێ کە لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایەدا هەر ئاڵوگۆڕێك بێتە ئاراوە، ناڕاستەوخۆ شوێن لە سەر خەباتی ئێمە دادەنێ. لە رۆژی ٤ی خاکەلێوە کاتێك یەکیەتیی ئورووپا هیچی لە گەڵ کێشەی یوگوسلاوی بۆ نەکرا کە ماوەیەکی دوورو درێژ بوو هەموو راگەیاندن و تەلەویزیۆنەکانی دنیای بە خۆیەوە خەریك کرد بوو و کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بوو، هێزەکانی ناتۆ هێرشیان کردە سەر سێربستان و پاش شەڕێکی چەند مانگە لە ئاکامدا بە تێکشکانی سێربستان کۆتایی هات، کە دیارە لێرەدا جێگای ئەو باسە نییە، چونکوو باسێکی تێروتەسەلی دەوێ. هەر لەو رۆژە دا تورکیە عەبدوڵلا ئوجەلانی دادگایی کرد و حوکمی لەسێدارەدانی بە سەر دا سەپاند، بەڵام تا نووسینی ئەم دێڕانەش لە بەر گوشاری بیروڕای گشتی و هەروەها بەنیازی چوونە ناوەوەی تورکیە بۆ ناو پارلمانی ئوروپا، دەسەڵاتدارانی تورك نەیانتوانیوە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن. هەروەها لەو ساڵەدا وەك چەند ساڵی پێشوو، مانەوەمان لە بنکەی سابت و، بێبەرنامە بوون زۆر کێشەخوڵقێن بوون و رۆژانە بێکار سووڕانەوە هێندەی دیکە رۆح و جەستەی کادر و پێشمەرگەکانی ماندوو و جاڕز کردبوو و دانانی کۆمەڵە کلاسێکی سەرەتایی سیاسی بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی دەردی حیزب چارەسەر بکات و ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕبکاتەوە. حیزبێك کە بە سەدان پێشمەرگەی ئازاو قارەمانی بێ کار لە دەشتی کۆیە و دێگەڵە و هەولێر دەسووڕانەوەو بە دەست بێکارییەوە دەیانناڵاندو بە هیچ کارێکی تایبەتەوە سەرقاڵ نەبوون و راهێنان و پەروەردە کردنەکەش لە ئاستێکی سەرەوەدا نەبوون و بە جۆرێك

تووشـــی چـــەقین و پەنگخواردنـــەوە و خـــەریك بـــوون بـــە كێشـــەی لابەلاوەییـــەوە.
لە دوا مانگی بەهاردا، دەنگۆی چوونەوەی كادر بۆ ناوچە هـەبوو، پـاش چـەند رۆژ كـە ئەو هەواڵەم بە تـەواوی دەسـت كـەوت و لـە لایـەن سمایـل بازیـار بەرپرسـی ناوەنـدی دووەوە ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ باس كرا. ئەو مەسەلەیە لای هێندێك لە بەدەنەی حیزب دڵخۆشـكەر بـوو و دیـارە ئـەو چـوونەوەیە بەشـێوەیەكی بـەربڵاو نـەبوو و تـەنیا لـە ناردنەوەی چەند كادرێك بۆ هەر ناوچـەیەك كـورت كرابـۆوە. ئـەوەش خـۆی لـە خۆیـدا كاریگەریی خۆی هەبوو و بڕیـارێكی بـەجێ بـوو، چـونكە پـاش ٢سـاڵ بـوو كـە كـادری حیزبی دەچوونەوە ناوخۆ. بۆ دەسپێكی ئەو حەرەكەتە كاك سمایل بازیار باسـی كـرد كـە رۆژی ١٤ی جـۆزەردان لـە بنكـەكانی خۆمـان ڕا دەڕۆیـن. رۆژی یەكـەم لـە سـنوور تێپـەرین، ئێمـە ٥ كـەس بـووین ٢ كـەسمان دەچـووینەوە لای بۆكـان و ٣ كەسـی دیكەشمان هەم ئێمەیان بەرێ كرد و هەم دەبووایە هێندێك كاری ناوچەی سەردەشت و بانەیان جێبەجێ بكردایە. لە راستی دا لە دەست پێكەوە باشمان بۆ نەهات، هەر رۆژی یەكەم لە سـەر سـنوور كەوتینـە سـەر مەیـدانی مـین و بـە شـێوەیەكی سەرسـوڕهێنەر دەرباز بووین، كەسمان هیچـی لـێ نـەهات و لـە مـاوەی ٧ رۆژدا گەیشـتینەوە بۆكـان، بەڵام مەئموورییەتەكە بە نیوەچڵی مایەوە، چوونكە حەمەنارستی فەرماندەری تیپ لـە ناوەندی دووی كوردستان لە شاری كۆیە رفێنرابوو و كاك سەلام عـەزیزی پـەیامی لـێ دابوو كە بگەڕێینەوە. دیارە پاش ٢ رۆژ واتە لە ٢٢ی جۆزەردان تەرمەكەی كاك حەمـە نارسـتی لـە چـیای هەیبـەت سـوڵتان دۆزرایـەوە. ئـەو هەواڵـە كـە لـە رادیـۆ دەنگـی كوردسـتانەوە بـڵاو بـۆوە بـۆ ئێمـە زۆر نـاخۆش و دڵتـەزێن بـوو و سـەرەڕای ئـەوەش كۆماری ئیسلامیش دەیزانی ئێمە ٢ كەس لە ناوچەین. هەر بۆیە وا بڕیار درا كە بەدەم پەیامەكەوە بچین و بگەڕێنەوە، رێـژیمیش كـە دەیزانـی ئێمـە چـەند كەسـین، هێزێكـی زۆری لـە ناوچـەی بۆكـان كۆكردبـۆوە و بـە چـیا ودۆڵـەكان دا بـە پێوشـوێنی ئێمـە دا دەیسـووڕاندەوە. لـە زۆر جێگـا بـە سـەر ئێمـەدا دەكـەوتن ئێمـە خۆمـان لێنـەدان لـە گەڕانەوە لە نێوان موسێ و بەردەرەش بەسەر جاش دا كەوتین، تەنانەت مەودای ئێمە

لە گەل ئەوان ١٥ تا ٢٠ میتر بوو، بەڵام بە هۆی وشیاری خۆمانەوە نەمانهێشت پێمان بزانن و درێژەمان بە مەئمورییەتی خۆمان دا. دیارە لەو سەفەرەدا زۆر شتی نهێنی تێدا بوو بەڵام هەموو شتێك لە جێیٚ دا بگوترێ باشە و بابەتەكانی پێوەندیدار بە ڕێكخستنیشەوە بۆ وتن نابن. ڕۆژی٣٠ جۆزەردان هاتینەوە كۆیە، لە پێش دا سەردانی ماڵی شەهید حەمە نارستی مان كرد بە داخەوە كەشوهەوایەكی زۆر ناخۆش و مات بە سەر كەمپەكە دا زاڵ بوو و بۆمان دەركەوت كە حەمە نارستی بە هۆی پیلانی ٢ خۆفرۆشەوە كەوتبووە داو و شەهید كرابوو.

## دیاری كردنی فەرماندەری تیپ

دوای شەهید بوونی كاك محەممەد مستەفایی(نارستی) پیشنیاری سەرتیپ لە ناوەندی ٢ بە من كرا پاش باس وخواسێكی زۆر لە نێوان دەفتەری سیاسی و كۆمیسیۆن و ناوەند پەسند كرا ئەمن وەك فەرماندەری تیپ دیاری بكرێم. بە داخێكی گرانەوە هەر لەو سەروبەندە دا واتە لە ڕۆژی ٢١ ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا كاك سەیید سەلام عەزیزی بەرپرسی كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بەهۆی نەخۆشییەكی كتوپڕ (سەكتەی مێشك) ڕەوانەی بەغدا كراو پاش سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە كۆچی دوایی كرد. لەو بارودۆخەدا، لە دەستدانی كاك سەلام بۆ حیزبی دیمۆكرات زۆر بەژان و جێی داخ و كەسەر بوو. بەڕێزیان لەژیانی حیزبایەتی دا بە تەواوی توانا و فیداكارییەوە تێدەكۆشاو بە لێهاتوویی پلەكانی سەركەوتنی لە ئەركە حیزبییەكانیدا بڕیبوو و هەر لە پێشمەرگەیاتی را دەستی پێ كردبوو. بەڵێ! كاك سەلام هەموو پلە و بەرپرسایەتییەكی حكوومەتی بەجێ هێشت بوو و لە ساڵی ٥٨ تا كاتی كۆچی دوایی هەموو ژیانی بۆ حیزب و نەتەوەكەی تەرخان كرد. بەڕێزیان تایبەتمەندی زۆر باشیان هەبوو، خەڵكی وخاكی، دڵپاك و مەجلیس خۆش و بەرپرسێكی خۆش ڕەفتار وخۆشەویست بوو و لە دەست دانی خەسارێكی گەورە بوو بۆ حیزب و هاوسەنگەرانی بە تایبەتی و بۆ خەڵكی كوردستان بە گشتی. دوایی بە خاك سپاردنی كاك سەلام

عەزیزی، رۆژی ٢ ی گەلاوێژ وەك فەرماندەری تیپ بە ناوەندی ٢ ناسێنرام. ناوەندیش بۆ خۆی شتی تایبەت بەخۆی هەبوو، كۆمەڵێك گیروگرفتی تایبەتی بۆ هاتبووە پێش. من هەر لە یەكەم كۆبوونەوەی ناوەنددا كاك هەمزە سارتكەییم وەك جێگری تیپ پێشنیار كرد و ناوەندیش پەسندی كرد. لەو قۆناغەدا ئێمە دەبووایە لە سەر پاراستنی نەزم و ئەو كێشانەی كە رۆژانە روویان دەدا، بەردەوام كۆبوونەوەمان بۆ پێشمەرگەكان بگرتایە چونكوو پێشمەرگەیەكی زۆر بە دەوری یەكەوە بوون. زۆرێك لە پێشمەرگەكان مەشروبیان دەخوارد و بە هۆی كەڵكی خراپ وەرگرتن لە كەشی ناو حیزب بێ حورمەتی بە زۆر كەس دەكرا، هەر بۆیە بڕیاری بەجێ لەم بارەیەوە درا كە هەر كەس مەشروب بخواتەوە و جنێو یان بێڕێزی بە هەر كەس بكا لە حیزب دەردەكرێت، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش چەند كەسێك دەركران. ئەوانە لە جێی خۆی، كێشەی ناوخۆییش لە حیزبدا، بەرەبەرە زیاتر تەشەنەی دەستاند و زۆر كەسیش لەو ئاوە لێڵە ماسی گرت.

هەر لەو ساڵەدا بڕیار درا كە لە بنكەی سابت جووڵەیەك بكەین، بۆ ئەم مەبەستە لە نێو هەموو حیزبی دیمۆكرات دا حەفتانە بەرنامەیەكی تایبەت بە كلاسی وەرزش دامەزرا و چوار رۆژیش لە حەوتوودا بۆ كلاسی سیاسی و نیزامی دانرا. بەم پێیە هەموو بەیانیان پیادەڕەوی دەكرا و ئەوە لە جێی خۆی دا شتێكی باش بوو و لە چەند بارەوە گرینگی خۆی هەبوو. یەكەم ٤ رۆژ كلاس لە حەفتەدا، خەڵكی لە بێكاریی دوور دەكردەوە و پاشان بە هۆی گرتنی كۆبوونەوەكان لە بواری سیاسی ونیزامی دا فێری زۆر شتی بە كەڵك دەبوون. دووهەم وەرزش و وەرێكەوتنی بەیانیان بۆ لەشساغی و لەسەرپێ بوون بە كەڵك بوو، بەڵام بۆ پێشمەرگەی حیزبی دیمۆكرات ئەوانە وڵامدەر نەبوون و ئەو ئەركە دیاری كراوە بۆ ماوەی سێ مانگ، بۆ پارتیزان ماوەیەكی كەم و كاتیی بوو. لە گەڵ ئەوەشدا زۆرجار كۆبوونەوە و باس و راوێژ لە قەڵا پێك دەهات و دەبووایە هەموان بەشداری بكەن. بۆ وێنە لە رۆژی ٩ی رێبەندان كۆبوونەوەیەك كە بە بەشداری كاك باباعەلی مێهرپەروەر وكاك سمایل بازیار و كاك چەكۆ رەحیمی لە سەر

هەڵبژاردنی مەجلسی شەشەم پێك هات، زۆر بە کەڵك بـوو و ئـەو چەشـنە کۆبوونەوانـە توانـایی ئەنـدامانی ڕێبەریشـی پیشـان دەدا و خـەڵکیش فێـری بابـەت و پرسـی نـوێ دەبوون.

لە مانگی ڕەشەممەی ١٣٧٨، لەپلینۆمێك دا بریاری گرتنی کۆنگرە دراو کومیتـەی ئامادەکردنی کۆنگرە دیاری کرا کە یازدە کەس بوون. بە دیاری کردنی ئـەو کومیتەیـە باڵەکانی ناو حیزب زیاتر زیندوو بوونەوە و کەوتنەخۆ و هەر کەسەو لە هـەوڵی گرتنـە دەستی پۆستەکانی داهاتوو بوو. لە ناوەندی ٢، باڵی سـەر بـە کـاك مسـتەفا زۆر کـەم بوون, لەو نێوەش دا کاك حوسێن نازدار کە ئەندامی ناوەند بوو و لە کۆنگرەی ١٠ ببوو بە کومیتەی ناوەندی و لـە کـۆنگرەی ١١ دەنگـی نـەهێنابۆوە، لـە زسـتانی ١٣٧٨ بـە جۆرێك هەڵسوکەوتی دەکرد کە لە گەڵ باڵی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەیە، بـەلام بەرەبەرە بە نهێنی و لە ژێرەوە پێوەندی بـە بـاڵی کـاك مسـتەفاوە گرتبـوو و ئـەوەش کاتێك دەرکەوت لە نامەیەك دا کە کاك شاهۆی حسێنی بۆ ناوەنـدی دووی نووسـیبوو کە گوایە هێندێك هەواڵ هەیە و دەبێ لەحاڵی ئامادە باش دابین و کاك سمایلیش پـاش خوێندنـەوە و ئاگادارکردنـەوەی ئەنـدامانی ناوەنـد، نامەکـەی دڕانـدبوو و دواتـر نامـە دڕاوەکە هەڵدەگرنەوەو بۆ کاك شاهۆی دەبەنەوە و لە ئاکامـدا لەتـەکانی ئـەو نامەیـە دەچنەوە لای مامۆستا حەسەن زادە. دیارە بردنی ئەو نامەیـە بـۆ لای شـاهۆ حسـێنی تـەنیا بـۆ وەدەسـت هێنـانی متمانـە بـوو کـە بەتـەواوی بـاوەڕی پـێ بکـەن. گەرچـی تائێستاش بە تەواوی روون نەبۆوە کە کێ نامەکەی بردووە، بـەلام دەسـتی ئەنـدامانی ناوەندی تی دابوو. لـە ئەنـدامانی ئـەوکات بێجگـە لـە کـاك حوسـێن نـازدار هـەموومان ئێستاش لە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داین. هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە ڕۆژی ٣٠ ڕێبەندانی ٧٨ کۆبوونەوەی ناوەند گیرا کە کێ ئەو نامەیەی بردۆتـەوە بـەلام کـەس خۆی لێ نەکردە بەرپرسیارو لەو کاتەوە نێوان ناخۆشی لە نێوان ناوەند و بـە تایبـەتی لـە نێـوان کـاك حوسـێن و کـاك سمایـل لـە پەرەسـەندن دابـوو و تـا لـە کـۆنگرە نزیـك دەبووینەوە ئالۆزی و کێشەکان زیاتر پەرەیان دەستاند.

# بەرەو کۆنگرەی ١٢

وەك ئاماژەی پێکرا لە هەموو ناوەندەکانی حیزب و هەروەها بنکەی دەفتەری سیاسی خەڵك هەوڵی دەدا کە باڵی خۆی سەر بکەوێ، لەناوەندی دووش وەك باس کرا کاك حوسێن نازدار بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات و بوونەوە بە کومیتەی ناوەندی لە هەر دووك باڵ کەڵکی وەردەگرت، بەتایبەتی ئەمە کاتێك زەق بۆوە کە گومان و دەنگۆی ئەوە کەوتنە نێو خەڵك کە گوایە کاك حوسێن لە گەڵ باڵی کاك مستەفا کەوتووەو بەیعەتی لەگەڵ ئەو باڵە کردووە. بۆ خەڵك ناڕوون بوو کە کاك حوسێن دوای کۆنگرەی ١٠لە پلینۆمێکدا قامکی لە کاك مستەفای هیجری رادەوەشاند کاك مستەفاش پێی گوتبوو ئەوە حیزبایەتیە ........چون ئاوا ئاڵوگۆڕی تێدا پێك هات بوو! بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە (هەروەك خدر بەگ لە کۆبونەوەی گشتی باسی کرد) کاك حوسێن گوتبووی"بۆ قازانجی خۆم لە گەڵ هەموو کەس پێك دێم" ئەوەندەی دیکە جێگای سەرسووڕمان بوو.؟! هەرچۆنێك بێ، پێش کۆنفرانسی ناوەند زۆرمان حەول دا کە لە نێوان کاك سمایل بازیار و کاك حوسێن نازدار دا ئاشتی پێك بێنین، بەڵام متمانە و باوەر پێككردن نەبوو. دیارە لە دوای گرتنی کۆنفرانس تەرح و بەرنامەکانی کاك حوسێن بە تەواوی نیشانی دا کە بە دوای پێکانی چ نیاز و مەبەستێکەوەیە. لەبەرەبەرەی کۆنفرانس دا باڵبەندی بە تەواوی باڵی بە سەر حیزب دا کێشا بوو. چونکوو لە کۆنفرانسەکان دا لیست لە سەرەوەی هەموو شتێکەوە بوو و لە ناوەندی ٢ ئاوایان دانابوو کە ٦ کەس لە سەردەشت، ٣ کەس لەبانە، ١ کەس لە بۆکان، ١ کەس لە مهاباد و٢ کەس لە رەبەت واتە سەرجەم ١٣ کەس دەبووایە بچنە کۆنگرە، بەڵام ئێستاش نەمزانی ئەو ناعەداڵەتییە لە کوێوە هات و بۆ ئاوا بەو شێوەیە دابەشیان کردبوو و کێ ئەو هەقەی بە ناوچەی سەردەشت دابوو کە ٨ کەسیان بچێتە کۆنگرە. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەیکە لە بۆکان کەسێك دیاری کرابوو تا

بچێتە کۆنگرە بەلام لەو مەڵبەندە کەس دەنگی نەهێناوە. بەمجۆرە ئەو تەرحەی کاك حوسێن لە مێشکی دا بوو لە ناوەند جێ بەجێی کرد و لە ئاکامدا لە کۆنگرەی ١٢ بۆکان و شنۆ نوێنەریان لە کۆنگرە دا نەبوو. پێش کۆنگرەش کێشەکان زۆر ئالۆز ببوونەوە و تەنانەت مەترسی جیابوونەوەیەکی دیکەی لێدەکرا. کاك مستەفا هیجری کاتێك بە تەواوی بۆی روون بۆوە کە باڵەکەی لە کۆنگرەدا سەرکەوتوو نابێ، رایگەیاند کە تا جێگای لە کۆنگرەی ١٢ دا روون نەبێ ناچێتە کۆنگرەو بۆیە لە پێش کۆنگرە واتە لە دوایین پلینۆمی پێش کۆنگرەدا بڕیار درا کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە هەردووك باڵ پێك بێ. کە ئەندامانی رێبەری کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی ١٢ لە هەر دووك جەناح دەنگیان نەدا و هەر کەسەی خۆی کاندیدا بکردایە بێ ئەملاوئەو دەنگی ئەندامانی رێبەری هەردووك باڵەکەی هەبوو. (واتە هەر کەسێك لە لایەن جەناحەوە کاندید کرابوایە) تەنیا ئەو کەسانە دەنگیان دا کە نوێنەری کادرو پێشمەرگە بوون و لە لیستی جەناح دا نەبوایەن، هەر کام لە باڵەکان لیستی خۆیان داو کە سەر جەم ٢٣ کەس بوون بە کومیتەی ناوەندی، ١٢ کەس لەباڵی زۆرینەو ١٠ کەس لە باڵی کەمینە.

دیارە مامۆستا خۆی لە سەر هیچکام لەو باڵانە حیساب نەدەکرد، خودا هەڵ ناگرێ لە ماوەی دەسەلاتی دا هەمیشە بە توندی و بەبێ چاوپۆشی لە گەڵ ئەو کەسانە جووڵاوەتەوە کە لایەنگری بوون و زۆر پشتگیری لە کەسانی سەر بە باڵی کاك مستەفا دەکرد. هەر چەند ئەوان پێیان وانەبوو و قەتیش باوەڕیان نەکرد کە مامۆستا لەو باڵە نەبێ.

کۆنگرەی دوازدە رۆژی ٤ و٥ ی سەرماوەز لە کەرکووك گیرا، راستە ئەو کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی ناسك دا گیرا کە حیزبی تێکەوتبوو، بەلام گەورەترین سەرکەوتن ئەوە بوو کە حیزبی دیمۆکرات بە یەکگرتوویی بمێنی و ئەو یەکگرتنە زۆر کەس بە هی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەی دەزانن و هەر بە ناوی ئەویش تۆمار کرا، چونکوو لە یەکەمین هەنگاودا حیزبی کردەوە بەیەك و بەبێ ئەوەی هیچ حیزب و رێکخراوەیەك

نێونجی بکا بنەماڵەی حیزبی وەسەر یەك خستەوە، ناوبراو ئەزموونێکی باشی سیاسی و تەشــکیلاتی لــە جانتــای خــۆی دا ئاڕشــیو و کەڵەکــە کردبــوو، بۆیــەش بــەرەو سەقامگیرکردنی تەشکیلاتی حیزب هەنگاوی هەڵێنا. دیارە لە کۆنگرەی ١٢ بە تـەواوی دەریخست کە لە نێو حیزب دا سەرو گەردنێك لە هەموان بەرزترە و بە لێهاتوویی خۆی توانی یەکگرتوویی حیزب رابگرێ. لە نێوان ئەو دوو کۆنگرەیە زۆر شـتی چەسـپاند کـە پێش تریش ئاماژەم پێکـردن کـە لـە مێـژووی حیـزب دا ترووسـکەیان دێ، بـە تایبـەت دانانی بەندێك لە پێڕەوی نێوخۆدا زۆر گرینگ بوو کە بەپێی ئەو بەندە سـکرتێر تـەنیا دەتوانێ دوو دەورە ببێتە سکرتێر و ئەوەش شانازییێەکی گەورە بوو بۆ مامۆستا کە لە کاتێکدا کە خۆی لەوپەڕی دەسەڵات دابـوو، هـەوڵی جێگیرکردنـی ئـەو بڕیـارەی دەدا. هەروەها بۆ ئەوەی لە حیزب دا کۆتلەبەندی نهێنی نەمێنێ هەوڵی دا لە کۆنگرەی ١٢دا بڕیارێکی دیکە بسەپێنێ ئەویش ئەوە بوو کـە هـەموو کـەس دەتـوانێ شـتی خـۆی بـە ئاشکرا لە کۆبوونەوە دا باس بکا، ئەگەر بێتوو بە دزیی و بە نهێنی دەستەبەندیی بکا تـا سـەر حـەدی خیانـەت چـاوی لـێ دەکـرێ و سـزا دەدرێ. دیـارە ئـەو بڕیـارەش لـە کۆنگرەدا پەسند کرابوو. بەڵام بڕیارەکـە دوای کـۆنگرەی١٢ شـکاو حیزبـی دیمـۆکراتی بەرەو ئەو ئاقارە بـرد کـە دواتـر ئاماژەیـان پـێ دەکـرێ. پـاش تـەواو بـوونی کـۆنگرە ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بەڵام زۆر خۆشـحاڵ نـەبوون لـە بوونیان لە کـۆنگرەدا و پییـان وابـوو کـە رۆڵیـان لـە کـۆنگرە دا زۆر نـەبووە. لـە گـەڵ هەمووی ئەوانە یەکگرتوویی حیزب لە هـەموان گـرینگتر بـوو. هـەر بۆیـەش رۆژی ٨ ی سەرماوەز رێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرە لە قەڵا گیراو گرینگییـەکی زۆری پـێ درا. پـاش قسەکانی سکرتێری حیزب، شایی وهەڵپەرکێ تـا شـەو درەنگانێـك درێـژەی کێشـا. بـە پێویسـتی دەزانم نـاوی ئـەو کەسـانە بێـنم کـە لـە کـۆنگرەی دوازدەدا بوونـە ئەنـدامی کومیتەی ناوەندی حیزب. باڵی زۆرینە ئەو کەسانە بـوون: حەسـەن رسـتگار، عومـەر باڵەکی، سمایل بازیـار، قـادر وریـا، محەمـەد شـەهرەوان، جـەلیل گـادانی، کـەماڵ کەریمی، حەسەن قادرزادە، عوسمان رەحیمی، مستەفا مەولوودی، حسین مەدەنی

و فـەتاح كاويـان. لـە بـاڵی كەمینـەش مسـتەفا هیجـری، محەممـەد نـەزیف قـادری، تەیموور مستەفایی، چەكۆ رەحیمـی، كـاوە بـەهرامی، ئەحمـەد رەحیمـی، ئەسـعەد ئەحمـەدی، سـەیید بـرایم هـاشمی، حەسـەن شـەرەفی و باباعـەلی مێهرپـەروەر. پێویسـتە بگـوترێ مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە لـە دوای كـۆنگرەی ١١ زۆر جـار گوتبووی من "جەناح" نیم بەڵام "جەناحی دەسەڵاتدار" لە كـۆنگرەی ١٠ ئـەو پێكـی-هێنا و هەر بەویشەوە ناسراو بوو. دواتر ئەم كەسانەی خـوارەوە بـوون بـە دەفتـەری سیاسی. كاك مستەفا هیجری، كاك حەسەن رەستگار، كاك باباعەلی مێهرپەروەر، كاك مستەفا مەولوودی، كاك حسێن مەدەنی و كاك حەسەن شەرەفی. پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ كە جێگری سكرتێر لە پێرەوی نێوخۆیی دا نەما و ئامانج لە نەمانی ئەو بەندەش هەركەسەو لێكدانەوەی خۆی هەیە, ئەوە كە مامۆستا حەسـەن زادە مەبەسـتی دانـانی ئاڵترناتیو بۆ كاك مستەفا یان ئامانجی فێركردنی هەموو ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی بووبێ ئەوانە بۆ من روون نییە، لەم بارەیەوە لێم نەپرسیوە و بۆ خۆی باشتر دەزانێ.

## دابەشینی كار دوای كۆنگرەی ١٢

گەرچی لە كۆنگرەی دوازدەدا بڕیارێك درابوو كە نـابێ هـیچ كـەس دەستەبەندی و كۆتلەبەندی بكا و دەبێ بۆ هەمیشە جەناحبەندی خاشەبڕ بكرێ، بەڵام بە داخەوە هەر دوای كۆنگرە ئەو بڕیارە شكا و ئەوەش كاتێك دەركەوت كە مامۆستا حەسەن زادە ٧ رۆژ دوای دابەشـــینی ئـــەرك و بەرپرســـیارەتییەكان واتـــە رۆژی ١٩ی بـــەفرانبار كۆبوونەوەیەكی لە قەڵا گرت كە باسی سێ مەسەلەی كرد: یەكەم، چوونكە ئەو رۆژە رۆژی یەكگرتنەوەی بوو، باسێكی لەوبارەوە پێشكەش كرد. دووەم، تـاوتوێی هێنـدێك مەسەلە و كێشەی نێو كۆماری ئیسلامی و سێیەم، دووبەرەكی و كێشەی نێوخۆیی، كە لەودا ناڕاستەوخۆ باسی كێشمەكێش و ناكۆكییـەكانی نـاوخۆی حیزبـی كـرد. بـەڵام بـا ئاوڕێك لـە دابەشـكردنی كـاری دوای كـۆنگرە بدەینـەوە. لـە راسـتیدا، هـەموو پۆسـتە گرینگەكانی حیزب بە باڵی كەمینە واتـە بـاڵی كـاك مسـتەفا درابـوو، وەك كۆمیسـیۆنی

سیاسی ـ نیزامی، تەشکیلاتی نەهێنی، ئەمنییەت، ناوەنـدیی وەرگرتنـی پێشـمەرگە و فێرگە، ئینتشارات، کە بە بڕوای مـن ئـەوە یـەکێك لـە هەڵـە گـەورەکانی مامۆسـتا بـوو چوونکە ناوبراو ئەوانی بە باشی دەناسی و دەیزانی کـە زۆر تینـووی دەسـەڵاتن و لـەو پۆسـتانەش بـە قـازانجی بـەهێزکردنی باڵەکـەیان و تێکـدانی باڵانسـی حیـزب کـەڵك وەردەگرن، کە بە داخەوە لە ئەنجامدا هەر ئەو کارەشیان کرد.

پۆسـتەکانی وەك کۆمەڵایـەتی و بنکـەی هـەولێر، رادیـۆ و کۆمیسـیۆنی مـاڵیش بـە دەست باڵی دەسەڵاتدارەوە بوون. گەرچی قۆڵی دەسەڵاتدار پابەند بە بڕیاری کـۆنگرە بوو و نەیدەویست پەنا بۆ دەستەبەندی ببا، ئەوانیش خۆیان بـە سـێ دەسـتە دابـەش دەبوون، کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەم. لە ماوەی چوار ساڵدا باڵی کەمینە تا گەیشتن بە کۆنگرەی ١٣ هەرچی لە دەستیان هات بۆ تێکـدانی باڵانسـی باڵـەکان کردیـان و بـە پێشێل کردنی بڕیاری کۆنگرەی ١٢ کێشە و ئاڵۆزییەکی زۆریان لە ناو حیـزب درووسـت کرد کە دواتر باسیان دەکەم، کە بە داخـەوە کەسـیش لـە گـوولێ کـاڵتری پێنـەگووتن. پـاش دابەشـینی کـار، حەسـەن قـادرزادە وەك بەرپرسـی ناوەنـدیی دوو دیـاری کـرا و رێورەسمی دیاریکردن و ئاڵوگۆڕەکەش لە نێوان کاك حەسـەن قـادرزادەو کـاك سمایـل بازیاردا رۆژی ٢٩ ی بـەفرانبار بەڕێوەچـوو. هاوکـارانی کـاك حەسـەن قـادرزادە بریتـی بوون لە: برایم چووکەلێ فەرماندەری تیپ، محەممەد کەسرایی بەرپرسی "ئامووزش"، سەعید شێنانی بەرپرسی ئەمنییەت، سەیید عەبدوڵڵا حوسێنی بەرپرسی بەشی مـاڵی. دوابەدوای دابەشکردنی کاری ناوەند، هەر بەشە لە ناوەند خۆی رێکخستەوە و ئێمەش تیپەکەمان سەر لە نوێ سەروسامان دایـەوە و دەسـتمان بـە کـار وتێکۆشـانی خۆمـان کرد. لە ناوەند هەر شارستانەی کەسێك کـاری تەشـکیلاتی ناوچـەکەی خـۆی دەکـرد، ئەوە بێجگە لەو کارە "ئامووزش"یانەی کە رۆژانە بەڕێوە دەچوو. خۆئامادە کردن بۆ ساڵێکی دیکە لـە تێکۆشـان، گڕوتینێکـی دیکـەی بـە خـەڵك دەدا بـە تایبـەت لـە دوای کۆنگرەکان هەمیشە خەڵك گەرموگوڕ بـوون. تـا رێکخسـتنەوە و سەروسـامان دانـەکان تەواو بوو، بەرەبەرە ساڵی ١٣٧٩ کۆتایی هات وبەرەو پێشوازی ساڵی نۆێـوە چـووین.

بۆیە هەموو ساڵێ لە یەکەم رۆژی ساڵ، واتـە رۆژی نـەورۆز ئـەم رۆژە جێـژن دەگـیرا و ئەو ساڵەش لەو رۆژەدا رێورەسمی ئەو بۆنەیە گیرا و هەموو ئەندامانی رێبەری و کادرو پێشـمەرگەی دەوری بنکـەی دەفتـەری سیاسـی بـە شـایی و هەڵپـەرکێ و خۆشـییەوە بەرەوپیری ساڵی ١٣٨٠وە چوون.

## هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ئەمریکا

لـە رۆژی ٢٠ی خـەرمانان ١٣٨٠ (١١ ی سـێپتامبری ٢٠٠١)، رووداوێکـی گـەورەی مێژوویی روویدا کـە کاریگـەریی لەسـەر تـەواوی جیهـان دانـا و ئێستاشـی لـە گـەڵ بـێ شوێنەوار و بەرەنجامەکانی ئەو رووداوە کۆتایی نەهاتووە. لەو رۆژەدا ریزە هێرشـێکی تیرۆریستی کرایە سـەر چـەند ناوەنـدی سیاسـی، نیزامـی و بازرگـانی ئـەمریکا کـە بـە هەزاران کەس بوونە قوربانی. ئەو کردەوە تیرۆریستییە هەموو خەڵکی دونیـای هەژانـد و شەپۆلێکی بێ وێنەی لە نەفرەت و بێزاری دژی دیاردەی تیرۆریزم لە هـەموو دنیـا دا وەڕێخست. حیزبی دیمۆکرات وێڕای دەربڕینی هاودەردی و سەرەخۆشـی لـە دەوڵـەتی ئەمریکا وخەڵکی ئەو وڵاتـە، ئـەو کـردەوە تێرۆریسـتییەی بـە تونـدی مـەحکووم کـرد. دواتـر دەرکـەوت کـە ئـەو کـردەوە تێرۆریسـتییە لـە لایـەن "ئۆسـامە بـن لادەن" و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی تالیبانەوە بەرنامەی بۆ داڕێـژراوە و جێبـەجێ کـراوە، هـەر بۆیە دەوڵەتی ئەمریکا ٢٥ رۆژ دواتر، هێرشی کردە سەر ئەفغانسـتان و لـە ماوەیـەکی کەم دا رێژیمی تاڵیبانی رووخاندو رێژیمێکی دیکەیان لە جیاتی دانا و تا نووسینی ئـەم دێڕانـە چـەکدارانی تالیبـان بـە تـەواوی تێـك نەشـکێنراون و یەکیـەتیی ئورووپاشـی تێوەگلاوە و پچڕپچڕ شەڕ و قوونەشەڕ هەروا درێژەی هەیە و ئەو وڵاتە تا ئێسـتا رووی ئارامی و ئاشتی بەخۆیەوە نەدیوە.

بـە کـورتی رووداوی ١١ ی سـێپتامبر ئەگەرچـی زۆر تـاڵ و نـاخۆش بـوو، بـەڵام بەرەیەکی دژی تێرۆریزمـی لێ شـین بـوو و ئـەم بەرەیـە بـۆ خاشـەبڕکردنی تیرۆریـزم و تیرۆریستان هەنگاوی جیددی لـە ئاسـتی جیهـانیدا هـەڵگرت و لـە زۆر شـوێن کەوتـە

راوەدوونـانی تیرۆریسـتان. هـەر بـەدوای لـە دەسـەڵات خسـتنی تالیبـان، ئـەمریکا و هاوپەیمانــەکانی هێرشــیان کــردە ســەر رێــژیمی ســەرەڕۆ و دیکتــاتۆری ســەددام و تێکەوەیان پێچا و بە دوای رووخانی ئەو رێژیمەش گۆڕانکاریی قووڵ و هەمەلایەنـە لـەو وڵاتەشدا پێك هات و هەر ئەمەش رێژیمی کۆماری ئیسلامی کـە یـەکێك لـە پشـتیوانانی سەرەکیی تیرۆریزم لە ناوچەدایە زۆر نیگەران کـرد و بـۆ ئـەوەی پڕیشـکی ئـەو ئـاگرە نەیگرێتەوە، بەردەوام دەستی لە کاروباری ئـەو وڵاتـە وەرداوە و هـانی تیرۆریسـتان و چەکدارانی توندرەوی داوە بۆ تەقینـەوە و خۆکـوژی و بەگشـتی رۆڵێکـی تێکدەرانـە و ئاژاوەگێڕانەی لەو وڵاتەدا گێڕاوە.

لە ساڵی ١٣٨٠ دوو رووداوی گرینگی دیکە لە حیزب دا هاتنەئاراوە کە بە پێویستی دەزانم باسێکیان لێوە بکەم. یەکێك لەو رووداوانە ئێعدامی ئەندامێکی حیزب لە مهابـاد بوو کە بڕیاری ئێعدام کردنەکـەی لـە رۆژی ٤ی رێبەنـدانی ١٣٨٠دا بەڕێوەچـوو. دیـارە ئــەو ئێعدامــە شــتێکی تــازە نــەبوو و پێشــتریش زۆر کــەس لــە رۆڵــەکانی کــورد لــە زیندانـەکانی رێـژیمی ئیسـلامیدا ئێعـدام کـرا بـوون، بـەڵام "کـەریم تـووژەڵی" خـەڵکی تووژەڵی ناوچەی سەردەشت کە ماوەی چەند ساڵێك کادری حیزب بوو و وەك کوڕێکی ئازاو قارەمان لە مەیدانی خەبات تێدەکۆشا، پاشان بەمەبەسـتی چـوونە دەرەوە وازی لە پێشمەرگایەتیی هێناو رووی لـە وڵاتـی تورکیـە کـرد و تورکیـەش رادەسـتی ئێرانـی کردبۆوە. ئەوەی لەو نێوانەدا گرینگ بوو ئەوەیە کە لە زینـدانیشدا لەبـەر ئـەوەی زۆر کوڕێکی بە ئیمان و بەبیروباوەڕ بوو وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان بەرگری لە نەتەوە و حیزبەکەی کرد و سەرەڕای ئەوەیکە ئەشـکەنجەیەکی زۆری جەسـتەیی و روحـی دەدرا بۆ جارێکیش ئامادە نەبوو نهێنییـەکانی حیزبەکـەی بـدرکێنێ و هیچـکات کـۆڵی نـەدا. دیارە حیزبی دێموکرات زۆر قارەمانی دیکەشی لە چاڵەرەشەکانی کۆمـاری ئیسـلامیدا ئێعدام کراوە بەڵام لەبەر ئەوەیکە ماوەیەك بـوو هـیچ کـەس شـەهید نـەببوو، ئێعـدامی کردنـی کـەریم لـە نـاو حیـزب و خـەڵکی کوردسـتان رەنگدانەوەیـەکی زۆری هـەبوو. رووداوێکی دیکە کە بەراستی لە ناو حیزب دا جێگـای داخ و کەسـەر بـوو، خۆکوشـتنی

ئالان هیجری کوڕی کاك مستەفا هیجری بوو که ڕۆژی ١٨ی ڕەشەممە لە هەولێر و لە نێو ژووری پشوودانەکەی دا بە دەمانچە خۆی کوشتبوو. کاتێك ئەو هەواڵە بڵاوبۆوە خەڵکی زۆریان پێ ناخۆش بوو کە لاوێکی لەو تەمەنەدا دەستی بۆ کاری خۆکوشتن بردووە، دیارە سەبارەت بەم ڕووداوە ئەندامانی حیزب هاودەردی باشیان لە گەڵ کاك مستەفا و بنەماڵەکەی کرد. ئالان لاوێکی تازە پێگەیشتوو و کەسێکی ئارام و لە سەرەخۆ بوو و هەموو کەس خۆشیان دەویست و ئەویش ڕێزی لە هەمووان دەگرت. لەو ساڵەدا، ڕووداوی دیکەش زۆر بوون وەك کێشەی ئێران و وڵاتانی دراوسێ، کە چونکە ئەو کێشانە بە درێژایی مێژوو هەبوون، منیش بە پێویستییان نازانم باسیان بکەم.

ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی بە دانانی هەندێك کلاس و پێکهێنانی کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کێبەرکێی تۆپی پێ و والیبال و بەڕێوەبردنی فستیواڵی جۆراوجۆر تێپەڕی. بەڵام ئەگەر باسی ڕەفتار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی کوردستان بکەین، سەدان لاپەرە هەڵدەگرێ. چونکە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ساڵێك نەبووە کە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی کورد بە هۆی دەسرێژ یا بە هۆی تەقینەوەی مین کە ڕێژیم خۆی دایناوەتەوە شەهید و کەم ئەندام نەبن و لەو ساڵەشدا بە دەیان کەس لە کاسبکارانی سەرسنوور درانە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیم یان کەوتنە ناو مەیدانی مین و شەهید یان بریندار بوون، کردەوەیەکی دژی مرۆیی کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی وەحشیانە درێژەی هەیە و ڕۆژ نییە هەواڵێکی ناخۆش لەو پێوەندییەدا لە ڕاگەیەنە کوردییەکانەوە بڵاونەبێتەوە. لە بەر ئەوەیکە ئەو بەشە لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەوە لە کاتی خۆیدا بڵاوبۆتەوە، من لە باسکردنەوەی دووبارەیان خۆدەبوێرم.

# کێشەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری لە کەمپ نشینی دا

چوونکە پێشمەرگە فێری کەمپنشینی نەبوون، زۆر جار پێویست بوو کە بۆ سەقامگیرکردنی نەزم و دیسیپلین، بڕیاری گرینگ و لەجێدا بدرێ. لە گەڵ هەمووی ئەوانە حیزبەکەمان سوور بوو لە سەر بەڕێوەبردنی نەزم و کاروباری ئیدارەی حیزب و پەروەردە کردن بە شێوەیەکی شیاو و لەبار. یەکێك لەو گرفتانەی کە دەبووە هۆی تێکدانی نەزم و دیسیپلینی حیزبی، مەشرووب خواردنەوە بوو هەر لەو پێوەندییەدا لە سەرەتای ساڵی١٣٨١ کۆبوونەوەیەکمان لە ناوەندی دوو گرت تاکوو بتوانین رێوشوێنی گونجاو بۆ ئەو دیاردەیە بگرینەبەر، پاش کۆبوونەوەکە پێشنیارەکانمان رادەستی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی کردو ئەوانیش پەسندیان کرد. ئێمەش بڕیارەکەمان لە کۆبوونەوەی رۆژی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٨١ بە هەموو کادرو پێشمەرگەکانی ناوەند راگەیاند، کە دواتر لەبەر ئەوەیکە چەند کەسێك نەیانتوانی بە کردەوە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن لە حیزب دەرکران. دەرکراوەکان لەلای کاك مستەفا هیجری کە ئەو کات بەر پرسی کومیسیۆنی سیاسی ـــ نیزامی بوو، سکاڵایان کرد دوو رۆژ دوای بڕیارەکە کاك مستەفا لە دوای ناردم، رۆژی ٩ی خاکەلێوە لە سەر سکاڵای ئەو دەر کراوانە کۆبوونەوەمان بوو کە ناوبراویش بڕیارەکەی پەسند کردو دەرکران.

جگە لە کاروباری رۆژانە، ژیانی کەمپنشینی وردەوردە لە بنەماکانی خەباتی دووردەخستینەوە و تەنانەت لە زۆر کاری بەکردەوەدا بەرەو سستی و شلی چووبووین و رۆژ لە گەڵ رۆژ هەستی خەباتی درێژخایەن و شۆڕشگێرانەمان بەرەو لاوازی دەچوو و هەر چەند درێژتر دەبۆوە زیاتر ئەو هەستە لاوازترو کەمڕەنگتر دەبۆوە وهەموو هێزو توانای ئەو حیزبە گەورە لە شوێنێکی چووکتر کەڵەکە کرابوو و بەرهەمێکی ئەوتۆی بۆ حیزب لێنەدەکەوتەوە. هەروەها نزیك بوونەوەی کەمپەکان لە شارەکان، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، خەبات و بەرخۆدانی پێشمەرگایەتیی لاواز کردبوو و بەرەو ژیانێکی ئاسوودە دەڕۆیی. بە کورتی بەردەوام بوونی کەمپنشینی بۆ

ماوەیەکی زۆر ئێمەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابڕاند، دەبوو بە جۆرێك ئەو تەلیسمە بشکێنین و بۆ ئەوەیکە هەستی شۆڕشگێڕی لە ناو ئەندامانـدا هـەروا بـە زینـدوویی ڕابگرین و هەوڵ بدەین وەك حیزبێکی کاریگەر و شوێندانەر جێ‌پەنجەمان بە کێشە سیاسی یەکانەوە دیار بێ بە بڕوای من بەشی زۆری کێشە وئاڵۆزییەکانی ناو حیزب بە هۆی قەیرانی کەمپنشینییەوە بووە و دەبووایە ڕێبەرایەتی حیزب لەجێدا هەنگاوی بەکردەوەی بۆ هەڵگرتبایە.

## کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

ئەو کۆبونەوەیە لە ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوە تەنیا بۆ مەبەستێك گیرا بوو و ئەویش ئاڵۆزتربوونەوەی کێشەی نێوان باڵەکانی حیزب بوو. وەك لە پێشدا ئاماژەم پێکرد تا نووسینی ئەم دێرانەش بۆم روون نەبووە کە بۆچی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەیویست واز لە سکرتێری بێنێ، داخوا لەبەر تۆختربوونەوەی جەناح بەندییەوە بوو یان ئەوە کە مامۆستا شتی دیکەی لە مێشك دابوو، من لێی ئاگادار نیم. چونکوو کەس لە توانایی سیاسی مامۆستا حەسەنزادە شکی نەبووو لەو سەروبەندەشدا حیزبی دێموکرات لە باری بڕیاردانی سەربەخۆ و کاری دیپلۆماسی و سیاسییەوە زۆر بە هێز بوو. هەروەها مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە جارێکی دیکە لە مانگی ڕەشەممەی ١٣٨٠ دا وازی لە سکرتێری هێنابوو کە دیسان کۆمیتەی ناوەندی لێی‌قەبووڵ نەکرد. تەنانەت جاری یەکەم کاك مستەفا لە گەڵ چەند برادەرێکی جەناحی دەسەڵاتدار ڕاوێژی کردبوو کە بۆ خۆی قۆلی لێ هەڵماڵێ و سکرتێری بکا. بەڵام من پێموایە مامۆستا حەسەنزادە لەو کێشانە نارازی و بێزار بوو و سەرەڕای ئەوەیکە لە کۆنگرەی ١٢ بڕیار درابوو کە دەستەبەندی نەکرێ، بەڵکوو بە پێچەوانە و بەکردەوە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر و خراپتر ببوو. هەرچۆنێك بێ، هەر دووك جار پلینۆم لێی قەبووڵ نەکرد. زۆر جار گوتومە و لێرەش دا دەڵێمەوە کە مامۆستا پێویستی بە بەهێزکردنی بەڕێوەبەری "مدیریت"ی نێوخۆیی حیزب بوو و ئەگەر بە قەرای دوکتور سەعید مودیرییەتی

نێوخـۆیی و ئیـداری هەبووایـە، حیزبـی دێمـوکراتیش لـە زۆر کێشـە ڕزگـاری دەبـوو و حیزبێکی یـەکگرتوو بـە توانـاتر لـە جـاران درێـژەی بـە کـار و تێکۆشـانی خـۆی دەدا. هەڵبەتە دوای ئەو کۆبوونەوەیە بارودۆخەکە برێك هێورتر بوو. دە ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوە چەند کەسی بیانی هاتن بۆ ناو حیزب کە کۆبوونەوەیەکیان لە ساڵۆنی ئـامووزش گـرت کـە لـەو کۆبوونەوەیـەدا تـەنیا ڕێبـەری و کەسـانێکی دیـاریکراو لـە کادرەکانی حیزب تێیدا بەشدار بوون. ئەو چـەند کەسـە وەك "راوێـژکاری ئەمنییـەتی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە" ناسیندران، کە دوای ڕووداوی ١١ی سپتامبر ڕوویـان لـە عێـراق کردبـوو و سـەردانی حیزبـی دێموکراتیشـیان کردبـوو و لـەو کۆبوونەوەیـەدا سەبارەت بە هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیا و دیاردەی تیرۆریـزم قسـەیان کـرد کـە لەلایـەن بەشداربووانەوە پێشوازی باشی لێکرا و بۆ ئەو کاتی ئێمە بە کەڵك بوو.

## سەیرانێکی تاڵ

ڕۆژی شـەممە ١٢ی بانەمـەری ١٣٨١، وەك تیـپ لـە ناوەنـد بڕیارمـان دا کـە بـە خەرجی خۆمـان وەك سـەرلك و جێگرلـك و جێگرهێـز هێنـدێك پێداویسـتی بکڕین و بۆ بـەیانی هـەینی بچینە سـەیران لـە دەرەوەی بنکـەکانی حیـزب. بـەیانی بـە شـۆفێری ماشـینەکەوە ٩ کـەس بـووین و لـە بنـاری هەیبـەت سـوڵتان بارگـەو بنـەمان لـێ بـڵاو کردەوە. بۆ پاش نیوەڕۆ کوڕەکان گوتیان با بۆ مەلەکردن بچینە چۆمی ڕانیە و چاوێك لەو لایەش دەکەین. تا کاتژمێری ٢/٣٠ لە چۆمی ڕانیە مەلەمان کرد، کوتوپڕ هـەورێکی ڕەش هەموو وڵاتی داگرت و پـاش کـەمێکی‌تـر بـارانێکی خەسـت دایکـرد. ئێمـەش زوو خۆمان کۆکردەوە و بەرەو هەیبەت سوڵتان گەڕاینەوە، لە ڕێگادا من ماشـێنەکەم لـێ-دەخوڕی، ماشێنەکە هی حیزب بوو وبارانێکی باش دەباری، لە سەر پـردی" قـەرەنی ئاغا" لە نزیك چۆار قوڕنە لە گەڵ ماشێنێکی"لەندەوێر" خۆمان پێك دادا، ماشێنەکەی ئێمە ٩ کەسی تێدا بوو، لە سەر پردەکە ڕاوەسـتام و هـی ئـەوانیش لەوبـەری پردەکـە وەرگەڕا، لە لای ئێمە کەس بریندار نەبوو، "لەندەوێرەکە" چوار کەسـی تێـدا بـوو کـە

ژنێك هێندێك زەربەی وێكەوتبوو و ئەویش پاش ٣رۆژ لە نەخۆشخانە مەرەخـەس كـرا. لـە مـاوەی ٣ رۆژدا كـاری پـۆلیس تـەواو بـوو و مـن هـەزار دینـار جەریمـە كـرام و شۆفیرەكەی دیكەش ٥٠٠ دیناری سویسری جەریمە كرا. بەڵام دواتر كـە ماشـێنەكەمان هێنـاوە، حیزبـی دێمـوكراتیش داوای كـرد كـە مـن بـە خـەرجی خـۆم چـاكی بكەمـەوە هۆكارەكەی ئەوەبوو كە من شۆفێر نەبووم و ماشینەكەم لیّ دەخوڕی. هەرچـۆنێك بـیّ حیزب چاكی كردەوە و نزیك بە ٦٠٠٠ دیناری سویسری خەرج بـوو و دواتـر هـەموویان لە من ئەستاندەوە و نزیك بە ١٨مانگ یارمەتیم پیّ نەدرا تا قەرزەكەم لەسەر نەما.

## پلینۆمی تەرح

لە رۆژی ٣٠ بانەمەڕ١٣٨١، كۆمیتەی ناوەندی پلینۆمی خۆی گرت كـە سـیّ رۆژی خایاند، دیارە لەو پلینۆمەدا زۆر شت باس كراوە بەڵام ئەوەی گرینگ بوو و زۆر قسەی لەسەر كرابـوو و دواتـریش هەڵڵایـەكی زۆری لەسـەر سـاز بـوو تـەرحی كـاك بابـا عـەلی مێهرپـەروەر بوو كە بۆ ئەندامەتی لە كومیتەی ناوەندی پێشنیاری كردبوو و بەپێی ئەو تەرحە دەبووایە كۆمیتەی ناوەندی لە داهاتوو دا بە پێی ئیمتیـاز بـیّ. لـە پێشـدا پـێم باشە هێندێك باسی تەرحەكە بكەم و دواتر وەك خۆی دایدەنێم. ئەو تەرحە لـە پلینـۆم دا رەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی پلینۆمی لەسـەر بـوو و تـەنیا كـاك مسـتەفا هیجـری پەسندی نەكردبوو. رۆژێك دوای پلینۆم كـاك باباعـەلی مێهرپـەروەر لـە سـەر پلینـۆم و تەرحەكەی خۆی قسەی كرد، پاش قسەكانی كاك بابا عەلی خەڵكێكی زۆر لـە دژی ئـەو تەرحە قسەیان كرد، لە كۆتایی كۆبونەوەكـەدا مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە وڵامـی كادرو پێشمەرگەكانی داوە. بە بڕوای من تەرحەكە لەجێدا شـتێكی بـاش بـوو بـۆ ئـەو قۆناغـە و ئەگـەر زیـاتر هـەموار (تعـدیل) بكرایـە و وردتـر بكرایـەوە و ئینجـا هـەوڵی چەسپاندنی بدرایە تەنانەت دەیتوانی تـا رادەیـەكی زۆر پـێش بـە لـەتبوونی حیـزبیش بگریّ، ئەم تەرحـە هـەروەها خەڵكیشـی وەگـەڕ دەخسـت بـۆ ئەوەیكـە زیـاتر هـەوڵ و تەقەللا بدەن و وەدوای فێربوون ونووسین و شتی لەو بابەتە بكەون.

بەڵام تەرحەکە خاڵی لاوازیشی تێدابوو و بە لێوردبوونەوە لێی ئەوە دەردەکەوت کە رێبەری ئەوکات لە هەموو کەس زیاتر ئیمتیازی دەبوو، هەر بۆیەش بەشی زۆری بەدەنە بە گشتی لە هەردوو لا لە دژی تەرحەکە راوەستان و ئەمە زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە خۆیان تێدا نەدەدیتەوە و تەنانەت خوێنی تازە بە بڕوانامەی لیسانسەوە یا فەرماندەرێکی ئازاو بەئەزموون تێگەیشتوو و کادرێکی بەتواناش خۆیان لەو بازنەیە دا نەدەدیتەوە و بە هیچ جۆرێك ئیمتیازەکەیان نەدەگەیشتە ئیمتیازی رێبەری و بەم پێیە ئەندامانی رێبەری هەروا لە رێبەری دا دەمانەوە. واتە بوونی خوێنی تازە لە رێبەری دا کارێکی دژوار بوو و ساڵانێکی زۆری دەخایاند. بەڵام وەك پێشتر گوتم ئەگەر کاری زیاتری لەسەر بکرابایە و هەموارتر بکرایە دەیتوانی کلیلی چارەسەری زۆرێك لە کێشەکان بێ. پێویستە ئەوەش بڵێم کە چەند رۆژ دوای قسەکانی کاك باباعەلی زۆرێك لە ئەندامانی رێبەری سەر بە باڵی کاك مستەفا هیجری کە لە پلینۆمدا بڕیارەکەیان پەسند کردبوو پەشیمان ببونەوە و لەملاوئەولا بە توندی ئەو تەرحەیان دەکوتاو سەرەنجام پاش چەند مانگ پەروەندەی ئەو تەرحەش دابخرێ و نەیەڵن بۆ پێشنیار بە کۆنگرەی ١٣ ئامادەکاری بۆ بکرێ.

# دەقی تەرحەکەی کاك بابا عەلی مێهر پەروەر

## پێشنیار بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەری

بۆ ئەوەی ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب بە پێی هێندێك پێوانە کە نیشانەی رابردووی تێکۆشان وشارەزایی و لێوەشاوەیی ئەوان بێ، هەلبژێردرێن و لە ئاکام دا باشترین و گونجاوترین ئەندامانی حیزب بەسەر یەکەوە ئەرکی بەرێوەبردنی کاروباری حیزب تا کۆنگرەی دواتر بە ئەستۆبگرن، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢ئەم گەڵاڵەیە بۆ پێشنیار بە کۆنگرەی ١٣ ئامادەکرد.

پێوانەکان بەم جۆرەن:

# ساڵەکانی تێکۆشان

لـە سـێ سـاڵ ئەندامـەتی بەرەوسـەر بـۆ هـەر سـاڵ خزمـەتی پێشـمەرگایەتی، ٢٠٪ئیمتیاز

لە سێ ساڵ ئەندامـەتی بەرەوسـەر بۆ هـەر سـاڵ خزمـەتی ئەندامـەتی بـە نهێنی ١٠٪

لە سێ ساڵ ئەندامەتی بەرەوسەر بۆ هەر ساڵ خزمەتی لە ئورووپـا، ئـەمریکاو.... ٨٪

## رادەی خوێندواری:

خۆێنـدن و نووسـین ٥٪ئیمتیـاز تـەواو کردنـی دەورەی سـەرەتایی ١ ئیمتیـاز تـەواو کردنـی دورەی "راهنمـایی" ٥/٢ئیمتیـاز، دیپلـۆم ٤ ئیمتیـاز، "فـوق دیـپلم" ٥ ئیمتیـاز، لیسـانس ٦ئیمتیـاز، "فـوق لیسـانس" ٧ ئیمتیـاز و دوکتـورا ٨ ئیمتیـاز خوێندنی ئاینی تەواو کردوو "مجاز" ٥ ئیمتیاز، "مستعد" ٢ ئیمتیاز.

## تێبینی:

ئەوانـەی کاندیـدان: یـان دەبـێ مـەدرەکی موعتەبـەریان هـەبێ یـان پلـەی خوێندەواریەکەیان بسەلمێنن

## بەرپرسایەتی:

ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و هاوکـارانی دەرەجـە یـەك کومیسـیۆنەکان بـۆ هـەر ساڵێك ١٥٪ ئیمتیاز

ئەندامانی کۆمیتەی وڵات لە دەرەوە و هاوکارانی دەرەجە یەك کومیسـیۆنەکان بـۆ هەر ساڵێك ١٥٪ "

هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانەکان و ئەنـدامانی هەیئـەتی ئیجرایـی کۆمیتـەی وڵات لە دەرەوە ٢٠٪

ناوەند/ مەڵبەند ٢٠٪ " " فەرماندەی هێز/ تیپ بۆ هەر ساڵ ٢٥٪

| | |
|---|---|
| ئەندامانی کۆمیتەکانی سەربە دەفتەری سیاسی | ٪٢٥ |
| " " کومیسیۆنەکانی " " | ٪٢٥ |
| " " کۆمیتەکانی ئوروپا " | ٪ ٢٥ |
| بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستان بۆ هەر ساڵێك | ٪ ٥٠ |
| جێگری کۆمیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی " | ٪٥٠ |
| راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی | ٪٥٠ |
| جێگری کومیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی | ٪٥٠ |
| بەرپرسایەتیی کۆمیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی | ٪٧٥ |
| " کومیسیۆنەکانی " " | ٪٧٥ |
| جێگری کۆمیتەی ناوەندی " " | ٪٨٠ |
| کۆمیتەی ناوەندی " " " | ٪٩٠ |
| " دەفتەری سیاسی" " " | ٪١٠٠ |

**تێبینی:**

بۆ ئەو کەسانەی ئەندامی رێبەرایەتی نین لە هەمان کات دا بە بەرپرسایەتییەك وەك ئەندام / جێگر/ بەرپرسی کۆمیتە، ناوەند / مەڵبەند/ کومیسیۆنەکان .....بوون دەتوانن ئەگەر ئیمتیازی ئەندامەتی لە رێبەرایەتی دا زۆر تربوو ئەوە وەربگرن دەنا بەرپرسایەتیەکانیان.

پلەی کادرایەتی:

بۆ ئەو کادرانەی کە هیچ کام لە و مەسئولیەتانەی پێشەوەیان نەبووە

بۆ پلەی ٤ بۆ هەر پایەیەك ٪١٥ئیمتیاز

" "٣ " ٪٢٠ "

" " ٢ " " ٪٢٥ "

**دەورانی زیندانی ریژیم (سیاسی)**

وەك زیندانی سیاسی بۆ هەر ساڵێ ٢٥ ٪ئیمتیاز

**پسپۆڕی**

ئـەو کەسـانەی لـە کـارێکی تایبـەت لـە کارەکـانی حیـزب دا بـۆ ماوەیـەکی زۆر دەمێننـەوەو تێیـدا شـارەزایی وەدەسـت دێـنن بـە پێـی بایـەخی کارەکـەیان و رادەی شارەزاییەکەیان هەتا ٢٪ ئیمتیاز

**بەرهەم:**

بۆ کاری نوسین و وەرگێران لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا هەتا ٢٪ ئیمتیاز

**ئاکامی راپرسی:**

بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی "مقبولییت" ئەندامانی رێبەرایەتی و ئەوانەی هەلومەرجی رێبەرایەتیان هەیە، لە نێو بەدەنەی حیزب دا، راپرسییەك لـە بەشێك لـە ئەنـدامانی حیزب دەکریٚ(رادەی بەشداران و پلەی تەشـکیلاتی یـان لـە لایـەن دەفتـەری سیاسـی یـەوە دیـاری دەکـریٚ ). ئـە گـەر رادەی تەئیـد بـۆ رێبەرایـەتی تـا ٣٠٪ بـوو ئیمتیـاز وەرناگریٚ لـە ٣١٪ تـا ٤٠٪ــ ١٠٪ی ئیمتیـاز لـە ٤١٪ تـا ٥٠٪ــ لـە ٥١٪ تـا ٦٠٪ــ ٤٠٪ی ئیمتیاز لە ٦٠٪ تا ٧٠٪ــ ٦٠٪ی ئیمتیاز لە ٧١٪ تا ٨٠٪ ١ئیمتیـاز لـە ٨١٪ تا ٩٠٪ــ ١/٥ ئیمتیاز لە ٩١٪ تا ١٠٠٪ ــ ٢/٥٪

پرسیار نامەی راپرسی لەسـەر ، ئەنـدامانی رێبەرایـەتی / پێشـنیار بـۆ رێبەرایـەتی رێکەوت / /

## شوێنی جەدوەل

لە لایەن هەیئەتی بەرێوەبەری راپرسی ئیمزا / /

**ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ رێبەری پێویستن:**

ئاگاهی سیاسی و بە تایبەت لە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکرات

تا ٣ ئیمتیاز

توانایی نووسینی سیاسی ٣

توانایی بەیانی سیاسی و"جذب و اقناع ٣

راپەڕ و سورعەتی عەمەل لە کارەکان دا ٣

تەشخیسی سیاسی، تێگەیشتن و لێك دانەوەی رووداوەکان ٣

سەراحەتی لەهجە ٣

مودیرییەت : ١ تا ٣ ئیمتیاز

قەبووڵی مەسئولیەت: ئامادەنیە ١تا ٢ ئیمتیازی مەنفی، کەمتر ئامادەیە ٥٠٪ ئیمتیاز، ئامادەیە ١ئیمتیاز

مەشوەرەت: بۆ ئەو کەسانە مەشوەرەت ناکەن و تەك رەون ١ ئیمتیاز مەنفی، کەمتر مەشوەرەت دەکەن ٥٪، مەشوەرەت دەکەن ١ ئیمتیاز

بە رخورد لەگەڵ خەڵك : ناحەزە ١ ئیمتیازی مەنفی، نێونجی ٥٪ ئیمتیاز و باش ١ ئیمتیاز

هەست بە بەرپرسایەتی : ناکا ١ تا ٢ ئیمتیازی مەنفی ، نێونجی " " " ٢ ئیمتیاز

نهینی پارێزی : نای پارێزێ ١ تا ٢ ئیمتیازی مەنفی، ——— .دەێپارێزێ ١ """

بریارەکـانی حیـزب : بـەرێوە نابـا ٢ ئیمتیـازی مـەنفی" نێـونجی ٥٪ بەرێوەدەبا ٢ "

**ورە لە کاتی تەنگانەدا:**

خۆی دەدۆرێنی ٥٪مەنفی دەتوانیٚ بریار بدا ٥ ٪، باش ١ "

**تەشویقات بەنووسراوە:**

(پێش ساڵی ٨١) بۆ تەشویق لە لایەن دەفتەری سیاسی ١ ئیمتیاز

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی ٢ ئیمتیاز

**سەرکۆنە بەنووسراوە:**

سەرکۆنەی کۆمیتەی ناوەندی ٢ئیمتیازی مەنفی،

دەفتەری سیاسی ١ ئیمتیازی مەنفی

وەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی بە هـۆی زەعفـی مودیریـەت یـا ......بـە پێـی بریـاری کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ١ ئیمتیازی مەنفی (دابەش کردنی کار ئەو خاڵە ناگرێتەوە)

زیندانی لە نێوحیزب دا ٢ ئیمتیازی مەنفی بە پێی تاوان.

**<u>تیٚبینی</u>:**

١ـ ئەندامانی رێبەرایەتی کە تەمەنیان بگاتە ٧٠ ساڵ بە پێی ئایین نامەی تایبـەتی بازنشەسـتە دەکـرێن مەگـەر ئـەو کاتـە کـە لـە نێـوان دوو کـۆنگرە و لـە کاتێـك دا بەرپرسایەتی ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەرشان بیٚ بگەنە تەمەنی ٧٠ ساڵی کـە لەو ساڵە دا تا کۆنگرەی دوایی بازنشەست ناکرێن.

٢ـ بۆ دیـاری کردنـی ئیمتیـازاتی کاندیـداکان هەیئـەتێکی ٦ کەسـی لـە ئەنـدامانی دەفتەری سیاسی (٢ کـەس) کۆمیتـەی ناوەنـدی (٢کـەس) لـە دەرەوەی رێبەرایـەتی (٢کـەس) بـە پەسـەندی کۆمیتـەی ناوەنـدی پێـك دیٚ کـە لانیکـەم لـە ٣ مـانگ پـێش

کۆنگرەوە هەموو ئیمتیازەکان بە پێی ئایین نامەیەکی تایبەتی دیاری دەکەن وتەحویلی سکرتێری گشتی حیزبی دەدەن.

## پێك هێنانی ستاد

کێشەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق رۆژ لە گەڵ رۆژ لە مەر چەکی ئەتۆمی ئاڵۆز و گرژتر دەبۆوە، بۆیە حیزبی دێموکرات پێویستی بە ستادێك هەبوو بۆ رۆژێکی کە ناوچە ئالۆز بێ و ئاگای لە دەورووبەری خۆی بێ و ئامادەکاری بۆ هەر رووداوێکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕواننەکراو بکا. هەر بۆیە لە رۆژی ٨ی گەلاوێژ لە گەڵ کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی کۆبوونەوە گیرا و ستادێك لەم کەسانەی خوارەوە پێك هات: چەکۆ رەحیمی، عومەر باڵەکی، کەریم سەقزی، برایم چووکەڵی، هەمزەسارتکەیی، فەتاح ئیلخانیزادە، خالید وەنەوشە، سەید عەزیز نیکجویان. هەروەها لە یەکەم کۆبوونەوەدا کارەکانمان دابەش کرد. هەر لە درێژەی ئەم کۆبوونەوانەدا رۆژی ٢ی خەرمانان جارێکی دیکە کۆبوونەوەی دابەش کردنی ناوچەکانمان کرد کە هەر کەسێك لە کاتی روودانی هەر دۆخێکی نائاسایی جێگای خۆی بگرێ. تا لێدانی عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە ئێمە ٥ تا ٦ کۆبوونەوەمان گرت و خۆمان بەتەواوی رێکخست و هەموو پێداویستییەکانی خۆمان دابین کرد و تەنانەت بە هەموو بنەماڵەکان بە پێی سەری خێزان کەرەستەی ئەمنیەتیمان دابین کرد بوو تاکوو ئەگەر لەو ئالۆزیانەدا شتێك بۆ ئێمە روویدا بەربەرەکانی لە گەڵ بکەین و هەموو جۆرە رێوشوێنێکی ئەمنییەتیمان رەچاو کردبوو و هەر لەو پێوەندییەدا هەموو جۆرە مەرەخەسی و مەئمورییەتێکمان هەڵوەشاندەوە و خۆمان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر رووداو و گۆڕانکارییەك ئامادە کردبوو و وێڕای راپەڕاندنی کاری رۆژانە لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بووین. بە کورتی لە و ماوەیەدا هەموو کارێك بە رێکوپێکی و بە نەزم و ئاگاهانەوە بەرێوە دەچوو.

# شەهید بوونی رۆڵەیەکی تێکۆشەر

رۆژی ٢٥ی رەزبەر، ساڵی ١٣٨١عەبدوڵلا بەهرامی کادری چاپەمەنی هاتە لام بۆ ئەوەی سەبارەت بە چوونەوەی بۆ ناوچەی بۆکان بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری تەشکیلاتی پێکەوە راوێژ بکەین. لەگەڵ مەنسوور مەعروفی بۆ کاری تەشکیلاتی دەگەڕانەوە بۆکان، پێکەوە دانیشتین زۆرمان تەگبیر و راوێژ لێکرد و زۆر لایەنی ئەو سەفەرەمان لێك دایەوەو کۆمەڵە رێوشوێنێکی ئەمنیەتیشم لە گەڵ باس کرد. پاش ماوەیەك کاك عەولا لە گەڵ مەنسوور مەعرووفی بەرەو ناوچەی بۆکان رێکەوتن و نزیك ٢٠رۆژ لە ناوچە مابوونەوە و کاری تەشکیلاتیان ئەنجامدا بوو. رێژیم لەرێگای سیخۆرەکانی توانیبووی پێوشوێنی عەولا بەهرامی و مەنسوور مەعرووفی هەڵگرێ، ئێوارەی ٢٥ی خەزەڵوەر کە دوایین رۆژەکانی گەڕانەوەیان دەبێ، لە شەقامی ٥٥ی ناو شاری بۆکان لەلایەن خۆفرۆشانەوە دەکەونە بەر دەسڕێژ و بە داخەوە مەنسوور مەعرووفی دەکەوێتە بەر گوللەی خۆفرۆشان و دواتر شەهید دەبێ و عەولا بەهرامی پاش تەقەلێکردنێکی زۆر توانی دەرباز بێ. شەهید مەنسوور پێشمەرگەیەکی بەنەزمو دیسیپلین بوو. لەپێناوی ئامانجی پیرۆزیدا فیداکاری دەنواند. ئەو لەبەرابەر هیچ کەندو کۆسپێکی رێگای خەبات بە چۆك دا نەدەهات. مەنسوور کوڕێکی دڵسۆزی حیزبی بوو بە مەعنای واقیعی خۆی, هەمیشە دەم بە پێکەنینو بە کردەوە نموونەی ئەخلاق بوو, هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویست. هیچ کات بە تووڕەیی نەبینرا. هەر ئەو تایبەتمەندییانەش ببونە هۆی ئەوە کە لە دڵی هاوالآنیدا جێگای خۆی بکاتەوە.رووداوی شەهیدبوونی مەنسوور مەعرووفی لە نێو بۆکان دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو و خەڵك بۆ لە دەستدانی ناوبراو زۆر بە پەرۆش و خەمبار بوون و کەشی خەم و ماتەم باڵی بەسەر بۆکان و دەورووبەریدا کێشا. دیارە رێژیم ئیزنی نەدا تەرمی مەنسوور لە بۆکان بە خاکی بسپێرێن، هەر بۆیە لە یەکێك لە گوندەکانی شنۆ بە خاك سپێردرا. گەرچی مەنسوور چەند رۆژێك دوای رووداوەکە شەهید بوو، رێژیم

زۆری هەوڵ دا کە بتوانێ شتی پێ بدرکێنێ، بەڵام بە جۆرێك برینـدار بـوو بڕسـتی لـێ بڕابـوو و ڕێـژیم نـەیتوانیبوو هـیچ زانیارییـەکی لـێ وەرگـرێ. دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکـە عەولا بەهرامی گەڕایەوە.

بەرەبەرە کێشەی نێوان عێـراق و ئـەمریکا هـەر بـەرەو ئـاڵۆزی و گـرژی دەڕۆیـی و حیزبی دێموکرات لە سەرەتای مانگی ڕێبەنـداندا پلینـۆمی گـرت، ڕۆژی ٨ی ڕێبەنـدان کـاك مسـتەفا هیجـری لـە سـەر پلینـۆم و هەلومـەرجی ناوچـە و عێـراق و ئێـران و کەمکردنەوەی یارمەتی و هاتنە خواری دوڵار لـە بـازاڕ دا قسـەی کـرد. دیـار خـەڵکیش پرسـیاری زۆری کـرد و لایەنـەکانی ئـەو باسـانەیان لێکدایـەوە نـاوبراویش وڵامـی پرسـیارەکانی دایـەوە. ڕۆژی دوای ئـەو کۆبوونەوەیـە، کـاك مسـتەفا هیجـری لەگـەڵ تیمێکی سیاسی نیزامی هات بۆ ناوەندی ٢ و کۆبوونـەوەی بـۆ کـادر و پێشـمەرگەکانی ئەو ناوەندە گرت، لەو کۆبوونەوەیەدا جیا لـە باسـەکانی کۆبوونەوەکـەی قـەڵا، باسـی هەڵبـژاردنی تـەرحی کۆمیتـەی ناوەندیشـی کـرد. دوای ئـەو کۆبوونەوەیـە کەرەسـتەی ئەمنییەتی سەرەتایی بۆ پێشگیری لە ماددەی شیمیایی بەنێو خەڵك دا بڵاو کرایـەوە و دوایین کۆبوونەوەی ستاد بۆ دەست بەکار بوون ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەممە گیرا.

## هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق

لە کاتێك دا خۆمان بـۆ ڕۆژی لێـدانی گـورزی سـەربازی لـە عێـراق ئامـادە دەکـرد. بازاری ئەگـەری شـەڕی ئـەمریکا و عێـراق زۆر گـەرم بـوو و ئێمـەش قایمکـاری خۆمـان کردبوو. سـەرئەنجام کاتـژمێری ٦ی بـەیانی ڕۆژی ٢٩ی ڕەشـەمەی ١٣٨١ ئـەمریکا لـە ڕێگەی هەوا و دەریا و زەوییەوە هێرشی نیزامی کردە سەر عێراق و بە ڕەسمی شـەڕی دژی عێراق دەست پێکرد. دیـارە خـەڵك نیگـەرانی لـەوە هـەبوو کـە عێـراق بـە بـۆمبی شیمیایی لە خەڵکی کوردستان بـدا. ئێمـەش بـە پێـی بەرنامەیـەك کـە هـەمانبوو ڕۆژی یەکەمی شەڕ بڕیار درابوو لە دەرەوەی بنکەکانمان مانۆڕ لێدەین، بۆ ئەم مەبەستە بـە پێی دابەشینی کار تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە دەوری بنکەکان بووین و ڕۆژی دووەمی

شەڕ واتە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٣٨٢ لە سالۆنی قەلا کۆبوونەوە گیرا و مامۆستا حەسەنزادە سکرتێری حیزب لە سەر بارودۆخی عێران، شەڕی عێراق و ئامادەباشی خۆمان قسەی کرد. تا سێ ڕۆژ کاری حیزبی تەعتیل کراو هەموو زوومەکان خرایە سەر شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق. هەر لە ساڵی نوێ دا ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٢ ستاد کۆبوونەوەی گرت کە تێیدا باسی پێکهێنانی ستادێکی خەبەری، کەموکوڕی‌یەکان، شەبەکەی بێسیم، دابەش کردنی چەك و تەقەمەنی بەسەر بەرەکاندا و زۆر شتی دیکە کرا و هەر کەس دەست بە کاری خۆی کرد و بەگشتی لە ماوەی ٢٥ ڕۆژ شەڕی ئەمریکا لە گەڵ عێراق، کارەکان بە دروستی بەڕێوەچوون. پاش ٢٥ ڕۆژ شەڕ، گرتنی شوێنی لە دایك بوونی سەددام حوسێن واتە تکریت دوایین شاربوو کە ئەمریکا داگیری کرد و بەمجۆرە ڕێژیمی سەدام پاش نزیك بە ٣٠ساڵ ڕووخا و حکومەتی فیدراڵی عێراق بە هاوکاری ئەمریکا هاتە سەرکار و وردە وردە کار بۆ جێگیرکردنی حکوومەتی نوێ کرا. بە نەمانی سەدام حوسێن ئالوگۆڕێکی قووڵ لە ناوچە و لە باشووری کوردستان پێك هات. ئێرانیش دەستی زیاتر کراوە بوو بۆ دەستێوەردان لە عێراق و چەندین بنکە و بارەگای بۆ هاوکاری شێعەکان لە باشووری عێراق دامەزراند و خەڵکی عێراق بە تایبەتی شیعەکانی دژی ئەمریکا هان دا و بە هەموو جۆرێك هاوکاری تیرۆریستانی کرد و تا نووسینی ئەم دێڕانەش ئەو جۆرە بشێوی‌نانەوە و دووبەرەکی سازکردنانە لە لایەن ئێرانەوە هەروا بەردەوامە و وەك کارتێکی گوشار و ئیمتیاز وەرگرتن لە ئەمریکا و خۆراوا بەکار دێنێ. پێویستە ئەوە بگوترێ کە کوردەکان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سەدامدا هاوکاری باشی ئەمریکایان کرد و لە ڕزگار کردنی تەواوەتی عێراقدا ڕۆڵێ کارایان هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو فیداکارییانە تا ئێستاش لە گەڵ حکومەتی نوێی عێراق بە تەوای پێك نەهاتوون و بە هەموو مافەکانیان نەگەیشتون.

## بڕیاری چوونەوە بۆ ناوچە

لەگەڵ رووخانی حکومەتی بەعسی عێراق، دینـاری عێراقـی لـە بەرامبـەر دولاری ئەمریکادا بەرز بۆوە و نرخی دۆلار بەشێوەیەکی چاوەروان نەکراو لـە بەرامبـەر پـوولی عێراقدا هاتەخوارێ و بۆ ماوەیەکی ٢٠ رۆژی لە هەڵکشـان و داکشـان دابـوو. هـەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد حیزبی دێموکرات لە پلینۆمی پێشودا (مانگی رێبەندانی ١٣٨١) باسی کەمکردنەوەی یارمەتی و هاتنەخواری نرخی دولاری کردبوو. بۆیە بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی یارمـەتی لـە زۆر ناوچـە وەك سـنە، سـەقز، بۆکـان، مـەهاباد، تیمـی بـۆ چوونەوە ئامادە کرد کە تەنیا کاری ماڵی بکەن. دوای بڕیاری دەفتەری سیاسـی ئێمـە لە ناوەندی دوو، رۆژی یەکی پووشپەر لە سەر چوونەوە بۆ ناوچە کۆبوونەوەمان گـرت و لە سەر چەند خاڵێك وەك یارمەتی وەرگرتن لە دەوڵەمەندەکان بە پێی بڕیارێك کە لە لایەن حیزبەوە درابوو، قسەمان کرد. سێ کەس لە ناوچەی بۆکان بڕیارمان دا کە دوای ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٢ بچینەوە. پێویسـت بـە ئاماژەکردنـە پـێش ئێمـە تیمـی سەقز و سنە چووبوونەوەو بەداخەوە لە سنە شـەهیدمان دابـوو و لـە سـەقزیش رامـین شەریفی گیرابوو و دوایە رێژیم ئێعدامی کرد. لە بەر ئەوەی حیزب بـۆ هـەموو تیمـەکان یـەك بەرنامـەی هـەبوو، رێـژیم دەیزانـی کـە تیمـەکانی بۆکـان و مـەهاباد بـۆ ناوچـە دەگەڕێنەوە، ئەو دوو تیمە هەر کام لە سێ کەس پێك هاتبوون کە لە کۆیەڕا بەیەکەوە بڕۆین و لە ناوچەش هەرکەس بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆی بچێ و پێوشوێنی کـاری خۆی بکەوێ. تیمی بۆکان بریتی بوون لـە بـرایم چـووکەڵی عوسمـان مـەمیل و سمایـل شەریفزادەکە ساڵێك بـوو هـاتبووە ریـزی حیـزب، و تیمـی مهابـادیش پێکهـاتبوون لـە حەسەن جەزایرچی، کامیل ئوستاد ئەحمەدی و مەجید سەدەفی. رۆژی ٢٤ی پووشـپەر لە دەشتی کۆیەوە بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین، ئەوە لە کاتێك دا بوو کە چـەند رۆژ بـوو رامـین شـەریفی لـە ناوچـەی سـەقز گـیرا بـوو. یـەك رۆژە لـە سـنوورەوە بـە ماشـێن گەیشتینەوە ناوچەی بۆکان. رۆژی ٢٧ی پووشپەڕ کە لە گەڵ تیمی مهابـاد لێـك جـودا

بووینــەوە، زۆرمــان قســە کــرد، شــتە ئــەمنی و نەهێنییــەکانم لێــکدایــەوەو ڕێوشــوێنی تایبەتیمان داناو هەر کام لە تیمەکان وەدوای کاری خۆی کەوت. لێـرەدا نـاکرێ باسـی شتی ئەمنییەتی و تەشکیلاتی بکرێ، بـەڵام لـە سـەر یـەك چوونەوە کـە دەسـکەوتی نەبوو. بۆ چـوونەوە نێـو خـەڵك خـراپ نـەبوو، وەك ئامـاژەم پێکـرد لـە سـنە و سـەقز زەبرمان وێکەوتبوو و شەهیدمان هەبوو و تیمی مهابـادیش دوو ڕۆژ دوای جودابوونـەوە لە ئێمە، لەلایەن ئیتلاعاتی مهابادەوە بـە هاوکـاری خۆفرۆشـێك کـە خـۆی خزانـدبووە ریزی تەشکیلاتی حیزب زۆر بە سانایی و بە بێدەستکردنەوە گیران و پاش ٦ مانگ بە هۆی هاوکاری سەربازێکی دڵسۆزی کوردەوە لە زیندان دەربازیان بوو. بە گرتنی تیمـی مهاباد ڕێژیم لە ناوچەی بۆکان وەجموجۆڵ کەوتبوو. لەشـار و لـە دێ هێـزی گـەڕۆکی دەنارد تا بە قـەولی خۆیـان زەبـر لـە ئێمـەش بوەشـێنن. سـەرەنجام پـاش ١٠ ڕۆژ لـە ناوچە، لە گوندی پاشبلاغ پێوشوێنی ئێمەیان هەڵگرتبوو، و بە هۆی وشـیاری ئێمـەوە بەرنامەکـەیان پووچـەڵ بـۆوە، گەرچـی ئێمـە لێـك دابـڕاین بـەڵام دوای چـەند ڕۆژ بـە سلامەتی گەڕاینــەوە و لــە ڕۆژی ١١ی گەلاوێـژدا هاتینــەوە بنکــەکانمان. دیـارە مـن لـە ناوچەوە تەلەفونم بۆ مامۆستا حەسەنزادە کرد و پێمراگەیاند کە تیمی مهابـاد گـیراوە چونکوو من هەر لەوێ را هەواڵی گیرانی ئەو سێ کەسەم پێگەیشـتبوو و بـە مامۆسـتام ڕاگەیاند. گەرچی کاتی جودابوونەوە پێم ڕاگەیاندن کە بۆ خۆتان بگەڕێنەوە و کارتـان بـە ئێمـە نـەدابێ، بۆیـە هاتینـەوە باشـووری کوردسـتان و هـیچ پێوەندیـەکمان بـەو ژمارەیەوە نەگرت کە لە نێوان من و حەسەن جەزایرچیدا هەبوو. هەرچۆنێك بێ، ڕێژیم زۆری هەوڵ دا ئێمەش لە داو بخا و زۆر پیلانی گێڕا، بەڵام بە هـۆی وریـایی و وشـیاری خۆمانەوە هەموو پیلانەکانییمان کردە بڵقی سەر ئاو و نەمان هێشت زەفەرمان پێببا. کاتێك هاتینەوە کەشێکی ناخۆش بە سەر کەمپەکانی حیـزب دا زاڵ بـوو و هێشـتا بـەو بنەماڵانەی کە مێردەکانیان گیرابوون ڕانەگەیەنرابوو و بۆ ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژ من و کاك سمایل بازیار و کاك حەسەن قادر زادە بە بنەماڵەکانیان ڕاگەیاند.

چەند رۆژ دوای گەڕانەوە لەگەڵ مامۆستا و کاك مستەفا بە جیا لەسـەر چـۆنیەتیی مەئمورییەتەکە، وەزعی ناوچە و پێشوازی خەڵك و زۆر مەسەلەی دیکەی رۆژ، قسەمان کرد. ئەو ماوەیە کە لە ناوچە بووم دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەی گرتبوو پلەی تەشکیلاتی منیان کرد بوو بە پلە دوو لەو دانیشتنەدا کاك مستەفا ئەو هەواڵەی پێ راگەیاندم. پاشان مامۆستا حەسەن زادە نامەکەی بەم شێوەیە بۆ ناردم.

هاوریێ خۆشەویست برایم چووکەڵی

لەگەڵ سڵاو و ئاواتی سەرکەوتن

بە خۆشحاڵی یەوە پێت رادەگەیەنین کە بە بریاری دەفتەری سیاسی لە کۆبونەوەی رۆژی ١٣٨٢/٥/٦ دا جەنابت لە کادری پلە سێ وە بوویە کادری پلە ٢، هیوادارین ئەم بەرەو ژوورە چوونەی پلەی حیزبی یە هاندەرێکی تازە بێ بۆ کارو تێکۆشانی زیاتر لە پێناوی بەرەو پێشبردنی کاروباری حیزبە خۆشەویستەکەمان دا.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٨٢/٥/١٤

سەرەڕای ئەوەیکە حیزب بە دەست زۆر گیروگرفتەوە دەیناڵاند، بەڵام کاری رۆژانە هەروا دەچووە پێش و کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی و رێکخراوەییش بەڕێوە دەچوون. ماوەیەك بوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دانیشتنیان لە سەر پلاتفۆرمی هاوبەش هەبوو، دیارە تا نووسینی ئەم دێڕانەش هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، چونکوو لە سەر چەند خالێك ناکۆکی هەبوو بۆ وێنە حیزبی دێموکرات پێی وابوو پلاتفۆرم دەبێ هی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بێ و هەمووان دەتوانن بێنە ناوی، بەڵام کۆمەڵە پێی وابوو تەنیا ئەوان و حیزبی دێموکرات دەتوانن ئەندامی سەرەکیی بن و دەبێ وەك یەکیش هەقیان لەو هاوبەندییەدا رەچاو کرابێ. یان حیزب پێی وابوو دەبێ ئەو بەرەیە یەك وتەبێژی هەبێ یان یەك بەرپرسی هەبێ و ئەوان بەمانە رازی نەبوون، دیارە ئەوکات کۆمەلەی عبدوڵلای مهتدی لە حیزبی کۆمونیستی

کاك برایم عەلیزادە جودا ببوونەوە. لە سەر پێك نەهاتنی ئەو دوو لایەنە دەفتەری سیاسی لە رۆژی ۱۷ی رەزبەری ۱۳۸۲ لە قەڵا کۆبوونەوەی بۆ کادر وپێشمەرگەکان گرت و ئەو پرسە گرینگەی تاوتوێ کرد و هەموو لایەنە نگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی باس کرد وخەڵکێکی زۆریش تێبینی و بۆچوونەکانی خۆیانیان هێنایە بەر باس کە زۆربەیان لە گەڵ روانگە و هەڵوێستی دەفتەری سیاسی یەکیان دەگرتەوە.

## پێك هێنانی هەیئەتی کۆنگرەی ۱۳

حیزبی دێموکرات بە پێی نەریتی خۆی، پێش کۆنگرەکانی، هەمیشە هەیئەتێکی دیاری دەکرد بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ بەرێوەچونی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە بکا و رێژەی بەشدار بووان لە کۆنفرانسەکاندا دیاری بکا. بۆئەم مەبەستە رۆژی ۱۲ی خەزەڵوەری ۱۳۸۲ کۆمیتەی ناوەندی کۆبونەوەی گرت و هەیئەتێکی بۆ کاری کۆنگرە دەست نیشان کرد. هەر بۆیە ئەو پلینۆمە جگە لەو پرسە باسێکی گرینگی نەبوو، دوای دیاری کردنی هەیئەتی ئامادەکردنی کۆنگرە، خەڵك کەوتە بیری خۆرێکخستن کە چۆن بتوانن لە کۆنگرەدا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، بە تایبەتی باڵی کەمینە کە لە مێژ بوو خەونی بەوەوە دەدیت کە زۆرینەی کۆنگرە وەدەست بێنێ و دواتر تەواوی دەسەڵاتەکانی ناو حیزب بۆ خۆی قۆرغ و پاوان بکا. هەر بۆیەش تا کاتی کۆنگرە رۆژبەرۆژ کێشەکان ئاڵۆزتر دەبوون و تەنانەت هەمووشتێك لە ناو حیزب دا لە یەکتر نهێنی بوون، بەتایبەتی لە سێ مانگی بەهاری ۱۳۸۳ دا رەوشەکە زۆر ئاڵۆز ببوو کە دواتر باسی دەکەم. دیارە ململانێ و ئاڵۆزییەکان بە تەواوی لە کاری حیزبی دا رەنگی دا بۆوە بۆ وێنە لە ساڵی ۱۳۸۲ دەورەیەکی کادری هەبوو لە هەمووی بەشدار بووان کە نیزیك بە ۳۰ کەس بوون ۸ کەس سەر بە باڵی دەسەڵاتدار بوون و ئەوانی دیکە هەموو سەر بە قۆڵی کەمینە بوون و مەبەستەکەش کادرسازی بوو نەك کادر پەروەردە کردن و بەمجۆرە کارانە دەیانویست لە زۆربەی ئۆرگانەکان ببنە زۆرینە و خۆیان بچنە کۆنگرە. ئەو کات بەشداربووانی دەورەی سیاسی کادر، لە لایەن کۆمیسیۆنی سیاسی

ــ نیزامییــەوە دیــاری دەکــران. لــەو دەورەیــە باســی نموونەیــەك دەكــەم، ڕەحمــان مەحموودی لەم دەورەیەدا ئیمتیازی تــەواوی بــۆ بەشــداری کــردن هــەبوو بــەڵام حەمــە ساڵەی قادری کە کاروباری پێشمەرگەی لە سیاسی ــ نیزامی بەڕێوە دەبرد، تەنانــەت لە سەر ڕاسپاردەی کاك مستەفا هیجری، نەیهێشــت بــە شــداری بکــا و زۆر بــە ئاشــکرا هەقی پێشێل کــرا. چــەند جــار لــە گــەڵ حەمەســاڵە باســمــان کــرد کــە هــەقی نــەخوریێ وئیمتیازی زیادی هەیە کە لەو دەورەدا بەشدار بیێ بەڵام بەشداریان پێنەکرد. ئەوە بەو مانایە نییە کە جەناحی دەسەڵاتدار کاری نابەبــەجێی نــەدەکرد، بــەڵام هێنــدێ کەســی سەر بە باڵی کاك مستەفا بۆ بە دەستەوەگرتنی دەســەڵاتی داهــاتووی حیــزب لــە هــیچ شتێکی نارەوا نەدەپرینگانەوە. ئەویش ئەو کەسانە بــوون کــە لــە حیزبــی یــەکگرتوودا توانای ڕێبەرییان نەبوو و لە باری سیاسـییەوە زۆر لاواز بــوون و بــە کوردییەکــەی لــەو بارودۆخە نانیان دەخوارد. ســەرەنجام هەیئــەتی کــۆنگرە دەســتی بــە کۆبوونــەوەکانی خۆی کردو رادەی بەشــداران و چــونیەتیی هەڵبــژاردنی تــا کۆتــایی خاکــەلێوەی ســاڵی ١٣٨٣ دیاری کرد.

## دەست پێکردنی کۆنفرانسەکانی حیزب

لە ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ ئەنــدامانی ناوەنــدی دوو، لەگــەڵ لێژنــەی بــەڕێوەبردنی کۆنفڕانسەکان کۆبوونەوەمان گرت لە سەر چۆنیەتیی پێك هێنانی کۆنفرانسی ناوەنــدی ٢ و هەروەها دیاری کردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە، بەڵام لە پێشدا لــە هــەموو ئۆرگانەکانــدا کۆنفرانسی پێشمەرگە گیرا کە لەوێدا بــە ڕوونــی دەرکــەوت کــە بــاڵی کــاك مســتەفا بــە زەقی جەناح بەندییان کردبــوو و دوای کۆنفڕانســی پێشــمەرگەکان بــوو کــە تــازە بــاڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەنــدی هەســتی بــەوە کــرد کــە لــە حیــزب دا دەســتەبەندی بــاش کراوە و بە کوردییەکەی تازە دوو قڕانییەکەیان داکەوت، چونکوو لە کــەم کــۆنفرانس‌دا کەسانی سەر بەو باڵە دەنگیان هێنابۆوە و تــازە کــار لــە کــاریش ترازابــوو، وەك چــۆن دەڵــێن چێشــتی خــۆش لــە بــۆنی ڕادیــارە، لــە کۆنفرانســی پێشــمەرگەوە بــە ڕوونــی

دەرکـەوتبوو کـە داهـاتووی حیـزب دەکەوێتـە دەسـت کەمینـەوە. لـە کۆنفرانسـەکانی کۆنگرەی ١٣ دا، شارەکان هەر کام بەجیا کۆنفرانسی خۆیان دەگرت بۆ ئەوەی هەموو شارەکان نوێنەریان لە کۆنگرەدا هەبێ. ڕۆژی ٥ی بانەمەر ناوەندی ٢ کۆنفرانسی خۆی گرت و هەر شارەی نوێنەری خۆیان هەڵبژارد و لە بۆکان برایم چووکەڵی و عوسمان مـەمیل وەك نوێنـەر دیـاری کـران. وەك ئامـاژەم پێکـرد ئـەو کۆنفرانسـانە بـاڵی دەسەڵاتداری لە خەو ڕاپەڕاند و زۆریان دەنگ هەڵبڕی، بەڵام جێی نـەگرت چونکی زۆر ناتـەبا و نارێك بـوون. چـەند ڕۆژ دواتـر واتـە ڕۆژی ١٢ی بانەمـەڕ پلینـۆمی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە سـەر هەڵبژاردنـەکان و نـاکۆکی نـاوخۆیی گـیرا لـەو پلینۆمـەدا جـەناحی دەسـەڵاتدار دەیتـوانی هـەموو کۆنفرانسـەکان هەڵوەشـێنێ بـەڵام وەزعـی نێوخـۆی جەناحەکە ئەونـدە شـەق وشـڕ بـوو و بـۆ خـۆی ببـووە سـێ کـوت، هـەر بۆیـەش لـەو پلینۆمـەدا پـاش بـاس و گەنگەشـەیەکی زۆر بـە بـێ دەنـگ هاتنـە دەرەوە و بـاڵی کەمینەش یەکگرتووتر و یەك دەنگتر دەرکەوتبوون.

## تەرحی سکرتێری باباعەلی مێهر پەروەر

دوای ئەوەی لە کۆنگرەی ١٢دا جێگری سکرتێر لـە پێـڕەوی نێوخـۆدا لابرابـوو، لـە ساڵی ١٣٨٢ کاتێك مامۆستا حەسەنزادە وەك سکرتێر سەردانی دەرەوەی وڵاتـی کـرد کاك باباعەلی لە جێگای خۆی دانا، ئەوە خۆی هەم تاقیکارییـەك بـوو هـەم بوارێك بـۆ کـاك باباعـەلی ڕەخسـا بـوو، هـەر بۆیـەش دوای پلینـۆمی ڕۆژی ١٢ی بانەمـەڕ نـاوبراو تەرحی خۆی هێنا کە ئەگەر ببێتە سکرتێری حیزب ئەوە کار و بەرنامەکانی دەبێ. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵە شتێکی بـە نوسـراوە بڵاوکـردەوە و ڕۆژی ١٤ی بانەمـەڕی ١٣٨٣ کۆبوونەوەی گشتی بۆ گرت و بۆچوونی خۆی لەو بارەوە بە ئاشکرا لە سـاڵۆنی گشـتی بە ئەندامانی حیزب ڕاگەیاند. دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا خەڵکێکی زۆر قسەیان لە سەر جەناح بەندی و گرفتی نێو حیزب کـرد. زۆر کەسـیش قسـەی ناحـەز و نابـەجێی کـرد، تەنانەت کەسێك بە ناوی ڕەزا فەتحولانژاد، بـە زمـانێکی زۆر ناحـەزو نـارەوا کـاك بابـا

عەلی لە گەڵ بەرپرسانی رێژیم بەراورد کرد، کەسیش پێی نەگوت پشتی چاوت برۆیە. کاك بابا عەلی تەنیا ئەوەندەی وڵام داوە "تەمەنی حیزبایەتی من لە تەمەنی تۆ زیاترە لە قسە کردن دا نەزاکەتت هەبێ"، بەڵام تازە کار گەیشتبووە جێگایەك رێزی بەرامبەر و باوەر پێك کردن نەمابوو. بەمجۆرە کاك بابا عەلی بیروبۆچوونی خۆی بەنێو کادرو پێشمەرگەکاندا بڵاو کردەوەو بانگەشەی بۆ تەرحەکەی خۆی کرد. هێنانی ئەو تەرحە، کاك باباعەلی بە تەواوی لە جەناحی کاك مستەفا شۆردەوە و ئەو قۆڵە بە تەواوی پشتیان لە کاك باباعەلی کرد و خەتی سووریان پێ دا هێنا، چونکە بە تاوانێکی گەورەیان دادەنا کە کاك باباعەلی خۆی لە بەرامبەر کاك مستەفادا بۆ سکرتێری کاندیدا کردبوو. دە رۆژ دوای کۆبوونەوەی کاك باباعەلی لە رۆژەکانی ٢٢ تا ٢٤ی بانەمەڕ کۆنفرانسی ئورگانەکانی قەڵا گیرا کە بەشی هەرە زۆریان لایەنی کاك مستەفا سەرکەوتنی تێدا بە دەست هێنا و لایەنی دەسەڵاتدار بە تەواوی لە کزی دابوو. هەتا دەهات بێمتمانەیی و کێشە و ئاڵۆزییەکان زیاتر پەرەی دەستاند. زۆر جار وەك بەدەنە لە گەڵ لایەنی دەسەڵاتدار و لایەنی کەمینە بۆ باشترکردنی ئەو دۆخە تاڵە کۆدەبووینەوە، بەڵام هیچ هیوایەك نەبوو تەنانەت دوای گرتنی کۆنفرانسەکان جەناحی دەسەڵاتدار بە نیشانەی ناڕەزایەتی ئیمزای کۆکردەوە کە ئەو هەڵبژاردنە (هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکان) بە هۆی دەستەبەندی نهێنی و "جەناحبەندی"یەوە کراوە و ئەو کۆنفرانسانە رەواییان نییەو ئەوانە بڕیاری کۆنگرەی دوازدەیان پێشێل کردوە، بەڵام ئەو هەوڵانە هیچی لێ شین نەبوو و تازە هەموو کۆنفرانسەکان گیرابوون و تەنانەت دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە سەر راپۆرت کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە نووسیبووی لە رێکەوتی ٣٠ی جۆزەردان گیرابوو و پەسندیش کرابوو و هەر ئەوە مابوو کۆنگرە بەڕێوەبچێ.

## ئەوەش دەقی تەرح و بەرنامەی کاك بابا عەلی مێهرپەروەر بۆ بوونە سکرتێر

ئەندامانی و لایەنگران !

کادرو پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئێستا کە بەرەو پێکهێنانی کونگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەمان دەچین و یەکێك لە ئەرکەکانی کونگرە دیاری کردنی رێبەرایەتی‌یە، بە پشت بەستن بە ئەزموونی ٢٥ ساڵەی خەبات و تێکۆشانی بێ پسانەوەم وبە کەڵك وەرگرتن لە دەرسە بەنرخەکانی رێبەرانی شەهید دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندی و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و رێنوێنی‌یەکانی ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و هاورێیانم لە دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی، بە پشت بەستن بە پشتیوانی ئەو کادرو پێشمەرگانە وهەروەها باقی ئەندامانی حیزب کەبە پەرۆشی یەکیەتی ویەکڕیزی حیزبەکەیانن، کاندیداتۆری خۆم بۆ پۆستی سکرتێری حیزبەکەمان بە پێچەوانەی رەسم و نەریتی باو لە حیزب دا هەر لە ئێستاوە رادەگەیەنم. لێرەدا لە یەکەم هەنگاوەکانم دا بۆ ئەو مەبەستە بەلێن دەدەم جگە لە جێبەجێ کردنی بڕیاراتی حیزب لە کونگرە و کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لە چوار چێوەی سیاسەتەکانی حیزب، ئەو بەرنامەیە دەخەمە بەر ڕاوبۆچوونی ئەندامانی حیزب. ئەو کارە هەر چەند لە دونیای ئەورۆدا کارێکی ئاسایی وساکارە، بەڵام لە حیزبی ئێمە دا و لە نوعی خۆی دا تازەیی هەیە. هیوادارم ئەو شێوە کارە ببێتە هۆی ململانی و رەقابەتێکی سالم و شارستانیانە لە نێو حیزبەکەمان دا و لە کاری لاوەکی و ناکۆکی خولقێن دوورمان بخاتەوە. گومان لەوە دا نیە کە هەر پرۆژە و بەرنامەیەك لە سالمی فکری دا نەبێ و هاوکاری دڵخوازانەی لەگەڵ نەکرێ. هەر چەند پڕ نێوەڕۆك و بەکەڵکیش بێ، تەنیا لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە. بەو هیوایە کە جێگەی پشتیوانی ئەندامانی بەڕێزی حیزبی بێ.

## بەرنامە پێشنیاری

الف ـ بەشی سیاسی: هەولّ وتێکۆشان بۆ بـەهێزکردنی جێگەوپێگـەی حیـزب وەك ڕێبەری جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لـە کوردسـتانی ئێـران، لـە نێوخـۆ ودەرەوەی وڵات لــە گــەلّ پاراســتنی ســەر بــە خــۆی حیــزب لــە بڕیــار دان دا.
١ـ داڕشتنەوە و پێداچوونەوە بە شێوەکاری نوێنەرایەتی و دیپلۆماسی حیـزب لـە هـەر وڵاتێك دا تەنیا لە یەك کەس دا خولاسـە نەبێتـەوە، بـەڵکوو دەسـتەی نوێنەرایـەتیمان هەبیّ کە دەرەتانی مەشوەرت و گۆڕینەوەی بـیرورِا زیـاتر دەکـا و هـەم ئیدامـەکاری و پەیگیری کارەکان زۆرتـر دەبـیّ و لـە هـەمان کـات کـادری زۆرتـرمـان لـەو بـوارە دا بـۆ پەروەردە دەبیّ. بە مەبەستی ڕێنـوێنی، تەغزیـەی فیکـری، دیـاری کردنـی سیاسـەتی جاری سەبارەت بە هەرکام لە نوێنەرایەتی یەکان و تێکـرای تێکۆشـانی دیپلۆماسـیمان لــە دەرەوە دەبــیّ کومیســیۆنێك بــۆ کــاری پیوەندیــەکانی حیــزب پێــك بــیّ مکانیزمی ئەو گۆڕانکارییانە دەبیّ لەو کومیسیۆنەدا و بە کەڵك وەرگرتن لە ئـەزموون و تەجروبەی هەموو ئەو هاوڕێیانـە کـە لـە بـۆاری نوێنەرایـەتی حیـزب دا کاریـان کـردوە ئامادە بکریّ لە تەنیشت ئـەو مەسـەلەدا هەوڵـدان بـۆ بـەهێزتر کـردن و کـاراتر کردنـی تەشکیلاتی دەرەوە بە هاوکاری فیکری هەموو کومیتەکانی حیزبی لە دەرەوە یەکێکی تــر لــە ئەولەویەتــەکان دەبــیّ، ٣ــ هەوڵــدان بـۆ تەئسـیر دانـانێکی زۆرتــر لــە ســەر جووڵانەوەی ئیسلاحی و ئازادیخوازی لـە سـەران سـەری وڵات هـەولّی زیـاتر بـۆ بردنـە سەری هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ لای چارەسەری کێشـەی نەتەوایەتی بە گشتی و مەسەلەی کورد بەتایبەتی ڕاکێشـریّ، ٤ــ بـە لەبـەر چـاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە فیکریو ڕووناکبیریوسیاسیيە کە لە وڵاتدا دستی پیّ کردەوە و شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵك لە ڕێژیم ڕۆژبە ڕۆژ بەتینتر دەبیّ و ئەو گۆڕانکاریانە کە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە و کاریگەری خۆیان هەر لە ئێستاوە لە ڕاو بۆچوونی خەڵك دا داناوە بە لە بەر چاوگرتنی ئەو بەرەو پێش چونەی مەسەلەی کورد لە ئاستی ناوچە بە گشتی و لـە

کوردستانی عێراق بە تایبەتی و کاریگەری راستەو خۆی هۆکاری دەرەکی لەو مەسەلەدا، دەبێ بە هەڵسەنگاندنی ورد لەو هەلە لەبارە کەڵك وەربگرین و بەرنامەریزی گونجاوی بۆ بکەین. گومان لەوە دا نیە ئەو کاتە حیزب دەتوانێ بەرنامەی خۆی لەو بوارەدا بە درووستی بەڕێوە بەرێ کە یەکدەستی و یەکیەتی‌یەکی تەشکیلاتی پتەوی هەبێ. ٥ ـ هەر وەك هەمیشە هەوڵدان بۆ پتەو کردنی پێوەندی دۆستانەی حیزب لەگەڵ رێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانی ئەرکێکی سەرەکی‌یە و لەو پێناوە دا پێکهێنانی بەرە یا ئێئتلاف لە هێزە کوردستانی وئێرانی‌یەکان یا بە جیاواز پێویستێکی حاشا هەڵنەگرەو دەبێ ئێنرژی لە سەر دابنرێ.

**ب- کاروباری نێوخۆی وتەشکیلاتی:**

١- هەوڵ وتێکۆشانی جیدی لێبڕاوانە لە پێناو یەکیەتی تەشکیلاتی و سیاسی حیزب و خەباتی بێ وچان دیاردەی دەستە بازی، ناوچەگەرایی، تیرۆری شەخسیەتی ئەندامانی حیزب و جێگیر کردنی نیزامێکی دێموکراتیکی شارستانیانە بۆ ململانێ فیکری، سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو خۆی حیزب و پەرەپێدانی کەشو هەوای سالمی هاوکاری و هاوخەباتی لە ریزەکانی حیزبدا.

٢- بایخ دان بەحزووری زۆرتری ژنان لە ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و رخساندنی بواری زیاتر بۆ چالاکی ژنان و دەرتانی پەروەردە بوون بۆ بە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی یا بە واتایەکی دیکە سپاردنی بەر پرسایەتی بە گوێرەی لێهاتوویی بە مەبەستی پەروەردە کردنی زیاتری ژنان.

٣- زۆر جار وتراوە کە لاوەکان سەرمایەی دوارۆژی وڵاتن بە خۆشیەوە لاوی ئەم سەردەمە دەرەتان و ئیمکانی خوێندن و پەروەردە بوونی زیاتر لە دەورانی پێشوو هەیە. هیچ حیزب و رێکخراوێك ناتوانێ لە ئاست جەزب و ڕاکیشانی لاوەکان بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی کەمتەرخەم بێ. بۆ حیزبی ئێمەش ئەو مەسەلە جەنبەی حەیاتی هەیە، بۆیە دەبێ لە لایەك ئەو لاوانەی نێو ریزی بنەماڵەکانی حیزب لە بیر نەکرێن و لە لایەکی دیکە بەرنامەی روون و داڕێژراومان ببێ بۆ راکێشانی لاوانی رووناکبیر و

شۆڕشگێری نێو خۆی وڵات بۆ پشتیوانی لە بەرنامەکانی حیزب. هەر لەو کاتەدا هێز و وزەی لاوان و بیرو ئەندیشەی بەرەی نوێ دەتوانێ خوێنی تازەبێ بۆ پەیکەری حیزب، ئەزموون و تەجروبەی تێکۆشەرانی قەدیمی تری حیزبیش سەرمایەکی گەورە و بە نرخە کە دەبێ هەم بپارێزرێ هەم کەڵکی لێ وەربگیردرێ ئەگەر ئینرژی و وزەی شۆڕشگێری لاوەکان تێکەڵ بە ئەزموون و تەجروبە و فیداکاری باقی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ببێ دەتوانی هێزو گوڕو تینێکی کەم وێنە بە حیزبەکەمان بدا بۆیە لە لایەك بایەخ دان بە رابردووی پڕ لە شانازی کادر و پێشمەرگەکان و ئەو کەسانەی کە ساڵەکانی تەمەنی خۆیان لە رێگای بردنە پێشی ئاوات و ئامانجەکانی حیزب دا تێپەڕاندوە ئەرکێکی سەرکییە. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ جەزب و راکیشانی لاوەکان بۆ نێو ریزەکانی حیزب ورەخساندنی دەرەتان بۆ پەروەردە بوون و گەشە کردنیان پێویستییەکی ئەساسییە.

٤ـ هەوڵدان بۆسەقامگیرکردنی نەزمێکی ئاگاهانەی حیزبی لە رێگای پتەوتر کردنی ئوسول وپرنسیپەکانی نێوخۆیی حیزب وخەبات بە دژی بێ بەندوو باری. ئیسلاحی سیستەمی مودیرییەتی حیزب لە سەر بناغەی مەشوەرەت و بڕیاری بە کۆمەڵ, هاوسەنگ کردنی سەڵاحییەت و بەرپرسایەتی, لێپرسینەوە وپەیگیری وپەرەپێدان بە دیسانترالیزەکردنی کارەکان.

٥– دونیای ئەوڕۆ دونیای راگەیاندن و تەبلیغاتە و نەخشی راگەیاندن حاشای لێ ناکرێ. لەو پێناوەدا هەوڵی بەردەوام بۆ بەهێز کردن وکاراتر کردنی ئەو بەشە لە حیزبی دێموکڕات دا کە بوارەکانی راگەیاندن بە نووسراوە, بە دەنگ و بەدەنگو ڕەنگ دەگرێتە خۆ بە کارێکی هەنووکەیی دەژمێردرێ.

٦ـ لە تەنیشت بەهێز کردنی بەشی راگەیاندن و کەڵك وەرگرتن لەو بەشە لە ئامادە کردنی هەرچی زیاتری بواری لەبار بۆ کاری تەشکیلاتی دەبێ زیاتر لە ئێستا هەوڵ بدرێ کە کەرەستەو ئیمکاناتی فەننی، تیکنیکی و پرسنلی بۆ کاری تەشکیلاتی لە نێو خۆی وڵات ئامادە بکرێ.

٧ــ لــە کۆمــەڵگای ئێســتای کوردســتان دا پتانســیلێکی بــەهێزی روونــاکبیری و تێکۆشـانی سیاسـی، فەرهـەنگی و خوێنـدکاری لـە ئارادایـە. بـە خۆشـیەوە رووی ئـەو رەوتە لە دێموکراسی و مافی نەتەوەیی گەلی کوردە. کەڵك وەرگرتن یـا خـۆ کاریگـەری لە سەر ئەو رەوتە یا بەشدار بوون لەو رەوتەدا پێویستی بـە رێکخسـتن و سـازماندانی رێکخـراوی غـەیرە تەشـکیلاتی هەیـە وەك کـۆڕو کۆمـەڵی روونـاکبیری، فەرهـەنگی، هونەری، وەرزشی، سینفی خوێندکاری هەیە. کار لەو بەشەدا بە پێکهێنانی میکانیزمی تایبــەت بــەو مەســەلە دەبــێ لــە ئەرکــە هەنووکــەییەکان و بەرنامــەی کــار بــێ.
٨ـ هەوڵدان بۆ باشتر کردنی ژیان و گـوزەرانی پرسـنلی تـەواو وەختـی حیـزب تـا ئـەو جێگە کە ئیمکانات رێگە بدات.

٩ـ کۆمیسیۆنی ماڵیٚ حیزب کۆمیسیۆنێکی پڕ حەجم و پڕکارە. چوار ئەرکی قورسی وەك کاری خەدەماتی، تەداروکاتی، ئیـداری وحیسـابداری و بایـەگانی ئەسـنادی مـاڵی وبازڕەسی لە ئەستویە، بۆیە پێویستە کومیسیۆنێك یا کومیتەیەك بۆ کـاری خـەدەمات و تــەداروکات پێـك بێـت کـە بـەدانی ئیختیـاراتی پێویسـت ئـەو دوو بەشـە راپــەڕێنیٚ و کومیسیۆنی ماڵی بـیٚ ئـەوەی راسـتەوخۆ لـە کارەکانیـان دا دەسـتی تێوربـدا، بتـوانیٚ چـــاوەدێری بـــە ســـەر درووســـت بەڕێوەچـــوونی کارەکانیـــان دا هـــەبیٚ. کومیسیۆنی ماڵی بریتی بیٚ لە بەشی ئیداری و حیسابداری گشتی حیزب و بازرەسـی و لێکۆڵینەوە و ئەو ئەرکە سەرەکییانە لە ئەستۆ بگریٚ.

* بوودجە بەندییەکی رێکوپێك و ورد بۆ هەموو بەشەکانی حیـزب و چـاوەدێری بـە سەر بەڕێوە بردنی درووستی بوودجە بەندیدا.

* خەباتی پەیگیر و لێبڕاوانە بە دژی گەندەڵی ماڵی بە هێز کردنی بەشی بازرەسـی و لێکۆڵینەوە.   * بەرنامەرێژی گونجاو بۆ بەدەست هێنانی داهات بۆحیزب.

١٠ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خـاوەنی کۆمـەڵێك مرۆڤـی تێکۆشـەرە لـە نێو ریزەکانی دایە. پەروەردە کردنی هەرچی زیاتری ئـەو کەسـانە لـە کەشـوهەوایەکی سالمی حیزبی دا و بە دوور لە کاریگەری نالەباری دەستەبەندی. ئـەو پەروەردەکردنـە

دەبێ هاو کات لە گەڵ پێ ئەسپاردنی ئەرك و وەزیفەی حیزبی بی. ئەرکەکان بۆ خۆی مرۆڤ دەکێشێتە سەر، سروشتی مرۆڤە کە دەبێ خۆی لە گەڵ هەلومەرجی ژیانی سیاسی، تەشکیلاتی، کۆمەلایەتی و...تەتبیق بدا. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەسڵە کە بەر پرسایەتیەکی ئەوندە سووك و ئاسان بە کەسێك نەسپێردرێ کە هیچ هەستێکی گەشەکردنی تێدا بە وجوود نەهێنێ، نە ئەوەندە قورس بێ کە نەتوانی خۆی لە گەڵێ سازگار بکاو نووچی لە بەردا بدا. ئەو کەسانە کە پتانسیلی لێهاتوویان تێدا بەدی دەکرێ دەبێ دەرەتانی گەشەکردنیان پێ بدرێ و مامەلە لە گەڵ هەست و ئیحساسیان نەکرێ. دەبێ وەك سەرمایەیەکی گەورەو گرانی حیزب چاویان لێ بکرێ نەوەك پێوانەیەك بۆپارسەنگی ئەم لا یا ئەو لا.

١١ـ هەر ئێستاش حیزب مەجموعەیەکی بەر چاوی لە لاوان و مرۆڤی تێگەیشتوو لە ریزی پێشمەرگایەتی دا هەیە. ئامووزش و راهێنانی ئەوانە بە پێی نەریت لە دەرەوەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی کورت بۆتەوە. ئیدامەکاریەك جگە لە هێندێك دەورەی تایبەت بۆ پەروەردەکردن و ئامادە راگرتنی ئەو کەسانە بۆ تەئسیر دانان لە سەر فورسەتە لە بارەکان و قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە ئارادا نیە. کەمتر حیزب و رێکخراوی لە هەلومەرجی ئێستای ئێمە دا ئەو ئەندازە لە لاوانی ئامادە بۆ فیداکاری لە ئێختیار دا بێ کە بە داخەوە ئێستا بە دەست بەلای بێکاری و بێ بەرنامەییەوە دەنالێنن.

دانانی بەرنامە و میکانیزمێ کە بتوانێ هێزی پێشمەرگەی حیزب وەك هێزێکی هەموو کات ئامادە چ لە باری رەوانی و چ لە باری جیسمییەوە رابگرێ پێویستییەکی هەنووکەییە.

فەرهەنگی نەزم و دیسیپلینی ئاگاهانە زەعیفە، لە گەڵ رەخساندنی مەجالو دەرەتان بۆ گوێ راگرتن بۆ بیرورا و نەزەریان دەبێ ئەو نەزم و ئێنزباتە پتەوو نیهادینە بکەین.

١٢ـ لە پرۆسەی خەباتی چارەکە سەدەی ئەم دوایی یەی حیزب بە هەزاران ئێنسانی فیداکاری و لێهاتوو لە ریزەکانی حیزب دا تێکۆشانیان بووە. بەشێك لەوانە بە شانازیەوە لە رێگای ئامانجی گەلەکەیان دا شەهید بوون و سەریان ناوەتەوە. بەشێکی بەرچاوی دیکەش بە دەرەجاتی جۆراوجۆر لە تێکۆشانی تەواو وەختی حیزب دوور کەوتوونەتەوەو پێوەندی تەشکیلاتیان نەماوە. نابێ هەموو ئەو کەسانە بە یەك پێوانە و معیار هەڵسەنگێندرێن. رەخساندنی دەرەتان و کەشوو هەوای سالم بۆ راکێشانی دووبارەی ئەو کەسانە بۆ نێو ریزەکانی حیزب بە تایبەت ئەوانەی کە هەم لێهاتوویان هەیە هەم حیزبەکەیان قەبوولە و ئامادەن ئەگەر ئاوڕێکی دروستیان لێبدرێتەوە جارێکی دیکە لەبواری جۆراوجۆر دا هاوڕێ و هاوسەنگەرمان بن. پێك هێنانی کومیتەیەك بۆ ئەو مەبەستە بە تایبەت لە ئوروپا دا کە بتوانێ لە سەر ئەساسی ئەو پرنسیپانە کە هەم کەرامەتی ئەو کەسانە بپارێزرێ و هەم حیزبەکە بکا بە خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆڤی بە کەڵك دەبێ بە کارێکی جیددی و هەنووکەیی دابنرێ.

١٣ـ پێکهێنانی میکانیزمێکی ئەوتۆ کە بتوانێ بە شێوەیەکی درووست و گونجاو کاروباری تایبەت بە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی یە سیاسییەکان و ئەو کەسانەی کە بە هۆی چوونە سەری تەمەن یا نەخۆشی یا کەم ئەندامی توانای کاری ئیجراییان لە حیزب دا نامێنێ بە ئەستۆ بگرێ, بەو شێوە کە یا لە نێو کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی جودا بکرێتەوە یا لە نێو کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی دا کومیتەی تایبەت کە بەشێك لە ئەندامەکانی لە بە ساڵدا چوان و کەم ئەندامان و لە بنەماڵەی شەهیدان بن ( وەك ئەندامی موشاویر ) تا باشتر بتوانن ئەرك و وەزیفەی خۆیان لەو پەیوەندییەدا جێبەجێ بکەن و ئیرتباتی ئەو بنەماڵانە تەنیا لە وەرگرتنی یارمەتییەکی سەمبولیك دا کورت نەکرێتەوە بەڵکوو پێوەندییەکی قووڵتر و ئوسوڵیتر لەو بارەوە دامەزرێنن. زۆر بە دروستی دەزانم کە کونگرەی ١٣ی حیزبەکەمان چەند پۆستێك وەك ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی یا موشاویری کومیتەی ناوەندی بە شێوەی ئیفتیخاری کە پێشینەشی لە حیزبدا هەیە بۆ کەسانێك تەرخان بکا کە تەمەنێکیان بە سەربەرزی لەو

حیزبەدا تێ پەڕاندوەو ئەگەر تەمەنیان چۆتە سەر و توانایی جسمیان کەم بۆتەوە بەڵام ئەزموون و تەجروبەو لێهاتووی ئەوان وەك سەرچاوەیەكی بە نرخ هەر دەتوانێ لە خزمەتی ئامانجی حیزبەكەدا بێ با بەو كەسانە كاری ئێجرایی نەسپێردرێ بەڵام لە مەزایای مادی و مەعنەوی ئەو پۆستە كەڵك وەرگرن لە كۆبوونەوەكانی كومیتەی ناوەندی دا بەشدار بن با ئەوە نەبێتە باو كە ئەگەر كەسانێك لە حیزبدا بە هەر هۆیەك لە دایرەی كاری مودیرییەتی چوونە دەر بكەونە كونجی تەریكی و لە بیر كراوەیی. رێزی زیاتر لەو كەسانە دەبێتە هۆی پێكهاتنی ئەنگیزەو بەهێز بوون هەستی خزمەتی زیاتر بە حیزب لە لایەن لاوەكانەوە. زۆر باش دەبێ ئەگەر وەك سەمبول ونمونەی فیداكاری چاو لەو جۆرە ئینسانانە بكرێ تا ببێتە هۆی شادابی روحی وجیسمانی ئەوكەسانە بۆ ئەوەی بتوانن رێگای پڕكەندو لەندی خەبات ئاسانتر ببڕن.

١٤ــ لە كۆمەڵگای مەدەنی و دێموكڕاتیك دا دەبێ رێگا بدرێ بە موشارەكەت (بەشداری) و دەربڕینی بیروڕاو نەزەر سەبارەت بەو كۆمەڵگایە. كۆمەڵگای ئێستای ئێمەش حیزبەكەمانە. بۆ ئاگادار بوون لە بیروڕای گشتی بەدەنەی حیزب لە سەر مەسایلی جۆراوجۆر بە شێوەی عیلمی و زانستی و هەڵسەنگاندن تاوتۆ كردنی ئەو نەزەرانە و دۆزینەوەی رێگا چارەی كەمو كۆڕی‌یەكان باشترین شێوە راپرسی ماوە بەماوە لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە. ئەو فەرهەنگە لە حیزبی ئێمە دا جێی نەگرتوە، لە حاڵێك دا لە نێو كۆمەڵگای پێشكەتووی دنیادا تەنانەت رۆژانە بیروڕای خەڵك هەڵدەسەنگێنن و دەیكەن بە پێوانەی سەركەوتن یا سەرنەكەوتن لە بەرنامەكاندا. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەشی تەحقیق و لێكۆڵینەوەی كومیسیۆنی ئاموزش هەم بە هێز بكرێو هەم ئەركی بخرێتە سەرشان و رێ شوێن و ئاین نامەی تایبەتی بۆ دیاری بكرێ، ئەندامەتی لە حیزبی دێموكرات دا بۆ هەموومان هەم شانازی‌یە، هەم شەخسیەتێكی حقووقی‌یە. كاتێك لانی كەم ٦ مانگ دەورەی تاقیكاری بۆ ئەندامەتی حیزب دانراوە و لە پێرەوی نێو خۆی حیزب دا دەست نیشان كراوە باش وایە كە لەو ماوەیە دا بایەخێكی زۆرتر بە ئاموزش

دانی ئەو کەسانە بدرێ و ئەرکی حیزبیان بۆ دیاری بکرێ لە لایەن ئۆرگانەوە کە کاری تێدا دەکەن، ماموستایانە هەڵەکانیان راست بکرێتەوە، بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبیان بۆ شی بکرێتەوە، وئیبهاماتیان وڵام بدرێتەوە، لە شانەی حیزبی دا بەشدار بکرێن و هەلومەرجێکی وایان بۆ بخوڵقینین کە بە بوون بە ئەندام هەست بە شادمانی و گۆڕانێك لە ژیانی تەشکیلاتی خۆیان دا بکەن. چەند روانگە و بۆ چوون لە سەر مەسایلی حیزبی:

١- لە بەرچاو گرتنی هەموو مەسایلەکانی پێوەندی دار بە دروشمی ستراتیژی حیزب، دروشمی فیدرالیزم بە موناسب دەزانم.

٢- هەر وەك سیاسەتی تا ئێستا و نەگۆڕی حیزبە بڕوام بە رێگە چارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردە لە رێگەی دیالۆگو وتوویژەوە.

٣- بۆ گەیشتن بە ئامانجی حیزبە کەمان کە دەتونین بلێین ئامانجی گەلەکەشمانە هەموو شێوەکانی خەبات بە پێی قۆناغ و بە پێی زەروورەت بە دروست دەزانم.

٤- لە گەڵ ئەوە کە بڕوام وایە هیچ حیزبێك بۆی نیە ئاڵای گەلێك یا دەوڵەتێك دیاری بکا، مەگەر ئەو کاتە کە لە مەجلیس یا پارلمانی ئەو وڵاتەدا ئەکسەریەتی هەبێ و بەرنامەکانی خۆی بە پەسەندی نوێنەرانی خەڵك بگەیەنێ، بەو حاڵەش موناسبترین ئاڵا بۆ کورد لە کوردستانی ئێران بە ئاڵای سەر دەمی کۆماری کوردستان دەزانم.

سلاو بۆ یەکگرتوویی هەر چی زیاتری ریزەکانی حیزب

تکایە دەقی ئەم نووسراوەیە بە دۆستان و هاوڕێیانی خۆتان بگەیەنن

براتان عەلی مێهرپەروەر

١٣٨٣/٢/١٤

## کۆنگرەی ١٣

ئێوارێی رۆژی ١٢ی پووشپەڕ کاتژمێر ٦ بەرەو شوێنی کۆنگرە کە لە هۆتێلی"پالاس کۆیە" گیرا، رێکەوتین، کۆنگرە لە ساعەت ٩بەیانی رۆژی ١٣٨٣/٤/١٣

بە سروودی ئەی رەقیب و یەك خولەك بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە شەهیدان دەستی بە کارەکانی کرد. وەك کۆنگرەکانی دیکە چەند کۆمیتەیەك دیاری کرا. پاشان کاك جەلیل گادانی بەڕەسمی کۆنگرەی کردەوە دواتر سکرتێر راپۆرتی خوێندەوە. لە پێش دا ئاماژە بە پێکهاتەی کۆنگرە دەکەم. بەتەمەنترین کەس ٧١ ساڵ بوو و کەم تەمەنترین ٢٤ساڵ و نێونجی بە شدار بووان ٣٦ ساڵ بوو. لە باری خوێندەوارییەوە ٣/٤ دوکتورا، فوق لیسانس ٢/٥، لیسانس ٩٪، فوق دیپلم ٦/١، دیپلۆم ٢٠٪، دوا ناوەندی ٢٣٪، ناوەندی ٣٤٪، نەخوێندەوار ٢٪. لە ٥٦ ساڵ حیزبایەتییەوە تێیدابوو تا ئەندامی دوو ساڵە. بەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە لە چاو کۆنگرەکانی پێشوو زۆر بە کەمی باسی کێشەی ناوخۆییان کرد و کەسێکی ئەوتۆ متەقی لێوەنەهات و وەك ئەوەی لە حیزب دا هیچ نەبووبێ و هەموو شتێ وەك ماستی مەییو وابێ و هیچ گرفتو ناکۆکی‌یەك بەرۆکی حیزبی نەگرتبێ! لە دوای قسەکانی بەشداربووانی کۆنگرە لە سەر راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، مامۆستا بۆ ئەوەی پاراگرافێك کە لە کۆتایی راپۆرت دا هاتبوو لەسەر یەکریزی ریزەکانی حیزب بچەسپێ، پێی داگرت. بەڵام لەگەڵ دژایەتی باڵی کاك مستەفا رووبەروو بۆوەو دەیانگوت کە دەبێ ئەو پاراگرافە لابچێ! مامۆستا بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە کۆنگرە چووە دەرەوەو گوتی: کۆنگرەیەك دەنگ نەدا بۆ پاراستنی یەکڕیزی حیزب تێیدا بەشدار نابم. سەرەنجام پاش دوو جەلەسە کار نەکردن رۆژی دووهەم بڕیارەکە پەسەند بوو لە کۆنگرە دا خوێندرایەوە. پاشان مامۆستا هاتەوە کۆنگرە و لە پشت تریبوون پیرۆزبایی لە بەشدارانی کۆنگرە کرد. دەقی پاراگرافەکە بەم جۆرەیە: "*هاوریانی خۆشەویشت، سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەدا کەباسی کران و لە هەر بوارێکی دیکەی حیزبی و رێکخراوەییمان دا بەستراوەتەوە بە پاراستن و پتەوکردنی ریزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەموو کادرو پێرسونێلی حیزبیمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر رێگامان بەراستی کەم و ناتەواوە، هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵك وەرگرێ و بەشێکیان توشی دوورە پەرێزی بکا، یان*

*لەوەش خراپتر بیخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لە دەستی هێندێ ململانێی بێ-جێ وناڕەوا زۆری چێشتووەو زۆری زیان دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشییە خاشەبڕ بکەین. وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و گەل و نیشتمان پەیمان، بەڵام پەیمانی پیاوان و ژنانی بەرپرس و بەڵێن تازە کەینەوە کە نەک هەموومان (هەرکەس لە بەر خۆیەوە) هەستی دوو بەرەکی لە نێو خۆماندا بکوژین، بەڵکوو لە هەر کەسیشمان دیت یەك پارچە بە گژی دا بچینەوە و ریزەکانی خۆمانی لێ پاك بکەینەوە. دڵنیا بن لەو حاڵە دا هیچ هێزێك نیە بمان شکێنێ و چۆکمان پێ دا بدا".*

کۆنگرە پاش ٥ رۆژ کار، رۆژی ١٧ی پووشپەر کۆتایی هات ئەوەی گرینگ بوو وەك بڕیاری گرینگ، دروشمی ستراتیژی حیزب لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم گۆڕابوو و هەروەها بڕیار درا لە شوێنی کاری حیزبی رۆژانە ئاڵای کوردستان دابنێین. باسێك لە سوسیالیزم کرا کە کاك مستەفا پێی وا بوو لە بەرنامە و پێڕەودا نەمێنێ و بەبێ ئەوەی لێکدانەوەیەکی بۆ بکا گوتی سوسیالیزم سەردەمی نەماوە، دواتر کاك سمایل بازیار لەو بارەوە تێبینی و روونکردنەوەکانی خۆی بە وردی باس کرد و گوتی دەبێ پێناسەی تازەی بۆ بکرێ و سەرەنجام بڕیار درا کە هەر بمێنێ. هەروەها بڕیار درا کەسێك تەمەنی بگاتە ٧٠ساڵ ناتوانی خۆ بۆ ئەندامەتی رێبەری کاندیدا بکا کە تەنیا ئەوکات کاك جەلیل گادانی دەگرتەوە. لە رۆژی کۆتایی کۆنگرە کە هەڵبژاردنی رێبەری داهاتووی تێدا دەکرا، ئەوە روون و ئاشکرابوو کە لایەنی کاك مستەفا هیجری لە ٧٥ تا ١١٠ دەنگی فیکسی هەبوو و ئەو باڵەی کە تا کۆنگرە دەسەڵاتدار بوو و بە شپرزەیی رووی لە کۆنگرە کردبوو لە ٤٠ تا ٦٥ دەنگی مسۆگەری هەبوو و بە باشی دەیانزانی کە لایەنی کاك مستەفا ١٣ کەس بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و پێش هەڵبژاردن ئەو ١٣ کەسە کۆمیتەی ناوەندیان مسۆگەر و دیار بوو. کەشی کۆنگرە بە جۆرێك بوو کێیان پێ خۆش بووایە دەیانکردە کۆمیتەی ناوەندی، کۆنگرە بڕیاری دا ٢١ کەس ئەندامی سەرەکی و ١١ جێگر هەڵبژێرن. بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ٢٧ کەس کاندیدا بوون

کە لە دەورەی یەکەم ١٧ کەس بەم شێوەیە دەرچوون. کە دیارە بە پێی دەنگەکان واتە لە دەنگی یەکەمەوە بە تەرتیب بۆ ئاخر دەیان نوسم.

حەسەن قادرزادە، مستەفامەولودی، حەمەنەزیف قادری، مستەفا هیجری ، حەسەن شەرەفی، رۆستەم جەهانگیری، کاو بەهرامی، سەیید برایمی هاشمی، چەکۆ رەحیمی، تەیموور مستەفاوی، حسێن نازدار ، ئەسعە دئەحمەدی، سەیید رەزا درووگەر، حەمەساڵە قادری، مەلا ئەحمەد رەحیمی، بابا عەلی مێهرپەروەر، کەماڵ کەریمی.

دوای تەواوبوونی دەنگەکان بێدەنگی‌یەکی تەواو باڵی بەسەر کۆنگرەدا کێشا، دیاربوو باڵی زۆرینەی کۆنگرە دەیانویست بە چەند دەورەکردن و دانی دەنگی کەم بە هێندی ئەندامی پێشووی رێبەری و دێرینی حیزب بیانشکێنن، بۆ ئەوەی دواتر بڵێن کە فلانە کەس پاش چەند دەورە و بە خێر و سەدەقە دەنگی هێناوەتەوە ! ! هەرچۆنێك بێ، لە پڕ ئەم کەشە بێدەنگییە بە چەپڵەلێدان و هەراو هوریا شکا. لە هەڵبژاردنی دەوری دووەم، پێش هەڵبژاردن کاك حەسەن رەستگار لە پشت تریبوون گوتی" بە داخم، من پیاوی خێرپێکردن نیم من بۆ حیزبی دێموکرات پێویستم". پاشان کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان رەش کردەوە. هەڵبژاردنی دەوری دووەم دەستی پێ کرد کە لە بەر چاوی هەموو ئەندامانی کۆنگرە روون بوو کێ دەنگ دێنێتەوە، پێش هەڵبژاردن کاك مستەفا هیجری داوای کرد دەنگ بدەن بە کاك حەسەن رەستگار ... .

بەمجۆرە لە دەوری دووەم حەسەن رەستگار، سمایل بازیار، عومەر باڵەکی و لوقمانی مێهفەر دەنگیان هێنایەوە. دوای هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژاردن بۆ جێگرەکان کرا لە ٢١ کەس ١١ کەس دەبوو هەڵبژێردرێن لە دەوری یەکەم، عومەر غولامعەلی، محەمەد کەسرایی، خەدیجە مەعزوور، محەممەد حەسەنپوور و رەحیم مەنگوڕ دەنگیان هێنایەوە. لە دەوری دووەمدا تاهیر کەسیری و سیامەك وەکیلی هەڵبژێردران. سێ دەوری دیکە هەڵبژاردن کرا کەس دەنگی نەهێناوە. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە لە دەوری دووەمەوە هاوبەندیی نێوان باکوور و و باشوورییەکان تێك

چووبوو و هەر کەسە لە بیری کەسی خۆی دابوو. بۆیەش دوای سێ دەوری دیکە کەس نەیتوانی ببێتە جێگری کومیتەی ناوەندی و هەڵبـژاردن کۆتـایی هـات وتـەنیا ٧ کـەس بوونە جێگری کومیتەی ناوەندی.

دوای هەڵبژاردنی رێبەری کۆمیتەی ناوەندی بۆ دیاری کردنی سکرتێر کۆبوونـەوەی گـرت. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـاك مسـتەفا هیجـری بـوو بـە سـکرتێری گشـتی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کـاك بابـا عـەلی تـەرح و بەرنامەی خۆی بۆ سکرتێری بڵاوکردبۆوە و سەرەڕای ئەوەیکە بە باشی دەیزانی نـابێ بە سکرتێر، بەڵام خـۆی بـۆ ئـەو پۆسـتە پـاڵاوت و ٤ دەنگـی هێنـاوە، پـاش ماوەیـەك کۆمیتەی ناوەندی هاتنەوە ساڵۆنی کۆنگرەو لە لایەن مامۆستا عەبدوڵا حەسـەنزادەوە سکرتێری کاك مستەفا راگەیاندرا و ٢ دەستی تەحویلی داو وتـی: "ئـەوە ئـەو حیزبـەم تەحویل دای هیوادارم هەر بە یەکڕیزی بیپارێزی". دواتر کاك مستەفا چەند قسـەیەکی کـردو پاشـان رایگەیانـد کـە کـاك حەسـەن شیوەسـەڵی ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی ئیفتیخارییە و بەشداران چەپڵەیەکیان بۆ لێدا. لەجێدا ئەوە هەڵە بـوو و هـەموو شـتێك دەبوو پێش هەڵبژاردن بکرێ لە کاتێـك دا ئـەوە راگەیەنـدرا کـە کـۆنگرە تـەواو ببـوو و سکرتێر دیاری کرا بوو. گەرچی ئەو کاتیش قادر وریا بـە شـتێکی خراپـی زانـی، بـەڵام کاك حەسەن شیوەسەڵی بە چەپڵەیەك کرا بە رێبەری.



برايم چووكەڵى و خەديجە مەعزور كۆنگرەى ١٣



ئەبوو كەريمى، سمايل بازيار، عەبدوڵڵاحەسنزادەو چووكەڵى كۆنگرەى ١٣



١ـ شەهيد ناسر باريك، ٢ـ مەحموود تركاشە، شەهيدان٣ـ مستەفا مەحموودزادە، ٤ـ على زارعى



پێشمەرگە، پشتی حاجی قەڵا هاوینی ١٣٨٧

## هۆیەکانی دارمانی پایەکانی جناحی دەسەڵاتدار لە کۆنگرەی ١٣

زۆر ناگەڕێمەوە بۆ رابردوو، بەڵام کاتێك لە کۆنگرەی ١٠ ئەو باڵەی لە بەرامبەر قۆڵی کاك مستەفادا قوت ببوونەوە، پایەکانی زۆر قایم بوو چونکوو لە کۆمەڵە کادرێك پێك هات بوون کە هەموویان قوتابی دوکتور قاسملوو بوون و لە مەکتەبی ئەودا گەورە ببوون و لە هەمووی گرینگتر ماموستا حەسەنزادە ١٨ ساڵ لەگەڵ دوکتور قاسملوو ژیا بوو. هەر بۆیەش پاش دەورەیەك سکرتێر، نیشانی دا سەرو گەردنێك لە رێبەرانی ئەوکات بەرزترەو حەولی دا خۆی وەك رێبەرێکی شیاو و کارامە دەربخا و رێنوێنی و پڕەنسیپەکانی د.قاسملوو بە کردەوە جێبەجێ بکا و تا رادەیەکیش لەم بوارەدا سەر کەوتوو بوو، هەر بۆیەش دواتر هەوڵیدا لە ململانێ و باڵباڵێنی ناو حیزبدا خۆی دوور رابگرێ و وەك سکرتێری گشتی هەموو حیزب دەربکەوێ و لە نێوان باڵەکاندا بالانس و هاوسەنگییەك پێك بێنێ. هەر بۆیەش لە دوای کۆنگرەی ١١ رایگەیاند بوو کە "جەناح بەندی" ناکا. تەنانەت لە دابەش کردنی دەسەڵات و ئەرکەکاندا، زۆرترین دەسەڵاتی بە باڵی کاك مستەفا دەبەخشی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە سکرتێری هەمووی حیزبە. بە راستی بە کردەوەش سەلماندی کە لە ماوەی سێ کۆنگرە کە سکرتێر بوو بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی پاراستنی یەکپڕیزی حیزب دابوو و هەمیشە

وەك سكرتێری هەموو حیزب دەجووڵایەوە. بەڵام هۆیەكانی دارمانی ئەو پایە پتەوانە چی بوون؟ دوای كۆنگرەی ١٢ مامۆستا حەسەنزادە دڵنیا بوو لەوەیكە لە كۆنگرەی ١٣دا ناتوانێ ببێتە سكرتێر، چونكە دەورەكەی تەواو دەبوو، بۆیە ئەو بەشە زۆر فكری مامۆستای بەخۆیەوە خەریك كردبوو و بە هیچ شێوەیەكیش نەیدەویست كە ئەو بەندە لە بەرنامە و پێڕەودا لابچێ چوونكە دانانی لە بەرنامە و پێڕەودا یەكێك لە شانازییەكانی ئەو بوو كە كۆنگرە پەسەندی كردبوو. كاك مستەفاش دەیزانی كە پاش ئەو كۆنگرەیە خۆی تەنیا ئاڵترناتیوەو دەبێ بە سكرتێر. مامۆستاش بە ناسینێك كە لە كاك مستەفای هەبوو هەستی بەوەكرد بوو ئەگەر كاك مستەفا جێگای پڕ بكاتەوە جناحبەندی پەرە دەستێنێ چونكی مشاویری باشی نەبوو وەك دواتر دەبینین هەرواشی لێهات. لە نێوان كۆنگرەی ١٢و١٣ لە گەڵ ئەوەی كۆنگرە بڕیاری دابوو كە كەس بۆی نییە دەستەبەندی بكا، بەڵام باڵی كەمینە لە ژێرەوە و بە خشكە چییان لە دەست هاتبوو كردبوویان و لە هەر ئۆرگانێك دا كە دەسەڵاتییان بەدەستەوە بوو هەوڵیان دابوو كە ببنە زۆرینە و بۆ ئەم مەبەستەش زۆرێك لە بنەما و پرەنسیپەكانی جێگیربوو لە حیزبیان، ژێر پێنابوو و هەر ئەمانەش وایكردبوو كە مامۆستا پەنا بۆ وازهێنان لە سكرتێری بێنێ. هاوكات ئاشكرا بوونی نامەیەكی كاك مستەفا هیجری كە بۆ دەرەوەی وڵاتی ناردبوو و تێیدا دەستی لایەنگرانی خۆی ئاوەڵە كردبوو بۆ ئەنجامدانی هەر كردەوەیەكی جەناحی و ئەمەش بە پێی بڕیاری كۆنگرە دەبووایە سزای بە دواوە بووایە، واتە كومیتەی ناوەندی بە پێی ئەو بەڵگەی لە بەر دەستی سكرتێر دابوو دەیتوانی هەموو سزایەك بۆ ئەو كەسانەی جناحبەندی نهێنییان كردووە دیاری بكا و تەنانەت لە پلینۆمیش ئەو مەسەلەیە باس كرابوو. بەڵام هیچ سزایەكیان بۆ دیاری نەكرا و ئەندامانی كومیتەی ناوەندی سەر بە باڵی زۆرینەش (جگە لە یەك دوو كەس) بە خشكە بە لایدا تێپەڕین و بۆ جۆرێك لە جۆرەكان دیزە بە دەرخۆنەیان كرد و ئەگەر ئەو كات ئەوان ئازایەتی ئەوەیان ببووایە كە ئەو كەسانەیان سزا بدایە بێگومان ئەگەری لەتبوونی حیزب زۆر كەمتر دەبۆوە یان خەسارەكە ئەوەندە

نەدەبوو. هەر ئەم بێهەڵوێستییەش وایکرد کە باڵی کەمینە پشووی سوارتر بێ و تا گرتنی کۆنفرانسەکان بەبێ ترس بە هەموو شێوەیەك خەریکی دەستەبەندی بن لە دەرەوەو لە ناوخۆ. هۆکارێکی دیکەی تێکقرمانی باڵی زۆرینەی حیزب، درەنگ هێنانەگۆڕی کاك بابا عەلی بۆ وەئەستۆگرتنی پۆستی سکرتێری بوو. دیارە ئەوە کارێکی پۆزەتیف و بەجێ بوو، بەڵام کاتێك هاتەگۆڕێ کە ٢ مانگ دواتر کۆنگرە گیرا، بەدەنە و ڕێبەری لایەنگرانی مامۆستا بەباشی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتبوو کە ڕەقیبی کاك مستەفا زۆر لاوازە بە چەند هۆ، یەکەم: کاك مستەفا دوای دوکتور سەعید بۆ ماوەیەکی نیزیك ٣ ساڵ سکرتێر بوو و ئەوە بۆ خۆی خاڵێکی بە هێز بوو بۆ کاك مستەفا. دووەم: لە ماوەی تەواوی دەسەڵاتدارەتیی مامۆستادا، کاك مستەفا جێگر و بڕیاردەری دوای ئەو بوو. سێیەم: کاك بابا عەلی و کاك مستەفا لەیەك کۆتلە بوون و کاك مستەفا باشی دەزانی کە کاك بابا عەلی مەلەوانی باش نییە و بە دژواری دەتوانێ لەم گۆمە بداو بپەڕێتەوە، هەرچەند لە بیرمان نەچێ کە کاك باباعەلی لە باری سیاسی و ووردبینی و بە خەمی حیزبەوە بوو وگرفتی سەرەکیی کاك باباعەلی نەبوونی کۆتلە و دەستە و دایرە بوو و لە هەنگاوەکانی دوایی خۆیدا هەرچی لە توانای دابوو کردی بۆ ئەوەی حیزب لەت نەبێ.( هەر بۆیەش کاتێك حیزب لەتبوو لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو وخۆی لە کاری سیاسی کیشاوە دوایە ونامەیەکی سەرئاواڵەی بەم بۆنەوە بڵاو کردەوە بەڵام ئیستعفای ئەندامەتی دەفتەری سیاسی لێ قەبووڵ نەکرا بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەی "حدکا"هاتبووە بەڵام ئەوان بڕیاریان دابوو کە دەتوانێ بێتە کۆنگرەوحەقی دەنگی نیە بۆیە کاك باباعەلی بەشداری کۆنگرەکەی نەکردن.) چوارەم: کاك مستەفا هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی لە پشت بوو. پێنجەم: هۆکارێکی دیکەش دەست پێڕاگەیشتنی کاك مستەفا بە سەر دارایی حیزبدا بوو. لەو سەروبەندەدا مامۆستا حەسەنزادە لەگەڵ کاك مستەفا و کەسێکی دیکە ئاگایان لە دارایی حیزب هەبوو و دەستیان پێڕادەگەیشت و دەیانتوانی لێی خەرج بکەن. پاشان بەجۆرێکی لێکرا کە تەنیا سکرتێر و جێگر دەتوانن حەقیان بە سەرییەوە هەبێ، کە لە

کۆنگرەی ١٣ هەم سکرتێر و هەم جێگر لە یەك قۆڵ بوون، هەروەها لـە بیرمـان نەچـێ کاك مستەفا هەر لە دوای شەهید بوونی دوکتور سەعید ئاگای لە دارایـی حیـزب بـوو و تا کۆنگرەی ١٣ لە هەموو ئاڵوگۆڕێکی ئەو بەشە بەخەبەربوو.

هۆکـارێکی دیکـە کـە لـە هـەموان گـرینگترە و، بـووە هـۆی هـەرەس هێنـانی بـاڵی دەسەڵاتدار ئەوە بوو کە لە مـاوەی کـۆنگرەی ١٢ تـا ١٣، ئـەو باڵـە کـەلێن و بۆشـایی تێکەوت و بوو بە سێ دەستەوە. ئەو باڵە وەك لە کۆنگرەدا بڕیار درا بوو لەو ماوەیەدا پەنای بـۆ بـاڵبەنـدی نـەبرد و بـە بڕیارەکـە وەفـادار مانـەوە، بـەڵام کـە هەسـتیان بـە تێکچـوونی باڵانسـی نێـوان باڵـەکان کردبـوو زۆریـان (زیـاتر ئەنـدامانی ڕێبـەری) بـە پەنامەکی و لە بنەوە و بەپێی قازانجی کەسێنی خۆیان وەك لە درێژەدا باسـی دەکـەم بەملاوبەولادا شکابوونەوە و هەر ئەمەش ببووە هۆکاری سەرەکیی لێـك بڵاوبـوونی ئـەو باڵە. بە کورتی تا گەیشتینە کۆنگرەی ١٣وەك ئاماژەم پێکرد بە سـێ دەسـتە دابـەش بوون. دەستەیەکیان بـە جۆریـك لـە ژێـرەوە لەگـەڵ بـاڵی کـاك مسـتەفا سـازا بـوون و هەروەك لە دەنگەکان ڕا دەردەکەوێ دەنگەکانی یەکەمیان بـۆ خۆیـان مسـوگەر کـرد. ئەوانە پێش کۆنگرە دەنگیان زۆر لێ نەدەهات و بە روونی دەیانزانی کە کـاك مسـتەفا هیجـری سـەرکەوتووی کـۆنگرە دەبـێ و بـە تـەواوی پشـتیان لـە هاوباڵـەکانیان کـرد. دەستەی دووەم: کەسانێك بوون کە لـە گـەڵ کـاك بابـا عـەلی هـەنگاویان دەنـا و کـاك مستەفایان بە نەفەری یەکەم پێ لاواز بوو، بەڵام لـە ڕوانگـەی لایـەنی کـاك مسـتەفاوە هێندێکیان بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدی بـە پێویسـت دەزانـی و بۆیـەش چـەند کەسـیان تـا دەوری دووەم دەنگیان نەدانێ. دەستەی سێیەم کەسانێك بوون کە زۆر بـە تونـدی لـە بەرامبەر باڵی کاك مستەفا بەربەرەکانیان دەکرد، چونکە دەیانزانی هەموو شتێکیان لە دەست داوە و ئەوانە بە تەواوی لە لایەن جەناحی کاك مسـتەفاوە وەلانرابـوون وچـەند کەسـیان لــە دەســتەی ســێهەم زۆر جــاریش بــۆ دەســەڵات ئەوبەروبــەریان دەکــرد. هۆکارێکی دیکە ئەوەبوو کە لە بـاڵی دەسـەڵاتداردا، کـادری باشـی تێـدا بـوو و هـەموو خۆیان بە پووت دەزانی و پێیان وابوو حـەقیان خـوراوە و دەسـەڵات و بەرپرسـیارەتی

زیاتریان دەویست و ئەوش شتێکی روون بوو کە بەرپرسایەتی بۆ هەمووان نەبوو و ئەو مەسەلەیە هەمیشە بۆ ئەو باڵە کێشەساز بوو هەر بۆیەش زۆر جار و زۆر کەس بۆ بەرپرسایەتی هەر دووك باڵەکەی (گەرمێن وکوێستانی) دەکرد.

## کار و تێکۆشان دوای کۆنگرەی ١٣

دوای تەواوبوونی کۆنگرە، کاتێك هەواڵی ئەوە بڵاو بۆوە کە باڵی کەمینە بوونەتە دەسەڵاتدار، شایی و لۆغان لە هەموو لەشی ئەندامانی ئەو قۆڵە دەباری و زۆرینەش بۆ لە دەستدانی پێگەو دەسەڵاتی پێشووی خۆیان تووشی شپرزەیی روحی و جەستەیی ببوون و دەستەوەستان چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دیکەی باڵی سەرکەوتوو بوون. دیارە لە کۆنگرەدا کاك مستەفا رایگەیاند کە بۆ بەیانی رێوڕەسمی کۆنگرە دەگیرێ و هەر بۆ رۆژی دواتر واتە رۆژی ١٨ی پووشپەڕ لە قەڵا رێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرە بەڕێوەچوو. لەو رێوڕەسمەدا کاك مستەفا پاش ٩ ساڵ وەك سکرتێر قسەی کرد. دیارە قسەکانی سەبارەت بە کۆنگرەو ئاکامەکانی بوو بەڵام لەو رێوڕەسمەدا زۆر بە کەمی ئەندام و لایەنگرانی باڵی زۆرینەی پێش کۆنگرە بەشداریان هەبوو و تەنانەت ئەوانەی دەنگیشیان هێنابۆوە بە کەمی لەو رێوڕەسمەدا بەشدار بوون. خەڵك بەرەبەرە تا رێکخستنی سەر لە نوێی ئۆرگانەکان و دابەشینی کار، کاری رۆژانەی خۆیان دەکرد. دە رۆژ دوای کۆنگرە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی گیرا کە تێیدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە: حەسەن شەرەفی جێگر سکرتێر، حەسەن رەستگار، بابا عەلی مێهرپەروەر، مستەفا مەولوودی، حەمەنەزیف قادری. دوای دابەشینی کاری دەفتەری سیاسی کاك بابا عەلی وەك بەرپرسی تەشکیلات نامەیەکی بۆ ناردبووم تاکوو بەشداری بکەم لە سمینارێکدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و بەرنامەرێژی بۆ کاری تەشکیلاتی و نیزامی کە سەرجەم ٤٠ کەس بانگهێشت کرابوون، هەر وەها ئەندامانی دەفتەری سیاسیش لەو سمینارەدا بەشدار بوون.

**ئەوەش دەقی نامەکەی کاك بابا‌عەلی:**

هاوڕێی بەرێز کاك برایم چووکەڵی

وێرای سلاوێکی گەرم

بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و بەرنامەرێژی بۆ کاری تەشکیلاتی و نیزامی و داڕشتنەوەی قەوارەی نوێی ساختاری تەشکیلاتی ئۆرگانی، سمینارێك لە رۆژی ٨٣/٥/٣ کاتژمێری ٩ی بەیانی لە سالۆنی ئاموزش پێك دێ تکایە لە و سمینارەدا بەشداری بکەن. دەستووری جەلەسەی سمینارەکەی بەشێوەی خوارەویە.

ئەلف: تەشکیلاتی نێوخۆ: گرفت و کۆسپەکانی، هەدەف و ئامانج لە کاری تەشکیلاتی نێوخۆ، شێوەی کاری موناسب بۆ هەلومەرجی ئێستا.

ب: تەشکیلاتی ئاشکرا.

١ ــ کوردستانی عێراق: گرفت و کۆسپەکانی، مەبەست لە کاری تەشکیلاتی، شێوەی کار پێشنیار بۆ چالاکتر کردنی ئەو بەشە.

٢ــ لە نێوخۆی حیزب: گرفت و کۆسپەکانی، پێشنیاری نوێ.

٣ــ تەشکیلاتی ئورووپا: گرفتەکانی، مەبەست و مەئموورییەت لە تەشکیلاتی ئورووپا، شێوەی سازماندەهی.

ج: بەشی نیزامی :

وەرگرتنی پێشمەرگە، ئاموزش(کاتی بەردەوام) چۆن و بە چ شێوەیەك،

تێبینی:

لە بەر ئەوەی ماوەی قسە کردن کورت دەبێ باشترە هاورێیان قسەکانیان لە رووی نووسراوە یان بە ئامادەگی یەوە بێ.

براتان عەلی مێهرپەروەر ١٣٨٣ /٤/٣٠

لەو سمینـارەدا هـەموو بەشـداران قسـەیان کـردو زۆر لایـەنی جۆراوجـۆر لـە کـاری تەشکیلاتی و گرفتەکانی باس کـراو هـەر کـەس سـەبارەت بـە کـاری ناوچـەی خـۆی و گرفتەکانی کاری تەشکیلاتی لەو ناوچەیە دوا. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی جارێکی دیکە لە سەر دابەشینی کاری ئۆرگانەکان پێکهات و سەرەنجام ٤٠ شەو پاش کـۆنگرە لـە رۆژی ٢٦ی گەلاوێـژ کۆمیتـەی ناوەنـدی کـار و ئەرکـەکانیان دابـەش کـرد. لـەو دابەشـکارییەدا سـەیید بـرایم هـاشمی لـە جێگـای حەسـەن قـادرزاد وەك بـەر پرسـی ناوەنـدی دوو دیـاری کـرا. بـە مەبەسـتی ئـاڵوگۆڕ لیسـتـەمان ئامـادە کـرد و رۆژی ٨ی خەرمانان ١٣٨٣ کاك حەسەن شـەرەفی بـۆ ناسـاندنی سـەیید بـرایم هـاشمی سـەردانی ناوەندی ٢ی کردو لە کۆبوونەوەیەکدا، ناوبراوی ناساندو حەسەن قادرزادەش مـاڵاوایی لە ناوەند کرد. بەگشتی دابەشینی کار لە زۆربەی ئۆرگانەکان بە شێوەیەك کرابوو کـە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لێی نارازی بـوون و بـاڵی بـراوەی کـۆنگرەی ١٣ هـەموو پۆسـتە کلیدیـەکان بۆخۆیـان دیـاری کردبـوو، ئـەوە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی نارازییـانی کۆنگرەی ١٣ بـوو و هـەر ئـەوەش ئـەوانی زیـاتر یـەکگرتووتر کـرد، چـونکە ئـەوان بـە تەواوی بۆیان دەرکەوت کە ئەوە سەرەتای پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە (کە من نـاوم ناوە پرۆسەی یەکسـانسـازی و لـە پەراوێزخسـتن)و دەیانـەوێ بـەبێ گوێدانـە کەمینـە چییان پێخۆش بوو بەرەبەرە پیادەی بکەن و لە ئەنجامدا بەشێوەی جۆراوجۆر حیـزب بەرەو یەکدەستی بەرن. دواتر لە ئورگانەکانی خـوارەوەش سـازماندەهی و دابەشـینی کار بە شێوەی جەناحی رەنگی دایەوە و لە زۆربەی هەرە زۆری ئۆرگانەکان بڕیاردەری یەکەم هەر بۆ خۆیان بوون.

دوای ئەوەی سەیید برایم هاشمی هاتە ناوەند زۆری پێ چوو تـا ئەنـدامانی ناوەنـد دیاری کران. کە بریتیی بوون لە: برایم چووکەڵی فەرماندەری تیـپ، مسـتەفا گلـۆڵانی، سەعید شێنانی، هەمزە سارتکەیی، مامۆستا قادر، حوسێن محەممەدزادە کـە بـە کـاك سەیید برایمەوە چواریان سەر بە باڵی کاك مستەفا بـوون ئـەویش لـە شـوێنێك کـە لـە

سەدا نەوەدی سەر بە باڵی مامۆستا بوون. ئەو دابەشکارییە رۆژی ٣ی خەزەڵوەر باس کرا، بەڵام بە هۆی گیروگرفت لە نێوانمان دا کاری سەروسامان دان (سازماندهی) نزیك بە ٣٠رۆژی خایاند، تەنانەت کاری "سازماندهی" چووە کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی. سەرەنجام هەموو بڕیار و گفتەکانی خۆیان لەو ناوەندەش سەپاند، تەنانەت ناوەند خۆی لە دانانی جێگر پەلێك هەڵدەقوتاند. پێشمەرگەکانی ناوەند زۆربەی ئەندامانی ناوەندیان قەبووڵ نەبوو، چونکوو نەك هەڵبژێردراو و جیٚمتمانەی ئەوان نەبوون بەڵکو کەسانێك بوون کە توانایی ئەو کارەشیان نەبوو. بۆ داسەپاندنی ئەو کەسانە سەیید برایم نوێنەری کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی دەعوەت کردبوو کە بۆ کادر و پێشمەرگە قسە بکا، دیارە خەڵك دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕی و تەنانەت کێشە لە نێوان دوو کادر ساز بوو و خودا هەڵناگریٚ کاك کاوە گلێی لە کادرێکی جەناحی خۆی کرد کە نازانیٚ قسە بکا. ئێمە زۆر بە وردی و بە بیٚ کارشکێنی و دەغەڵی ئەرکی خۆمان بەڕێوە دەبردو لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی سەیید برایمدا هیچ کات گلێی لێمان نەبوو و هەمیشە لە گەڵی دادەنیشتین و هەڵەکانی لایەنەکەی خۆیمان لە ناوەند لە گەڵ باس دەکرد. دەشیزانی وایە و زۆر جار لێیان تووڕەو ناڕەحەت دەبوو بەڵام ئەوان تازەکار بوون و هەڵەیان زۆر بوو. هەرچۆنێك بیٚ، "سازماندهی" بەجۆرێك کرا کە لە هەمووی کۆمەڵە خەڵکێك نارازی بوون و بە گشتی هەموو پۆستە کلیدییەکانیان لە دەستی خۆیان گرتبوو.

بەیانی رۆژی ٢ی سەرماوەز چووینە قەڵا کاك مستەفا هیجری کۆبوونەوەی بۆ کادرو پیشمەرگە لە سەر ئیمزا کردنی پلاتفۆرمێك لەگەڵ پان ئێرانیستەکان گرت. خەڵکێکی زۆر قسەی کرد و رەخنەیەکی زۆریان لەو کارە گرت، پاشان کاك مستەفا وڵامی دایەوە قسەی خەڵکەکەی قەبووڵ نەکردو لە ئەنجامدا لەدەفتەری سیاسی باسیان کردبوو کە ئەوەی کادرو پێشمەرگە دەیڵیٚ دروستە، بۆیە لە نوسراوەیەك دا کە لە رۆژنامەی" کوردستان" بڵاو بۆوە ئیمزا کردنەکەیان رەت کردەوە. بەرەبەرە لە ناو حیزب دا بە هۆی هەڵسوکەوتێك کە باڵی دەسەڵاتدار دەیکرد، کێشەکان زیاتر لە نێو

بەدەنەدا زەق دەبۆوە و تەنانەت کێشەی ٢پێشمەرگە لە ناوەندی سێ کە لە سەر جەناح بەندی بە شەڕ هاتبوون بوو بە هۆی کێشەو دەمەقرەی ٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی و زۆر بە ناخۆشی تەواو بوو. تا کۆتایی ساڵی ١٣٨٣ لە ماوەی ٩ مانگ دا بە جۆرێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ باڵی مامۆستا دەکرد، کە ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدا ببوونە هاوپەیمان لەگەڵیان، لێیان هەڵگەڕانەوە. هەر لەو ماوەیەدا ئەو کەسانەی کە پێشتر لە گەڵ باڵی دەسەڵاتداری پێش کۆنگرەی ١٣ بوون و دوای کۆنگرە رەگەڵ باڵی براوە کەوتبوون، بە چرِی لە لایەن باڵی مامۆستاوە بایکۆت کرابوون، زۆر جار سەردانم دەکردن یەکیان گوتی" لە وەناخوشتر نییە کە رەفیقی چەند ساڵە هاتوچۆت نەکا." بەڵام کردەوە و ناعەداڵەتییەکانی باڵی دەسەڵاتدار وایکرد کە بەرەبەرە واز لەوان بێنن. لە ناوەندی ٢ وای لێهات کە بەرپرسی ناوەند زۆر کات بە نهێنی لە گەڵ کەسانی سەر بە خۆیان کۆدەبۆوە. بەمجۆرە لە کەشێکی بێمتمانەیی و ئاڵۆز و پڕکێشەدا بەرەو کۆتایی ساڵی ١٣٨٣ هەنگاومان دەنا.

بۆ بەرنامەی سەری ساڵی نوێ، هەم بۆ چوار شەممە سووری و هەمیش بۆ نەورۆزی ١٣٨٤ سمایل سەردەشتی کە تازە رووی کردبووە باشووری کوردستان هاتە جێژنەکە و لە نزیك سکرتاریا رێورەسمەکەی رازاندەوە کە بۆ ماوەی ٢ کاتژمێرێك شایی و هەڵپەرکێ و رەشبەڵەك بوو. بەڵام لەو شایی و هەڵپەرکێیەدا دوو بەرەی دژبەیەك ئەویش لە حیزبێکی سیاسی دا بە تەواوی بەرچاو بوو وئیتر لەوێوە دوورە دیمەنی رێچکەی دوو بەرە یان دوو کۆتلەی پێکەوە نەگونجاو و دژبەیەك بە ڕوونی دەبینرا.

## باڵی شکست خواردوو چۆن یەکی گرتەوە؟

هەر لە دابەشینی کاری رێبەری دا، خەڵك شتی هاتە دەست کە ئەوە پرۆسەیەکی مەترسیدار بەڕێوەیە، ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو چونکی لە هەموو ئورگانەکان قایم کاری دەستی پێکرد جگە لە کومیسیۆنی ماڵی نەبێ (کە دواتر بەر پرسەکەی هاتەوە

سەرخۆ) ئەویش کاتێك پەیوەست بە باڵی مامۆستا حەسەنزادە بۆوە زۆربەی ئۆرگانەکانیان خستبووە بەر دەستی خۆیان. دواتر لە بەشەکانی خوارەوەی ئورگانەکانەوە بە هەمان شێوە دەستیان پێکردبوو و پۆستە گرینگەکانیان بۆ خۆیان مسوگەر کردبوو وکەم کەس لە لایەنی مامۆستا لە ئورگانەکانی حیزبیدا دەسەڵاتی هەبوو و ئەگەریش دەسەڵاتی هەبووایە سەلاحییەتی نەبوو و زیاتر وەك دیکۆڕ و بۆ کەمکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان دایاننابوون. هەر جۆرە لاری و ناڕەزایەتییەك لەگەڵ نەقل وسەرکۆنەو دەرکردن بەرەوڕوو دەبۆوە ئەو شێوە کار و هەڵسوکەوتە تەنانەت لە دەرەوەش بە زەقی بەرچاو بوو. لە تەشکیلاتی ناوخۆش بە خەستی رەنگی دابۆوەو بە نهێنی و بە کەیفی خۆیان ئەندامانی ناوخۆیان تیگەیاندبوو و خەتیان دەدانێ. لە لایەکی دیکەوە لە ئورووپا، هینديك پارە بە ئاگاداری مامۆستا و کاك مستەفا لەلای جەعفەر حامیدی بۆتلفزیون دانرابوو کە هەلایەکی زۆری لێ ساز بوو و زۆریان تەبلیغات پێوەکرد کە گوایە ئەو پارەیە خوراوە کە لە ئەنجامدا شتەکە بە ناراست دەرچوو و بڕە پارەیە بە ئیمزای کاك مستەفا و مامۆستا بۆ تیشك رەوانە کراو هێندێك لەلای کاك جەعفەر مایەوە کە بە ئیمزای دوو کەسیان دێتە دەرەوە، تا نوسینی ئەم دیرانە کاك جەعفەر بەینی لە گەڵ هیچیان خۆش نیە. بۆیە دەبێ لەمبارەوە پاڵی لێ بدەنەوە.

باڵی زۆرینەی کومیتە ناوەندی کۆنگرەی ١٣ لە جیاتی ئەوەیکە لە ئەزموون و تواناییەکانی مامۆستا کە دە ساڵ بوو سکرتێر بوو و چەند دەورە جێگری سکرتێری د.قاسملووی شەهید بوو و دەوری گرینگی هەبوو لە داڕشتنی سیاسەتی حیزب، کەڵك وەرگرێ و بەردەوام پرس و راوێژی پێبکەن، کەچی سەبارەت بە ئەویش سیاسەتی لە پەراوێز خستنیان گرتبوە بەرو هیچ ئەرکێکیان پێ نەسپاردبوو و ئاوڕیان لێ نەدەدایەوە. کارێکی بۆ دیاری نەکرابوو و بە تەواوی لە پەراوێز خرابوو. لە لایەکی دیکەوە لایەنی دەسەڵاتدار فەزایەکی ئەمنییەتی و پڕ زەبروزەنگ و خۆفیان لە ناو حیزبدا سازکردبوو و هەر کەس و لایەنێك بە پێچەوانەی بیروبۆچوون و کردەوەی

ئەوان بجووڵایەتەوە، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرا و مۆرکی جۆراوجۆری رەپاڵ دەدرا و سزای وەك دەرکردن و گرتن و نەقڵ کردنی بۆ ساز دەکرا، بە کورتی ئەمانە و دەیان کردەوەی نەگونجاو و نابەجێی دیکەی ئەو باڵە وایکرد کە کەشی خۆیی و ناخۆیی بەتەواوی باڵی بەسەر حیزب دا کێشا و لە بەرامبەریش دا وردە وردە لایەنە پرش و بڵاوەکانی باڵی شکست خواردوو یەك بگرنەوە و یەکڕیز بەرەو گرتنی هەڵوێستی یەکدەست هەنگاویان نا و لە خەوی چوار ساڵە راپەڕین. هەر وەها کۆمەڵێك هەڵەی سیاسی لە لایەن باڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندییەوە ئەنجامدران وەك پێوەندی لە گەڵ پان ئێرانیستەکان و وڵامی لاوازی کاك مستەفا بە نامەکەی نەزمی ئەفشار و... کۆی ئەمانەش ئەوەندەی دیکە بوو بە هۆی ئەوەیکە باڵی کەمینەی کومیتەی ناوەندی پێ زیندوو بێتەوە و یەکڕیز و یەکگرتووتریش دەربکەوێ. بابەتێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم ئەوەیە کە کاك مستەفا هیجری لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە نەیانهێشت کە وەك سکرتێری تەواوەتی حیزب دەربکەوێ و لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا زیاتر وەك سەرۆك جەناح دەدوا نەك وەك سکرتێر و هەمیشەش لایەنی باڵەکەی خۆی دەگرت، هەر بۆیە لە لایەن دژ بەرەکانییەوە زیاتر وەك سکرتێری لەتێکی حیزب چاوی لێدەکرا. هەروەها ساڵێك پێش لەتبوونی حیزب هەڵاواردن و جیاوازیی دانان لە هەموو کارو ئەرکێك دا بە زەقی دیار بووو بگرە لە شایی وشین، لە هاتوچۆ، لە سەردانی یەکتریشدا بە خەستی رەنگی دابۆوە و کارێکی کردبوو کە ئەوحیزبەی کە کۆماری ئیسلامی زەندەقی لێ چوو بوو نەك بەرەو پێش هەنگاوی نەدەنا بەڵکوو ناکۆکی و دووبەرەکی بە تەواوی شەکەتی کردبوو و برستی لێبڕیبوو. ئەوانەو کۆمەڵێك هۆکاری دیکە بوونە یەکریزی باڵی شکست خواردووی کۆنکرەی ١٣.

## بە هارێکی تاڵ

ئەو نەورۆزە لە گەڵ ئەوەی شایی و هەڵپەرکێ لە گەڵدا بوو بەڵام بۆ ئێمە ناخۆشی لە دوای ناخۆشی بەدوادا دەهات، هاورێیەکمان بە ناوی سەیید حوسێن رەحیمی

ناسراو بە "سەیدە" کە ماوەی شەش مانگ بوو نەخۆش بـوو و بـە داخـەوە ڕۆژی ٣ی خاکەلێوە کاتژمێر ٧ی ئێواریێ گیانی لە دەست دا، ئەو ڕووداوە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش و دڵتـەزێن بـوو. سـەیدە کەسـێکی ورد، بـەتوانا و قسـەخۆش بـوو و مـەرگی لـە ناکـاوی هەست و دەرونی هەژاندین و تازیە باری کردین. هەر سێ ڕۆژ دوای کۆچی سەیدە، مام سەلیم عەبباسی کۆچی دوایی کردو چەند ڕۆژ دواتـر حـاجی محەممـەد ئەسـکەندەریش ماڵاوایی لێکـردین. بـۆ ڕێـز گـرتن لـەم سـێ تێکۆشـەرە ڕۆژی ١٥ی خاکـەلێوەی ١٣٨٤ ڕێورەسمێك لە قەڵا پێك هات کە سەرەتا کاك بابا عـەلی قسـەی کـرد، پاشـان لوقمـان



مێهفـەر لـە سـەر حـاجی محەممـەد پەخشـانێکی خوێنـدەوە و دواتـر بـرایم چـووکەڵی ژیاننامەی سەیدە و مام سەلیمی خوێندەوە.

یادی سەیدحوسێن ڕەحیمی(سەییدە)،

مام سەلیم عباسیو حاجی محەممەد ئەسکەندەری

لەو بەهارەدا، بارودۆخی حیزب زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و شپرێوی چـوو، بـە جۆرێـك کـە کۆمیتەی ناوەنـدی بـوو بـە دوو بـەش واتـە ١٣لـە بەرابـەر ٨کـەس دا، و هـەر بەشـەی بۆخۆی کۆبوونەوەی جیای دەگرت. تەنانەت دۆخەکە وای لیّهات کە دەفتەری سیاسی

بە جیا لە گەڵ باڵەکان دانیشێ، بۆوینە ڕۆژی ٢٧ی بانەمەڕ لەگەڵ باڵی کەمینە و ڕۆژی ٢٨ لە گەڵ باڵی زۆرینە کۆبوونەوەی گرت. بە بڕوای من ئەو کۆبوونەوەیە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، چونکە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر دووك لا، لایەنێکی کێشەکە بوون. کێشەکە تا ئەو ڕادەیە قووڵ بۆوە کە لایەنی کەمینە لەبەر ئەوەی هیچ یەك لە داوا و ڕەخنەکانیان بە هێند نەدەگیرا، نەدەچوونە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی. بۆ چارەسەری ئەو کێشانە کاك مستەفا ڕۆژی ٩ی جۆزەردان سەردانی کاك مەسعود بارزانی کرد و لە سەر داوای ناوبراو ماوەیەك پلینۆم ڕاگیرا تا کاك مەسعود چاوی بە هەر دووك لا بکەوێ. سەر ئەنجام لایەنی کەمینە کۆبوونەوەی خۆی گرت کە داخوا بچنە پلینۆم یان نا. کاك بابا عەلی بڕیاری دابوو بچێتە پلینۆم و ڕۆژی دوایی واتە ١٧ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کاك باباعەلی بە کاك مستەفای گوتبوو " بۆیە دێمە پلینۆم بۆ ئەوەی حیزب لێك بڵاو نەبێ ئەگینا کێشەی حیزب بەو پلینۆمە چارەسەر نابێ." دۆخەکە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تاڵتر و ناخۆشتر دەبوو و تەواو وەك دوو حیزب دەچوو کە تەنیا خاڵی هاوبەشیان بەرنامەوپێڕەو بوو. کاك مستەفا هیجری ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردان لە قەڵا کۆبوونەوەی گشتی گرت کە ئەندامانی ڕێبەری باڵی کەمینە بەشداریان تێدا نەکرد و بەدەنەی ئەو باڵەش زۆر بەکەمی هاتبوون. دوو ڕۆژ دواتر واتە ٣٠ی جۆزەردان پلینۆم گیرا و هەر دوو باڵەکە بەشدارییان تێدا کرد. لەو پلینۆمەدا خالید عەزیزی و شاهۆ حوسێنی وەك کومیتەی ناوەندی بۆ دەرەوە هەڵبژێردران و تەیموور مستەفاییش وەك دەفتەری سیاسی دیاری کرا. دوای پلینۆم کاك مستەفا هیجری لە سەر پلینۆم قسەی کرد و هیچ قسەیەکی لە باڵ بەندی نەکرد وەك ئەوەی حیزب هیچ کێشە و گرفتێکی نێوخۆیی نەبێ.

## تێکدانی کۆبوونەوەی مامۆستا

کاری حیزب هەروا دەچۆ پێش لە نیوەی دووەمی مانگی یەکەمی پاییز واتە لە ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٨٤دا، سەرەنجام باڵی کاك مستەفا هیجری ئیزنیان بە

ماموستا حەسەن زادە دا کە کۆبوونەوەیەك لەسەر رابردووی حیزب و دەورانی سکرتێری خۆی و هەروەها کێشەکانی پاش کۆنگرەی ١٣ پێك بێنێ. مامۆستا سەرەتا باسەکەی کردەوە و دواتر قسەکانی خۆی لەو سێ تەوەرەدا پێشکەش کرد، پاشان کاك مستەفا هیجری چەند قسەیەکی کردو دواتر خەڵکی دیکە زۆریان قسە کرد، کاك تەیموور و کاك حەمەنەزیف وکاك حەسەن شەرەفی بە دوای یەك دا قسەیان کرد و لەبەر کەمی وەخت کۆبوونەوە بۆ سبەینی واتە رۆژی ١٧ی رەزبەر هەڵگیرا. رۆژی دواتر، مامۆستا لە پێش دا وڵامی کاك حەسەن شەڕەفی، کاك تەیموور مستەفایی و کاك حەمەنەزیفی قادری دایەوە. پاشان خەڵکی دیکە قسەیان کرد، پاش ٧ کەس ناوی عیرفان رەهنموون بۆ قسەکردن خوێندرایەوە، ناوبراو بەرپرسی بنکەی سلێمانی بوو و رۆژی یەکەمیش لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو و من نەمزانی لە کوێڕا ناویان نووسیبوو بۆ قسەکردن. ناوبراو دەستی بە قسە کرد و زۆر ناشیرینانە هەڵیکوتایە سەر باڵی بەرامبەر و لە دوا قسەیدا گوتی: "دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ"، بە گوتنی ئەو قسەیە خەڵکێکی زۆر لە جناحی مامۆستا وەدەنگ هاتن، چی وای نەمابوو شەڕی لێ بکەوێتەوە، چونکە ناوبراو بەو قسەیەی بێڕێزی بە سەدان کادر و پێشمەرگە و بۆ وێنە مامۆستا کرد و بەمجۆرە کۆبوونەوەکە شێواو و بێئاکام بڵاوەی پێکرا. هەر چەند دواتر ئیمزا کۆکرایەوە کە عیرفان رەهنموون سزا بدرێ لە بەر ئەوەیکە بێحورمەتی بە خەڵك کردووە، لە وڵامدا گوتیان بانگمان کردووەو سەرکۆنەمان کردووە، بەڵام هیچ روون نەبوو کە گوایە بانگ کرابێ و دواتریش سەرکۆنە کرابێ. دیارە ئەو قسەیە نەك کاری ئەندامێکی رێبەری نەبوو بەڵکو لە پێشمەرگەیەکی سادەی حیزبیش نەدەوەشایەوە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر کەس لە باڵی مامۆستا حەسەنزادە وەها قسەیەکی کردبا، دەر دەکرا. دوو رۆژ دواتر مامۆستا ئامادەیی دەربڕی کۆبوونەوە بگرێ بەڵام داوای لێ کرا و ئیتر کۆبوونەوەی نەگرتەوە.

#ساڵی لەتبوونی حیزب

ساڵی ١٣٨٤ بەرەو کۆتایی دەڕۆیی، رەوشی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات هەروا شپرزەو ئاڵۆز بوو و لایەنی دەسەڵاتدار هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ بنەبڕکردن یان لانیکەم کەمکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان نەکردبوو، دیارە لە گەڵ ئەوەشدا کاری ئیداری رۆژانە هەر دەکرا. بە هاتنی سەری ساڵی نوێ واتە ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی، لە فێرگەی سیاسی ــ نیزامی جێژن گیرا، ئەو رۆژە کاک مستەفا هیجری و مامۆستا حەسەنزادە پێکەوە دارێکیان گرت و ئاورەکەیان کردەوە، پاشان کاک مستەفا هیجری قسەی بۆ بەشداربووان کرد. هەرچەند ساڵی تازە نوێ کرایەوە، بەڵام نەورۆزەکەش بۆنی جەناحی لێ دەهات و خەڵکی هەردووک لا بە ئاورکردنەوەی مامۆستا و کاک مستەفا پێکەنینیان دەهات و دەیانگوت کە ئەوە ئاگرەکەیان ئەوەندەی دیکەش خۆش کرد! هەر بۆیەش ئەو نەورۆزەش بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی حیزب زۆر بە گەرموگوڕییەوە بەڕێوە نەچوو. ئەو دۆخە ناخۆشە و چارەسەرنەکردنی، ئەوەی دەردەخست کە کێشەو ململانێکان لە ساڵی نوێدا زیاتر قووڵ دەبنەوە و حیزب کەلێن و دووبەرەکی زیاتری تێدەکەوێ. هەرواشی لێهات، چونکە قۆڵی دەسەڵاتدار هەروا بەردەوام بوو لە سیاسەتی هەڵاواردن و خستنەپەراوێزی باڵی بەرامبەرەوە و لە زۆربەی شارستانەکان بەرپرسایەتییان بە کەسانێك دەدا پێشینەی کاری بەڕێوەبەریشیان هێندە نەبوو و تەنیا لەبەر ئەوەیکی سەر بە باڵی خۆیان بوون دایاننابوون. باڵی کەمینەش لە بەرئەوەی خۆیان پێ حەقخوراو بوو زۆر گوێرایەڵ نەبوون بە تایبەت لە بڕیاری غەڵەتدا. رۆژی ٢٧ی خاکەلێوە کاک تەیموور هاتە ناوەندی ٢، کۆمەڵە خەڵکێك بۆ کاری تەشکیلاتی و کەموکووڕییەکانی ئەو بەشە کۆکرانەوە کە بەراستی لاوازی بە تەواوەتی تەشکیلاتەوە دیاربوو. بۆ ئەوەی بتوانن کەسانێك لە داهاتوو ئەگەر لە جەناحی مامۆستا حەسەنزادە مابن کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە مابێ، جێگایان پێ پڕکەنەوە. تەنانەت کردنەوەی تەلەفزیونی "تیشک" کە

ئاواتی هەموو کادرو پێشمەرکەیەك بوو و بە هەزاران فیشەك لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردانی ١٣٨٥ بەو بۆنەوە تەقێندرا و خەڵکی لە خۆشیان شایی لە دڵ دا دەگەڕا، ئەویش ڕەنگ و ڕووی جەناحی بەتەواوی پێوە دیار بوو. تەنانەت ئەو دەنگۆیەشیان نایەوە کە گوایە باڵی مامۆستا حەسەنزادە پێیان ناخۆش بووە کە تەلەفزیون بۆتەوە!! بە کورتی باڵی دەسەڵاتدار هەروا سوور بوو لەسەر سیاسەتی یەکسانسازی و خستنەپەراوێز و شکاندن و بێڕێزی بۆ سەر باڵی کەمینە و بە شێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو موو بە موو جێبەجێی دەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ کردەوەیەکی نابەجێ و پێچەوانەی پرەنسیپی حیزبی نەدەپرینگانەوە. باڵی مامۆستا حەسەن-زادەش، لە بەرامبەردا دەستەوەستان نەمانەوە وئامادە نەبوون گوێرایەڵی زۆرینە بن و هاتنە سەر ئەو باوەڕەی بۆ چارەسەری کێشەکان هەیئەتێك دیاری بکەن و کۆمەڵە پێشنیارێك گەڵاڵە بکەن و بیدەن بە باڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی، هەر بۆیە ئەوباڵەش کۆبوونەوەیەکیان گرت و تێیدا ٢٠ خاڵیان گەڵاڵە کرد و لە ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ١٣٨٥ تەحویلی سکرتێری حیزب و جەناحەکەی درا. لەو کاتەوە بەو لاوە باڵی مامۆستا حەسەنزادە وەك ئوپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی ناساند. ئەو باڵە لەو ڕێگایەوە زیاتر لە بەرامبەر ناعەدالەتی باڵی دەسەڵاتدار راوەستا و یەکتری گرت و لەراستیدا بە راگەیاندنی ئەو ٢٠ خاڵە خۆی زیاتر زەق کردەوە و خەڵکێکیش کە لە دەرەوەی حیزب بوو باوەڕی بە کێشەکە هێنا. کاتێك کاك مستەفا نامەکە بۆ باڵی خۆی باس دەکا کاك حەسەن شەرەفی گوتبووی ئەوە"ستارتی لەتبوونە"، خوا هەڵناگرێ تا کاتی لەتبوون هیچ کات حەولی بۆ یەکگرتن نەدا و تەنانەت چرکەژمێری بۆ لەتبوونیش دەکرد.! بەڵام لەسەر ناوی ئوپۆزیسیۆن بە بڕوای من لەو کاتە دا زۆر لە جێی خۆیدا نەبوو چونکی لایەنی کەمینە بۆ خۆی لە دەسەڵاتدا بەشدار بوو ولە بڕیارەکان سەهیم بوو تەنانەت یەك لە سێی ئەندامانی ڕێبەری هەبوو. ئێستا لە بڕیارەکان چەندەی بە قسە دەکرا ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەوکاتە ئوپۆزیسیۆن مەقبوول بوو کە کەمینە

کەسی لە رێبەری نەبوایەو تەنیا رێبەری لە یەك باڵ (جناح)بوایە ئەو وشەیە گونجاو بوو.

## ئەوەش دەقی ٢٠خاڵەکەی ئۆپۆزیسیۆن

١٣٨٥/٥/٧

هاورێیانی بەرێز سکرتێری گشتی و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی

وێرای سڵاو

لە حاڵێك دا زۆر لە چاودێرە سیاسی یەکان پێیان وایە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە وڵاتەکەمان دا بەڕێوەیە، لە کاتێك دا کوردستان لە حاڵەتێکی باشی وشیاری و سیاسی و نەتەوەیی دایەو لە کاتێك دا زۆربەی دڵسۆزانی کورد چاویان لە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڕیوە، حیزبەکەمان دوچاری وەزعێك بووە کە تەنیا دوژمنانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن. ئەندامانی ئەم حیزبە لە سەرێ بۆ خوارێ لە چاوی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی‌یەوە بە مەحرەم و نا مەحرەم وخودی و ناخودی و زۆر شتی لەوە خراپتر دابەش کراوەن. زۆر لە کادرو تێکۆشەرە لە مێژینەکان لە پاڕاوێز خراون و لەوان بەرەژێرتریش بە دەیان و سەدان کەس ئەگەریش بیانوویەکی ڕواڵەتی یان بۆ تاشرابێ، تەنیا بە تاوانی جیابیری تەنگیان پێ هەڵچنراوە، بێرەو بەوێ دا دراون. زیندانی و توبیخ تەعلیق و تەنانەت دەرکراون و بەم جۆرە لە یەك قسە دا حیزبی دێموکرات لە کاتێك دا کە لە هەموو دەورانێك پتر پێویستی بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو تواناکانی هەیە، لە بەشێکی زۆر بەوەجی توانای فکری و جسمیی و کادرو ئەندامان و تەنانەت رێبەرانی بێ بەش کراوە.

کەڵك وەرنەگرتن لە نەزەری گشتی و(خرد جمعی)، خۆ بێ‌نیاز دیتن لە بیرو راوێژی هاورێیان و تەنانەت زۆر جار ئەندامانی پلەی هەرە سەرووی رێبەرایەتییش وای کردووە کە حیزبەکەمان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دا تووشی زۆر هەڵەو لاوازی

سیاسی بێ و متمانەی بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانان بە تایبەتی رووناکبیرانی نێوخۆی وڵات لە دەست بدا.

قۆڵی دەسەڵاتداری کۆمیتـەی ناوەنـدی زۆر جـار هـەم پـێش کـۆنگرەی ١٣ و هـەم دواتر بۆ راکێشانی نەزەری ئەندامانی حیزب پەنای بۆ دروشم و وادەو بەڵێنی ناواقیعی و کورت خایەن بردوە، هەر بۆیە دەبینین لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دا زیـاتر لـە ٣٠٠ کەس ریزەکانی کادرو پێشـمەرگەکان بـەجێ هێشـتوە کـە زۆربەشـیان سـەر بـە قـۆڵی دەسەڵاتبە دەستی کۆمیتەی ناوەندی بـوون و هـۆی رۆیشتنیشـیان زۆرتـر دڵسـاردی و هەسـت کـردن بـە وەعـدە بـە خیلافـی بـووە. لـە هـەموو تـاڵتر ئەوەیـە کـە قـۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کۆمیتەی ناوەندی لە علەمی خۆی دا پێی وایە حیزب لـە عەسـرێکی تەلایی دا دەژی، غەڵـەت لـە کـاری دا نیـەو دوچـاری هـیچ گیروگرفتێـك نەبۆتـەوە. لـە حاڵێك دا زۆربەی زۆری هەوڵ و تێکۆشانی بە کاری جەناحی‌یەوە خەریکەو هەمیشە لـە فکری پاك کردنەوەی جیابیران دایە، بە کردەوە دان بە بوونی ئەم وەزعە دانـانێ و لـە راستی دا شتێك بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن بە رەسمی ناناسێ. هەر بۆیە لە کاتێـك دا پـێش کۆنگرەی ١٣ ئەو کاتەی خۆی لە کەمایەتی دا دەبینی بـە هـەموو توانـاوە موعامەلـەی لەگەڵ جەناحی موقابیـل دەکـرد، هـەر کـە هەسـتی کـرد ئەکسـەرییەتی کـۆنگرەی بـە دەست هێناوە ئەویش لە رێگای شکاندنی عەهد و پەیمان و بڕیاری کۆمیتەی ناوەنـدی و کۆنگرەوەـــ هەموو باس و راوێـژوتوافوق وتفـاهومێکی رەت کردۆتـەوە. لابردنـی دوا پاڕاگرافی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە کە باسی لە برایەتی و تەبایی دەکـرد بۆ هەتا هەتایە بەڵگەیەکی زیندووی ئەم ئیدیعایەیە. بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و بۆ ئەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆیان لە نێـو حیزبەکـەیان دا ببیننـەوە و حیـزبیش بتـوانێ لـە هـەموو توانـا و زەرفیەتـەکانی بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی ئەرکـەکانی کـەڵك وەرگرێ، ڕیزە پێشنیارو داخوازێکتان دەخینە بەر چاو ئاواتمان ئەوەیە بە واقع بینی و سنگ فراوانی یەوە چاویان لێ بکەن و پەسەندیان بکـەن. ئەمـەش ریـزی داخوازەکـان:

١ــ هەروەك لە ماوەی ١٠ ساڵ و سێ کۆنگرەی پێشتردا رەفتار کراوە، ئێوەش بـوونی

ئۆپۆزیسیۆن بـه رەسمـی بناسـن و لـه هـەر مەسـەلەیەك دا لەگـەڵی بکەونـه دیـالۆگ و حیسابی بۆ بکەن.

٢ــ بڕیارێـك كـه لـه كـۆنگرەی ١٢ دا پەسـند كـراوەو كـۆنگرەی ١٣ش پەسـەندی كردۆتـەوە لـه بـارەی ئـازادیی بـیروڕا دەربـڕین لـه كۆبوونـەوەكانی حیزبـی و ئۆرگـانی نێوخۆیی دا به وردی جێ بەجێ بكەن، ڕێگا به هەموو كەس بدرێ له نێو خـۆی حیـزب دا هـەر نـەزەرێكی هەیـه دەری بـڕێ و بـه تـەواوی پـێش بـه سـووكایەتی پێكـردن و شێواندنی كۆبوونەوەكان بگیرێ.

٣ــــ وەك لـه پێشـەو گوتمـان لـه مـاوەی ٢ سـاڵی رابـردوو دا زۆر هەڵـەی سیاسـی كراون كه زیانیان له پەرەستیژی حیزب داوه ئەگەر زۆر له وانه به دووپـات نەكردنـەوه كەم و زۆر قەرەبوو بكرێنەوە، هەڵەیەك كه له نامەی بـەڕێز سـكرتێر بـۆ ئاغـای نـەزمی ئەفشار دا كراوه به بێدەنگه لێ كردن راست ناكرێتەوە. ئەمه پەیوەنـدی بـه مەسـەلەی خاك و كەڕامەتی نەتەوەی كوردەوە هەیەو دەبێ به راشكاوی راست بكرێتەوە بـۆ ئـەو مەبەسـته داوا دەكـەین یـان كـاك مسـتەفا ئازایانـه روونكردنەوەیـەك بـڵاو بكاتـەوه و قسەكەی خۆی وەربگرێتەوە، یان دەفتـەری سیاسـی لـه بەیاننامەیـەك دا بـه رەسمـی رابگەیەنێ كه له روانگەی حیزبی دێموكراتەوە هـەموو ئوسـتانی ئازەربایجـانی رۆژئـاوا بەشێك له خاكی كوردستانه و شـەهید سمكـۆش رێبـەرێكی بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی كـوردەو بـێ حورمـەتی بـەو بـێ حورمـەتی بـه كەرامـەتی نەتـەوی كـوردە.

٤ ــ وەك له پێشەكی دا گوترا له دوو ساڵی رابـردوو دا بـه سـەدان كـەس سـزا دراون، تەشویق كراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقلێ كـراون و تەنانـەت خراونەته بەندیخانەوە كه ئەگەریش بیانوویەكیان بـۆ دروسـت كرابـێ، هـۆی سـەرەكی لێكدانەوەی جەناحی بووە. بۆیە داوا دەكـەین هـەموو ئـەو جـۆرە بڕیارانـه رابگیرێـن و هەیئەتێكی هاوبەش به سەڵاحییەتی وەك یەكـەوە لـه جـەناحی دەسـەڵات بەدەسـت و ئۆپۆزیسیۆن پێك بێ كـه بـه هـەموویان دا بچێتەوە ئـەوەی بـه سـالمی نـەزانی هـەڵی وەشێنێتەوە.

٥ ــ بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی دانانە لە داهاتوودا دووپات نەبێتەوە داوا دەکەین جارێك بۆ هەمیشە کۆتای بەو فشارو پاڵ پێوەنانە بهێنرێ وهەیئەتێکی هاوبەشیش پێك بێ کە لە سەر هەموو نەقلْ وئینتقال وتەوبیخ وتەشویق وپلەدان وپلە وەرگرتنەوەیەك وهەر جۆرە سزایەك بڕیار بدا.

٦ــ داوا دەکەین هەیئەتێکی هاوبەش بۆ لێکۆلینەوەی وەزعی ئەوانە دێن بۆ پێشمەرگایەتی پێك بێ وهەموو رەتکردنەوە یان وەرگرتنێکی پێشمەرگەی تازە بە بڕیاری ئەو هەیئەتە بێ.

٧ـ بە ئاشکرا دیارە کە یەکیەتییەکانی ژنان ولاوان وەك دوو یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان بێلوتفیان لە گەڵ دەکرێ وبایەخی شیاویان پێ نادرێ. بۆیە پێویستە هەردووکیان بە تەواوی پشتیوانی بکرێن و بە تایبەتی دەست لە کارشکێنی ودەست تێوەردانی کاروباری یەکیەتیی لاوان هەڵبگیرێ .

٨ ـ بە روونی دیارە کاری تەشکیلاتی لە گەڵ هاورێیانی نێوخۆی وڵات ودنیای دەرەوەش کەوتۆتە ژێر تەعسیری بیروباوەڕی جناحی. بۆیە داوا دەکەین هەردووکی ئەم بەشانە لە لایەن هەیئەتێکی هاوبەشەوە ئیدارە بکرێ.

٩ـ لە دانانی پرسۆنێلی تەلەڤزیۆنیشدا وەك هەموو شتەکانی دیکە گیانی جناحی وجەناحبازی زاڵە.هەر بۆیە پێویستە سەرپەرستییەکی کارزان ولێوەشاوە بۆ کاری تەلەڤزیۆن دابنری.

١٠ ــ لە دوا دەوری دانی پلەی کادر دا جەناحبازی گەیشتە لووتکە، زۆربەی وەرگیراوەکان سەر بە جەناحی زاڵ بوون و زۆربەی رەت کراوەکان هی ئۆپۆزیسیۆن. بۆیە پێویستە تەواوی ئەو کەسانەی رەت کراونەوە پلەیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی لانی کەم موساوات دابین بکرێ.

١١ ـ بە رواڵەت کاری تەشکیلاتی ئاشکرا بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی سپێراوە کە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنە. بەڵام بە کردەوە رێگای کاری لە نێو ئەندامانی ئاشکرا دا لێ گیراوەو تەنیا (خودیها) هەقی تەماس لەگەڵ وانیان هەیە. پێویستە دەستی ئەو

هاوڕێیە ئاواڵە بکرێ و زۆریش باشە کە دوو کەس هەریەکەی لە جەناحێك ئەرکەکە وەئەستۆ بگرن.

١٢ـ زۆر کادری بە وەج و تەنانەت زۆر لە ئەندامانی کادری ڕێبەری پێشوو، یان بێکارن یان کاری شیاویان نیە. پێویستە بۆ هەمووان کاری مناسیب دیاری بکرێ و ڕێزیان بپارێزرێ.

١٣ـ هەموو دەستکاریەکی ئایننامەکان و زۆربەی بەخشنامەکان کەوتوونەتە بەر تەئسیری رووحی جەناحی، پێویستە تەواوی ئەوانە چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو جۆرێك بنوسرێتەوە کە حەقی کەس بە فیڕۆ نەچێ.

١٤ـ بە پێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشوو کە تەوازوون لە نێوان ئەندامانی سەر بە جەناحەکان لە کۆمیتەی ناوەندی دا هەبوو، ئەم جارە بەشی شێر بۆ قۆڵی دەسەلات بەدەست دانراوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی بەشێك لەو نابەرامبەریە داوا دەکەین:

اـ جێی خاڵی کاك خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندی دا بدرێ بە ئۆپۆزیسیۆن و دیاری کردنی نەفەرەکەش بە خۆی بسپێردرێ.

ب ـ جێگای چەند مشاویر کە بەتاڵە بە کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆن پڕبکرێتەوە.

ج ـ : هەر ئۆرگانێك بەر پرسەکەی لە زۆرایەتی بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هەر دوو لا لە ڕەوتی کارەکان ئاگادار بن.

١٥ ـ هەتا کۆنگرەیەکی دیکە، لە دەرەوەی وڵات ئەندامانی کۆمیتەکان بە پێی نیسبەت دیاری بکرێن و داوا لە کۆنفرانسەکان بکرێ دەنگیان پی بدەن. بەرپرسی کۆمیتەش لەو جەناحە بێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی لەگەڵە، مەگەر بە تەوافوتی هەردوولا جۆرێکی دیکە بە سەلاحی حیزب بزانرێ.

١٦ـ لە ناوەندەکان زۆربەی ئەندامان( کادرو پێشمەرگە) لەهەر جەناحێك بوون. بەرپرس لەو جەناحە بێ و ئەندامانی دیکەی ناوەندیش بە پێی نیسبەت لە لایەن هەر کام لە جەناحەکانەوە هەڵ بژێردرێن.

١٧ ـ هەر سەرمایە گوزارییەك دەكریّ بە ئاگاداری كەسانێك لە هەردوو جەناح و بە ناوی كەسێك لە هەردوو جەناح بی.

١٨ ـ چاو بە تەقسیمی كارو سازماندەهی دا بخشێندرێتەوە و بە جۆرێك رێك بخرێنەوە كە هەردوولا بە پێی لێوەشاوەیی لە ئەرك و سەلاّحیتەكان دا بەشدار بن.

١٩ـ پێویستە رێگا بە بلاّوبوونەوەی بیروبۆچوونی ئەفرادی هەردوو جەناح لە رادیۆو رۆژنامەو تەلەفزیۆنی حیزب و راگەیەنە گشتیەكانی دیكە بدریّ و كەس لەسەر ئەوە موحاسەبە نەكریّ. ئەگەر نەزەری ئۆپۆزیسیۆن موخالیفی نەزەری جەناحی دەسەلاّت بە دەست بوو لە تێكۆشەر، ئۆرگانی نێو خۆی حیزب دا بلاّو بكرێتەوە، كە ئەمە هەقێكە دوو كۆنگرەی ١٢ و ١٣ بە رەسمی‌یان ناسیوە.

٢٠ ـ بڕیارێك كە لە بارەی خوێندنی هاورێیانی كادرو پێشمەرگەوە دراوە بە جۆرێك دەسكاری بكریّ كە دەرەتانی خوێندن و بردنە سەری پلەی زانستی و خوێندەواری بۆ تێكۆشەرانی حیزب بڕەخسیّ.

جارێكی دیكە ئارەزوو دەكەین بەرپرسانە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و كارێك بكەن كە حیزبە خۆشەویستەكەمان لە وەزعی نادڵخواز و شپرزەی ئێستای بێتە دەرو متمانەی كۆمەلاّنی خەڵكی كوردستان بەدەست بێنێتەوە.

حەسەن رەستگار، مستەفامەولودی، عەبدوڵڵاحەسەنزادە،سمایل بازیار، عوسمان رەحیمی، خالید وەنەوشە، حوسێن مەدەنی، قادر وریا، كەریم مەهدەوی، سەیید عەولاّ حوسێنی، سەیید برایم كەریمی، حەسەن قادرزادە، محەممەد حەسەنپوور، عومەر باڵەكی، عەولاّ بەهرامی، بێبەش،محەممەد كەسرایی، فەتتاح كاویان، محەممەد شەهرەوان، خەدیجە مەعزوور، ئەحمەد نەستانی، عومەر شاداب، هێمن سیدی. ئەو كەسانەی واژۆیان كرد كە لە كۆنگرەی ١٣ بوونە رێبەری و هەم ئەو كەسانەش

كە لە پێش كۆنگرەدا واتە لە سیّ كۆنگرەی پێشوو ١٠و١١و١٢رێبەری بوون.



بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ٢٠ خاڵە دواتر بۆ پشتیوانی ئوپۆزیسیۆن ئیمزای بۆ کۆکراوە، هەرچەند باڵەکان بە تەواوی  روون و ئاشکرا بوون بەڵام هێندێك کەسی بێ لایەن و دوودڵ نەبێ هەموویان ئیمزایان کرد کە ئەوانیش دواتر خویان ساغ کردەوە. بە دوای ئەو ٢٠ خاڵەدا لایەنی دەسەڵاتدار، نامەیەکی کە هیچ ئیمزاو ناو نیشانی پێوە نەبوو بۆ کۆمیتەی دەرەوەی حیزب ناردبوو کە ئەویش دەقەکەیەتی:

**بەرێز کاك شاهۆ و کاك خوسرەو بەهرامی**

**بە سڵاو!**

بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە بێ تەفاوەتی و سکوت و دیفاعی یە بێنە دەرێ تکایە لە رێگا تەشکیلاتی دەرەوەڕا ئەم زانیاریانە بدەن بە کۆمیتەکانی حیزبی لە هەموو وڵاتانی ئوروپا، ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا، و کۆمیتەکانیش بە ئەندامانی حیزبی رابگەیەنن.  سەبارەت بە نامە٢٠خاڵەکەی بەشیك لە هاوڕیانی حیزبی لە رێکەوتی ١٣٨٥/٥/٧ لە سەرەو تەحویلی سکرتێری حیزب دراوەو ئێوەش لە سەر سایتەکانی ئینترنێت چاوتان پێ کەوتووە (بڕیار وابووە ئەو نامەیە بڵاو نەکریتەوە). قەرارە لە دانیشتنێکی هاوبەش دا لە سەر ئەسڵی نامەکەو خاڵەکانی وتوێژ بکرێ. ئەگەر ئاکامی

ئەو وتووێژە بگاتە ئەو ئاکامـەی کـە چـەند خاڵێك لـە داخۆازەکـان قـەبووڵ بکـرێن لـە ئورگانەکانی سەلاحیەتدارو بڕیار دەردا دەبێ بکەونە بەرباس و بڕیاری پێویستیان لـە سـەر بـدرێ. سـەبارەت بـەو وەزعـە پێویسـتە ئـەو ئیقداماتـە بکـرێ . ئەلف: لە سەر خاڵەکانی لە نێو ئەندامان دا ئیفشـاگەری و رۆشـنگەری بکـرێ و، ئـەو ئیـدیعا ناڕەوایانـە پووچـەڵ بکرێنـەوە. ب: ئاکـارو کـردەوەی ئـەو جەماعەتـە لـە سەرەتاوە بەتایبەت لە کۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا باس بکرێ. سەر خەتی خاڵەکانی ئەلف و ب بە کورتی بۆمان ناردن:

بۆ خاڵی ئەلف: ئەو خاڵانەی ئەوان پێشنیاریان کردووە ئەگەر قەبووڵ بکرێن حیزب بۆ هەمیشە وبە رەسمی دوولـەت دەکـا. پرنسـیپە دێمـوکراتی یـەکانی حیـزب نـامێنێ، کۆمیتەی ناوەندی سەلبی سەلاحییەت و ئیختیاراتی لێدەکرێ و بە کردەوە دەبێتە دوو بـە بـێ راگەیانـدن. خۆیـان لەنامەکـەدا بـە ئوپۆزیسـیۆن نـاوبردووە لـە حاڵێـك دا لـە رێبەرایەتی دا بەشدارن و خۆشیان بەشێکن لە دەسـەڵات نامەکـەیان بـە ئـەدەبیاتێکی نادۆستانە توندو تۆمەت بار کەرانەیـە. ریاکـاری زۆری تێـدا بـەکار چـووە هـەوڵ دراوە خۆیان وەك پشتیوانی زۆربـەی کەسـەکان وەك، لاوان، ژنـان، خوێنـدکاران،دەرکراوان، دانیشتووان و.......نیشان بدەن. باشە ئەگەر ئەو کارانە بۆ ئەو کەسـانە باشـە بـۆ لـە ١٠ساڵ دەسەڵاتدارەتی خۆیان دا کارێکی وایان نەکرد. لە حاڵێك دا توجە بەوانـە دوای کـۆنگرەی ١٣ زیـاتر بـووە. بـە کارەکـانی حیـزب وەك دانـانی سـەتەلایت رێکخـراوی خوێندکاری. کۆمیتەی مافی مرۆڤ کوردستان. کۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فیـدڕاڵ و پێشکەوتنی کاری تەشکیلاتی لە نێو خۆی وەڵات ئەو حەرەکەتانەی لە ودوو ساڵەی دا کـراون، نارەحـەتن و تـێ دەکۆشـن بـە کـەمیان بگـرن و بـۆ خـاڵی ب: لـە کـۆنگرەدا پێشگریان لـە خـۆ کاندیـد کردنـی نەفـەراتی خۆیـان دەگـرت، دوای کـۆنگرە زۆربـەیان خۆیان لە قەبووڵی کارو بەرپرسایەتی بوارد. کاریان نەدەکرد کارشکێنیان گەیاندە ئەو پەڕی خۆی دژی حیزب لە گەڵ زۆر لە مخالیفانی حیزب پێوەندیان گرت. مەسەلەکەیان لە نێو خۆی حیزب بردە دەرو لایەنی جۆراوجۆریان تێکەڵاوی مەسـەلەکە کـرد. هـەموو

کارێکی باشی حیزبیان لە لای خەڵك دەبردە ژێر پرسیارو کەم رەنگ کردنەوە. هەوڵیان داوە هەر بڕیارێکی حیزب لە لایەن لایەنگرانیانەوە بە عەمد بشکێنن لە سەر سایتەکان بەناوو بێ ناو بە دژی حیزب و رێبەرایەتی قسەی سووك و تۆمەت وەپاڵ دانیان کردە پیشە و هیچ سنورێکی حیزبی و ئەخلاقیان نەپاراست. هەرلە بە ئینشعاب و پێك هێنای جەوی نادۆستانە بوو بە کاری رۆژانەیان و......

<u>تێ بینی</u>

١ــ نامە ٢٠ خاڵی یەکە بۆ کۆمیتەکان و ئەفرادی خۆمان ئەگەر ویستیان بنێرن.

٢ــ بۆ خۆتان لەو ٢٠ خاڵەدا چیتان بەنەزەر دەگا و پێویستە باسی لە سەر بکەن و لە قاوی بدەن.

بە دوای نامەکەی ئەوان، کە نوسخەیەکیش بە دەست ئوپۆزیسیون گەیشت هەر بۆیەش ئوپوزیسیون چەند روونکردنەوەیەکی دا دیارە پێش روونکردنەوەکە رۆژی ٢٤ی گەلاوێژ کۆبوونەوەی هەر دوو باڵەکە لە سەر ٢٠ خاڵەکە بوو کە هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە.

**ئەوەش دەقی روونکردنەوەکەی ئوپۆزیسیۆن لە سەر نامەکە:**

چەند روونکردنەوەیەك

هاوڕێیانی تێکۆشەر !

سلاوێکی برایانە

نامەیەکی بێ ناوو ئیمزاو بێ تاریخ بۆ کاك شاهۆو کاك خسرو بهرامی ناردراوەو نوسخەیەکی بە دەست ئێمە گەیشتوە دەبێ لە سکرتاریاوە چووبێ، چەند داوایەکی تێدایە کە دەبێ بدرێ بە هاورێیانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات. لەو پێوەندیەدا هێندێ روونکردنەوەتان دەدەینێ کە لە کۆبوونەوەکاندا بەرپەرچی ئیدیعاکانی ئەوانی پێبدەنەوە:

١ــ هەروەك بۆ ئێوەمان نووسیبوو یادداشتی رۆژی ٨٥/٥/٧ بۆ بلاوکردنەوە نەبوو،و دوو رۆژ دوای ئەوەی دراوە بە سکرتێرو هاوجەناحەکانی داومانە بە

هاوبیرەکـانی خۆمـان. کەوایـە ٩٠٪ وێ دەچـێ ئـەوان دابێتیـان بـە سـایتەکان.
٢ـ ئێمـە لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـە مـوافیقین‌و پێشـمان گوتـوون کـە ئەگـەر دوو لایـەن گەیشـتینە رێککـەوتن دەبـێ رێککەوتنەکـە لـە کومیتـەی ناوەندی‌دا پەسـند بکـرێ.
٣ـ ئیددیعا دەکەن ئەگەر ئەو ٢٠ خاڵە پەسند بکرێن حیزب بەڕەسمی دوو لـەت دەبـێ. راست بە پێچەوانە، ئەم خاڵانە هەموویان لـە خزمـەتی ئـەوەدان کـە حیـزب یەکپارچـە بێ‌و ئی هەمووان بێ. بەڵام نەك بەشێك بالادەست بن‌و بەشێك ژێردەست. وەختێکـیش دەڵێن دەبـێ رێککەوتنەکـە لـە لایـەن کومیتـەی ناوەندی‌یـەوە پەسـند بکـرێ مانـای ئەوەیە کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزب دوای کۆنگرەیەو ئەگـەر تـا ئێسـتا رێگای داوە بە لایەنێك کە بە کەیفی خۆی راگرێ‌و دەرکاو سزابداو هان بدا، ئێستا ئـەو سـەلاحییەتە دەدا بـە هەیئـەتێکی هاوبـەش کـە بـە شـێوەیەکی عادلانـە رەفتـار بکـا.
٤ـ ئەمـەیان زۆر دووپـات کردۆتـەوە کـە ئەوانـە بەشـێکن لـە دەسـەڵات‌و نـاکرێ ئۆپۆزیسیۆن بن. ئەمە لەجێدا وا نیە. زۆرایـەتی لـە هـەر دەسـەڵات‌و ئۆرگانێکـدا بـێ، کەمایەتی بە ئۆپۆزیسیۆن ناودەبرێ. ئۆپۆزیسیۆن بە مانای موخالیفەو ئاشکراشـە کـە ئێمـە موخـالیفی رەفتـارو کـرداری زۆرایـەتیی کومیتـەی ناوەنـدیین.
٥ـ گۆیا نامەکە نادۆستانەو تۆمەتبارکەرانەیە. بـە تـەواوی رەتـی دەکەینـەوە. چـونکە یەك وشەی بێئەدەبانەی تێدا نیەو هەرچیش تێی‌دایـە دەتـوانین بـە بەڵگـەوە سـابیتی بکەین.

٦ـ گۆیا ئێمە ریاکارانە پشتیوانیمان لە یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوان‌و مافی ئەوانەی دەیانـەوێ بخـوێنن کـردوەو دەڵـێن بـۆ لـە مـاوەی دەسـاڵ دەسـەڵاتدارەتیی خۆیانـدا کارێکی وایان نەکردوە. لە ئێوەو لەوان‌و لـە هـەموو کەسـێك دەپرسـین لـەو دەسـاڵەدا کەنگێ ئێمە کارشکێنیی یەکیـەتی‌یـەکانی ژنـان‌و لاوانمـان کـردوە؟ خـۆ کەسـیش نیـە نەزانێ یەکیـەتی‌یـەکانی لاوان‌و ژنـان هـەر دووکیـان لـەو دەسـاڵەدا زینـدوو کراونـەوەو بووژاونەتەوە. زۆر پێش کۆنگرەی سێزدەش سکرتێری ئەودەم گوتوویـە شـەرمە ئێمـە

بلّێین پاش کاتژمێر ١/٣٠ی پاش نیوەڕۆ پێشمەرگە هەقی هەیە بچێتە وەرزش، چاخانە، مەیخانەو هەر شوێنێکی دیکە، بەلاّم حەقی نیە بچێتە قوتابخانە.

٧ـ گۆیا بە پێشکەوتنەکانی حیزب ناڕەحەتین. ئەوان زۆریان کارشکێنی کرد کە نەتوانین سەتەلایت دابنێین‌و ئێستاکە ئەوان دایان ناوە دەست خۆشی‌یان پێ‌دەلّێین. بەلاّم ئەگەر رۆژێك رێگا بدەن لە نێوخۆدا قسە بکەین شت زۆرە کە بۆ هاوڕێیانی روون بکەینەوە. رێکخراوی خوێندکاری سێ ساڵ پێشتر هاتەگۆڕێ، بەلاّم بە ئەنقەستو بۆ مەبەستی تایبەتی خستیانە دوای کۆنگرەو ناشزانین جگە لە ئەدەبیاتی خۆمان لە کوێی دیکە باسی هەیە. کومیتەی مافی مرۆڤی کوردستان نە فکرەکەی ئی ئەو برادەرانە بووەو نە مەعلوومیشە ئەرکەکانی چین‌و شوێنی تێکۆشانی کوێیە؟ هەر ئەوەندەیان لێ‌بپرسن ئەو کومیتەیە هەقی هەیە لە سەر مافی مرۆڤی ئەندامانی حیزب بێتەدەنگ؟ جگە لەوەش بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە لە ئۆپۆزیسیۆنە کە تا ئێستاش چاوەڕوانە هاوکارانی دیاری بکرێن‌و کارەکانی وەڕێ بخرێن. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران شتێکی پیرۆزە بەلاّم چەند ساڵ پێش کۆنگرەی سێزدە ئەو رێکخراوانە پێکەوە کاریان کردوەو دوای کۆنگرە تەنیا ئەو ناوەی لەسەر دانراوە. باسی پێشکەوتنی کاری تەشکیلاتی لەنێوخۆی ولاّت دەکەن کە گۆیا ئێمە پێی ناڕەحەتین! لەو بارەیەوە پێویستە بلّێین ئێمە شانازی بەو وشیاری‌یە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەوە دەکەین کە ئێستا لەنێو کۆمەڵی کوردەواریی لای خۆمان دا هەیەو لە دووەم دێری یادداشتی ٨٥\٥\٧یش دا قامکمان بۆ درێژ کردوە. بەلاّم دەپرسین داخوا بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆی ولاّت پێش کۆنگرەی سێزدەش هەر ئەو کەسە نەبووە کە ئیستا هەیە؟ داخوا چەند جار لە کومیتەی ناوەندی دا بۆ خۆی شاهیدیی داوە کە بۆ هیچ شتێك دەستی نەهێنراوەتە بەردەستو هەر ئیمکاناتێکی داوای کردبێ لە ئیختیاری نراوە؟ ئەگەر ئەو قسانە راست بن پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە بلّێی ئەو هاوڕێیە پێشتر بە ئەنقەست هەوڵی دابێ کاری تەشکیلاتی پێش نەکەوێ؟ هیوادارین ئەو تۆمەتە لە خۆیان نەدەن.

٨ ـ ئیددیعا کراوە کە ئێمە لە کۆنگرەدا پێشگیریمان لە خۆ کاندیدکردنی نەفـەراتی خۆمان کردوە. ئەم تۆمەتە فڕی بەسەر راستی‌یەوە نیەو هەر کەس نموونەیـەکی هەیـە با بیفەرموێ. هەرچەند ئەگەر شـتی واش رووی دابایـە تـاوان نـەبوو. بـەڵام لـە بنـی ڕا نەبووە.

٩ـ تۆمەتیان لـێداوین گۆیا کارشکێنیمان کردوەو کارمـان قبـووڵ نـەکردوەو شـتی لەو بابەتانە. چونکە لە هەر حاڵدا دوور نیە ئەم نووسراوەش بکەوێتە دەستی خـەڵکی غـەیرە، زۆر ئـەوە ورد ناکەینـەوە. هـەر ئەوەنـدە دەڵـێین هەمیشـە ئامۆژگاریمـان بـۆ هاوڕێیان ئەوە بووە هـەر کارێکیـان پـێدەسپێردرێ بـە ئەمانەتـەوە ئـەنجامی بـدەن، ئەوپەڕی دیسیپلین بپارێزن‌و دەم‌ودەست پـاك بـن. رەنگـە لـەنێو لایـەنگرانی هـەر دوو جەناح دا سەرپێچی بووبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەمە قـەت لـە لایـەنی ئێمـەوە خـەتێك نەبووە کە دیاری کرابێ خەڵك پێی‌دا بڕوا.

١٠ـــ تۆمـــەتی ئـــەوە دراوە کـــە مەســـەلەکان لـــەنێو حیـــزب چـــوونەدەرو لایـــەنی جۆراوجۆریان تێکەڵاوی مەسەلەکە کردوە. ئەوە ئەو کارەیە کـە بۆخۆیـان کردوویانـەو دەیانەوێ بە ئێمەی نیسبەت بدەن.

بۆ خاڵی ٩و ١٠ ناتوانین روونتر قسە بکەین. بەڵام ئارەزوو دەکەین هاوڕێیان مل بۆ ئـەوە راکێشـن کـە لـە کۆبوونەوەیـەکی سـەدان کەسـی لـە ئەنـدامانی حیـزب دا بـێ بەکارهێنانی تۆمەت‌و تەوهین‌و شێواندن هەردوولا بە ڕاشکاوی قسەیان لەسـەر بکـەین.

١١ـ ئەوە کە شت لە سایتەکان دا باس کراوە بۆ هیچ کەسێکی مەسئوول دیاردەیـەکی جێی دڵخۆشـی نیـە. بـەڵام داخـوا لایـەنی ئێـوە لەوبارەیـەوە دەستپێشـخەر نـەبوون؟ شـەش مـانگ پـێش کـۆنگرە هێـرش نەکرایـە سـەر سـکرتێری حیـزب‌و کـاك خالیـدی عەزیزی؟ دوو مانگ پێش کۆنگرە بەرێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لـە سـەر سـایتەکان بـە کوێرکەرەوەی رێبازی قاسملوو دانەنرا؟ دواتریش مەگەر هەر لایەك شتی بڵاوکردۆتەوە کە هەر لایەك بە گوناهبار دادەنرێ؟ قسەی ئاخر ئەوەیە بۆ رێگـا نـادەن وەك کـۆنگرە پەسندی کردوە باسەکان لە کۆبوونەوەی حیزبی‌دا بکرێن‌و لە ئۆرگانی نێوخۆیی‌دا بـڵاو

بنەوە تا خەڵك ناچار نەبن بە ناوی نهێنی لەسایتەکان دا شت بنووسن؟ لەسەر یەکیش ئێمە شتی ناڕاستو ناڕەوا لە لایەن هەر کەسێکەوە بڵاوبووبێتەوە مەحکوومان کردوەومەحکوومی‌دەکەین.

١٢ـ باسی شکاندنی سنووری حیزبیو ئەخلاقییش نەکەن باشە، چونکە هەرچی لەو بارەیەوە هەیە ٨٥٪ی هی جەناحی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی‌یەو لە بارەی ئینشیعابیشەوە هەر ئەوەندە دەڵێین ئەوان لە پێش کۆنگرە حیزبیان لەت کردوەو ئێمەین کە نەمان هێشتوە سەرکەونو، لەمەودواش هەوڵی ئێمە هەر بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب دەبێو ئەگەر سەریش نەکەوتین بەرپرس ئەوانن.

**لایەنی ئوپۆزیسیۆن**

١٣٨٥/٥/٢٦

**تێبینی**

ئەم نووسراوە بۆ بڵاوکردنەوە نیەو تکایە ڕێگا مەدەن بکەوێتە دەست خەڵکی دیکە یا بکەوێتە سەر سایتەکان

بە دوای جەژنی ٢٥ گەلاوێژدا ئاڵۆزی لە ناو حیزبدا زیاتر پەرەی ئەستاند، ڕۆژی ٤ی خەرمانی ١٣٨٥ کاك بابا عەلی وەك بێ لایەن کۆبوونەوەی گرت (دوای پلینۆمی پێنجەم کاك بابا علی خۆی وەك بێ لایەن ناساند) و لە سەر زیانەکانی جەناح بەندی قسەی کرد، ئەو گەرچی زیاتر هێرشی کردە سەر ئوپۆزیسیۆن و داوای کرد ئیمزاکانیان وەرگرنەوە و دواتر ڕایگەیاند کە پێویستە لە حیزبدا چاکسازی و ریفۆرم بکرێ. هەروەها نامەیەکی لە ناوخۆوە بۆ هاتبوو کە بۆ خەڵکی خوێندەوە لەو نامەیەدا پێ ناخۆش بوونی خۆیان لە بارودۆخی حیزب باس کردبوو. هەر دوای کۆبوونەوەکەی کاك بابا عەلی، ئێوارێی ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی دوو جەناح بوو کە هیچ ئاکامێکی لێ شین نەبوو. ٤ ڕۆژ دواتر کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی دیکە گیرا، کە دوایین کۆبوونەوەی دوو قۆڵی بوو. ڕۆژی ١٣ی خەرمانان کاك مستەفا هیجری کۆبوونەوەی گرت کە لە لایەن ئۆپۆزیسیونەوە چەند کەسێکی لێ بوو، ناوبراو سەبارەت بە دۆخی نێوخۆ و

کێشەکان قسەی کرد و لە کۆتاییدا قامکی بۆ سێ خاڵ راکێشا یەکەم: حیزب دەبێ یەکگرتوو بێ، دووهەم: کارێك بکەین بنەماڵەکان پێکەوە قسە بکەن و سێیەم: ئەگەر نەکرا وەك دوو حیزب کار دەکەین. هەر بۆیە بەیانی ئۆپۆزیسیۆن کۆبوونەوەی بۆ لایەنگرانی خۆی گرت کە تێیدا باسیان لە گیروگرفتی نێوخۆ و ٢٠ خاڵەکە و هەروەها رەوشی دەرەوەو تەلەفزیون و زۆر شتی دیکە کرا. لە و کۆبوونەوەیەدا چەند کەسێکی لایەنی کاك مستەفای لێ بوو. پاش حەوتوویەکی دیکە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی گیراو ئۆپۆزیسیۆن بەشدارییان تێدا نەکرد، سێ رۆژ دوای کۆبوونەوەکە لە سالۆن باسی پلینۆمیان کرد. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیە رۆژی ٢٥خەرمانان هەیئەتێك بۆ نێوبژیوانی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتبوو کە ئازاد بەرواری لە لایەن پارتییەوە و محەممەد تۆفیق لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە لە گەڵ هەر دووك لا کۆبوونەوەیان کرد. من وەك خۆم ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات ئیتر ئەو گەورەیی و پرستیژەی کە هەیبوو، نەیمابوو. چونکە لە تەواوی مێژووی خۆی دا یارمەتی خەڵکی دیکە و تەنانەت نێونجی یەکیتی و پارتیشی کردووە. بە دوای هاتنی هەیئەتی یەکیەتی و پارتی دا هەرکام لە باڵەکان بەردەوام کۆبوونەوەیان پێك دێنا. رۆژی ١٧ی ڕەزبەر کاك تەیموور لەبەر قسەی ساڵێك لەوەپێشی مامۆستا کۆبوونەوەی گرت و زۆری هێرش کردە سەر باڵی بەرامبەر و بە تایبەت بۆ سەر مامۆستا حەسەنزادە کە لە نەبوونی ئەودا کۆمەڵێك قسەی و ناڕەوای رەپاڵ دا بوو و لە راستیدا رق و کینەی خۆی دەرهەق بە مامۆستا هەڵڕشتبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا نزیك بە ١٠ کەسێك لە باڵی کەمینەش بەشدار بوون، دیارە کاك تەیموور وشەیەکی زۆر خراپ وناحەزی وەك (بەڕەڵڵا) بۆ کادرو پێشمەرگەی ناوەندی ٢بە کار هێنا. دواتر خەڵك زۆری قسەکرد و منیش دامە بەر رەخنەم کە چۆن وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو وشە ناحەزە بەکار دێنێ! کە لە ولاّم دا وتی ئەوە برادەرانی "جنوب" دەزانن لەلای ئێمە کەسێك ئازاد بژی پێی دەڵێن بەڕەڵا!!. لە راستیدا لە لایەنی خۆیان کەس نەبوو بڵێ وانیە، هەموو هەر چەپڵەیان بۆ لێدەدا کە ئێمە هەمیشە بەو

جـۆرە کۆبوونەوانــەمان دەگــوت "کۆبوونــەوەی چــەپڵە"، چــونکە لایــەنی خۆیــان هەرچییەکیان بگوتایە (چاك یان خراپ) چەپڵەیان بۆ لێدەدان و بـۆ جـارێکیش نـەمان دیـت کـە ڕەخنەیـەك لـە سیاسـەت و کـار و کردەوەکانیـان بگـرن و تەنانـەت لـە شـتە خراپەکانیش دا هەر یەکدەنگ بـوون. بـە دوای ئـەو قسـانەی کـاك تـەیموور، ئـەو باڵـە نوسراوەیەکیان لەسەرەتای مانگی خەزەڵوەر لە ژێر ناوی "ئاوڕدانەوەیـەك لـە گرفتـی نـاوخۆیی حیزبـی دیموکرات"بـۆ ئەنـدامانی حیزبـی لـە نـاوخۆ بڵاوکـردەوە کـە دواتـر ئاماژەی پێ دەکرێ.

پاش ماوەیەك کاك مستەفا هیجری هات بۆ ناوەندی دوو کە خەڵکێکی زۆر کەم لە کۆبوونەوەکەی دا بەشدار بـوون. دیـارە بەشـداری نـەکردن بڕیـاری جنـاح بـوو، دواتـر تەرحی گۆڕینی بەرپرسی ناوەندی دابوو کە بەرپرسەکە سەر بە باڵی ئوپۆزیسـیۆن بـێ کە ئەویش هەر جێبەجێ نەبوو. لـە ڕاسـتیدا، هـەر ئـەوکات حیـزب لـەت ببـوو و تـەنیا ڕانەگەیـەنرابوو، چـونکە هـیچ لایـەنێك قسـەی یـەکتری قـەبووڵ نـەدەکرد و لـە ئاسـت داواکانی یەکتردا پاشەکشەیان نەدەکرد. هەر بۆیەش جارێکی دیکە هەیئـەتی پـارتی و یەکیەتی هاتەوەو لە ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٨٥ کۆبونەوەی لە گەڵ هەر دوولا کرد و دیارە لەو کۆبوونەوانەدا باسـی ڕێگـا چـارەیەك بـۆ چارەسـەری کێشـەکان کـرا بـوو. ڕۆژی ٦ی سەرماوەز باڵی کاك مستەفا کۆبوونەوەی ڕێبەری خۆی بـوو کـە تـا کاتـژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ درێژەی کێشابوو، لـەو کۆبونەوەیـەدا بڕیاریـان دا بـوو تـەرحێك ئامـادە بکەن، کە دواتر ئەو تەرحەیان لە ١٧ خاڵ دا هێنابووە گـۆڕێ و ڕۆژی ٧ی سـەرماوەز تەحویلی ئۆپۆزسیۆنیان دا.

### ئەوەش دەقی ١٧ خاڵەکە

هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینە

بە سڵاوی گەرم و برایانە !

بە هەست بە بەرپرسایەتی زۆرایەتی حیزب و رێزدانان بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبە کەمان لە پێوەندی لە گەڵ پاراستنی یەکڕیزی تێکۆشانی حیزب و لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتن وباسانەی کە بۆ لە نێو بردنی گیروگرفتە نێو خۆییەکانی حیزب دراون هەوڵەکانی بەرێز سکرتێر گشتی حیزب لە پێناو یەك ریزی حیزب دا، نەزەری خۆمان لەو خاڵانەی خوارەودا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازیەکانی کەمینەی لە خۆ گرتووە رادەگەیەنین. هیوادارین ئێوە هاورێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتی تەواوەوە وەری بگرن و کارێك بکەین کە موژدەی لە نێو چوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزب بدەین و دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوروو بکەین.

١ـــ سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین:

ئەلف: ئازادی رادەربڕین پرنسیپێکی دێموکراتانەیە کە زۆر لە مێژە لەحیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبی دا لە سەر بابەتە تەشکیلاتی و فیکری یەکان راشکاوانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن یا لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێو خۆیی حیزب دا بڵاوی بکەنەوە.

ب ـ: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باس و بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتی یەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بکەن.

٢ـ هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەست نیشان بکرێ کە بەسکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە پێی وایە لە باری سزادان و پلەی تەشکلاتی یەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.

٣ـ وەرگرتنی پ م لە پەزیرش بە پێی بڕیاراتێك بە هەیئەتێك ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئورگانەکانی پێوەندیدار پێك دێ، دەکرێ دیاری کردنی نوێنەرانی ئەم ئورگانانە جۆرێك بێ کە نەزەری گشتی دابین بکا.

٤ـ یەکیتی یەکانی ژنان و لاوان وخوێندکاران و هەموو رێکخراوە دێموکراتی یەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات پێوەندی ئورگانیان لەگەڵ حیزب بە پێی ئوسولێك دامـەزاوە کە تا ئێستا پەیڕەوی لێ کراوە بۆیە بۆ هیچ کەس وجەمعێك نیە کە بۆ هیچ مەبەست و بەرژەونـــدی تایبـــەتی دەســـت لـــە کاروبـــاری ئـــەم رێکخراوانـــە وەربـــدا.

٥ـ کاری تەشکیلاتی نێو خۆی وڵات ئێستاش بـە شـێوەی هاوبـەش بـەرێوە دەچـێ .

٦ــ بـۆ تەشـکیلاتی ئاشـکرا چوارچـێوەیەك دیـاری دەکـرێ کـە سـنووری کـارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەداو بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە روونی دیار بێ و رێکخستنی ئەندامانی حیزبی رێوشـوێنی گونجـاوی بـۆ دیـاری بکـرێ.

٧ـ دوایین دەورەی دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی دەقیق و لە سـەر بناغـەی ریـزە پێوانەیەك لە لایەن کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی یەوە کە ئەندامانی لە کەمینەو زۆرینـە پێکهاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیەك هەست دەکا مـاف لـە بەرچـاو نەگیراوە دەتوانێ سکاڵای خۆی بدا بە هەیئـەتی لێکۆڵنـەوەو ئـەو هەیئەتـەش ئاکـامی کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.

٨ـ ئەو کەسانەی تـا ئێسـتا چـەند جـار داوایـان لـێ کـراوە ئـەرك و بەرپرسـایەتی وەربگرن بەڵام ئامادە نەبوون کاری پێشنیار کراو قەبووڵ بکەن ئەگەر ئامـادەبن ئـەرك وەئەستۆ بگرن، بـە پێـی لێوەشـاوەیی هـەرکامیان کـاری شـیاویان بـۆ دیـاری بکـرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەیی یە بە ئورگانەکانە.

٩ـ ئایین نامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوە ئەگەر مـەوردی واهـەبێ کـە بـەر بـە چوونەپێشی کارو ئەرکەکان بگرێ دەستکاری بکرێن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەر کـەس و هەر ئورگانێك دەکرێ پێشنهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.

١٠ــ لـە کۆنفرانسـەکانی دەرەوەی وڵات، هـەوڵ بـدرێ لـە هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی کۆمیتەدا موشارکەتی گشتی و "انسجام"ی تەشکیلاتی پێوە دیار بێ.

١١ــ هـەروەك پێشـتر هـەوڵ درا کـە بەرپرسـی ناوەنـدی ٢ ئەنـدامێکی کۆمیتـەی ناوەندی سەر بە کەمینەبێ بەڵام قـەبووڵ نـەکرا ئێسـتا کـە ئـەوە یـەکێك لـە داواکـانی

هاوڕێ یانە موافقین ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.

١٢ـ بڕیارێك کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو"پ.م"ی حیزب پێش کۆنگرەی ١٣ دراوە ئەوەندەی بکرێ جۆرێك تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرەتانی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە برەخسێ و هەم ڕێگا لە بەرێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.

١٣ــ لە ناسنامەی حیزب دا ئوپۆزیسیۆن نەهاتووە بۆیە ناکرێ بناسرێ.

١٤ــ هەموو کادرو پ.م و ئەندامانی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئایین نامەکانی حیزب بکەن.

١٥ـ لە هەموو هەلومەرجێك دا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزرێن.

١٦ـ هەموومان بەرعۆدەبین کە بەرانبەر بێکاری و کەم کاری و کارشکێنی هەڵوێست بگرین.

١٧ ـ پاش ساغ بوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە هەموومان بە روحی برایەتی ویەکڕیزی بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەو بەرژەوەندی یەکانی حیزب هەنگاو بنێین.

دوابەدوای هاتنەگۆڕی ئەو ١٧ خاڵە، ئۆپۆزیسیۆن کۆبوونەوەی خۆی پێکهێنا و لە رۆژی ١٠ی سەرماوەز وڵامی ئەو ١٧ خاڵەی داوە کە بە داخەوە هیچ یەك لەو نامەگۆڕکێ و وڵامدانەوانانە نە تەنیا هیچ هیوایەکی لێ شین نەبوو و کۆتایی بە کێشە و گرفتەکان نەهێنا، بەڵکوو کێشەکانی کێشدارتر کرد و حیزبی لە هەڵدێری کەرتبوون نزیکتر کردەوە.

## وەڵامی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموکرات

**بە پێشنیارە ١٧ خاڵی یەکەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی**

**هاورێیانی بەرێزی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی!**

سڵاوێکی گەرم،

سوپاستان دەکەین کە لەسەر داخوازی "شفاهی"ی رۆژی ٨٥/٩/٥ی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن دوا نەزەراتی خۆتان بۆ چارەسەری گیروگرفتی نێوخۆیی حیزب بە نووسراو (هەرچەند بێ ناو و ئیمزاش) بە ئێمە راگەیاندوە. لەو پێوەندی‌یەدا بە دروست دەزانین بەوپەڕی بەرپرسایەتی و راستوێژی‌یەوەو بەپێداگرتن لەسەر هەوڵەکانمان بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزیی تێکۆشەرانی دیموکرات بیروبۆچوونی خۆمانتان لەسەر ئەو خاڵانەی ریزتان کردوون پێ رابگەیەنین:

● لە خاڵی یەکەم دا بە رواڵەت مژدەتان داوە کە ئازادیی ڕادەربڕین لەنێو حیزب دا قبووڵ دەکەن و ئاماژە بەوەش دەدەن کە ئەوە "پرنسیپێکی دێموکراتی‌یە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە" بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین کە جگە لەوەی ئەو بەڵێنەتان هیچ میکانیزمێکی ئیجرایی بۆ پێشنیار نەکراوە، پرەنسیپە دێموکراتی‌یەکانی حیزبیش شێوێندراون. بڕیاری کۆنگرەی ١٢ کە لووتکەی بەرفرەوانکردنی ئازادیی بیروڕادەربڕینەو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند کراوە, پاش ئەوەی دەستەبەندیی نهێنی بە تاوان تا سنووری خەیانەت دادەنێ بەراشکاوی دەڵێ هەموو ئەندامانی حیزب هەقیان هەیە لە کۆبوونەوەکانی حیزبی‌دا هەر نەزەرێکی موخالیفیان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت لەسەر دروشمی ستراتیژی و ئامانجی درێژخایەنیش هەبێ و، هەروەها لەسەر هەر کەس و ئۆرگانێك نەزەرێکیان هەبێ بەڕاشکاوی دەری‌بڕن بەو مەرجە رێگا بە دەربڕینی نەزەری بەرامبەریش بدەن (نەقلْ بە مەفهووم بەڵام دەقاودەق). کەچی ئێوە ئەم هەقەتان لە تەنیا بابەتە تەشکیلاتی و فیکری‌یەکان دا بەرتەسك کردۆتەوە. خۆ ئەگەر "فیکری" لە مانای سیاسیی خۆی دا بەکار برابێ دەزانین کە ئێمە حیزبێکی ئیدئۆلۆژیکی نین تا لەو پێوەندی‌یەدا فیکرەکانمان بەرامبەر بە یەك رابگرین. کەچی کە باس دێتە سەر دەرەوەی حیزب وێڕای ئەوەی - بەهەق - داوا دەکرێ کەس لە دەرەوەی حیزب باسی بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتی‌یەکان نەکا, داوا دەکرێ کە هەموو ئەندامانی حیزب دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکان (هەرچەند باوەڕیشیان بە

سیاسەتێك یان بڕیارێك نەبێ) بکەن. واتە ئەگەر ئەندامێکی حیزب سیاسەتێك یان بڕیارێکی رێبەرایەتیی پێ دروست نەبوو لەنێو حیزب دا هەقی نیە باسی بکا چونکە "تەشکیلاتی و فیکری" نیەو لە دەرەوەش دەبێ دیفاعی لێ بکا. رەنگە ئەگەر باوەڕتان بە دێموکراسی هەبێ قبووڵ بکەن کە لە هیچ دێموکراسییەك دا داوای وا لە ئەندامانی حیزبێك ناکرێ و، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە کە ئەندام هەقی پێنەدرێ لە دەرەوەی حیزب رەخنەی لێ بگرێ. خۆ هەقی رەخنەگرتن لە کەسەکان و ئۆرگانەکانیش لەو خاڵەدا هەر قسەی لێ نەکراوەو بە ڕەسمی نەناسراوە, لە حاڵێك دا جگە لە بڕیاری کۆنگرەی ١٢، لە بەندی پێنجەمی پێڕەوی نێوخۆش دا بەڕاشکاوی هاتوە کە ئەندام مافی ئەوەی هەیە "لە هەموو ئەندامێك یا ئۆرگانێك لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دا رەخنە بگرێ". کەوایە باش سەرنج بدەن پرەنسیپە دێموکراتییەکانی حیزب چ مافێکی دەربڕین بۆ ئەندامانی حیزب قایلن و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی چ مافێکیان پێ ڕەوا دەبینێ؟

لەپێوەندی لە گەڵ برگەی (ب)ی ئەم خاڵە پرسیارێك خۆی زەق دەکاتەوە: داخوا هەر بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەتان لە دەرەوەی حیزبو دانی بە راگەیەنە گشتییەکانو لەوەش سەیرتر دانی شریتی وتارێکی ١٢ ساڵ لەمەوبەر بە سایتەکان کە کاتی خۆی لە نێو حیزبیشدا بڵاونەکراوەتەوەو تەنیا لە دەستی ئێوەدا هەیە، پێشێلکردنی ئەو ئەسڵە نیە کە پێشنیارتان کردوە؟

●خاڵی دووەم کە بە ڕواڵەت وەڵامی بەندی ٤ی داخوازەکانی (٨٥/٥/٧)ی ئۆپۆزیسیۆنە دەڵێ "هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە...". ئەمەشیان لە راستی دا شێواندنی داخوازەکانی ئێمەیە. ئێمە داوامان کردوە کە هەیئەتێك لە هەردوو لا بە سەلاحییەتی هاوبەشەوە پێك بێ کە بە هەموو بڕیارەکان دا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی - تەنانەت ئەگەر تەشویقی کەسێکیش بێ - هەڵی وەشێنێتەوە. ئیشکالی ئێمە لەسەر جۆری رەفتارو کردەوەی جەناحیی ئێوەیە. کەچی ئێوە دەفەرموون ئەوەی شکایەتی

هەیە با بیکا. ئێوە زۆر باش دەزانن بەشێکی بەرچاو لەوانەی بە رووحی جەناحی‌یەوە سزا دراون، یان دەرکراون، یان ناچارکراون حیزب بە جێ بێڵن وئیدی ناتوانن بێن و شکایەت بکەن. کەوایە ئەمە ناتوانێ داخوازی رەوای گۆڕینی رەفتاری جەناحی و دابینکردنی ئەسڵی "مشارکت" و بەرامبەریی ئەندامانی حیزب دابین بکا.

● لەخاڵی سێیەمیش دا کە ئاماژەیە بە بەندی شەشەمی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەر ئەو کارە کراوە. "نەزەری گشتی دابین بکا" یانی چی؟ ئێمە داوای میکانیزمێکی روون دەکەین کە وەرگرتن و رەتکردنەوەی داخوازانی پێشمەرگایەتی لە سانسۆڕی رووحی جەناحبازی رزگار بکا. ئەوەی ئێوە دەیفەرموون تەنیا دەتوانێ مەسەلەکە ئاڵۆزترو کێشدارتر بکا.

● ئەوەی لە خاڵی چوارەم لە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی‌یەکانی ژنان و لاوان دا فەرمووتانە راست ئەوەیە کە ئێمە ئیعترازمان لەسەری هەیە. ئەو ئوسوولەی "تا ئێستا پێڕەوی لێ کراوە" راست ئەوەیە کە هەرکات کارێك و بڕیارێك و هەڵبژاردنێکی ئەو دوو رێکخراوە بە دڵی زۆرایەتی نەبوو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو تێکدانەوەی بدات و "هیچ کەس و جەمعێك"یش هەقی نەبێ قسەی لێ بکا. لە کاتێك دا ئێمە پێمان وایە ئەو یەکیەتی‌یانە دەبێ لە هەموو بڕیارو ئینتخابێك دا سەربەخۆ بن و تەنیا لەباری سیاسی‌یەوە کارێك نەکەن کە زیان بە پێوەندی‌یە سیاسی و دیپلۆماسی‌یەکانی حیزب بگەیەنێ. ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو رێکخراوانە بە رێکخراوی سەر بە حیزبی ئێمە ناسراون. ئەگینا حیزب هەقی نیە لەو بابەتەشەوە سنووریان بۆ دابنێ.

● شتی زۆر خۆش ئەوەیە کە لە خاڵی پێنجەم دا دەگوترێ "کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ". دەستخۆش بۆ ئەو هەموو "مشارکت" و دێموکراسی‌یە! بەڕاست ئەو هەموو خەڵکە کە بانگ دەکرێنە ئێرەو بە دژی ئۆپۆزیسیۆن بۆمبارانی مێشکیان دەکرێ "بەشێوەی هاوبەش" قسەیان بۆ دەکرێ؟ ئەو "ئاوڕدانەوە" سێزدە لاپەڕەیی‌یە بە دژی ئۆپۆزیسیۆن کە بە ئیقراری

ئەو هاوڕێ تەشکیلاتی‌یانەی دێنە ئێرەو بەدوور لە چاوی بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆ چاویان بە ئێمە دەکەوێ, لە ماوەی دوای کۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا بە هەموویەوە ئەوەندە رێنوێنیی بە دژی کۆماری ئیسلامی نەدراوە بە تەشکیلات، "بەشێوەی هاوبەش" نووسراوە؟ لەو بەشەدا هیچ ئاماژەیەکیش بە کاری تەشکیلاتی لە دەرەوەی کوردستان نەدراوە کە دەزانن چەندە یەك لایەنە بەڕێوە دەبرێ

- خاڵی شەشەم جگە لەوە کە "وادەی سەر خەرمان"ە، هیچ میکانیزمێکی تێدا پێشنیار نەکراوە کە ئەسڵی "مشارکت" مسۆگەر بکا. ئەوەی لە بەندی یازدەی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا پێشنیار کراوە، ئەوەیە کە دوو کەس هەرکامەی لە جەناحێك بەڕێوەی بەرن

- خاڵی حەوتەم کە بەڕواڵەت وەڵامی بەندی دەیەمی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن(رەخنە لە چۆنیەتیی دانی پلەی کادر)ە، بێ لەبەرچاو گرتنی داخوازەکە حەواڵەی ریزە بەندو داوێکمان دەکا کەهەمووی بە رووحی جەناحی‌یەوە تەنراوەو دوابڕیاریش دەداتەوە بە دەفتەری سیاسی کە بەو رووحەوە قەزاوەتی لەسەر بکا.

- لە خاڵی هەشتەم دا وەك ئاماژەیەك بە بەندی دوازدەیەمی داخوازەکان دیسان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گۆیا کەسانێك چەند جار داوایان لێ کراوە کار وەربگرن و ئامادە نەبوون کار قبووڵ بکەن. لەوە گەڕێین کە هەموو کاتێك ئەو ئیددیعایە دەکەن‌و ئامارێك نیشان نادەن، ئەدی بۆچی باسی ئەو کەسانە ناکەن کە دوو ساڵ‌ونیوە بێکار کراون‌و هیچ کارێکیان پێ‌پێشنیار نەکراوە؟ پاشانیش کە باسی لێوەشاوەیی دەکەن, هەروەك جارێکی دیکەش کە باسی کاری شیاوتان کردبوو تەشخیسەکە دەدەنە دەست ئۆرگان. ئیدی نە ئەندامەکە و نە لایەنی بەرامبەر هەقی نەزەر دەربڕینیان پێ نادرێ. ئەمەش دیسان رووحی دابەشینی ئەندامانی حیزب بە پلە ١ و پلە ٢ نیشان دەدا.

- لە خاڵی نۆیەم دا وەك وەڵامی داخوازی بەندی سێزدە رووحی حاکم بەسەر پێشنیاری دەسکاری دا چوونە پێشی کارو ئەرکەکانە ـ دیارە بەو جۆرە کە زۆرینە

بۆی دەچێ, ئەگینا ئەوە دروستە - لە حاڵێك دا ئێمە داوا دەكەین ئایین نامەو بەخشنامەكان بە جۆرێك دەسكاری بكرێن كە مافی كەس نەفەوتێ. بە باوەڕی ئێمە تەنیا لەو حاڵەتەش دا كارو ئەركە حیزبی‌یەكان - نەك جەناحی‌یەكان - بەباشی بەڕێوە دەچن.

• خاڵی دەیەم ئاماژە بە بەندی پازدەیەمی داخوازەكانە. كەچی لەوێش دا یان میكانیزم نیە یان ئەگەر بڵێین میكانیزمە بێئەوەی بەڕاشكاوی گوترابێ, داوای لانی-كەمی موشارەكەت دەكاو پێ لەسەر "انسجام" (تۆ بڵێ یەكدەستی) دادەگرێ. لە حاڵێك دا ئێمە بە روونی داوامان كردوە كومیتەكان بە پێی نیسبەتی ئەندامانی حیزب هەڵبژێرێن.

• خاڵی یازدەیەم وادیارە لە وەڵامی بەندی شازدەیەمی داخوازەكان دا نووسراوەو هەرچەند لەوێدا وا نەهاتوەو ناوێك لە ناوەندی ٢ نەبراوە، بەڕواڵەت موافەقەتی لەگەڵ كراوە. بەڵام هاوڕێیان باوەڕ بفەرموون ئەو نیازەی لە پشتی ئەو قبووڵ كردنەش دا هەیە لە هیچ لایەكمان شاراوە نیە. ئەگینا بۆچی بەندەكە بەتەواوی پەسند نەكراوەو لە ناوەندی ٢ ئەگەر بەرپرسیش بگۆڕێ ٣ كەس واتە نیوەی ئەندامانی ناوەند لە قۆڵی زۆرینەن، لە حاڵێك دا نیسبەتی كادرو پێشمەرگەی سەر بەو قۆڵە بە زەحمەت دەگاتە سەدی دە؟

• خاڵی دوازدەیەم بە جۆرێك قبووڵی بەندی بیستەمی داخوازەكانەو هەنگاوێكی دروستە. هەرچەند ئەوە دروست نیە كە ئەو بڕیارە بەو جۆرەی ئێستا هەیە پێش كۆنگرەی ١٣ درابێ. جگە لەوە بەڕاستی بڕیاری دیكەش هەن كە پێویستە دەسكاری بكرێن.

• خاڵی سێزدە بۆ لە سەر راوەستانێك دەبێ. ئەو خاڵە بەڕواڵەت لە وەڵامی بەندی یەكەمی داخوازەكان دا هاتوە. بەڵام وەك زۆر جاری دیكە لە ئەسڵی مەتڵەب لای داوە. لە پێش دا وشەی ئۆپۆزیسیۆن بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە ئیرادێكی لەسەر نیەو پێش ئەوەش كە ئێمە بینووسین چەند جار لە لێدوانەكانی كاك مستەفا هیجری دا

هاتوەو عەیبیشتان لێ نەگرتوە. ئەوەش کە لە پێڕەو دا نەهاتوە بەو مانایە نیە کە نابێ بەکار ببرێ. پاشانیش مەسەلە ناو نیە. دەتوانین ناوێکی دیکە وەك قۆڵ یا جەناح هەڵبژێرین. مەسەلە ئەوەیە ئێوە قبووڵ بکەن جەمعێك غەیری خۆتان هەیە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەن و لەگەڵی تەڕەف بن, هەر وەك ئەو کاتەی ئێوە لە رێبەرایەتی دا کەمینە بوون رەفتارتان لەگەڵ کراوە. بە دروستیش نازانین خۆتان بە زۆرینەو بەرامبەرەکەتان بە کەمینەی حیزب ناو بەرن, چونکە ئەمە هەم ئێستا روون نیەو هەم قابیلی گۆڕانە. دروستتر ئەوەیە بڵێین زۆرینەو کەمینەی رێبەری.

• خاڵەکانی چاردە تا حەڤدەی ئێوە شتی ئوسوولین و ئەگەر ملتان بۆ یەکڕیزیی حیزب و مسۆگەرکردنی وەك یەکیی ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب راکێشا کەس نکۆڵییان لێ ناکا. بەڵام بەڕاست ئێوە خۆتان پرەنسیپە دیموکراتییەکان دەپارێزن، یان دیموکراسی تەنیا لە داوای ملکەچیی کەمایەتیدا کورت دەکەنەوە؟ هێندێ بەندی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەك بەندەکانی پێنجەم, نۆیەم, حەڤدەیەم، هەژدەیەم و نۆزدەیەم کە بەلای ئێمەوە گرنگو بەشێکی گرنگ لە داخوازەکانمانن لە نووسراوەکەی بەڕێزتان دا نە لە نیزیك و نە لە دوور ئاماژەیان پێ نەدراوە. ئەمە ئەو سیگناڵە دەنێرێ کە سوورن لەسەر ئەوەی لەو بوارانەدا کە ئەو چەند بەندە باسیان دەکەن, لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان مافی ئەندامانی حیزب و بەشەکەی دیکەیان پرەنسیپی "مشارکت"ن, هەر بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە تا ئێستا کردووتانە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی پێمان دەڵێ کە ناتوانین ئومێدێکمان بە گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبەریی زۆرایەتیی ئێستای کومیتەی ناوەندی هەبێ. لە هەمووی گرنگتر بەندی سێیەمی داخوازەکانە کە "بزرگوارانە" بە تەنیشتی دا تێپەڕیون. هاوڕێیان! ئارەزوومانە باوەڕ بکەن کە ئەگەر هەموو داخوازەکانی ئێمە پێوەندییان بە کێشەی جەناحییەوە هەبێ ئەمەیان وا نیە. بە هەموو مەسئوولییەتەوە دەڵێین ئەگەر لە نێو حیزبی دێموکرات دا چووکترین ناکۆکییشمان نەبووایە نەزەری ئێمە لەسەر نامەی کاك مستەفا بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار هەر ئەوە

دەبوو کە لەو بەندەدا هاتوە. هەروەك لەوێدا گوتوومانە "ئەمە پێوەندیی بە مەسەلەی خاك و کەرامەتی نەتەوەیی‌یەوە هەیە". وەرن ئازایانە بیر بکەینەوەو رەفتار بکەین. با حیزبمان لە هەموو کەس و ئۆرگانێك پێ گرنگترو گەورەتر بێ و میللەتیشمان لە حیزب پێ گەورەترو گرنگتر بێ. "هەڵەیەك کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشاردا کراوە، بە بێدەنگە لێکردن راست ناکرێتەوە"و سبەی رۆژێ ئازەربایجانییەکان هەقیانە بڵێن مەهابادو سەردەشت و ... ئازەربایجانن نەك کوردستان, چونکە سکرتێری گەورەترین حیزبی کوردی قبووڵی کردوە. لە خۆڕا دەفەرموون ئەگەر وا نەبایەو وا نەگوترایە شەڕی کوردو ئازەری دروست دەبوو. خۆ ئەوە بڵاو نەکرابۆوە تا بڵێین بۆیە وا نووسرابوو. پاشان شەست ساڵە دەڵێین کوردستان لە چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواو کوردستان و کرماشان و ئیلام پێك هاتوە, چ ناکۆکی‌یەکی لەسەر ساز بووە, هەتا ئێستا شەڕی لێ بکەوێتەوە؟

**هاوڕێانی بەڕێز!**

ئێوە کە ١٧ خاڵتان بەدوای یەك دا ریز کردوە، مەبەستتان ئەوە بووە کە خوێنەری ناشارەزا وا تێبگا لە بیست خاڵی پێشنیار کراوی ئۆپۆزیسیۆن حەڤدەیتان قبووڵ کردوە. لە کاتێك دا وەك روونمان کردەوە ئێوە تەنیا ئاماژەتان بە ١٣ خاڵ داوەو ئەویش لە زۆربەی هەرە زۆریان دا یان بۆ رەتکردنەوە یان بۆ شێواندنە. بۆ وێنە باسی خاڵی ١٤ی داخوازەکانتان نەکردوە کە تەنیا خاڵێك بوو بە جۆرێك داوای پۆست و ئیمتیازی دەکردو لەم دوایی‌یانەدا بە نووسین پێمان راگەیاندن کە وازی لێدێنین. پاشان لە پێشەکیی نامەکەتان دا باسی "هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان دەکەن. پرسیار ئەوەیە چ بایەخێکتان بۆ ئەو هەوڵانەی دڵسۆزان دانا؟ مەگەر ئێوە بە راشکاوی نێوبژیوانیتان رەت نەکردەوەو پروپاگەندەی دنیاشتان لە سەر وەڕێ نەخست کە نێوبژیوانیی دۆستان(یا بە گوتەی ئێوە لایەنی دەرەکی) سەربەخۆیی حیزب دەخاتە ژێر پرسیار؟

جگە لـەوە، ئێـوە دەتانـەوێ کـاك مسـتەفا وەك بێلایـەن دابنـێن‌و وا بنـوێنن کـە هەوڵێکی زۆری بۆ پاراسـتنی یـەکڕیزیی حیـزب داوە. لـە حاڵێـك دا ئێمـەش‌و ئێـوەش دەزانین‌و هەموو کەسێکی شارەزاش دەزانێ کە ئەو بـەڕێزە نـووکی هێرەمـی جـەناحی ئێوەیە (کە ئەمە هیچ ئیرادێکی لەسەر نیە)و لە دیفاع لـە بۆچوونەکانی قۆڵەکەشـی دا لە هەمووان چالاکتر بووە. ئەگـەر بـە ئینسـافەوە داوەری بکـەن، ئـەوە بـەڕێز عبداللـە حسن زادە بوو کە لەگەڵ ئەوەی پێش کۆنگرەی دەیـەم لـە جـەناحێك دابـوو، هـەموو قورسایی خۆی دانا بۆ ئەوەی حیزبێکی دووپارچە یەك بخاتەوەو پاشانیش لـە مـاوەی زیاتر لە نۆساڵ بەرپرسایەتیی خۆی‌دا بەبەکاربردنی پرەنسـیپی هاوبەشـی‌و بـەرەسمی ناسینی لایەنی بەرامبەرو بە دانی ئیمتیازی جۆراوجـۆر بـە کەمینـە، یـەکڕیزیی حیزبـی وەك گلێنــەی چــاو پاراســتو، لــە کــۆنگرەی ســێزدەدا حیزبێکــی یەکپارچــەی وەك ئەمانەتێکی پیرۆز تەسلیمی کاك مستەفا کرد.

بەهـەرحاڵ هـەروەك رۆژی ٨٥/٨/١٤یش لـە وەڵامـی پێشـنیارە ٧ خـاڵی‌یەکەتانـدا نووسـیبوومان ئـەو خاڵانـەی ئێـوە نووسـیوتانن "نـاتوانن میکـانیزمی رێکخسـتنەوەی ریزەکـانی حیـزب بـن". ئاواتمـان ئەوەیـە بـە ئازایـەتی و لێـبڕاوی و لێپرسـراوی‌یەکی زیاترەوە بێنە مەیـدان و داخوازەکـانی ئێمـە کـە شـتێك نـین جگـە لـە میکانیزمێـك بـۆ پێکەوەبوون و پێکەوە کارکردن، قبووڵ بکەن و هەروەك خۆتان فەرمووتانە "موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتـەکانی نێوخـۆی حیـزب بـە هـەموو دۆسـتان و دڵسـۆزانی حیـزب بـدەین". وەبیرتــان دێنینــەوە کــە ئێمــە لەســەر ئیمــزا کردنــی رێککەوتننامەیــەکی دوولایەنەو بوونی زەمانەتێکی ئیجرایی‌و هەروەها لەسەر پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی بێ‌ئەملاوئەولای سزاکانی دوای ١٣٨٥/٥/٧ سوورین.

لەگەڵ سڵاوی دووبارە

**ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزب**

**١٣٨٥/٩/١٠**

**٢٠٠٦/١٢/١**

**وەك لە پێشدا ئاماژەی پێ کرا لایەنی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی یەك مانگ پێش لەتبوونی حیزب نوسراوەیەکیان لە ژێر ناوی "ئاوڕدانەوەیەك لە گرفتی نێو خۆیی حیزبی دیموکرات"بە شێوەیەکی داخراو تەنیا بۆ ئەندامانی حیزب بە تایبەتی لە ناوخۆ بڵاو کردەوە کە ئەندامانی حیزب یەك نوسخەیان بۆ ئوپۆزیسیۆنی نێو حیزب ناردەوە کە ئەو نوسراوە چەندە لە واقعییەت دەچێ. هەر بۆیەش هەردووکیانم واتە(وڵامی ئۆپۆزیسیۆنیش)بە دوای یەکتردا دانا کە کۆمەڵانی خەڵك لە هەردوو بۆ چوون تێبگەن.کە کام لا زیاتر لە لەتبوونی حیزب هەڵەو چەواشەکاریان کردووە.**

## ئاوڕدانەوەیەك لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات

لە ئەمڕۆی خەباتی رزگاریخوازانەو مافخوازانەی گەلەکەماندا زۆر فاکتۆرو هاندەر هاتوونەتە کایەوە کە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردی بردووەتە قوناخێکی نوێو بەتەواوەتی جیاواز لە رەوتی تێکۆشانی رابردووی خۆی. بارودۆخی ئێستای ناوچەیەك کە کوردی تێدا دەژی بە رادەیەك ئاڵۆزە کە هەردەم چاوەڕوانیی لەدایك بوونی هەلومەرجێکی نوێی لێدەکرێو بۆ کەڵك وەرگرتن لەو بارودۆخەو خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕانکاریەکانی داهاتوو و هەروەها دەستەوەستان نەبوون لە بەرامبەریانداو کاریگەر بوون لە سەر ئەو دۆخەو بە ئاراستەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکاندا بردنیان، پێویستە کە نەتەوەی کورد بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خۆی بۆ ئەو هەلومەرجە تەیارو ئامادە بکاو پتەوترو یەکگرتووتر لە جاران، بە روانینی نوێو خەباتێکی سەردەمیانەو تێکۆشان لە رێی دابینکردنی مافەکانیدا بەرەو داهاتوو هەنگاوی خێراو وشیارانە هەڵبگرێ. بۆ وەلامدانەوە بەو پێویستییە مێژووییەو لە پێناو خۆ نوێکردنەوەو بەخۆدا چوونەوەدا بوو کە حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا بڕیاری لە سەر پێداچوونەوە بە ستراتیژیەکانی، بە سیاسەتە هەنوکەییەکانیو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی لەخۆی داو نوێکردنەوەو تەیار کردنی بە تازەترین دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە پێناو بەدەستهێنانی هەرچی

زیاتری بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردو خێرایی بەخشین بە خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دەست پێکردو ئەو رەووتە بەردەوامو بە هەنگاوی زۆر وشیارانەو هەستیار درێژەی هەیەو بەرێوە دەچێ.

لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە لە ناوچەی رو ژهەلا تی نێوەڕاست دەژی هەر ئالّو گۆڕو هەنگاوێك بۆ پێشەوە، لەگەڵ دژبەریی ناشارەزایانەی کەسانێك بەرەوڕوو دەبێت کە بە کۆسپ خستنە سەر رێی ئەو بزاڤە، هەولّی خێرایی لێئەستاندنەوەو لە کۆتاییدا گەڕانەوە بۆ دواوە دەدەن، کە مێژوو نیشانی داوە، هەولّی گەڕانەوە بۆ دواوە هەردەم نەزۆك دەمێنێتەوە.

لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیموکراتدا کە بڕیار لە سەر خۆ نوێ کردنەوەو ئالّوگۆڕ پێکهێنانو خۆ تەیار کردن بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکانی داهاتوو دراو لە پێناو جێبەجێکردنیاندا هەنگاوی شیاوو پتەو هەڵگیرایەوە کە بۆ هەموو لایەك دیارەو پێویست بە رووەنکردنەوە ناکا. ئالّوگۆڕەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب دڵی دۆستانی شادو نەیارانو دوژمنانی بەو پێشکەوتنانەی حیزب نیگەرانو توشی ترس کرد.

ئەو رەوتە، شاییو هەست بە سەرفرازیەکی زۆرتری خستە دڵی ئەندامانو دۆستانی حیزبەوەو گوڕوتینێکی نوێی بە خەباتی رەوای گەلەکەمان دا. هەوڵەکانی رێبەرایەتی حیزب لە دوای کۆنگرەی سێزدە بۆ بردنە سەری ئاستی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو نزیکبوونەوەی زیاتر لە ناوەندە بڕیاردەرەکانی ئەمڕۆی سیاسەتی جیهانی لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجو بەرژەوەندی هەرچی زیاتری نەتەوەکەمانو خەباتە رەواکەی، کە دەتوانین لەو بوارەدا ئامـاژە بە سەفەرەکانی سکرتێری حیزب لەماوەی دوو ساڵی رابردوواو بەشداری‌یان لەو کۆڕو کۆبوونەوانەو دیدارو چاوپێکەوتنەکانیانو ئاستی وەرگیرانیان لەلایەن ئەو ناوەندانەوەو بردنی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ نێو ئەو کۆڕو کۆمەلاّنەو زۆر

شـتی دیکـە کـە لـە بـاس کـردن نایـەن، کورتەیـەك لـەو هەوڵـە دیپلۆماتیکانـەی حیزبـی دێمـوکراتن کـە بەتایبـەت لـەم دوو ساڵ ًەی رابـردودا گـۆڕوتینێکی تایبـەتیان بـەخۆوە دیوەو خـەباتی دیپلۆمـاتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیان بردوەتە قۆناخێکی دیکەوە.

لە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا کەسانێك دەتـوانن پشـتیوانو هـاوڕێی بـن کـە لـە خـەمو ئازارەکـانی تێبگـەنو هاودەردو هاوخـەمی بنو دەردی موشتەرەکیان هـەبێ. هەربۆیە حیزبی دێمـوکرات پێـی وایـە کـە هـاوڕێو پشـتیوانی خـەباتی میللـی دیمـوکراتی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران دەتـوانێ خـەباتی نەتـەوە بندەسـتەکانی دیکـەی ئێـران وەکـوو عـەرەب، تـورك، بـەلوچو تورکمـان بـێ، هـەر لـەو پێنـاوەدا بـوو کـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی سـەر بـە نەتـەوە بندەسـتەکانی دیکـەی ئێـران کەوتـە وتـوویژو دانوسـتانو لـە ئاکامـدا "کـۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فیـدراڵ"یان پێکهێنـا کـە دەسـپێکی قۆنـاغێکی نـوێ لـە خـەباتی دێموکراسیخوازی لە ئێران دایەو ئەو کۆنگرەیە لە ئاستی زۆر بـەرزی نێونەتەوەییو ناوەندە بڕیاردەرەکاندا وەردەگیرێو لەبـەرچاو دەگیرێ. کـە ئـەم هـەنگاوە روو لـە پێشـەش دەسکەوتو بـەرهـەمێکی دیکـەی کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دیموکراتە.

لەبواری راگەیاندندا هیچ پێویست بە روونکردنـەوەی زیـادی ناکـا کـە دامـەزرانی کـەناڵی تلویزیۆنی تیشك چ دەسکەوتێکی بۆ نەتەوەکـەمان دەبـێو لەسـەر خـەباتی دێموکراسـیخوازیو مـافخوازیی کـورد لـە کوردستانی ئێران کاریگەریەکانی تا چەند دەبنو گـۆڕوتین دانـی زۆرتـر بە دامەزراندنی سایتە ئینتێرنێتیەکان و ..... هەموویان هەوڵو چالاکیو بەرهـەمی کـۆنگرەی سـێزدەهەمی حیزبـی دێمـوکراتن. لە بـواری ڕێکخستنی کۆمـەڵگادا چ هـەوڵو تەقەلایـەکی هەمەلایەنـە بـە بەشـداریی دڵسۆزانی حیزبـی دراوە کـە ئـەرکێکی زۆرتـری خسـتوەتە سەرشانی ئەنـدامانی تێکۆشـەرو گیـان فیدای حیزب لـە نێوخۆی ولا َتو لووتکەی ئەو هـەوڵو خـەباتـە لـە ٢٢ی پوشپەڕی ١٣٨٥دا خۆی دەرخست

کە لە سەر داواکاریی حیزبو بە خەباتی ماندوونەناسانەی ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب، لە کوردستانی ئێران بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە تیرۆری ڕێبەری مەزن، دوکتور قاسملووی نەمر لە لایەن شەمشەمەکوێرەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، خەڵکی کوردستان دووکانو بازاڕیان داخستو حەرەکەتێکی ئیعترازی سەردەمیانەیان بەڕێوە برد.
لە زۆر بواری دیکەی خەباتی حیزبدا، ئاڵوگۆڕ لە کارو تێکۆشانەکانداو گوڕوتینی نوێ بەخشین بە بوارە جۆربەجۆرەکانی چالاکی سیاسی ـ تەشکیلاتی ـ ڕاگەیاندنو پەروەردەی حیزبی دێموکرات درا کە کۆی ئەو هەوڵو چالاکیانە وای لە حیزب کردوە کە بە دانپێنانی دۆستو دوژمنان، کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، خاڵی وەچەرخانو حەرەکەتێکی بەهێزو پێشکەوتووانەی روو لە پێشی حیزبی دێموکرات بوو کە ڕێبەرایەتیی جوولاَنەوەی مافخوازانەو ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ حیزبە خۆشەویستەکەمان مسۆگەرترو جێگەو پێگەی لە نێو دڵی کۆمەلاَنی خەڵکدا پتەوترو قایمتر کردو ترسو دڵەخورپەی خستە دڵ نەیارانو دوژمنانی حیزبو نەتەوەکەمانەوە.
پێویستی‌یەکی مێژویی بۆ پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانەو رەچاو کردنی سیاسەتی نوێی تەشکیلاتی‌و موبارزاتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە نەتەوەیی‌یەکان لە حیزبدا هاتبووە ئاراوەو رەنگە جێبەجێ‌کردنی ئەو کارەش هەندێك وەدرەنگ کەوتووبێ‌و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەڕێوەچوونی ئەو ئەرکەو نوێ‌کردنەوەی حیزب هەندێك گرفت خۆیان نواند کە دواتر باسیان دەکەینو لەنێو حیزبیشدا هەبوون کەسانێك کە یان پێویستیی گۆڕانیان دەرك پێ نەدەکرد یان دژی بوون. حیزبی سەربەرزی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە دامەزرێنەر، داڕێژەر، مێعمارو کۆڵەکەی خەباتو بنەڕەتیی هزرو باوەڕەکانی، هزرو ئەندێشەی ڕێبەرانی شەهید، پێشەوا، د.قاسملوو، د. شەرەفکەندی‌یەو پرەنسیپو ڕێساو مەشخەڵی دواڕۆژی خەباتی لە ئەندێشەی ئەو کەڵە هزرمەندانەوە سەرچاوەی گرتووە ، بەلێکدانەوەو لێ ورد بوونەوە لە قۆناخی ئێستای خەباتو تێکۆشانی ئازادی‌خوازانەی حیزبو

نەتەوەکەمانو بە هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخی ناوچەو جیهان، بە بەراورد کردنی ئەو دەسکەوتو هەزینەگەلە کە لە ڕێی بەڕێوەچوونی ئەم پێویستی‌یە مێژوویی‌یە دەیبێ، بڕیاری خۆ نوێ‌کردنەوەو گۆڕانو خۆ تەیار کردنی بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەرکەکانی داهاتووی سەر ڕێگای بزاڤی رزگاری‌خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بەو روانینەوە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی گرتو بڕیاری مێژوویی خۆی دا.

لە رەوتی بەرێوەچوونی کونفرانسەکانی پێش کۆنگرەدا کە هەموو میکانیزمەکان زۆرایەتی ئەو کاتو کەمایەتی ئیستا دیاریی کردبوون، نوێنەرانی کۆنگرە دیاری کران، دەرکەوت کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزب لەگەڵ رەوتی ئاڵوگۆڕ لە نێو حیزب دان. ئەمەش لەگەڵ ویستو ئاواتی بەشێکی کەم لە کادرو ئەندامانی ڕێبەرایەتی نەدەهاتەوە هەر بۆیە بەداخەوە دەستیان بە کارشکێنی لە کاری هیندێك لە کۆنفرانسەکاندا کرد. بەلاَم بەو حاڵەشەوە کۆنفرانسەکان رەوتی ئاسایی خۆیان پێواو لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەدا لە سەر مەشرووع بوون یان نەبوونی کۆنگرە لە بەشداران دەنگ وەرگیرا کە بەشداران بە تێکڕا بە مەشرووعییەتی کۆنگرە دەنگیان داو بەم چەشنە کۆنگرەی سێزدە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لە درێژەی کاری کۆنگرەدا کەمینەیەك لە ئەندامانی کۆنگرە کە بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و گرووپیی خۆیان بە سەر بەرژەوەندی‌یە گشتی‌و نەتەوەیی‌یەکاندا تەرجیح دەدا، هەوڵی کارشکێنیان دەست پێ‌کردو پێشگیریان لە خۆکاندیدا کردنی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆنگرە دەکرد، بەلاَم بە خۆشیەوە سەرئەنجام کۆنگرە بە هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەریی حیزب سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. ئەو کەمینەیە کە باسمان کرد ، پاش کۆتایی کۆنگرەش، دەستیان لە کارشکێنی هەڵنەگرتو هەر بۆیەش لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەوە بەشێکی کەم لە کادرو ئەندامانی حیزب لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەدا بەشداری‌یان نەکرد کە ئەگەر فیلمی راپۆرتی کۆنگرەتان بینی‌بێ دیارە کە چ کەسانێکن کە لەو جێژنەدا بەشداریان نەکردووە دوای نەهاتنیان

بۆ جێژنی کۆنگرە، لە تەقسیمی کارو وەئەستۆ گرتنی ئەرکە حیزبییەکانیش لەگەڵ ئەوەی کە کاری شیاویان پێ پێشنیار کرابوو بەلاَم دیسان کەندو کۆسپیان دروست دەکردو ئەرکیان وە ئەستۆ نەدەگرت لە بەر ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان رێبەرایەتی حیزب نەتوانێ ئەرکەکانی راپەڕێنێ و دوچاری شکست بێ ئەودەم بەناچار دەستەو داوێنی ئەوان بێ کارەکانی حیزبیان بۆ بەڕێوە بەرن!!

لە قۆناغی دوایی‌دا کە زانیان رێبەرایەتی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی قوڵی هیممەتی لێ هەڵماڵیوەو بە ورەو بەهێز بە سەر کەندو کۆسپەکاندا سەر دەکەوێ لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا دانەماوە، بەڵکو زۆر وشیارانەو بە دەسکەوتی زۆر بەنرخەوە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانە، ئەمجار دەستیان دایە بلاَوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاستو بردنە دەرەوەی باسەکانی نێوخۆی حیزبو پەنا بردنە بەر زۆر لایەنی دەرەکی کە ساڵی ١٣٨٤ لە نزیکەی پلینۆمی پێنجەمی کومیتەی ناوەندیدا کێشەیەکی درۆیی‌و قەیرانێکی دەسکردو "کازب"یان بۆ حیزب دروست کرد کە رەنگە کەم یا زۆر لەو رووداوانە ئاگادار بن کە لەو قۆناغەشدا بە دڵفراوانی‌و بە هەست بە بەرپرسیاریەتیی مێژوویی‌یەوە، حیزبی دێموکرات گرفتەکانی چارەسەر کردو بەرەو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی کە لە کۆنگرەی سێزدەدا بەڵێنی دابوو، هەنگاوی شێلگیرانەی هەڵهێنایەوە. پاش ئەم پلینۆمەش دەستیان لە کارشکێنی‌و قەیرانسازکردن هەڵنەگرتو لە رێکەوتی ١٣٨٥/٥/٧دا نامەیەکی ٢٠ خاڵی‌یان بەناوی ئوپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبەوە ئاراستەی سکرتێرو زۆرایەتی حیزب کرد. پێش لە چوونە نێو وردکردنەوەی ئەو نامەیە، پێویستە بگوترێ کە تا پێش ئاراستەکردنی ئەو نامەیە، حیزبی دێموکرات لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانو کارەکاندا سەرکەوتووانەو بەورەو هێزی تەواوەوە بەرەو پێش دەچوو و تەنیا رەنگە هەندێك گرفتی چکۆلەی ئیجرایی کە لە هەموو کارکردنێکدا دێتە پێش نەبێ، گرفتێکی ئەوتۆی نەبوو و دوایە باسی دەکەین کە حیزب لە قۆناغێکی پڕ کارو چالاکی‌و تێکۆشانی خۆیدا بوو و هەیەو ئەو نامەیە

لە راستیدا بۆ دروستکردنی قەیران‌و کێشەی دەستکرد ئاراستە کرا. نامەکە دوو بەشە، یەکەم پێشەکی‌یەك کە لەوێ دا باسی لە گیروگرفت لە نێو حیزبدا کردوەو لە بەشی دووهەمدا بە روانینی ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب، رێگای چارەسەری کێشەکانیان باس کردوە. بەلاَم هەر لە سەرەتاوە لە پێشەکی نامەکەدا بە شێوەیەکی نامەسئوولانەو بە چەواشەکردنی راستی‌یەکان‌و هەوڵی ئاگراندیسمان‌و دیماگۆژی‌یەوە باس لە بارودۆخی حیزبی کراوە. لە رستەی یەکەمدا دەڵێ: "حیزبەکەمان دوچاری وەزعێك بووە کە تەنیا دوژمنانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن!!"

ئەو نامەیە لە ٧ی گەلاوێژی ٨٥ دا ئاراستە کراوە، با لە پێش دا بزانین حیزبەکەمان لەو ڕۆژانەدا پێش لە نووسینی نامەکە لە چ وەزعێکدا بووە . هەرچەند رۆژ پێش ئەو نامەیە لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥دا خەڵکی کوردستانی ئێران چ لە نێوخۆی ولاَت‌و چ لە دەرەوەی ولاَت حەماسەیان خولْقاند. هەروەك خۆتان ئاگادارن بە داواکاریی حیزبی دێموکرات‌و رێکخستن‌و هەوڵ‌و چالاکیی حیزبی دێموکرات، لە دەرەوەی ولاَت چەندین رێپێوان‌و خۆپێشاندان لە چەندین ولاَتی جوراوجۆر وەك فەنلاندو نورویژو... لە یادی رێبەری مەزن دوکتور قاسملووی نەمردا بۆ نیشاندانی نەفرەت لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو و گەورەترینی ئەو رێپێوانانە لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕو لە ولاَتی ئۆتریش بەڕێوە چوو کە لەوێدا بە سەدان کەس لە خەباتکاران‌و کوردانی ئازادیخواز لە ڤیەن پایتەختی ئۆتریش کۆبوونەوەو خۆپێشاندنیان کردو چوونە بەردەم پارلمانی ئۆتریش‌و داوای وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیان کرد. هەر لەو رۆژەدا لە کوردستانی ئێرانیش بە ریبەریی‌و رێکخستن‌و داواکاری حیزبی دێموکرات، بە هەوڵ‌و خەبات‌و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی ولاَت، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دووکان‌و بازاڕیان داخست. کارمەندان نەڕۆیشتنە سەر کارو لە شەوەکەشدا بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی ڤیەن، ٣ دەقیقە چرای

ماڵەکانیان کوژاندەوە. ئەوە وەزعی تەشکیلاتیو سازماندەهی حیزبی دێموکرات بوو لەو سەرو بەندە کە ئەو نامەیە ئاراستە کرا. نزیك بە مانگێك پێش لەو نامەیەش بوو کە کاناڵی تلویزیۆنی تیشك دەستی بە پەخشی ئەزموونیی خۆی کردبوو و بۆ هەمووان روونە کە ئەو کاناڵە تلویزیۆنیە دەتوانێ لە سەر خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان چ کاریگەرییەکی هەبێو دەزانن کە حیزبە خۆشەویستەکەمان چ هەوڵو تەقەلایەکی دا هەتا توانی ئەو کاناڵە وەڕێ بخاو چۆن دوژمنانی گەلەکەمان کۆسپیان دەخستە سەر ڕێی بۆ ئەوەی دەنگو رەنگی تیشك کپ بکەن. بەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتە مەزنەو هەڵهێنانی ئەو هەنگاوە گەورە، شانازییەکی مێژووییییە بۆ حیزبە دێموکراتو سەربەرزەکەمان. ئەوەش وەزعی راگەیاندنی حیزب بوو لەو رۆژانەدا کە ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب ئەو نامەیان دەنووسی!!

هەر چەند رۆژ پێش لە نووسینی ئەو نامە ٢٠ خاڵییە بوو کە بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە سەفەری سەرکەوتووانەو پڕ دەسکەوتی بۆ دەرەوەی ولاَت گەڕابۆوە کە ئاکامی ئەو سەفەرەتان کەم تا کورتێك بیستووە کە چۆن لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیو ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانیدا بەوپەڕی گرینگییەوە وەرگیراو هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتو سکرتێری حیزب بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران ببرێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانیو ناوچەییەوە دەیزاننو لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی رۆژئاواییو ئەمریکاییو کۆبوونەوە لە سەناو کۆنگرێسی ئەمریکاو پارلمانی فەرانسە ئاگادارن. لە سەروبەندی ئەو هەوڵە دیپلۆماتیکە سەرکەوتوو پڕ دەسکەوتانە بۆ نەتەوەکەماندا بوو کە ئەو چەند کەسە نامەیەکیان دەنووسیو تێیدا نووسیویانە حیزبەکەمان دوچاری وەزعێك بووە کە دوژمنانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن!!!

لە دوای ئەوەو لە درێژەی پێشەکییەکەدا ئەدەبیاتو گوفتمانێك بەکار دەبەن کە ئەدەبیاتی باو لە نێو حیزبی دێموکرات نەبووەو بەوپەڕی داخو پەژارەوە ئەو چەند کەسە تاوانو گوناحی وا درۆو

دەسکرد دەدەنە پاڵ رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە کە لە مێژوودا رەنگە نموونەی نەبێو دووپات نەبێتەوە.

## خاڵەکان:

١ـ لە خاڵی یەکەم دا کە باس لە ١٠ ساڵی ڕابردوو و بە رەسمی ناسینی ئوپۆزیسیۆن دەکاو داوا دەکا لە گەڵی بکەونە وتووێژ :

لە پێشدا دەبێ بزانین کە لە نێو حیزبێکی شۆڕشگێڕدا کە خەریکی بەڕێوەبردنی خەباتێکی سەختو دژوارو رێبەریی جووڵانەوەیەکی مافخوازانە دەکا، ئوپۆزیسیۆن هیچ مانایەك نابەخشێ. ئوپۆزیسیۆن یانی دژو رکەبەر. دژو رکەبەری حیزبی دێموکرات دەتوانێ کێ بێ؟!؟ تەنانەت ئەگەر بە تەساموحەوە ئەو شتە وەر بگیرێ، لەو کەسانەدا کە ئەو نامەیان ئیمزا کردوەو پشتیوانیان کردوە کەسانێك هەن کە ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامی رێبەریی حیزب، بەرپرسی کومیسیۆنێکی حیزب، بەرپرسی ئۆرگان، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئورگانو...، ئایا ئەوانە کە خۆیان لە بڕیاردانو بەڕێوەبەرییەکەدا بەشدارن، دەتوانن ئوپۆزیسیۆن بن؟!؟!

لە ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتدا باسکردن لە ئوپۆزیسیۆنو بە رەسمی ناسینی، هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوەو ئەو داواکارییە داوایەکی دژ بە ئەساسنامەیە ئەوەش کە دەڵێ هەروەك لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا رەفتار کراوە، ئەوەش رستەیەکی سەرتاپا چەواشەکارانەیە، چونکە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هیچکات نەبووە کە بوونی ئوپۆزیسیۆن بە رەسمی بناسرێ. بوونی ئەو شتە بە رەسمی یانی دابەشکردنو بە رەسمی ناسینی ئینشعاب لە حیزبی دێموکرات دا. هەر بە پێی ئەم بەندە، ئەوانەی کە ئیمزای ئەو نامەیان کردووە داوای بە رەسمی لەتکردنی حیزبی دێموکرات دەکەن.

خاڵی دووهەم: دەڵێ بڕیارێك لە کۆنگرەی ١٢دا پەسند کراوەو کۆنگرەی ١٣ش پەسندی کردۆتەوە لە بارەی ئازادیی بیرورا دەربڕین لە کۆبوونەوەکانی حیزبیو ئۆرگانی نێوخۆییدا بە وردی جێبەجێ بکەن،

ڕێگا بە هەموو کەس بدرێ لە نێوخۆی حیزبدا هەر نەزەرێکی هەیە دەری بڕێ...

چەواشەکاریو ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستی‌یەکان لێرەشدا بەردەوامە. لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەوە بۆ یەکەم جار نیەو یان تەنیا لە دوای کۆنگرەی ١٢ـەوە، لە نێو حیزبدا ئازادی ڕادەربڕین هەبووبێ؟!! ئەوە تەوهینێکی گەورە بە ڕابردووی خەباتو تێکۆشانی حیزبە کە دەڵێ لە دوای کۆنگرەی ١٢ـەوە بڕیاری ئازادی ڕادەربڕین لە نێو حیزبدا درابێ!! یانی ئەو هەموو هەوڵو خەباتەی حیزبی دێموکراتو بە تایبەتی ڕێبەری بلیمەتو شەهید دوکتور قاسملووی نەمر بۆ ئەوەی کە حیزب بەڕاستی حیزبێکی دێموکرات بێ، ئەوانە لە بیر چوونەتەوە؟! ئایا دوکتور قاسملووی نەمر لە خۆڕا بە مامۆستای دێموکراسی ناسراوە؟! بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو هاوڕێیانەو بۆ زانیاری زیاتری کەسانێك کە ڕەنگە شارەزا نەبن، ئەوە پرەنسیپێکی سەرەکیی حیزبی دێموکراتەو مافو ئەرکێکی ئەساسنامەیی حیزبە کە ئەندامی حیزبی لە دەرەوەی حیزب دەبێ تەبلیغ بۆ سیاسەتەکانی حیزب بکاو مافی ئەوەی هەیە کە لە نێوخۆی حیزبدا لە هەر ئۆرگانێك ڕەخنە بگرێ. لە پێناو دابینکردنو سەقامگیر کردنی ئەو پرەنسیپەدا هەوڵی زۆر، خەباتێکی چڕوپڕ بەڕێوە چووەو هەزینەی زۆری لە مێژووی تێکۆشانی حیزبدا بۆ دراوەو هەر بۆیەشە کە حیزبی دێموکرات لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئەسڵو پرەنسیپە دێموکراتیکەکانەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلا َتی نێوەڕاست دایە.

هەوڵێکی زۆر لە لایەن حیزبەوە دراوەو چەندین جارو بە چەندین شێوە بەو بەشە لە ئەندامانی حیزب وتراوەو داوایان لێ کراوە کە پرەنسیپەکانی حیزب بپارێزن، لە نێو حیزبدا هەروا کە لە هەموو کۆبوونەوەو ئۆرگانێکدا باسو ویستەکانی خۆتان دێننە ئاراوە نهێنی‌یەکانی حیزبو پرەنسیپەکان بپارێزنو شتەکان نەبەنە دەرەوەی حیزبو بۆ لای لایەنی دیکەی مەبەن، بەلا َم بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەیان پاراستووەو بەوپەڕی بێ مەسئوولیەتی‌یەوە

دەجووڵێنەوە. لە چەندین دانیشتندا پێیان وتراوە کە شتەکانی حیزبی مەبەنە دەرەوەو پەنا بۆ لایەنی دەرەکی مەبەن بەڵام وەڵامی ئەوانە چی بووە؟!

ڕۆژی ١٤ی خەرمانان بەڕێزان: حەسەن ڕەستگارو عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کۆبوونەوەیەکیان لە یەکێك لە کەمپەکانی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوە بردو لەوێدا وەڵامی هەندێ شتیان دایەوە کە نیەتو ویستی راستەقینەی خۆیانیان تێدا باس کرد. لە سەر ئەو داوایەی حیزب کە پەنا بۆ لایەنی دەرەکی مەبەن، هەردووکیان وەڵامیان ئەوە بوو کە شانازیی بەوە دەکەن کە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکەیان، پەنایان بەر حیزبەکانی کوردستانی عێراق بردووە!! هەر لەو بارەوەو لەو پێناوە کە لە ساڵانی پێش کۆنگرەی ١٣دا چۆن کەسانێك هەوڵی کەمڕەنگ کردنی پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزبیان دەداو بەرەو کپ کردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان دەڕۆیشتن‌و... شتی وا زۆرن کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییدا جارێ کاتی باس کردنیان نەهاتووەو دەمێننەوە بۆ مێژوو.

٤ـ لە خاڵی چوارەم دایە کە دەچنە سەر ئەسڵی مەبەستی خۆیان کە بە وردی باسی لێ دەکەین. لەو خاڵە لە پێشدا دەڵێن لە دوو ساڵی رابردوودا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراون‌و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە.... ئەم قسانەیان ئەوەندە ناڕاستە کە ئەندامێکی حیزبی کە لە نیزیکەوە لە شتەکان ئاگادار بێ تووشی سەرسووڕمان دێ کە بۆ تا ئەو رادەیە چەواشەکاری دەکرێ. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی ١٣ـەوە زیندان‌و بەندیخانەی نەماوە تا کەس بخرێتە بەندیخانەوە!! کەسانێکیش کە گیراون‌و بۆ ماوەی چەند رۆژێك ڕاگیرابن، کەسانێك بوون کە نێردراوی رێژیم بۆ نێو ریزەکانی حیزب بوون کە خۆیان دانیان بە نفووزی بوونی خۆیاندا ناوەو دوای ئێعترافی خۆیان بەردراون‌و بەرەو باوەشی رێژیمەکەیان گەڕاونەتەوە. ئایا ئەو کەسانەن کە ئەو بەشە لە کادرو ئەندامانی حیزب، فرمێسکیان

بۆ هەڵ دەڕێژن؟! لە سەر ئەو شتەش قسە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا کراو لە شوێنی خۆیدا دەچینە سەری‌و باسی دەکەین‌و وەلاَمەکەشیان باس دەکەین.

بەلاَم گرینگترین شت کە لەو خاڵەدا باسی دەکەن‌و دوایە لە خاڵەکانی دیکەشدا ڕەنگ دەداتەوەو مەبەستی سەرەکیی ئەو کەمینە لە کادرو ئەندامانی حیزبە ئەوەیە کە دەڵێن ...:

داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە رابگیرێن‌و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاَحیەتی وەك یەکەوە لە جەناحی دەسەلاَتبەدەست‌و ئوپۆزیسیۆن پێکبێ کە بە هەموویاندا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی هەڵیوەشێنێتەوە". ئەوەی کە داوای سەرەکیی‌یانەو لێرەدا بە روونی باسی لێ دەکەن‌و دوایەش لە خاڵەکانی دیکەدا دەیهێننەوە گۆڕێ ئەمەیە: پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاَحیەتی وەك یەکەوە کە بە هەموو بڕیارەکاندا بچێتەوە. ئەو شێوە هەیئەتە کە لەوێدا نیوەی بۆ لایەك‌و نیوەی بۆ لایەکی دیکە بێ، مەسەلەن هەیئەتێکی ٦ کەسی کە ٣ کەسیان لە لایەن ئەو کەمینەوە دیاری بکرێ‌و ٣ کەسی دیکەش ڕێبەرایەتیی حیزب دیاری بکاو ئەم هەیئەتە کە بەو شێوازەش کە لە خاڵەکانی دیکەدا دەچینە سەری، دەبێ بە سەر هەموو کاروبارەکانی حیزبدا بچێتەوەو بە کورتی ئەو شوورا یان هەیئەتە کە نیوەی دەبێ بەر کەمینە بکەوێ !! بڕیاردەری سەرەکی‌و یاسادانەرو هەمەکارەی حیزب بێ‌و لە سەرووی هەموو یاسایەکەوە بێ‌و هەر یاساو پرەنسیپێکی حیزبیی بە دڵی نەبوو هەڵیوەشێنێتەوەو.... ببێ بە دەسەلاَتی رەها لە نێو حیزبدا

ئەو داواکاریەی ئەوانە لەگەڵ ئەساسنامەی حیزب، لەگەڵ یاساو پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب، لەگەڵ رەوتی خەباتی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ ئاوات‌و ئارمانەکانی حیزب‌و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا بە تەواوی دژەو هەموو بەهاو ئەرزشەکانی حیزبی کە خوێنی هەزاران شەهیدی لە پێناودا دراوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە.ئەم شێوە هەیئەتە کە لە خاڵەکانی ٤،٥،٦،٨،٩،١٠،١١،١٥ و ١٧ دا باسی

لێوە کراوەو بە پێی ئەو خاڵانە دەسەڵاتی ڕەهای بۆ داوا کراوە لە چەندین بارەوە دژ بە ئامانجەکانی حیزبە:

**یەکەم:** هەروەك ئامازەیەکی کورتمان لە پێشەکیدا پێدا لە بەرامبەر ڕەوتی نوێکردنەوەو ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە نێو حیزبدا کەسانێك هەبوون کە بە شێوەیەکی دیکە بیریان دەکردەوەو دەیانەویست حیزب بەرەو شوێنێکی دیکە ببەنو گەڵاڵەیەکیان هێنا بۆ لابردنی هەڵبژاردن لە نێو حیزبداو دێموکراسیان پێ تەحەموول نەدەکرا. لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبدا ئەو جۆرە کەسانە کەوتنە ئەقەلییەتەوەو کۆنگرەی حیزب بە خۆشییەوە پێی لە سەر پتەوکردنی دێموکراسی لە نێو حیزبدا داگرت، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە، وازیان نەهێناو دەنگی ئەندامانی حیزبیان بەلاوە گرینگ نەبوو و داوایان دەکرد کە ئەوان بەڕێوەبەری حیزب بنو لەو نامەیەشدا بە پێی ئەو خاڵانە، هاتووە کە چەندە دژە دێموکراتیکنو داوای پێکهێنانی هەیئەتێکی بە تەواوی نادێموکراتیك دەکەن. کە ئەوەیان لەگەڵ باس کرا کە ئەم شتەی ئێوە باسی لێوە دەکەن دژ بە دێموکراسییە، لە کۆبوونەوەی ١٤ خەرمانانـدا کە پێشتر ئامازەمان پێدا لەوێدا وەڵامیان دایەوەو قسەکەشیان بە بەڵگەی مێژوویی هەیەو دەمێنێتەوە کە وتیان: "ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژینو دێموکراسی شتێکی ڕۆژئاوایییەو فرچکمان بە دێموکراسییەوە نەگرتووە. بۆیە پێویست ناکا کە زۆریش ڕەچاوی دێموکراسی بکەی !!".

**دووهەم:** ئەو هەیئەتە کە دەڵێن هاوبەشو بە سەڵاحییەتی وەك یەکەوە بێ، دابەشکردنی عەمەلیی حیزبە بە سەر دوو بەشداو داوای "فیفتی بە فیفتی" کردنە کە ئەزموونەکەیان لە دەرەوەی حیزب وەرگرتوەو دیارەو هەموو کەس دەزانێ تا چەند سەرکەوتوو دەبێ!

**سێهەم:** ئەو هەیئەتە بەو شێوە، لە ژێر پێنانی ئەساسنامەو ئاییننامەکانی حیزبو بێدەسەڵات کردنیەتی .

**چوارەم:** هەوڵو خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دابمەزرێو هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بنو کەس سەرووەری یاسا نەبێو ئۆرگانی نادێموکراتیکو

ئینتسابی لە کۆمەڵگادا، بوونی نەبێ. بەلاَم بەداخەوە ئەو هاوڕێیانە داوای پێکهێنانی ئەو شێوە هەیئەتە دەکەن کە لە سەرەوەی یاساوە بێ، هەڵبژێردراوی دەنگی ئەندامانی حیزب نەبێ، فیفتی بە فیفتی بێو ئینتسابی بێو هەرکات بە کەیفی بوو هەر یاسایەك هەڵوەشێنێتەوە، بەکورتی حیزبی دێموکرات ببێ بە دیوەخانی سەرۆك عەشیرەتەکان کە دوو یا چەند سەرۆك عەشیرەو ریشسپی بڕیاردەر بنو بە هەر شێوەیەك ویستیان لەگەڵ ئەندامان رەفتار بکەن، ئیدی ٦١ ساڵ خەبات لە پێناو دابینبوونی دێموکراسیو ئازادیو خەباتی نوێو سەردەمیانەی حیزب بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگاو دەرباز کردنی کۆمەڵگا لە پێوەندییە دواکەوتووەکان چ مانایەکی هەیە؟! ئایا بەڕای ئەو چەند کادرو ئەندامە چی دیکە پێویست بەوە ناکا حیزب لەو پێناوەدا خەبات بکاو چونکە ئەوان دەنگی خەڵکیان لە گەڵ نیە، دەبێ حیزب بۆ پاراستنی مەسڵەحەتو بەرژەوەندی ئەوان، ببێ بە دیوەخانی چەند ریشسپییەك؟!!؟! بۆ درێژە نەکێشانی باسەکە، بە وردی ناڕۆینە سەر باسی ئەو چەند خاڵە کە هەموو سەلاَحییەتو ئەرکەکان لە ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی حیزبەوە دەگێڕنەوە بۆ ئەو هەیئەتە .

شایانی باسە کە لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ١٤ی خەرمانان لە لایەن کاك حەسەن رەستگارو مامۆستا عەبدوڵلاَ حەسەنزادەوە بەڕێوە چوو، لە سەر پێکهێنانی ئەو هەیئەتانە، شتێکی زۆر سەیریان وت کە رەنگە کەس بڕوای پێ نەکاو هەموو کەس کە ئەوەیان بیست سەریان سووڕ ما کە چۆن دەکرێ ئەمانە رای ئاوایان هەبێ؟ ئەویش ئەوە بوو کە وتیان: "جا پێکهێنانی ئەو هەیئەتە خراپی چیە؟ ئێمە پێویستە بۆ پاراستنی مەسڵەحەتەکان شتی وا پێکبێنین. هەموو کەس مەسڵەحەتی لە بەرچاوە. ئەوە نیە لە ئێرانیشدا شوورایەکی دەرەوەی یاسا بەناو شوورای تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام هەیە."!!! ئەم قسەیە پێویست بە هیچ روونکردنەوەیەکی زیادی ناکاو دڵنیا بن کە بەڵگەی ئەو شتە، بە دەنگی خۆیان هەیە.

٧ـ خاڵی حەوتەم باس لە بێلوتفیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکیەتیی ژنانو لاوان دەکاو دەڵێ کە دەست لە کارشکێنیو دەستتێوەردانی کاروباری یەکیەتیی لاوان هەڵبگیرێ.

شتەکانی ئەو هاوڕێیانە زۆر سەیرو جێگای سەرسووڕمانە! دوو ڕێکخراوی تایبەت بە دوو توێژ لە کۆمەڵگادا کە حیزب باوەڕی قووڵی بە خەباتو چالاکیی ئەو دوو توێژە هەیەو خۆی، بۆ ڕێکخستنی خەباتی ئەو دوو توێژە، ڕێکخراوی تایبەتی بۆ دامەزراندوون، چۆن بێلوتفیان لەگەڵ دەکا؟! لەگەڵ کامە مەنتێق دەگونجێ کە حیزب بێلوتفی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خۆی بکا!!؟! لە دوایەشدا دەڵێن کە دەست لە کارشکێنیو دەستتێوەردان لە کاروباری لاوان، هەڵبگیرێ. بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو شتانەی کە ئەو هاوڕێیانە ئاوا ئاوەژوو نیشانی دەدەن پێویستە لە سەر کاری یەکیەتیی لاوان، ڕوونکردنەوەیەکی کورت بکەینو خۆ لە باسی قووڵو دوورو درێژ ببوێرین کە ڕەنگە پێویست نەکا لە بەر مەسڵەحەتی حیزبی هەندێ شت باس بکرێ.

بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە مانگی خەرماناندا کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبەریی گشتییان گرت بۆ باس لە کارو چالاکییەکانی لاوانو دەستنیشان کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکان. لە ڕەوتی کۆبوونەوەکەدا کە هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆیشتە پێشو کەموکووڕییەکان دەردەکەوتنو وردە وردە هەندێ شت دەرکەوتن کە بەرپرسی لاوانو چەند کەسێکی نزیك بە ئەو، لە کاروبارەکاندا کەندو کۆسپیان پێکهێناوەو لە چەند شوێنێکدا، بەبێ ئاگاداریی بەڕێوەبەریی لاوان کاری وایان کردوە کە دوایە گرفتو موشکیلی بۆ کاروبارەکانی لاوان دروست کردوە، کە زیاتر لەو گرفتانە لێکۆڵینەوەیان کردو لێی ورد بوونەوە، دەرکەوت کە بەرپرسی لاوان بە ڕێنوێنیی کەسانێك لەوانەی ئەو ٢٠ خاڵەیان ئیمزا کردوەو لەڕاستیدا بە دەستتێوەردانی ئەو کەمینەیەی کادرو ئەندامانی حیزبی، گێرەو کێشە لە ڕەوتی کارەکانی لاواندا پێکهاتوە، هەموو ئەو کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی لاوان، زەبت کراوەو وەك بەڵگەیەك هەیەو پارێزراوە. دوای ئەو کۆبوونەوەش بە ڕێنوێنیی کەمینەو بە دەستی

راستەوخۆی بەرپرسی لاوانو بە تەوسیەی کەمینە، لە دەرەوەی ولاَت کۆبوونەوەیەکی نایاسایی لە چەند کەسێکی مەحدوود لە ئەندامانی لاوان لە نورویژ گیراو بەوپەڕی نامەسئوولییەتی‌یەوە ناویان نا کونفرانسی گشتیی لاوانو لە راستی‌دا بە کردەوە هەنگاوی ئینشعابیان لە نێو لاواندا هەڵگرت . بەڵگەو سەنەدی تایبەت بەو شێوەکارانەی کەمینە بە مەبەستی لەتکردنی حیزبو رێکخراوەکانی، هەمووی بۆ مێژوو پارێزراون.

٩ـ لە خاڵی نۆهەمدا کە باسی تلویزیۆن دەکا دووبارە دەستیان داوەتە چەواشەکاری. شایانی باسە کە لە رەوتی دەسبەکاربوونی تلویزیۆنی تیشکدا گرفتی وا سەیرو سەمەرە پێشهاتو لەلایەن کەسانێکەوە لەو کەمینەیە کارشکێنی لە کاری تلویزیۆندا کرا کە لەبەر مەسڵەحەتی حیزبی پێویست ناکا زیاتر لەوە روون بکرێتەوە.

١٢ـ لە خاڵی دوازدەهەمدا دەڵێ کە زۆر کادری بەوەجو ئەندامانی کادری رێبەریی پێشوو، یان بێکارن یان کاری شیاویان نیەو گوایە رێزیان ناپارێزرێ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات شانازیی بە خەباتو تێکۆشانی رابردووی خۆیو پاراستنی رێزو حورمەتی کەسایەتی‌یەکانی دەکا، جێگای شكو گومان نیەو ئەو قسەیەش وەك زۆر لە قسەکانی دیکەیان بوختانو تۆمەتە. ئەوەش کە دەڵێن کەسانێك کاری شیاویان نیە، ئەوەش زۆر ناڕاستەو بەپێچەوانەوە هەروەك پێشتر باس کرا، لە جەریانی تەقسیمی کارو وەئەستۆگرتنی ئەرکەکاندا ئەوانە خۆیان بۆ ئەوەی رێبەریی حیزب لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا تووشی شکست ببێ، کاریان قبووڵ نەدەکردو ئەرکیان وەئەستۆ نەدەگرت. نموونە بۆ ئەوە زۆرن کە پێشنیاری کاریان پێ‌کراو قبووڵیان نەدەکرد. خۆیان لە کارەکان دەبوارد، ئەرکیان وەئەستۆ نەدەگرتو ئێستاش رێبەریی حیزب تۆمەتبار دەکەن کە کاریان پێ‌نەدراوە!! زۆر سەیرو جالبە! نییەتی پشتی ئەو هەڵوێستانە دەبێ چی بێ؟!!؟

١٣ـ خاڵی سێزدەهەمیشیان وشە بە وشەی درۆو چەواشەکاریو عەوامفەریبی‌یەو هیچی دیکە، چونکە ئاییننامەی ئۆرگانەکانی حیزبی

کە پێش لە کۆنگرەی ١٣ هەبوون، هەروەك خۆیان ماونەتەوە. مەگەر ئۆرگانێك تازە دامەزرابێ یان کارێكو ئەرکێکی نوێ بۆ ئۆرگانێك دیاری کرابێ کە پێویستی بە ئاییننامەیەك هەبووبێ، ئیدی بۆ وا دەڵێن؟! دیار نیە!

١٤ـخاڵی چواردەهەم یەكێك لە جالبترینو سەیرترین خاڵەکانە. دەڵێ لە رێبەرایەتیی حیزبدا تەوازون نەماوە!! رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبە کە بەشێوەیەکی دێموکراتیكو بە دەنگی ئەندامانی کونگرە هەڵبژێردراون، ئەم خاڵەو ئەم داواکردنی تەوازونەش!! نیشانەیەکی دیکەی بێباوەڕییان بە دێموکراسیو هەڵبژاردنە.

دەڵێ: "بەشی شێر بۆ قوڵی دەسەلاَتبەدەست دانراوە." ئایا ئەندامەتیی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە رێبەریی جووڵاَنەوەیەکی رزگاریخوازانەو مافخوازانە دەکا، کە خەریکی خەباتو شۆڕشو قوربانیدانە، لە کاتێکدا بەشانازییەوە حیزبی دێموکرات هەردەم لە بەختکردنو دانی شەهید لە ریزی رێبەریی حیزبدا لە پێشەوەی حیزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان دایە، ئایا بوون بە ئەندامی رێبەری لەم حیزبەدا شانازیی مێژوویيو وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی پیرۆزو دژوارە یان بەڕای ئەو هاوڕێیانە کەلاکی قوربانییە کە دەڵێن بەشی شێر بۆ فلاَن دانراوە!! هەر لەو خاڵەو لە بەندی "أ" دەڵێ کە جێی خاڵیی کاك خالید عەزیزی لە کومیتەی ناوەندیدا بدرێ بە ئوپۆزیسیۆنو دیاریکردنی نەفەرەکە بەخۆی بسپێردرێ.

پێویستە بزانین کە لە کونگرەی سێزدەهەمی حیزبدا بڕیار درا کە بۆ بەڕێوەبردنی دوو پۆست لە دەرەوەی ولاَت، ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاری بکرێ. یانێ ئەوەی کە دوو پۆست لەو کارانە دەبێ بەرپرسەکانی وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاری بکرێن. لە کونگرەدا بڕیار درا کە ئەو دوو پۆستەو دیاریکردنی نەفەرەکان، سەلاحییەتەکەی بە کومیتەی ناوەندی بسپێردێ.

کومیتەی ناوەندیی حیزبیش لە پلینۆمی پێنجەمدا بڕیاری دا کە دوو پۆستی ١ـ بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی ولاَت و، ٢ـ بەرپرسی کومیتەی راگەیاندنی حیزب لە دەرەوەی ولاَت بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بسپێردرێ، کە بۆ بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب کاك شاهۆ حسینیو بۆ بەرپرسی راگەیاندن کاك خالید عەزیزی دیاری کران. پاش چەند مانگ کاك خالید عەزیزی حازر نەبوو کە ئەرکەکەی بەڕێوە بباو ئیستیعفای دا. چەند جار لە لایەن دەفتەری سیاسیيەوە داوای لێکرا ئیستیعفاکەی وەربگرێتەوە، قبوولّی نەکرد. پاشانیش سکرتێری گشتیی حیزب داوای لێکرد ئیستیعفاکەی وەربگرێتەوە بەلاَم دیسان قبوولّی نەکردو سەرئەنجام کومیتەی ناوەندی ئیستیعفاکەی لێ قبوولّ کرد. .ئێستا ئەم هاوڕێیانە دەڵێن جێی خاڵیی کاك خالید عەزیزی بدرێ بە ئوپۆزیسیۆن . پێویستە بگوترێ کە ئەوەڵەن ئەوە جێی خاڵیی کاك خالید نیەو کورسیيەکی ئیرسی نیەو هەروەك گوترا ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی بۆ ئەو بەرپرسایەتیەیە ئەگەر کەسێك لە دەرەوە لەو بەرپرسایەتیە نەما ئەرکەکە دەدرێ بە کەسی دیکە کە ئەو بەرپرسایەتیەی پێدەدرێ. ئەوە ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندیيە کە بە بڕیاری کۆنگرە، دیاریکردنی بە کومیتەی ناوەندی ئەسپێردراوە. ئەو هاوڕێیانە تەنانەت حازر نەبوون بڵێن دیاریکردنی کەسێك بۆ ئەو پۆستە، بەڵکوو وتوویانە "جێی خاڵیی کاك خالید" هەروەك بڵێی ئەو جێگایە تایبەت بە کاك خالید درووست کراوە کە بەداخەوە ئێستا جێگاکەی خاڵیيە!! دوایەش دەڵێن دیاریکردنی ئەو کەسە بەخۆی بسپێردرێ!

ئایا ئەمە بردنە ژێر پرسیاری سەلاحیيەتی کومیتەی ناوەندیو پێشێلکرانی پرەنسیپەکانی حیزبو بردنە ژێرپرسیاری کونگرە نیە؟! بەندی "ب" لە خاڵی چواردە دەڵێ جێگای چەند موشاویر کە بەتاڵە بە کەسانێك لە ئوپۆزیسیۆن پڕ بکرێتەوەو بۆخۆیان موشاویرەکان دیاری بکەن! یەکەم: وتمان کە ئوپۆزیسیۆن هیچ مانایەکی نیەو ئەو هاوڕێیانە چونکە بەشداری بڕیاراتی کومیتەی ناوەندیین ناتوانن ئوپۆزیسیۆن بن.

دووهەم: دیاریکردنی ئەندامانی موشاویری کومیتەی ناوەندی بەپێی ئەساسنامە، لە سەلاحییەتەکانی کومیتەی ناوەندییە. بۆ دەیانەوێ کومیتەی ناوەندی ببەنە ژێرپرسیار؟!

**سێهەم:** مەگەر دیاریکردنی موشاویری کومیتەی ناوەندی بۆ بەهێز کردنی کومیتەی ناوەندی نیەو لەو بوارەدا پێویست نیە کە کەسانی شایستەو لێهاتوو بۆ ئەو ئەرکە دیاری بکرێن؟! کەواتە ئایا بەڕای ئەوان لە حیزبی دێموکراتدا کەسی شایستەو لێهاتوو بوونی نیە مەگەر لەنێو ئەو کەسانەدا کە ئەو داوایەیان ئیمزا کردوە؟! ئەویش داواکارییەك کە پڕە لە دژایەتی لەگەڵ ئەساسنامەو یاساو پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب؟!! سەیرە کە لەو داواکارییەدا تەنانەت ئامادە نین هەڵبژاردنی یەك نەفەر موشاویریش بۆ بەقەوڵی خۆیان زۆرینە بهێڵنەوەو تازە ئامادەش نین کە کومیتەی ناوەندی هەڵیانبژێرێ بەڵکوو دەیانهەوێ بۆخۆشیان هەڵیانبژێرن، ئەمە دژایەتیی تەواوی لەگەڵ ئەساسنامەی حیزبدا هەیە چونکە سەلاحییەتی هەڵبژاردنی موشاویر تەنیا لە ئەستۆی کومیتەی ناوەندی دایە.

بەندی "ج" لە خاڵی چواردەهەم دەڵێ کە لە هەر ئۆرگانێك کە بەرپرسی لە زۆرینە بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ! یەکەم: ئەی بۆ نەیانگوتووە کە لە هەر ئۆرگانێکیش کە بەرپرسەکەی لە کەمینە بوو، جێگرەکەی لە زۆرایەتیی دیاری بکرێ؟!!! ئایا ئەمە ئەو مەسەلە نیە کە دەڵێ "بەشی خۆم بۆ خۆم، بەشی تۆش دەخۆم"!!
دووهەم: ئەو شێوە دابەشکردنەی حیزبو دوولەت کردنەی بە عەمەلیی حیزبو هەوڵی "فیفتی بە فیفتی" نەك قازانج بە حیزب ناگەیەنێ، بەڵکوو ئاکامەکەی خەڵك بەباشی لە ئەزموونی کوردستانی عێراق دەیزانێ کە چی لێدەکەوێتەوە.

١٥ـ لە خاڵی ١٥ بەروونیو بەئاشکرا داوا دەکەن کە دێموکراسی پێشێل بکرێو دەنگی ئەندامان وەبەرچاو نەگیرێ.

١٨ـ لە خاڵی هەژدەهەمیشدا کە باسی تەقسیمی کارو سازماندەهی دەکەن، دووبارە باسی "فیفتی فیفتی"یان هێناوەتەوەبەرباسو وەك

پێشـــتریش گوتمـــان، لـــە تەقســـیمی کـــاردا خۆیـــان لـــە وەئەســـتۆگرتنی ئەرکەکان دەبوارد.

١٩ـ خـاڵی نۆزدەهـەمیش دیـارە کـە هـیچ مەسـڵەحتێکی حیزبـی تێـدا رەچـاو نـەکراوە. چونکـە لـە رادیـۆو رۆژنامـەو تلویزیـۆنیی حیزبـدا دەبـێ سیاســـەتەکانی حیزبـــی دیمـــوکرات بـــلاَو بکرێنـــەوەو دەبـــێ دەنگـــی ئـــازادیخوازیو مـــافخوازیی نەتەوەکـــەمان بـــن، نـــەك بیروبۆچـــوونی جیناحیی‌یان تێدا بلاَو بکرێنەوە!!

٢٠ـ خاڵی بیستەمیش پڕە لە چەواشەکاریو عەوامفەریبی، کە لەبـەر مەسـڵەحتی حیزبـی، پێویسـت بـە روونکردنـەوەی زیـاتر ناکـا. ئەگـەر چاوێك لە تەرکیبی ئەو کەسانەش بکەین کە ئیمزایان کردوەو ناوەکان ریـز بکـەینو لێیـان ورد بینـەوە، زۆر شـت دەردەکـەون کـە ئـەو ئەرکـە بەخۆتان دەسپێرین. هەوڵـەکانی حیـزب بـۆ چارەسـەر کردنـی گرفتەکـە لـەدوای ئـەو نامەیـە کـە ئاراسـتەیان کـرد، بـۆ بـاسو لێکۆڵینـەوەو وردبوونەوەی زیـاتر لـە کێشـەو قەیرانـە کازبەکـە، رێبـەرایـەتیی حیزبـی دیموکرات بەوپەڕی دڵفراوانیو هەست بە بەرپرسایەتیی‌یەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانـە کەوتـە دانیشـتنو دانوسـتانو لەپێشـدا رەخنـەیان لێ‌گیـرا کـە بۆچی هەر لە سەرەتاوە شتەکەیان لە دەرەوەی حیزب بلاَو کردۆتـەوەو پەنایان بردۆتە بەر لایەنی دەرەکیو دوایە بە هێمنیو دڵفراوانیـەوە لـە چەنـدین دانیشـتنی بـەدوای یەکـدا بـە وردی لـە سـەر هـەموو شـتەکان لەگـەڵیان قسـە کـراو خـال بـە خـاڵو رسـتە بـە رسـتەی ئـەو نامـە ٢٠ خاڵیـەیان خرایـە بـەرباسو رەخنـە لـە هـەموو شـتەکانیان گیـرا. لایـەنی کەمینە هیچ وەلاَمێکی مەنتیقی‌یان بـە رێبـەرایـەتیی حیـزب نـەدایـەوە. لـە رەوتـی ئـەو دانیشـتنو دیالۆگانـەدا دەرکـەوت کـە ئـەوان تـەنیا لـە هەڵبژاردنو رێوشوێنە دیموکراتیکەکان نارەحەتن، لەگـەڵ نوێ‌کردنـەوەو ئاڵوگۆڕەکانـدا نـینو هـەروا کـە وتمـان داواکـاری ئـەوەن کـە حیـزب بـە شێوەی عەشایری بەڕێوە بچێ.

دوایە پێیان وترا کە ئەو شتانە دەبێ لە کومیتەی ناوەندی کە دوای کونگرە بەرزترین‌و خاوەن سەلاَحییەتترین ئۆرگانی حیزبە باس بکرێ‌و لەوێدا رێگاچارەیەك بۆ حەللی کێشەکان بدۆزرێتەوە.

هەر لە رەوتی ئەو دانیشتنانەدا زۆر شتی دیکە هاتە بەرباس. هەندێ رەفتارو قسە لە لایەن ئەو بەشە کەمینەیەی کادرو ئەندامانی حیزبی‌یەوە کرا کە بیستنیان مرۆڤ تووشی سەرسوورمان دەکا. بۆ وێنە یەکێك لە شتەکان ئەوە بوو کە بە نووسراوە، حیزب تەهدید بەوە کرا کە شکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێدەکرێ!!! میکانیزمی حیزب بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانلەو دانیشتنانەدا بۆ چارەسەریی گێرەو کێشەکان، لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبەوە، میکانیزمێك پێشنیار کرا کە لە ١٢ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمانە بوون:
١ـ کەمینەش پابەند بێ بە ئەساسنامەو بڕیاراتی کۆنگرەو ئاییننامە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب.
٢ـ کەمینە پابەند بێ بە ئوسووڵ‌و پرنسیپە دێموکراتی‌یەکانی حیزب‌و رێز دابنێ بۆ سەلاَحییەت‌و اختیاراتی کومیتەی ناوەندی.
٣ـ مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب بۆ لای لایەنی دیکە نەباو هەوڵ بۆ دەخاڵەت‌و دەستتێوەردانی لایەنی دیکە لە کاروباری نێوخۆی حیزب نەداو پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی لە بەرچاو بێ.
٤ـ مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب لە نێوخۆی حیزبدا بە راشکاوی باس بکەن بەلاَم لە ناردنی ئەو مەسەلانە بۆ سەر سایتەکان‌و هێنانەگۆڕیان لە راگەیەنە گشتی‌یەکاندا کە هیچ یارمەتی‌یەك بە چارەسەری گیروگرفتەکان ناکاو بگرە ئاڵۆزتریان دەکا، خۆ بپارێزێ‌و کۆتایی بەم کارە بێنێ کە لەو پێوەندی‌یەدا لە دوو ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەربلاَو‌و سنوورنەناس ئەنجامی داوە.
٥ـ لە نێوخۆی حیزبدا هەموو باسێك لە چوارچێوەی ئوسووڵدا ئەنجام بدەین، بەلاَم لە دەرەوەی حیزب کارو تەبلیغ بۆ حیزب بکەن.
٦ـ کۆتایی بە تەبلیغ بۆ کارنەکردن، کەمکاری کردن‌و کارشکێنی‌کردن

بێنێ چوونکە ئەو کارە لە دوو ساڵی رابردوودا زیانی زۆری بە حیزب گەیاندوە.

٧ـ کۆتایی بە هاندانی هاوڕێیان بۆ شکاندنو پشت گوێ خستنی بڕیاراتی حیزبو رێبەرایەتی بێنێ.

٨ـ تەحریمی کۆبوونەکانی حیزبی، رێورەسمەکانی حیزبو خۆپیشاندانەکانی دژی رێژیم کە لە لایەن کەمینەوە کراوە کۆتاییان پێبێ.

٩ـ پشتیوانیو پشتگیری لە خەتاکار، خیلافکارو کەسانی تاوانبار کۆتایی پێبێنن.

١٠ـ هاوڕێیانی کەمینە بەرنامەی خۆیان لە سەر ئەسڵی کارنەکردنو کارشکێنیکردن دانەنێن، بەڵکو کار قبووڵ بکەنو ئەرك وەئەستۆ بگرن.

١١ـ دڵسارد کردنەوەی کادرو پێشمەرگە کە زیانەکانی بۆ حیزب بەگشتی دەگەڕێتەوە کۆتایی پێبێنن.

١٢ـ هەوڵ نەدا بنکەو بونیادە دێموکراتیكو سینفییەکان تێکەڵ بە کێشە نێوخۆییەکانی حیزب بکاو لە دەخالەتو دەستتێوەردان لە کاروباری ئەو رێکخراوانە خۆ بپارێزێ.

ئەو هاوڕێیانە، ئەو میکانیزمەیان رەد کردۆتەوەو دەڵێن نامانەوێ سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندیش ببەینە ژێر پرسیار. بەلاَم کاتی پلینۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندی، چەند کەسێك لەوان کە ئەندامی کومیتەی ناوەندین حازر نەبوون کە لە پلینۆمدا بەشدار بنو وتیان بە مەرجێك بەشدار دەبین کە ئەو کێشەیە لە پلینۆمدا باس نەکرێ!! سەیرە ئەو هاوڕێیانە حازرن لە هەموو شوێنێك باسی ئەو کێشەیە بکەن، لە سایتەکاندا بلاَوی بکەنەوەو پەیتا پەیتا راگەیەندراو دەر بکەن، بەلاَم حازر نین لە کومیتەی ناوەندیدا باسی بکرێ!!! ئەوە لە حاڵێك دایە کە نامەکەشیان خەتاب بە سکرتێری گشتییو زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندییە. سەرەڕای بەشداری نەکردنیان لە پلینۆمدا، کومیتەی ناوەندی بە دڵفراوانیو هەست بە بەرپرسایەتییەوە لە کاتێکدا کە مافی ئەوەشی هەبوو هەر جۆرە سزایەك بۆ ئەوان کە دژ بە

پرەنسیپەکانی حیزب دەجووڵێنەوە دیاری بکا، تەنیا دەفتەری سیاسیی بەرپرسیار کرد کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە درێژە بە هەوڵەکانی خۆی بدا. ئەو هاوڕێیانە لەو بڕیارەش نارەحەت بوونو دەیانگوت کە نەدەبوا دەفتەری سیاسی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە مەئموور بکرێ!!

ئەوان کێ بە سەلاحییەتدار دەزانن، دیار نیە!! مەگەر ئەوەی کە دەیانەوێ بە کردەوەو لە رێگای تەهدیدو فشارهێنانەوە، دیوەخانی سەرۆك عەشیرەکە بە سەر حیزبدا بسەپێنن. وەکوو هەمیشە دوای پلینۆم کۆبوونەوەیەك بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب پێکهات تا لە ئاکامەکانی پلینۆم ئاگادار بکرێن. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامێکی دەفتەری سیاسی باسو بڕیارەکانی پلینۆمی بۆ ئەندامانی حیزب شی کردەوە، بەلاَم بەداخەوە ئەو هاوڕێیانە ئەو کۆبوونەوەیەی حیزبیشیان تەحریم کرد!! دوایە لە دانیشتنێکی دەفتەری سیاسیدا یەکێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە ئەو ٢٠ خاڵەی ئیمزا کردوە، وتی چونکە ئەو ٢٠ خاڵە قبووڵ نەکراوە، ئێمە هەڵوێست دەگرینو لە حیزب جیا دەبینەوە.

بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، وتی کە هەروەك لەو یادداشتەدا هاتووەو هاوڕێیان دەڵێن کە ئەوان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی حیزب ئەو شتەیان ئیمزا کردوە، بەلاَم ئێستە شتێکی دیکە دەبیستین. من داوا لەو کەسانە کە ئەم یادداشتەیان ئیمزا کردوە دەکەم کە پێکەوە دانیشینو بزانین داواکاریی راستەقینەی ئەوان چیەو ئایا بەڕاست ئەو کارەیان بۆ جیابوونەوە لە حیزب کردوە؟ بەلاَم ئەو هاوڕێیانە داواکەی سکرتێری حیزبیان رەد کردەوەو حازر نەبوون لەگەڵ سکرتێری حیزب دیالۆگ بکەنو باس لە کێشەکان بکەن!! دوای ئەوە سکرتێری حیزب بۆ سەردانی ناوەندی ٢ رۆیشت کە بەداخەوە هاوڕێیانی کەمینە، ئەو کۆبوونەوەیەی سکرتێریشیان تەحریم کردو بە هەموو شێوەیەك بەریان بە نزیکانی خۆیان گرت کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبن.

هەڵسوکەوتەکانیان‌و کردەوەکانیان لەم ماوەدا دەری‌خست کە تا چەند لە قسەکانیاندا راستگۆن!! و چەند باوەڕیان بە دیالۆگ هەیە!! ئەڵبەت بۆ دیالۆگ لەگەڵ لایەنە دەرەکی‌یەکاندا ـ ئەویش تەنیا بۆ باس لە سەر کێشەکانی نێوخۆی حیزب ـ هەردەم حازرو ئامادەن!! دەیشڵێن کە نامانەوێ کۆنگرەو کومیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی‌و ئۆرگانەکانی حیزبی‌و ئەساسنامەی حیزب ببەینە ژێر پرسیار. سەرەڕای هەموو ئەو شتانەو ئەو کردەوە نامەسئوولانەو دژ بە ئەساسنامەیانەی کە لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە بەڕێوە چووە، حیزبی دێموکرات باوەڕی وایە کە خۆی دەتوانێ‌و لە توانا‌و زەرفییەت‌و پوتانسیەلی‌دا هەیە کە کێشەکانی نێو خۆی چارەسەر بکا‌و پێویست بە دەستتێوەردانی دەرەکی ناکا‌و درگای دیالۆگ‌و وتووێژ لەمەڕ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی دێموکراتیك بۆ حەللی ئەو قەیرانە دروستکراوە، ئاوەلاَیە. زۆر روونە کە حیزبە خۆشەویستەکەمان لەم ئەزموونەشدا سەربەرزو سەرکەوتوو دێتەدەرو دڵی دۆستان شادو دوژمنان‌و نەیارانی غەمبارو پەرێشان دەکا.

لێرەدا پێویستە ئێوە هاوڕێیان ئاگادار بکەینەوە کە باسی جیابوونەوەو لەتکردنی حیزب لەلایەن هەرکەس یا هەر جەریانێکەوە بە هەر بیانوویەك بێتە ئاراوە باسێکی غەیرە مەسئوولانە، نادێموکراتیك‌و نیشانەی ئیفلاسی تەواوی ئەو کەس یا جەریانەیەو ئەندامانی حیزب‌و خەڵکی کوردستان نابێ ئەو کەس یا جەریانانە ببەخشن. ئێمە نابێ تەنیا ئەوکاتە دێموکرات بین کە دێموکرات بوون لە بەرژەوەندی شەخسیمان دایە. دێموکراتی راستەقینە ئەو کەسەیە کە ئەوکاتەش کە دێموکراسی بە قازانجی کۆمەڵ‌و زیانی شەخسیی بشکێتەوە دێموکرات بێ.

**سەربەرزو سەرکەوتووتر بێ حیزبە خۆشەویستەکەمان**

**لە کاتێك دا ئەو بڵاوکراوەیە لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەر بە دەستی ئۆپوزیسیۆن ناوخوی حیزبی دیموکرات گەیشت، ئەو لایەنەش هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە وڵامی ئەو "ئاوڕدانەوەیە" لە ٦ بەشدا بدەنەوە کە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی**

حیزب لە راستی ودروستی لایەنەکان بگەن، کە کێ راستیەکان لە خەڵك دەشارێتەوە یا چەواشەیان دەکا.

وەڵامێك بە::

ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەکارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات

(بەشی یەکەم)

**دەراوێك:**

سەرانی قۆڵی پاوانخوازی حیزبی دێمۆکرات، ئەمڕۆژانە بابەتێکی ١٣ لاپەڕەییان لەژێر سەردێڕی "ئاوڕدانەوەیەك لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکرات" لە نێو تەشکیلاتی ئاشکرا و نهێنیی حیزب و لە سایتی ئینترنێتیی mehabad.infoدا بڵاوکردۆتەوە. بەڕواڵەت، بابەتەکە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات لە گرفتی نێوخۆی حیزب نووسراوە. بەڵام هەر بە چاوخشاندنێك بەم ئاوڕدانەوەیەدا دەردەکەوێ کە هەموو هەوڵی ئامادەکەرانی، چەواشەکردنی راستیەکان و شاردنەوەی حەقیقەتەکان لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات و، پاکانە بۆ خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قەیرانەدایە کە بەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان هێناوە.

وادیارە فەڕ و بەرەکەتی کۆنگرەی ١٣ بۆ حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، یەکجار لەوەپترە کە لەم بابەتە ١٣ لاپەڕەییەدا پێی هەڵگوتراوە. هەر بۆیەشە بەڕێوەبەران و دەمڕاستەکانی ئەم قۆڵە ئۆگرییەکی زۆریان بە ژمارەی ١٣ هەیە و حەز دەکەن سێزدەیی بە هەموو شتێکیانەوە دیاربێ، هەر لە رۆژی دەست بەکاربوونی کۆنگرەی سێزدەهەم (١٣ی پووشپەڕی١٣٨٣)ەوە، تا ژمارەی شەریکەدەسەڵاتەکانیان لە نێو ئەندامانی ئەسلیی هەڵبژێراوی کۆنگرەدا و، بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە گشتییەکەیان لە رۆژی ١٣ی خەرمانانی ئەمساڵ و بڵاوکردنەوەی قسەکانی سەرۆکی قۆڵەکەیان لەم کۆبوونەوەیە لە ١٣ لاپەڕەدا! لە درێژەی ئەم وتارەدا، پتر لە "فەڕ" و "بەرەکەت"ی

ئــــــەم کۆنگرەیـــــــە بـــــۆ بەرهـــــــەمڕن و ســـــــوودبەرانی دەدوێـــــــین. کۆنگرەی ١٣ خاڵی وەرچەخان، بەڵام چۆن وەرچەرخانێك؟!

ئاوڕدانــەوەی چەواشــەکارانەی قــۆڵی پــاوانخوازی حیــزب، بــە پێشــەکی‌یــەکی زۆر رووکەشانە لە بارەی رۆژهەلأتی نێوەڕاست و ئەو ناوچەیەی کوردی تێدا دەژی دەست پێ‌دەکا. لەم پێوەندی‌یەدا پاش ئاماژە بە بارودۆخی ئێستای ناوچـەکە و چاوەڕوانیی هەلومـەرجێکی نـوێ، لـە پێویسـتیی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ گۆڕانکـاری‌یـەکانی داهـاتوو دەدوێ و دەنووسێ: **"بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران [پێویستە] خۆی بۆ ئەو هەلومەرجە تەیار و ئامادە بکا و <u>پتەوتر و یەکگرتووتر لە جاران، بە ڕوانینی نوێ و خەباتێکی سەردەمیانە</u> و تێکۆشان لە ڕێی دابینکردنی مافەکانی‌دا بـەرەو داهـاتوو <u>هەنگاوی خێرا و وشیارانە</u> هەڵبگرێ."** (زەق‌کردنەوەی وشەکان لـە لایـەن ئێمەوەیـە) نووســەر، یــا نووســەرانی "ئاوڕدانــەوە..."، کــۆنگرەی ســێزدەهەمی حیــزب وەك وەڵامدانەوە بەو پێویستی‌یە مێژوویی‌یە و **" لە پێناو نوێکردنەوە و بەخۆداچوونەوەی حیـزب و ... پێداچـوونەوە بـە سـتراتیژییەکانی، بـە سیاسـەتە هەنووکەییـەکانی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆی‌دا و..."** دەناسێنن. لە ڕەوتی ئەمجۆرە ناساندنەش‌دا، نەك هەر هەوڵ‌دەدەن کردەوە چەوت و زیانبارەکانی خۆیان و هاوقۆڵەکانیان بۆ خۆزاڵکردن بەسەر حیزبی دێمۆکراتدا پێش و دوای کۆنگرەی ١٣، وەك **"نوێکردنەوەی حیـزب"** و **"هەنگاونان بۆ پێشـەوە"** پێشـان بـدەن، بـەڵکوو ئـەو ئـاڵوگۆڕ وهـەنگاوە سیاسـی و گرنگانەش کە ئەم کۆنگرەیە بڕیاری لەسـەر دان و پەسـندی کـردن و، ئـەوان کـەمترین رۆڵیان لە ئامادەکردنی‌دا هەبوو، بە شانازیی خۆیـان و قۆڵەکـەیان لـە قەڵـەم دەدەن. لەم بڕوایەداین نەك هەر ئەندامێکی ئاگادار لە کێشە نێوخۆیی‌یەکانی حیزبی دێمۆکرات، بەڵکوو هەر کەسێکی ئاشنا بە چەمکی نوێخوازی و خـاوەنی دەرك و تێگەیشـتنی نـوێ لە بارەی سیاسەت و حیزبایەتی و تێکۆشانی ئازادیخوازی‌یەوە، هـەر بـە خوێندنـەوەی ئەم پێشەکی‌یە، نامۆبوونی نووسەران وقۆڵەکەیان لەگەڵ نوێبوونـەوە و نوێخـوازیی بـۆ دەردەکـەوێ و پێکـەنینی پـێ‌دێ. کـێ هەیـە ئـەم پێشـەکی و سـەرجەم بابەتەکـە

بخوێنێتەوە و نەگاتە ئەو ئاکامە کە بڕوای ئەم قۆڵە بە **"روانینی نوێ"** و **"خـەباتێکی سەردەمیانە"** شتێکە لە چەشنی بڕوایان بە یەکیەتی و بەکگرتوویی حیزبی دێمۆکرات. سـەرانی قـۆڵی پـاوانخوازی حیزبـی دیمـۆکرات وشـە و زاراوە جۆراوجۆرەکـانی وەك **"نوێخوازی"** و **"بەخۆداچوونەوە"**شیان وەك **"رێبازی قاسملوو"** کردوە بە سەرپۆشێك بۆ دەستەبەندی و پەیمان شکێنی و ناوچەگەرایی و، لە هەمووی ئەمانەش لە جیهـەتی دژایەتیی واتا راستەقینەکانیان و، تەنیا بـۆ یـەك مەبەسـت کـەڵك وەردەگـرن، ئـەویش ململانێی ناسالم لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەری رکابەر و جیـابیر و، پـاوانکردنی حیزبـی دیمۆکرات بە قازانجی خۆیان.

کەسـانێك کـە دەم لـە پێویسـتیی **"روانینـی نـوێ"** و **"خـەباتێکی سـەردەمیانە"** وەردەدەن و، هەوڵەکانی خۆیان بۆ پاوانکردنی دەسەڵات لە حیزبی دیمـۆکراتدا، وەك **"هەنگاونان بۆ پێشەوە"** و **"ئـاڵوگۆڕ پێکهێنـان"** پێشـان دەدەن، لـە بـاری ئـاوەز و تێگەیشتنی نوێوە لە هەژاری و دەسکورتی‌یـەکی ئەوەنـدە زەقدا دەژیـن کـە تەنانـەت ئەم شتە ساکارەشیان بۆ دەرنەکـەوتوە کـە مرۆڤـی نـوێ و نـەوەی تـەیار بـە عـەقڵ و گیـانی سـەردەم، لەگـەڵ رەخنـە و رەخنـە لـە خـۆگرتن‌دایـە و، لـەو هـەمووە بەخۆداهەڵگوتنە بێزارە کە لەمێژ ساڵە گۆڕەپانی سیاسەت لـە کوردسـتانی داگرتـوە و سیاسـی‌یـەکانی کـورد خوویـان پێـوە گرتـوە. توێـژە ئاگـا و وشـیارەکانی خـەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات کە بەخۆشی‌یەوە رێژەیەکی زۆریان لەم جۆرە توێژانەن، لایەن و کەسە سیاسـی‌یـەکان نـەك بـە پێـی دروشـم و بانگەشـەی بریقـەدار، بەڵکوو بە پێی ئەو فەهم و عەقڵییەتەی لەپشت دروشم و بانگەشەکانیانن، هەروەها بە پێی رەوشت و مێتۆد و هەڵوێستەکانیان لە رەوتی کار و تێکۆشان‌دا هەڵدەسـەنگێنن. لێرەدا نەك بۆ حاڵگرتنی خوێنەران، بەڵکوو بـۆ ئاشـناکردنیان بـەم جـۆرە ئەدەبیاتـە، تەنیا پاراگرافێك لە چەند لاپـەڕە پێهـەڵگوتن بـە "پـەرجۆ" (موعجیزە)کـانی رێبـەریی "هەڵبژێراوی" کۆنگرەی ١٣ بە نموونە دێنینەوە:

**"لە زۆر بواری دیکەی خەباتی حیزبدا، ئاڵوگۆڕ لە کارو تێکۆشانەکانداو گوڕوتینی نویێ بەخشین بە بوارە جۆربەجۆرەکانی چالاکی سیاسی ـ تەشکیلاتی ـ راگەیاندن‌و پەروەردەی حیزبی دێموکرات درا کە کۆی ئەو هەوڵ‌و چالاکیانە وای لە حیزب کردوە کە بە دانپێنانی دۆست‌و دوژمنان، کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، خاڵی وەچەرخان‌و حەرەکەتێکی بەهێزو پێشکەوتووانەی روو لە پێشی حیزبی دێموکرات بوو کە رێبەرایەتیی جووڵانەوەی مافخوازانەو ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ حیزبە خۆشەویستەکەمان مسۆگەرترو جێگەو پێگەی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا پتەوترو قایمتر کردو ترسو دڵەخورپەی خستە دڵ نەیاران‌و دوژمنانی حیزب‌و نەتەوەکەمانەوە."** لە نووسەری "ئاوڕدانەوە" و هاوقۆڵانی دەپرسین ئێوە بۆ کونگرەی سێزدەهەمی حیزب بێجگە لە هێنانی لەشکری دەنگدەر و نوێنەری بە تەواوی بەستراوە بە خۆتان، ئەویش لە رێگای شکاندنی بڕیار و پەیمانی راشکاوانەی کۆنگرەی ١٢ و بە کەلکوەرگرتن لە دەستەبەندیی نهێنی و بێبەشکردنی زۆر کادر و پێشمەرگە و ئەندامی لێوەشاوە لە مافی هەڵبژێران بۆ کۆنفرانسەکان و کۆنگرە، چی دیکەتان هەبوو؟ کام **ستراتێژی و سیاسەتی هەنووکەیی** و بەرنامە و گەڵاڵەی نوێتان لە مێشکدا بوو؟ نەك هەر پێش کۆنگرە، بەڵکوو لە دوای کۆنگرەش کام لێکۆڵینەوە، وتار، میزگرد، وتووێژ و کۆڕ و سیمینارتان لەبارەی فێدرالیزم وەك دروشمی ستراتێژیی نوێی حیزب پێشکەش کرد و ئەنجامدا؟ کام کار و هەنگاوی فیکری و رۆشنگەرانەتان لە مانگەکانی پێش کۆنگرەدا لەبارەی "بەرنامە و نیازە نوێیەکانتان" بە مەبەستی پێکهێنانی ئامادەیی زەینی لە نێو ئەندامانی حیزبدا جێبەجێ کرد؟ ئەگەر نیازی شتێکی نوێتان هەبوو، بۆچی رێگاتان بە لاوە خوێندەوار و تێگەیشتووەکان نەدا هەڵببژێردرێن؟ هەر چونکە بە مێشکی خۆیان بیریان دەکردەوە و ئامادە نەبوون کەسە دەستنیشانکراوەکانی ئێوە بکەن بە رێبەرانی داهاتووی خۆیان؟ ئایا چوونی ئەم جۆرە کەسانە بۆ کۆنفرانسەکان و کۆنگرە ناتەبایی لەگەڵ تێگەیشتن و روانینی نوێ و ویست و داواکانی نەوەی نوێ و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا هەبوو؟

بەڕێوەبەران و دەمڕاستەکانی قۆڵی پاوانخوازی حیزبی دێمۆکرات دەیانەوێ کردەوە و ڕەفتارە چەوت و زیانبارەکانی خۆیان کە تێکەڵ بە جنوونی دەسەڵاتخوازی بووە و، هەر لەپێش کۆنگرەی سێزدەوە لەگەڵ ڕەخنە و ناڕەزایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ئەندامانی حیزب بەرەو ڕوو بووە، وەك "نوێخوازی" و "هەنگاونان بۆ پێشەوە" بنوێنن و، ڕووهەڵماڵاوییش لەم پێوەندییەدا دەگەیەننە ئەو جێگایە کە ناوی **"دژبەریی ناشارەزایانە"** و هەوڵی **"گەڕانەوە بۆ دواوە"** لەسەر بەربەرەکانیی ئەندامانی حیزب لەگەڵ **عەقڵییەتی پاوانخوازانە** و شەپۆلی **پاڵ پێوەنان و وەلانان،** دادەنێن و ئەم بەربەرەکانییە ڕەوایە لەگەڵ پەلەقاژەی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست لەگەڵ ڕەوتی مێژوو، دەخەنە تای تەرازوویەك!

لێرەدا چەند بەشێك لە نامەیەکی نهێنیی کاك مستەفا هیجری سەرۆکی قۆڵی پاوانخوازی حیزب دەخەینە ڕوو. ئەم نامەیە تاریخی ٢٤ی ژانوییەی ٢٠٠٤ی لەسەرە و، ناوبراو بۆ هێندێك هاوڕێی حیزبیی بە خەیاڵی خۆی جێگای متمانە لە دەرەوەی وڵاتی ناردوە. دیارە کاك مستەفا و هاوقۆڵەکانی زۆر بەر لەو تاریخە (٦ مانگ پێش کۆنگرە) خەریکی ئەم جۆرە نویخوازییانە! بوون. کاك مستەفا، دوای پێشەکییەکی چەند دێڕی کە هەوێنەکەی هەر ئەو هەوێنەی پێشەکیی ئەم "ئاوڕدانەوە"یەی ئێستایانە، دەنووسێ: **"... بۆ ئەوەی دەوری ڕێبەریی و پێشەنگایەتی حیزبەکەمان لە نێو کۆمەڵگادا بەردەوام بێ، پێویست دەکا کە حیزبەکەمان نوێ بکەینەوە و بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە هەماهەنگ بێن و زمانی نەسلی نوێ تێبگەین. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە پێش لە هەموو شتێك تەرکیبی ڕێبەرایەتیی حیزب، کە لە ڕاستیدا لە کۆنگرەی دوازدە دا خۆی هەڵبژارد و خەریکە لە کۆنگرەی سێزدەش ـ بەو گەڵاڵەی کە پەسندی کردووە ـ خۆی بسەپێنێ و ڕێگا نەدا کەسانی دیکە بێنە نێو حەریمی ڕێبەرایەتی، بگۆڕێ و تەرکیبێك لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك هەڵبژێردرێ کە وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە نوێیە بێ. لە کۆنگرەی داهاتوومان‌دا، دوای باس لەسەر ڕاپۆرتی سیاسی و هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی**

**ڕێبەرایەتیی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەکانی ١٢ـ١٣ و دیاری کردنی ئەرکەکانی داهاتوو، پێم وایە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی حیزب دەبێ گرنگترین باس بێ و لە ئێستاوە بیری لێبکرێتەوە و کاری بۆ بکرێ.**

**ڕەنگە بڵێن باشە ئەو ئاڵوگۆڕانە چن کە دەبێ پێک بێن، بەرنامەی سیاسی بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە چییە؟ وڵامی من بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە لە پێشدا دەبێ ئاڵوگۆڕ لە ڕێبەرایەتیدا پێک بێ، دوایە قسە لە بەرنامەی سیاسی و تەشکیلاتی نوێ بگرێتەوە، (زەق کردنەوەی وشەکان لە لایەن ئێمەوەیە) چونکە بە مانەوەی ئەو ڕێبەرایەتییە قسەکردن لە بەرنامەی نوێی سیاسی زەحمەتێکی بێسەمەرە ... ئەگەر لاتان پەسندە هەرکامەی لە لای خۆتان بەناوی خۆتان لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە بیهێننە گۆڕێ، بەتایبەت لەگەڵ نوێنەرانی کۆنگرە بە وردی باسی بکەن با بە وریاییەوە بێنەوە."**

نێوەرۆکی ئەم نامەیە زۆر لەوە ڕوونترە کە پێویست بێ تیشکی بخرێتەسەر.ئەم نامەیە ئەگەر مەبەستیکی سادقانەی لە پشت با و، نووسەرەکەینەک سەودای سکرتێری، بەڵکوو نیازی نوێکردنەوەی حیزبی دیموکراتی لە مێشک دابایە، بە نهێنی و بە بێناوی خۆی بڵاوی نەدەکردەوە و تەنیا بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی نەدەنارد.کورت و کرمانجی، کاک مستەفا دەڵێ **هەڵبژێرانی تەرکیبێک لە کۆنگرەدا کە من بکاتە سکرتێری گشتی**، ڕاست **یانی نوێکردنەوەی حیزبی دیمۆکرات و خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ.** ئەم کارە دەبێتە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ و بەرنامەی نوێی سیاسی و تەشکیلاتی! هەر بەڕاستی کاک مستەفا و هاوقۆڵەکانی، تاقە یەک ڕێگایان بۆ نۆژەنکردنەوەی حیزبی دێمۆکرات و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ دا شک بردوە.ئەویش پێکهێنانی کۆنگرەیەکی ئەوتۆ کە هەرکەس لەسەر ڕێی ئەم خولیا دەسەڵاتخوازانەیان کۆسپ بێ، لەسەر ڕێیان لاببا و، زۆرایەتیی ئەندامانی دەفتەری سیاسی وهەموو پۆست و بەرپرسایەتییە کلیدییەکان بدا بەوان. تەنانەت ئێستاش ئەمە هەموو تێگەیشتن و دەرکی ئەو بەڕێزانە لە **نوێخوازی و نوێکردنەوەیە !** شتێکی

زۆر روونە کاتێك کەسێك، تاقمێك یا باڵێك ، گەڵاڵە، پلاتفۆرم یا بەرنامەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی و کاریی روونیان نەبێ تا بەهۆی ئەوەوە ئامانج و نیازەکانی خۆیان بناسێنن و سەرنج و پشتیوانیی دەنگدەران لە رەوتی هەوڵدان بۆ دەسەڵاتدا رابکێشن، هەر لەو کاتەشدا لەسەر گەیشتن بە پۆست و دەسەڵات زۆر سوور و لێبڕاو بن، چارناچار شێوە و مێتۆدەکانی دیکەی سەرکەوتن بەسەر لایەنی بەرامبەر و رقەبەردا دەگرنەبەر.

دەستەبەندیی نهێنی، لەژێر پێنانی بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرە، وەڕێخستنی تەبلیغاتی ناسالم، تەخریب و تیرۆری کەسایەتیی رکەبەران، بەرنامەڕێژی بۆ لەسەر رێ لابردنی موخالیفان بەهەر شێوە و نرخێك، حاشاکردن لەسەرکەوتن و بەرەوپێشچوونەکان و ئاگراندیسمانی کەم و کورتی و لاوازییەکان، هەروەها پەنابردن بۆ کۆمەڵێك دیاردەی پڕمەترسیی وەك "ناوچەگەرایی" و کەلکوەرگرتنی ئامرازی لە ناو و خۆشەویستیی رێبەرانی شەهید و تاوانبارکردنی هاوڕێیان و هاوسەنگەران بە لادان لە رێبازی ئەسلی و ... چەردەیەك لەم کردەوە و مێتۆدانەن کە کاك مستەفا و هاوقۆڵەکانی دەستیان لێنەپاراست. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە کاك مستەفا و هاودەستەکانی بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەیانتوانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی گشتی و لە نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا، ئەگەر قسەیەکیان بۆ کردن و رێگاچارەیەکیان بۆ نەهێشتنی کەم و کورتی و گرفتەکان و خۆگونجاندنی حیزب لەگەڵ هەلومەرجی نوێ هەبوو، بەڕاشکاوی باسی بکەن.خۆ ئەو کات حیزب وەك ئێستای لێ نەهاتبوو کە تریبوونەکانی هەر تەنیا لە خزمەت بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی بۆچوونی دەسەڵاتبەدەستان و لایەنگرەکانی دابێ و، هەر کەس رەخنەی لە کەسی یەکەمی حیزب و بڕیار وهەڵوێستەکانی رێبەریی حیزب گرت ، سووکایەتیی پێ بکرێ و کەسیش لێی نەپرسێتەوە.

ئەو کات ، کاك مستەفا، هەرکە لەنێو خۆ و دەرەوەی حیزب پرسیاری لێ دەکرا چ بەرنامەیەکت بۆ کۆنگرەی ١٣، وەك کاندیدای سکرتێری هەیە، دەیگوت **هێشتا بڕیارم**

**لەسەر کاندیدابوون بۆ ئەم پۆستە نەداوە، هیچ بەرنامەیەکیشم نیە، هەر کات بڕیاردرا سکرتێر لە لایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردرێ، منیش بەرنامەی خۆم بە کۆنگرە ئیرائە دەدەم.** دیارە لە کۆنگرەش، هیچ کەس کەم تا زۆر هیچ گەلاڵە و شتێکی نوێی لێ نەدیت.

ئەم بێبەرنامەییەی ئالاهەڵگرانی رواڵەتیی **"نوێخوازی"** و **"شایستە سالاری و جەوانگەرایی"** لە لایەك و، کەلکوەرگرتنیان لە هەوڵدانی پەنامەکی و ژێربەژێر، تەبلیغاتی ژاراوی، میتۆدە ناسالمەکانی دیکە و دەنگ کڕین و دەسکاریی مەبەستدار و بە بەرنامەی ئارایشی ئۆرگان و بەشەکان بەقازانجی قۆڵەکەیان، بەر لە پێکهاتنی کۆنگرە گومانی بۆ رێژەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب نەهێشتەوە کە **ئەم جەماعەتە دەیانەوێ خوازیارانی نوێخوازی و نوێکردنەوە لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا وەك پردێك بۆ مەبەستە تایبەتیبەکانی خۆیان بەکاربێنن** و ،پێش بینیی ئەوە دەکرا ئەگەر لەم کەلکی خراپ وەرگرتنەش لە خوازیارانی نوێخوازی و شایستەسالاریدا، سەرکەوتوو بن، لە پاشەڕۆژدا، خۆیان و حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوو بکەن. چونکە سەرەنجام روون دەبێتەوە کە هیچیان لەباراندا نیە و هیوا و چاوەڕوانییەکانی خوازیارانی گۆڕان و نوێبوونەوەیان بەرباد داوە.

کۆنفرانسەکانیپێش کۆنگرەی سێزدەی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لە نێو شەپۆلی پەیتاپەیتای سکاڵا و ناڕەزایەتیی تاك تاك و بەکۆمەڵی سەدان ئەندامی حیزب ، بەڕێوە چوون. نێوەرۆکی هەر هەمووی ئەوتۆمار و سکاڵا و ئیعترازنامانە، رەخنە و ناڕەزایەتی لە دەستەبەندیی نهێنیی قۆڵی کاك مستەفا هیجری و زەوتکردنی مافە حیزبی وتەشکیلاتییەکانی ئەندامانی دیکەی حیزب لە لایەن ئەوانەوە بوو. ئەم نامە و تۆمارانە هەن و، ئەگەر پێویست بێ بڵاو دەکرێنەوە. بەڵام زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە، لە پێناوی مانەوە و پاراستنی یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا، چاوی لە زۆربەی ناڕەزایەتییەکان پۆشی و

دەنگدانیشیان بە مەشروعییەتی کۆنگرەی سێزدەهەم کە بناغەکەی لەسەر شکاندنی بڕیاری کۆنگرەی ١٢ لە بارەی حەرامکردنی دەستەبەندیی نهێنی دامەزرابوو، هەر لە سۆنگەی پاراستنی یەکیەتی و یەکڕیزیی حیزبدا بوو. لەو کۆنگرەیەدا، موددەعییانی **"ئاڵوگۆڕ"** و **"تێگەیشتن لە زمانی نەسلی نوێ"** و **"خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ"**، چونکە بە تەواوی لەو شتانەی ئیددیعایان دەکرد بێگانە بوون، لە کارە سیاسییەکانی کۆنگرەدا کەمترین رۆڵیان هەبوو. بۆ وێنە:

١ – راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە کە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی نێونەتەوەیی، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست ،ئێران و کوردستان و، ئەرکەکانی حیزب لە بەر رووناکایی ئەم لێکدانەوەیەدا گرتبووە خۆی، سکرتێری گشتی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئامادەی کردبوو. ئەوان ئەگەر لە مایەیان دا نەبوو شتێك لە نێوەرۆکی ئەم راپۆرتە زیاد بکەن، لە بەرامبەردا پاراگرافێك لەو راپۆرتەیان کە پێی لەسەر پێویستیی یەکیەتی و پێکەوە کارکردنی قۆڵ و لایەنەکانی نێو حیزب داگرتبوو، حەزف کرد.

٢ – بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە گۆڕینی دروشمی ستراتێژیی حیزب بۆ "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فێدرالیدا"ی تێدا گەڵاڵە کرابوو، بەڕێزان حەسەن رەستگار و حوسێن مەدەنی کە هیچکامیان سەر بە قۆڵی پاوانخواز نین،پێشتر ئامادەیان کردبوو. لەمبارەیەوەش قۆڵی پاوانخواز ئەگەر شتێکی باشی وەك زیادە بۆ بەرنامەی حیزب نەبوو، لە بەرامبەردا چەندی بۆیان کرا، مادده و بەندەکانی پێڕەوی نێوخۆیان بە گوێرەی مەبەستە جەناحییەکانیان گۆڕی. ئەو دەسکاری و گۆڕانانەی ئەوان مەبەستیان بوو، زۆربەی هەرەزۆریان بۆ بەرتەسك کردنەوەی دیمۆکراسیی نێوخۆیی و مافەکانی ئەندامانی حیزب بوو. ئەو نموونانە لە دەرفەتەکانی داهاتوودا دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.

٣ – هەم ئەو پەیامانەی بۆ کۆنگرە هاتبوون، هەم ئەو پەیامانەی کۆنگرە بڕیاری لەسەر ناردنیان دا، لەگەڵ کەمتەرخەمی و بێڕێزیەکی بێوێنە بەرەوڕوو بوون. بەم

هۆیەوە کە زۆربەی ئەو پەیامانە بەڕێزەوە باسیان لە تێکۆشان و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب لەسەردەمی سکرتێریی بەڕێز حەسەنزادەدا کردبوو، بە ئەنقەست ژمارەیەکی هەرچی کەمیان لێ خوێندنەوە. ئەو پەیامانەش کە کۆنگرە دەبوو بیان نێرێ، بە هۆی سەرقاڵیی موددەعییانی **"نوێخوازی" و "روانینی نوێ" و "شایستە سالاری"**، بە تەون و بەستەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، نەك هەر لە کۆنگرەدا ئامادە نەکران و دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرنەگیرا، تەنانەت دوو مانگ دوای کۆنگرەش، نەنووسرابوون و ئامادەی بڵاوبوونەوە نەبوون. وەك باس کرا ئەگەر کار و بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرە، شتی گرنگیشیان لەنێو دابووبێ کە بێگومان لەنێویان دابووە، قۆڵی پاوانخوازی حیزب رۆڵی زۆر کەمی تێدا هەبووە. دیارە وەك لە نامە نهێنییەکەی کاك مستەفادا هاتوە **گرنگ نەك "بەرنامەی سیاسی و تەشکیلاتی نوێ" بەڵکوو هەڵبژاردنی رێبەرییە**. با بزانین لە هەڵبژاردنی رێبەریدا کام یەك لە ئیدیعاکانی ناوبراو کە لە نامە نهێنییەکە و بانگەشەکانی پێش کۆنگرەیدا،دەیەویست خوازیارانی نوێخوازی و جەوانگەرایی و شایستەسالارییان پێ هەڵ خەڵەتێنێ، هاتنەدی؟

١- زۆرایەتیی رێبەرایەتییەك کە کۆنگرەی سێزدە هەڵیبژارد، بۆخۆی خۆی هەڵ بژارد. چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی **هێنابوونی بۆ کۆنگرە، پێشتر بۆ خۆی دەست نیشانی کردبوون و، ئەگەر خۆی نەیویستبایە، ئەوانە نەدەهاتنە کۆنگرە، واتە بۆ هەڵبژاردنی کەسانێکی لەپێشەوە دیاریکراو هێنابوونی.**

**٢- زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە کە بە مەبەستی "حذف" (وەلانان)ی ژمارەیەك و سەرخستنی ژمارەیەکی دیکە هێنرابوون بۆ کۆنگرە، نەیانتوانی ئازادانە دەنگ بدەن، چونکە بۆیان دیاریکرابوو دەنگ بە چ کەسانێك بدەن و چ کەسانێکیش وەلابنێن.**

**٣- رێکخەرانی هەڵبژاردنی ئەم کۆنگرەیە لە دەرەوەی کادری رێبەرایەتیی پێشوو، کەمترین ژمارەیان هێنایە نێو حەریمی رێبەری و، ئەو جێگۆڕکێیانەش کە هەر**

**لە چوارچێوەی کادری ڕێبەرایەتی‌دا کردیان "گەڕانەوە بۆ دواوە" بوون. چونکە وەلانان و لە مەیدان دەرکردنی بە ئەنقەستی بەڕێوەبەرانی (هەم لەباری سیاسی و هەم لە باری کلاسیکەوە) خوێندەوار، کارامە و بەئەزموون بۆ کەسانی کەمتر خوێندەوار و لە باری سیاسی و رۆشنبیری و بەڕێوەبەری‌یەوە لاواز بوون.**

**٤- سەرنجێك لە ئاستی خوێندەواریی زیاتر لە نیوەی ئەندامە ئەسلی وجێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی سەر بەم قۆڵە ( کە لە نێوان پێنجی سەرەتایی و خوار دیپلۆم دایە)، دەری دەخا یا کاك مستەفا هیجری بە شێوەیەکی زۆر رووکەشی لە "زمانی نەسلی نوێ" و "بیرو ئەندیشەی نەسلی تازە پێگەیشتوو" تێگەیشتوە، یا ئەو نوسخانەی ئەم بەڕێزە بە هۆی ئەم جۆرە ڕێبەرایەتی‌یە بۆ دەردومەرگی نەسلی نوێ دەیاننووسێ و نووسیونی، شتێکی زۆر دانستە و عەنتیکەن!**

**٥- ئەوان کە وایان دەنواند لە کۆنگرەدا دەیانەوێ خەڵکی تازە بێننە نێو ڕێبەرایەتی، لە ٢١ کەس ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەك نەفەریان هەڵبژارد کە لە کۆنگرەی دوازدەدا نەبووبێتە ئەندامی ڕێبەری، ئەویش لە کۆنگرەی ١١دا ئەندامی ڕێبەری ببوو. کارێك کە ئەو تاقمە کردی تەنیا ئەوەبوو کە بەو زۆرایەتی‌یە چاووگوێ بەستراوە نەیارانی خۆیان وەلادەن و دەستوپێوەندەکانیان بکەنە ئەندامی ڕێبەری.**

ئەو شتانەی سەرانی قۆڵی پاوانخوازی حیزبی دێموکرات بە نیشانەی "**وەرچەخان**"ی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی١٣ی‌دا دەزانن، تەنیا هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی‌یەك بەم تەرکیبەوەیە. ئەوان هێنانی ژمارەیەکی زۆر نوێنەری بەستراوە بە خۆیان بۆ کۆنگرە کە دەستیان لەگەڵ دەستی سەرۆك قۆڵەکەیان‌دا بە نیشانەی دەنگدان بەرز دەکردەوە و، بۆ هەموو مەبەستێکی پاوانخوازانە و جەناحی لە "ئەمر و نەهی"یان دابوون، بە **خاڵی وەرچەرخان** دەزانن. **هاتنەدیی ئاواتی لە مێژینەیان بۆ تۆڵە ستاندنەوە و راماڵین و پاوانکردنی حیزبی دێمۆکرات بە قازانجی خۆیان بە" خاڵی وەرچەرخان" و سەرکەوتوو بوونی کۆنگرە دەژمێرن.** بەڵام قەیرانێك کە فاتیحانی ئەم

کۆنگرەیــە بــەردی بناغەکــەیان لــە پــێش کــۆنگرەوە دامەزرانــد و لــە کــۆنگرە داو دوایکـۆنگرەش، حیزبـی دیموکراتیـان ڕۆژبـەڕۆژ پـتر تێـدا نـوقم کـرد، نـەك بەڵگـەی سـەرکەوتنی حیزبـی دێمـۆکرات لـەم کۆنگرەیەدا،بـەڵکوو نیشـانەی بێیەشـکرانی ئـەم حیزبـە لـە ڕێبەریـیـەکی مشـوورخۆری یەکیـەتی و یـەکڕیزی و، پـارێزەری مانـەوە و بەرەوپێشچوونی حیزبی دێمۆکرات لەهەلومـەرجی نوێدایە. ئەمـە نـەك "سـەرکەوتن" بەڵکوو بەداخەوە "سەر"کەوتن بوو کـە ئاسـەوارە دڵتەزێنـەکانی ئـەمڕۆ بـە جەسـتەی حیزبی دێمۆکراتەوە دیارە.

درێژەی هەیە

لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە

**وڵامێك بە:**

## ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەکارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات

(بەشی دووهەم)

دیاریی پاوانخوازان بۆ حیزبی دیموکرات دوای سەرکەوتن لە کۆنگرە ی ١٣ دا!

ئاوڕدانــەوەی چەواشــەکارانەی قـۆڵی دەسـەڵاتداری حیزبـی دێمـۆکرات، هـەوێنی قەیرانی ئەمڕۆی حیزب دەباتەوە نێو سالۆنی کۆنگرەی سێزدە و دەڵێ: "کەمینەیـەك لــە ئەنــدامانی کــۆنگرە کــە بەرژەوەنــدی تاکەکەســی و گرووپیــی خۆیــان بەســەر بەرژەوەنـدە گشـتی و نەتـەوەیی‌یـەکاندا تـەرجیح دەدا، هـەوڵی کارشـکێنیان دەسـت پێکرد و پێشگیریان لە خۆکاندیدا کردنی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆنگرە دەکرد. بەڵام بــە خۆشــیەوە ســەرەنجام کــۆنگرە بــە هەڵبــژاردنی ئەنــدامانی ڕێبــەریی حیــزب سەرکەوتووانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا".

لەمێژە گوتوویانـە دەکـرێ **"هـەموو کـەس بـۆ ماوەیـەك و هێنـدێك کەسـیش بـۆ هەمیشە فریوبدرێن، بەڵام ناکرێ هەموو کەس بۆ هەمیشە فریوبدرێن."** بەڕێوەبەرانی

قـۆڵی پـاوانخوازی حیـزب ئەگـەر بڕوایـان بـەم قسـانەی خۆیـان لـە بـارەی کـۆنگرەی سێزدەوە هەیە، با فیلمی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیە لە کاتی دەست پێکردنیەوە تـا کۆتایی ـ بێ سانسۆر و لێ قرتاندن ـ بڵاو بکەنەوە تا راستیی رووداوەکان بـۆ هـەموو لا روون ببێتەوە. بێگومان ئەگەر ئەم فیلمە بە ئەمانەتەوە بـڵاو بکرێتـەوە، جگـە لـەوەی دەردەکەوێ رۆڵیان لە "هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخی ناوچە و جیهـان لـە کـۆنگرەی سێزدەدا" کە گوایە کردوویانە بە بناغەی ئاڵوگۆڕەکان، چـەندە کـەم بـووە، مەبەسـتە سـەرەکیـیەکەشـیان کـە لـە بـاربردنی یەکیـەتی و یـەکگرتوویی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستانی ئێران بوو و، ئەمەش هیچ مانایەکی بێجگە لە قوربـانیکردنـی بەرژەوەنـدە گشتی و نەتەوەییـیەکان لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسی و گرووپیدا نیە، بە بەڵگەی روون و ئاشـکراوە بـۆ هـەموو ئەنـدامان و دڵسـۆزانی حیزبـی دێمـۆکرات دەردەکـەوێ. سەرانی ئەم قۆڵە کە لەمێژسـاڵ بـوو لـە "وەسـەریەک کەوتنـەوەی بنەماڵـەی گـەورەی حیزبی دێمۆکرات" داخ لەدڵ بوون، کۆنگرەی سێزدەیان وەك دەرفەتێك بۆ سڕینەوەی ئـەم دەسـکەوتە مێـژوویی و پڕشـانازییـەی حیزبـی دێمـۆکرات قۆسـتەوە. ئـەوان کـە دەستەبەندیی نهێنی و هێنانی کەسانی بەستراوە بە خۆشیان بۆ کۆنگرە بـەم نیـازەوە ئەنجام دابوو، هەر لە رۆژی یەکەمی کـاری کـۆنگرە و لـە کـاتی بـاس لەسـەر راپـۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا، نیاز و ماهییەتی پاوانخوازانە و دژبەیەکیەتی و یەکڕیزیی حیزبـی دێمۆکراتیان جارێکی دیکە دەرخستەوە. ئەوان تێکڕا پێیان لەسەر حـەزفی ئـەو بەشـە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی چەقاند کە داوای دەست هەڵگرتن لە ململانێی بێجێ و، دووبەرەکی و دووری لە دوورەپـەرێزکردن و لـە پـەراوێز خسـتنی یـەکتر لـە هاوڕێیـانی حیزبی دەکرد. سەرنج بدەنە نێوەرۆکی ئـەم پاراگرافـە و خۆتـان قـەزاوەت بکـەن ئایـا دژایـەتیی بـە ئەنقەسـت لەگـەڵ داوا و چـاوەڕوانییـەکی ئـەوتۆ، شـایانی چ ناوێـك و، نیشانەی چ نییەتێکی شووم بۆ دوای سەرکەوتن لە کۆنگرەیە؟ دوای خوێندنەوەی ئەم پاراگرافە و پەیبردن بە نییەتی ناپیرۆزی ئەوانەی دژایەتییان کرد، لە خۆتـان و لـە وان بپرسن ئایا قسەکردنیان لە بارەی پێویستیی **"لە جاران پتەوتر و یەکگرتووتر"** بوونی

نەتەوەی کورد و خۆتەیارکردن **بە "روانینی نوێ" و "خەباتێکی سەردەمیانە"** هیچ بڕوایەکی جیددی لە پشتە و، بە راستی بێجگە لە ریاکاری دەکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەر دابنرێ؟

دەقی پاراگرافێک کە دژایەتیی پاوانخوازانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نێوەرۆکەکەی، وەك پەڵەیەك لە کارنامەکەیاندا دەمێنێتەوە:

> هاوڕێیانی خۆشەویست! سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەدا کە باس کراون و لە هەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبیی و ڕێکخراوەییماندا بەستراوەتەوە بە پاراستن و پتەوکردنی ریزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەموو کادرو پێرسونێلی حیزبیمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەر شانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بەڕاستی کەم و ناتەواوە، هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵك وەرگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەرێزی بکا، یان لەوەش خراپتر بیخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دیموکرات لە دەستی هێندێ ململانەی بێ جێ و ناڕەوا زۆری چێشتوە و زۆری زیان دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشییە خاشەبڕ بکەین. وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و گەل و نیشتمان پەیمان، بەڵام پەیمانی پیاوان و ژنانی بەرپرس و بە بەڵێن تازە کەینەوە کە نەك هەر هەموومان (هەرکەس لەبەرخۆیەوە) هەستی دووبەرەکی لە خۆماندا بکوژین، بەڵکوو لە هەر کەسیشمان دیت یەکپارچە بەگژیدا بچینەوە و ریزەکانی خۆمانی لێ پاك بکەینەوە. دڵنیا بن لەو حاڵەدا هیچ هێزێك نیە بمان شکێنێ و چۆکمان پێدابدا.

نازانین نووسەرانی ئاوڕدانەوەی چەواشەکارانە، چلۆن لە روویان هەڵدێ باس لە هەڵبژاردنێك بکەن کە حەزف و وەلانان یەکێك لە ئامانجە سەرەکی و ئاشکراکانی بوو و، ئاکامەکانیشی هەر لە پێش کۆنگرەوە بۆ زۆربەی بەشداران (بەهەر دوو قۆڵەوە) روون بوو؟بڕیاربەدەستانی ئەم قۆڵە، ئێستا رەخنە لە خۆ کاندید نەکردن و کشانەوەی کەسانێك دەگرن کە هەر خۆیان و بە نیازی تەمبێکردن، بە دەنگدەرانی بەستراوە بە خۆیان سپاردبوو دەنگیان پێنەدەن. ئەوان ئەگەر مەبەستیان نەك خێر پێکردن بەڵکوو هەڵبژاردنی کەسانێك لە لایەنی بەرامبەر بوایە، هەر لەگەڵ سەرجەمی کاندیدا دڵخوازەکانی خۆیان، لە دەوری یەکەمدا سەریان دەخستن. بەڵام ناڕەحەتییەکەیان نەك خۆکشاندنەوەی کاندیدەکان، بەڵکوو هەڵوێستێك بوو کە ئەو کەسانە هەر لەسەرەتای کارەوە بەرامبەر دەستەبەندیی نهێنی و چەواشەکاریی تینووانی دەسەڵات نواندیان. ئەو کەسانەی قۆڵی دەسەڵاتبەدەست بە ریاکارییەوە لە خۆکاندیدا نەکردن

و کشانەوەیان دەدوێن،لەپێناوی داکۆکی لە مافە حیزبی و تەشکیلاتی‌یەکانی ئەندامانی حیزبدا و، بە دژایەتی لەگەڵ دەستەبەندیی نهێنی و چەواشەکاری و تەونو بەست و هەوڵی خۆسەپێنانە، هەر پێش کۆنگرە ، بەڵێن و "حق السکوت"ەکانی سەرۆکی ئەم قۆڵەیان رەت کردبۆوە. ئەم هاوڕێیانە بە سەرانی قۆڵی پاوانخواز ـ کە لە سایەی گەلەکۆمەگیی بەنهێنی و بێ ئوسوولی رێکخراو دەیانەویست هەمووان پێشەکی بێن و بەیعەتیان لەگەڵ بکەن ـ نیشانیان دا کە لە پۆست و مەقام بەرزترن و، سەبارەت بە بڕوابەخۆبوون، پشت ئەستووری بە رابڕدووی پڕلە بەرهەم و بەدیکردنی توانا و لێهاتوویی ئەندامەتیی رێبەری لە خۆیاندا، نە ئامادەن بچنە سوالّی پۆست و مەنسەب، نە کڕنۆش بۆ دەسەڵاتخوازانی لەشکر کردوو ببەن. ناڕەحەتیی سەرانی ئەم قۆڵە لەو راستی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب، نەك هەر دانیان بەم بەناو رەوتە بەڕواڵەت نوێخوازە دانەنا کە جڵەوەکەی لە دەست تاقمێك "گندم نمای جوفروش" دابوو، بەڵکوو لێیان لە هەڵلا دان و، خۆیان شەرمەزاری ویژدانی خۆیان و سەدان تێکۆشەر و ئەندامی ناڕازیی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەکرد. "ئاوڕدانەوە"ی دەسەڵاتپەرستانی نێو حیزبی دێمۆکرات، پاشان دەچێتەسەر رووداوەکانی دوای تەواو بوونی کۆنگرە و، رووبەڕوو بوونەوەی درێژەی کار و کردەوەی پاوانخوازانەی خۆیان لەگەڵ ناڕەزایەتیی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب بە کارشکێنی، ئەویش کارشکێنیی "بەشێکی کەم لە کادر و ئەندامانی حیزب" ناو دەبا و وەك نموونە سەرنجی خوێنەران بۆ لای فیلمی راپۆرتی کۆنگرە رادەکێشێ تا بزانن چ کەسانێك لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەدا بەشدار نەبوون. هێشتا کاتی ئەوە نەهاتوە، زۆر شت بگوترێ و هیوادارین پێویستیش نەکا هەمووشت بگوترێ بۆ ئەوەی دەرکەوێ کێن ئەوانەی راستی‌یەکان لە ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان دەشارنەوە. کۆنگرەی سێزدەیەم تەنیا کۆنگرەیەك لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا بوو کە بە بۆنەی گەیشتنی تاقمێکی تینووی دەسەڵات بە مەبەستەکانیان تەقەی خۆشیی بۆ کرا! تەنیا کۆنگرەیەك لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا بوو کە دەست و پێوەندەکانی سەرۆکی

قۆڵی سەرکەوتوو، بە سینی‌یەك شیرینی‌یەوە چوونە پیرۆزبایی هەڵنەبژێرانەوە یا وەلانران و پاڵ پێوەنرانی ئەندامانی پێشووی رێبەری! ئەوانەی تۆوی "نفاق" و "دووبەرەکی" و "هەلاّواردن" دەچێنن، دەبێ پێش‌بینیی ئەوەش بکەن کە چ بەرهەمێك دەدروونەوە. کۆنگرەیەك بەم وەزعە پێك هاتبێ و لە هەر قۆناغێکی کارەکانی‌دا، بە دەستی ئەنقەست تەبایی و یەکڕیزیی حیزبی لە پێناوی بەرژەوەندی کەسی و جەناحی‌دا، پتر تێدا کرابێت بە قوربانی، کۆنگرەیەك کە نەك لەبەر سەرکەوتنی حیزب، بەڵکوو لەبەر سەرکەوتنی تاقمێك بەسەر لایەنی بەرامبەری‌دا جێژنی بۆ بگیرێ، لە جێژنی کۆتایی‌یەکەشی‌دا ئەوانە هەڵناپەڕن کە زۆرترین بێڕێزی و ناهەقی دەرحەق کەسایەتی و رابردوو و رەنج و تێکۆشانی بێ ئەژماریان کرابێ، ئەویش لە هیچ و خۆڕایی و تەنیا بۆ گەیشتن بە هێندێ پۆست و مەقام. بەو حاڵەش دیتنی ئەم فیلمە و زۆر فیلمی دیکە کە بەگوێرەی راسپاردە و رێوشوێنە دیاریکراوەکانی سەرانی قۆڵی پاوانخواز بەرهەم دەهێنرێن، کەڵکی خۆی هەیە. دیتنی ئەو فیلمانە لانی کەم بۆ ئەو کەسانەی بۆخۆیان لەنێو رووداو و بۆنە حیزبی‌یەکان‌دا بوون ئەم راستی‌یە دەردەخا کە فیلمسازییش لەنێو حیزبی دێمۆکرات‌دا وەك هەموو کاروبارەکانی دیکە، بەگوێرەی کەلتووری پاوانخوازان کە دابەشینی حیزب بەسەر **"مەحرەم" و "نامەحرەم" و "خودی" و "ناخودی"** دایە، بەڕێوە دەچێ. ئەوانەی بەدڵی سەرانی قۆڵی پاوانخوازن و لە قسەیان دەرناچن، لەوجۆرە فیلمانەدا بازاڕێکی گەرمیان هەیە و، کەسانێکیش کە وەك ئەندامی پلە دوو و سێی ئەم حیزبە سەیریان دەکرێ، ئەگەر لەنێو رووداو و بۆنەکانیش‌دابن، بە ئەنقەست نەدیو دەکرێن. تەنانەت منداڵانی ئەو هاوڕێ حیزبی‌یانەش کە لە لایەن قۆڵی دەسەلاّتبەدەستەوە دەبوغزێندرێن، لەم جۆرە فیلمانەدا کاتێك بەشداریی ئەوان لە کاروباری هونەریی حیزبدا پێشان دەدرێ، بەم جۆرە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و، جیاوازیی لە نێوانیان‌دا دادەنرێ. ئەمەیە "دیاری" و "پەیامی" تاقمێکی زاڵ بەسەر حیزبێك دا کە لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاوازیدانان لە نێو کۆمەڵدا یەك لە ریسالەتە

پیرۆزەکانیەتی! بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو راستیانە، بینەرە وردبین و خاوەن سەرنجەکان تێبینی و نوکتەی جوانیان هەر لە بارەی خودی ئەم فیلمەوە هەیە کە "ئاوڕدانەوە" ئاماژەی پێکردوە. دڵنیاشین ئەم سەرنج و تێبینیانەیان لە سەرانی ئەم قۆڵە نەشاردۆتەوە. یەك لەو سەرنجانە ئەوەیە کە سکرتێرێك کە گوایە سەمبولی نوێکاری‌یەکانی ئەم کۆنگرەیە، ئەگەر بەڕاستی رۆڵێکی وای لە پەسندکردنی دروشمی ستراتێژیی نوێی حیزبدا هەیە، بۆچی لە وتاری جێژنی کۆتایی کۆنگرەدا، توانای دووپاتکردنەوەی دروشمی ستراتێژیی نوێی نیە و، بەشداران و بینەران بە قامکی دەستی حەواڵەی ئەو دروشمە دەکا کە لەپشت سەری هەڵاوەسراوە. سەرنجێکی دیکە لە بارەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە، رەخنە لەو ئاپۆرا دروست کردن و خەڵك پاڵپێوەنان و کەشوهەوا بە ئەنقەست دروستکراوەیە کە گوایە بۆ دەرخستنی لایەنی کاریزماتیکی کەسایەتیی سکرتێری گشتی، پێشان دەدرێ! کە ئەم جۆرە رەفتارانە هیچ پێکەوە گونجاوی‌یەکیان لەگەڵ بانگەشەی بەڕێز هیجری و لایەنگرەکانی لە بارەی نوێخوازی و مۆدێرنبوونەوە نیە و زۆرتر لەنێو شێخ و مەشایخ و مریدەکاندا باون. "ئاوڕدانەوە" لە درێژەی چەواشەکاریی خۆیدا دەچێتە سەر دابەشینی کار و بەرپرسایەتی‌یەکان لە نێو خۆی حیزبدا لە دوای کۆنگرەو، باس لە پێسپاردنی کاری شیاو بە "کەمینە" و خۆبواردنی ئەوان لە وەئەستۆگرتنی کار دەکا "**بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان رێبەرایەتیی حیزب نەتوانێ ئەرکەکانی راپەڕێنێ و دوچاری شکست بێ ئەو دەم بەناچاری دەستەوداوێنی ئەوان بێ کارەکانی حیزبیان بۆ بەرێوەبەرن!!**"

هەر تێکۆشەرێکی حیزبی کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ سەرانی قۆڵی پاوانخوازدا کاری کردبێ و لەنزیکەوە بیان ناسێ دەزانێ ئەوان نە لە رابردوودا و نە ئێستا، توانای کاربەڕێوەبردن و لێهاتوویی تاکیان نەکردوە بە بناغەی کار پێسپاردن. هەرکەس بۆ مەبەست وبەرژەوەندی جەناحی لەگەڵیان دا بووبێ، ئەگەر شتێکی واشی لەباراندا نەبووبێ، بەسەر مرۆڤی بەتوانا و لێوەشاوەدا تەرجیحیان داوە و، لە یەکەم دەرفەت بۆ پاداشدانەوە و قەرەبووکردنەوەی چاکە و خزمەتەکانیان بەو قۆڵە کەلکیان

وەرگرتوە. تەرکیبی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراو لە لایەن ئەوان لەم کۆنگرەیەدا، بۆخۆی بەڵگەیەکی زۆرباشە بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە.

لە دوای کۆنگرەش کە پێیان وابوو دنیا بە کەیفی خۆیانە، ئەم کارەیان لە هەموو ئاستێك و لە سەرانسەری حیزب دا جێبەجێ کرد. ئەو جەماعەتە لە هەموو حیزبی دێموکرات دا ناتوانن ٥ کەس ناو بەرن کە گوایە کاری شیاویان پێ سپاردنوئەو کارانەیان وەرنەگرتوون.( لەمبارەوە لە کوردستان دوو کەسیان مەبەستە کە لە درێژەی ئەم بەشەدا، راستیی مەسەلەکە لەبارەی ئەوان روون دەکەینەوە.) بەڵام باسی دەیان کادری سیاسی و بەرپرسی نیزامی و هتد ناکەن کە جگە لەوەی کارو بەرپرسایەتییان لێ وەرگرتنەوە، هەر کاریان پێ نەسپاردنەوە، یا کاری زۆر نزمتر لە تواناو لێوەشاوەیی خۆیان بە سەر دا سەپاندن کە بەشێکی بەرچاویان بەم حاڵەش بۆ ئەوەی بێکار نەبن، کاری پێشنیارکراویان گرتۆتەئەستۆ و بە ئەمانەتەوە جێبەجێیان کردووە. لە نێو ئەوانەش دا کە کارو بەرپرسایەتییان لە هیچ و خۆڕایی و تەنیا بە تاوانی بەستراوە نەبوون بە قۆڵی دەسەڵاتدار لێ وەرگیراوەتەوە، کەسانی وا هەن کە لە دوای کۆنگرەوە تا ئێستا چاوەڕوان و بێکار کراون. دیارە هێندێك کادری ڕێبەریی پێشوو، یا تێکۆشەری بەوەجی حیزب لە ئۆرگان و بەشەکەی خۆیان جواب کراون، چونکە نە کارێکی وایان دراوەتێ، نە روویەکی خۆشیان پێ نیشان دەدرێ. بەڵام چار ناچار وەزعەکەیان تەحەممول کردوە. لە کوردستان دوو کەس دەناسین کە "کاری شیاو"یان پێ پێشنیار کراوەو وەریان نەگرتوە. جارێ با هەر لە پێشدا بگوترێ کە وەرنەگرتنی بەرپرسایەتی‌یەك لە هەلومەرجێکی نالەباردا، بە مانای کارنەکردن بۆ حیزب نیە. هەروا کەئەم دوو هاوڕێیە نیشانیان داوەو دەستوپێوەندو تەنانەت دەمڕاستەکانی قۆڵی دەسەڵاتداریش لانیکەم شایەدییان بۆ کاری ڕێك و پێکی یەك لەم هاوڕێیانە لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە داوە. بەڵام بە گشتی لەو بارەوە چەند روونکردنەوە پێویستە:

یەکەم: ئەگەر ئەو دوو کەسە ــ وەك پێشتر بە کردەوە نیشانیان دابوو ــ توانای بەڕێوەبردنی ئەم کارو بەرپرسایەتی یە شیاوەیان هەبوو، بۆچی قۆڵی پاوانخواز لە کۆنگرە بە توندی دژایەتیی لەگەڵ هەڵبژێرانیان کردو تەنانەت شەخسی سەرۆك قۆڵ، یەك بە یەکی جەماعەتەکەی خۆی و هەرکەس تێی ڕادەدیت، بۆ دەنگنەدان بە یەکێك لەو هاوڕێیانە هان دەدا؟ چۆنە قۆڵی پاوانخواز چاوی دیتنی ئەوانی لە ریزی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دا نیە، بەڵام بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتیی شیاوی لێیان دەوێ؟

دووهەم: ئەگەر قۆڵی پاوانخواز لەبەر کەمکاری و خراپ بەڕێوەبردن (سوو مدیریت) و لاوازیی سیاسی و سەرکەوتوو نەبوون لە بەرپرسایەتیی پێشوویان دا، نەیهێشت بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی هەڵببژێردرێنەوە، بۆچی لە کۆنگرەدا قامکی لەسەر ئەم کەم و کوڕییانەیان دانەنا؟ئەدی ئێستا بۆچی هەمان کارو بەرپرسایەتییان پێ دەسپێرێتەوە؟ ئەگەر تەنیا لەبەر جیابیری و موخالەفەتیان لەگەڵ باندبازی و چەواشەکاری و دەستەبەندیی ئەو قۆڵە، تۆڵەیان لێ ستاندنەوە، چلۆن بڕوا بە نیازپاکیی ئێستایان بکەن و چۆن بزانن کە ڕێگایان پێ دەدرێ کاروبەرپرسایەتیی خۆیان سەرکەوتووانە بەڕێوە بەرن؟ بەتایبەتی کە هەروەك لە رابردوودا دیبوویان هەموو فکرو زیکری ئەو قۆڵە دەست بەسەرداگرتن و مۆرە دانان لەو ئۆرگانانەیە کە بۆخۆیان توانای بەڕێوەبردنیان نیە.

سێهەم: دەسەڵاتبەدەستانی حیزب بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتیی ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسییان لە هاوڕێیانی وەلانراو و غەدرلێکراو دەوێ، بەڵام دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستیی ئەم کارە بۆ ئەوان بە زێدەخوازی دەزانن. هەربۆیە کاتێك پێشنیاری بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و سەرنووسەریی ئۆرگانی کومیتەی ناوەندییان بە یەکێك لەم هاوڕێیانە کرد، داوای ئەویان کە گوتی بۆ ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، پێویستە وەك گوێگر لە کۆبوونەوە سیاسی یەکانی دەفتەری سیاسی دا بەشدار بێ، نەك هەر رەتکردەوە،بەڵکوو بە زێدەخوازییەکی سەرسوڕهێنەر زانی! جا خوێنەران دەتوانن

قــــەزاوەت بکـــەن کـــە چـــاوەڕوانیی کـــام لایـــەن لـــە یـــەکتر سەرســـوڕهێنەرە.
چوارەم: ئەو بە دەگمەن کەسانەی لەبەر "مناسبات"ی ناسالم و جەوی زاڵ بەسەر حیزبدا لە کۆنگرەی سێزدەوە، بەرپرسایەتییان وەرنەگرتوە، هەر لە دوای ئەم کۆنگرەیەوە، کەمتر لە کادرە پلە بەرزەکان و تەنانەت کەمتر لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی سەر بە قۆڵی پاوانخواز، کاریان بۆ حیزب نەکردوە. ئەگەر کەسانێك مونکیری ئەم راستیەن دەتوانین بە بەڵگەی روونەوە بیسەلمێنین کە لەنێو کەسانی تاوانبار کراو بە کارشکێنی و وەئەستۆ نەگرتنی بەرپرسایەتی دا، هی وا هەن لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەتایبەتی لە سکرتێری حیزب باشتر، داکۆکییان لە رابردوو و شانازییەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان کردوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کارو بەرپرسایەتیی نوێیان - وەك پاداشتی پشتیوانی لە تاقمی دەسەڵاتدار - پێ دراوە، لە بەڕێوەبردنی ئەو کارو بەرپرسایەتییانەیان دا لە کەسانی پێش خۆیان کە بە تاوانی لەگەڵ قۆڵی پاوانخواز دا نەبوون کارو بەپرسایەتییان لێ ئەستێندراوەتەوە، نە باشترن نە سەرکەوتووتر. جگە لەمەش ئەوەندە نەقڵ و راگوێزتنەی کادرو پێشمەرگەکان لە ئۆرگانێك بۆ ئۆرگانێکی دیکەو، لە بەشێك بۆ بەشێکی دیکە، کە لە دوای کۆنگرەی سێزدەو تەنیا بە مەبەستی جەناحی ئەنجام دراون لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا وێنەی نەبووە. لە حاڵێك دا پۆل پۆل کادرو پێشمەرگەی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن بە چووکترین بیانوو وەك سزادان لە ئۆرگان و بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی، کاریان لێ وەرگیراوەتەوەو بەو ناوە کە کاریان نیە بۆ ئۆرگان و ناوەندو کەمپەکانی دیکە ناردراون، کەسانی دەست و پێوەندی خۆیان بە ناوی جۆراوجۆر لە ناوەندو بنکەکانی دیکەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی راگوێزتوە. واتە ئامادە نین ئەگەر کاری تازە هەیە بیدەن بەو کەسانە کە گوایە بێکارن بۆیە نەقڵیان دەکەن، بەڵام بە هاسانی بۆ لە خۆ کۆکردنەوەی کەسانێك کە دەست و پێوەندی خۆیانن کار دەدۆزنەوە.

قۆڵی دەسەڵاتدار ئەگەر پێش کۆنگرە لە ڕێگای دەستەبەندیی نهێنی و تەبلیغاتی درۆ و، هەڕەشەو شانتاژ مەبەستەکانی خۆی دەبردەپێش، لە دوای کۆنگرەوە بۆ ئەوەی زۆرینە بوونی خۆی لە کۆنگرەو کومیتەی ناوەندی دا بکا بە زۆرینەبوون لە تەواوی حیزب دا، دەستی لە هیچ نەپاراستوە. لە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکان، لە داڕشتنی کارو بەپرسایەتی لە ئاستی جۆراوجۆردا، لە وەرگرتنی پێشمەرگەی تازەو، لە سزادان و تەمبێکردن و نەقڵ و پلەدان و تەنانەت لە چاوخشاندنەوە بە ئایین نامەی نێوخۆیی ئۆرگانەکان دا، خۆزاڵکردن بەسەر حیزبی دێموکراتی کردوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی. جا قیمەتەکەی هەرچییەك بووەو هەرچی دەبێ، بەلایانەوە گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە لایەنی بەرامبەر بخەنە پەراوێزەوە. بۆ هەرکام لەو ئیددیعایانە بەدەیان نموونەی زیندوو و فاکت بە تاریخ و ناوی شوێن و کەسەکانەوە هەن، کە بە هۆی جۆراوجۆر لێرەدا خۆ لە بڵاوکردنەوەیان دەپارێزین.

هەربۆیە ئەوەی پاوانخوازانی زاڵ بەسەر حیزبی دێموکرات دا ناوی کار وەئەستۆنەگرتن و کارشکێنی و کەمکاریی لێ دەنێن، لە ڕاستی دا بەرپرسایەتی وەرگرتنەوەو بێکارکردن و سەپاندنی کاروبەرپرسایەتیی زۆر بچووکتر و نزمتر لە تواناو لێوەشاوەیی تێکۆشەرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی بووە. ئەگەر چەند ئەندامێکی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی (سەر بە کەمینەی ڕێبەرایەتی) کارو بەرپرسایەتیی دیاریکراویان دراوەتێ، ئەمە ناتوانێ ئەو هەموو ستەم و غەدرو هەڵاواردنە کە بە نیسبەت سەدان کادرو پێشمەرگەوئەندامی دیکە کراوەو دەکرێ، داپۆشێ.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە بوونی نوێنەرانێك لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی لەدەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی دا، کە قۆڵی دەسەڵاتدار دەیەوێ وەك بەشدار کردنی لایەنی بەرامبەر لە دەسەڵات دا پێشانی بدا، هەر لە پێشەوە ڕێگای کاریگەری دانان لەسەر بڕیاری ئەو ئۆرگانانەی لێ گیراوە. قۆڵی دەسەڵاتبەدەست، لەزۆرینەبوونی خۆی لەم ئۆرگانانەدا بۆ بردنەپێشی مەبەستەکانی کەلك وەردەگرێ و ویست و

داواکانی کەمینەی ڕێبەری هەرچییەك و هەرچۆنێك بن، لە پێشەوە مەحکووم بە ڕەتبوونەوەن. ئەم جۆرە بەشدار کردنەی لایەنی بەرامبەر لە دەسەڵاتیش دا ئەم قسەیەی بەڕێز عەبدولرەزا کەریمی لە کۆنگرەی سێزدەدا وەبیر دێنێتەوە کە گوتی: **"بۆ حیزبێکی کە بڕوای بە دابەشینی دەسەڵات لە وڵاتەکەی دا هەیە، زۆر مەسخەرە دەبێ ئەگەر دەسەڵات لە نێوخۆی دا دابەش نەکا"!**

لەمبارەیەوە پتر نادوێین و هەر ئەوەندە دەڵێین سەرانی قۆڵی دەسەڵاتداری حیزب کە مونکیری ئەم هەموو ستەم و ناهەقی و جیاوازیدانانە دەرحەق بە تێکۆشەرانی "ناخودی" و نامەحرەمی حیزبن، ئەگەر لە ئاشکرابوونی ڕاستییەکان ناترسن و نایانهەوێ هەرچی لە پێناوی پەرەپێدانی ناسروشتی و نادێموکراتیکی قۆڵەکەی خۆیان و هەڵپەرتاوتنی بە ئەنقەستی لك و پۆپی لایەنی بەرامبەردا، ڕستوویانە، لێیان ببێتەوە بە خوری، بۆچی لە داوایئۆپۆزیسیۆن بۆ پێکهاتنی هەیئەتی لێکۆڵینەوە لەم ئیدیعایانەی، ئەوەندە نیگەران و تووڕەن و دژایەتیی دەکەن؟

لەبارەی کارو هەنگاو و بەرەوپێشچوون و دەسکەوتەکانی! دوای کۆنگرەی سێزدەشەوە کە قۆڵی پاوانخواز وا نیشان دەدا، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی ڕۆڵی تێیان دا نەبووە، هەر بۆیە چاوی دیتنیانیشی نیەو لە ئاکام دا بۆ کەمڕەنگ کردنەوەیان **" قەیرانی کاذب"** وەڕێ دەخا، پێویستە ئەم ڕاستییانە وەبیر بێنینەوە:

١ـ ئەگەر لە هەرکام لە بوارەکان دا بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنێك بووبێ، خۆ کوتوپڕو لە خۆڕا نەبووە. شتێکی زۆر سروشتییە بناغەی هیچ کام لەو کارو چالاکییانەی ئەمڕۆ هەن و سەرانی قۆڵی پاوانخواز دەیانەوێ هەموو گرفت و عەیبەکانی دیکەی پێ داپۆشن، لە دوای کۆنگرەی سێزدە دانەنراوە. واتە ڕێبەرایەتیی ئێستای حیزب کارەکانی ڕێبەرایەتیی پێشووی درێژە داوەو، ئەمە مانای دروستی و بە کەلکبوونی هەوڵەکانی پێشوون، با دانیشیان پێدا نەنرێ!

٢ــ ئاوڕدانــەوەی قــۆڵی پــاوانخواز، ئــەو کەســانەی بــە کارشــکێنی و کــەمکاری تاوانباریـان دەکـا، بـە "بەشـێکی کـەم" نـاو دەبـا. ئەگـەر ئـەم هـەموو سـەرکەوتن و بەرەوپێشچوونەی ئەوان ئیددیعای دەکەن، ڕاست بن ئایا ئەمـە نیشـاندەری ئـەوە نیـە کــە تێکۆشــەران و ئەنــدامانی حیــزب بــە تێکــڕا ـ ســەرەڕای ناڕەزایــەتی لــە دەسەڵاتبەدەستان ـ تێیان دا بەشدار بوون؟ ئاشـکرایە نـە ڕەخنـەگرتن و ناڕەزایـەتی دەربڕین لە بەڕێوەبەرێتی و بڕیارو ڕەفتاری قۆڵی پـاوانخواز بـە واتـای خـۆ بـواردن لـە کاری حیزبی بووەو، نە ئەو کەسـانەش کـە لـە پـاوانخوازیی زۆرینـەی ڕێبـەریی حیـزب وەزاڵە هاتوون "بەشێکی کەم" لە حیزبی دێموکراتن.

٣ـ قۆڵی دەسەڵاتبەدەست قامـك لەسـەر کۆمـەڵێك بـوار دادەنـێ کەگوایـە لـە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بەرەوپێشچوون و سـەرکەوتنی سەرسـوڕهێنەریان تێـدا وەدەسـت هاتوە. واش دەنوێنێ کە حیزب، بەر لـە کـۆنگرەی سـێزدە لـەم بوارانـەدا وەزعـی زۆر خــراپ بــووە. پرســیار ئەوەیــە بــۆ مەگــەر پێشــتر بەرپرســایەتیی زۆر ئۆرگــانی وەك ڕاگەیانـدن، تەشـکیلات و سیاسـی نیزامـی و هتـد بـەخۆیان نـەبوو؟ ئایـا ئـەوکات بـە ئەنقەست هەوڵیان دەدا کـاری حیزبـی دێمـوکرات پـێش نەکـەوێ بـۆ ئـەوەی زۆرینـەی ڕێبەریی حیزب، تاوانبار بکەن؟ ئـەدی ئێسـتا، لـەم بوارانـە دا بێجگـە لـە خۆیـان هـیچ کەسی دیکـە ڕۆڵ وزەحمـەتی نیـە؟ئایا پێشـکەوتن و سـەرکەوتنێك هەیـە جێپەنجـەی تێکۆشــەرانی ســەر بــە ئۆپۆزیســیۆنی پێــوە دیــار نەبێ؟ئەگــەر حاشــای لێ دەکــەن بــا کۆمەڵێك بەرهەمی ڕەنجی هاوڕێیانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنیان بە چاو دادەینەوە کە نان و پیازی پێوە دەخۆن.

٤ـ خۆشەویست بوونی حیزبـی دێمـوکرات و ڕێبـەرە شـەهیدەکانی لـە نێـو خـەڵکی کوردستان دا، یـا ڕێـز گـیران لـە چـەند دەیـە خـەباتی ئوسـوولیی ئـەم حیزبـەو بایـەخ پێدرانی لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا نە تایبەتە بە دوای کـۆنگرەی سـێزدە، نــە بەڵگەیــە بــۆ نــەبوونی قــەیران لــە نێوخــۆی حیزبــی دێمــوکرات دا. ئیدامــەکاریی تێکۆشانی حیزبیش، بەتایبـەتی ئـەو کـارو تێکۆشـانانە کـە پێوەنـدییان بـە دەرەوەی

حیزب هەیەو ئۆپۆزیسیۆن شانبەشانی لایەنی بەرامبەر تێیان دا بەشدار بووە، نافی (رەتکەرەوە)ی هەبوونی هەوڵێکی بەربڵاو و بە بەرنامە بۆ لە پەراوێز خستنی جیابیران لە نێو حیزب دا نیە.

٥ـ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات نە بێدەنگبوون لە ئاست ئەو دیاردانەی زۆرینەی رێبەری بە ئەنقەست لە نێوخۆی حیزب دا بۆ بەدەستەوەگرتنی هەمیشەیی چارەنووسی حیزبی دێموکرات داویەو دەیدا، بە کارێکی دروست دەزانێ، نە دەشتوانێ لێیان بێ تەفاوەت بێ. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە کە وەك مۆرکە، جەستەی حیزبی دێموکرات رۆژ بە رۆژ لاوازتر دەکەن، نەك هەر پێویست، بەڵکوو ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە، بە فیڕۆ نەچوونی بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهیدو دەیان هەزار خەباتکار بە درێژایی ٦١ ساڵی رابردوو، لە بەهێزیی حیزبی دێموکرات و پتەوبوونی یەکیەتی و تەبایی لەو حیزبەدا دەبینن. خەباتی نێوخۆیی بە دژی زۆر دیاردەی وەك پاوانخوازی، هەلاواردن، دەمکوتی ناڕازییان و دڵساردکردنەوەی تێکۆشەرانی بەنرخی ئەم حیزبە، تەنیا لە قامووسی پەرەپێدەرانی ئەو جۆرە دیاردانەدا وەك **"قەیران سازیی بەدرۆ"** سەیری دەکرێ. ئەگینا هەر وەك بە کردەوە دەبینین، لەلایەن زۆربەی ئەوانەی لەم وەزعە نێوخۆییەی حیزب بەداخن پێشوازیی لێ دەکرێ و پشتی دەگیرێ.

٦ـ کارو تێکۆشان و نووسین و لێدوانەکانی کەسایەتیەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی بەڵگەن بۆ ئەو راستیەیە کە هەروا کە بە کەم و کورتی و لاوازی و گرفتی ئەم حیزبەوە ماندوون و شێلگیرانە داوای چارەسەرکردنیان دەکەن، بە شانازی و سەرکەوتنەکانیشیەوە خۆشحاڵ و سەربەرزن.هەر لە جێدا گاڵتەیان بەم قسەیە دێ کە حیزب یانی قۆڵی پاوانخواز . بەڵام نە حاشاکردن لەم گرفتانەو بە چارەسەر نەکراوی هێشتنەوەیان خزمەت بە حیزبی دێموکرات دەکا، نە گەورەکردنەوەی لە رادەبەدەری هێندێك هەنگاو و چالاکیی رۆتین و ئاسایی و لە قەڵەم دانیان بە دەسکەوتی کەسێك یا تاقمێك. حیزبی دێموکرات بەبێ گەڕاندنەوەی یەکیەتی و تەبایی

و بە یەك چاو سەیر كردنی ئەندامانیبۆ نێو ریزەكانی، ناتوانێ ئـەو بەرەوپێشچـوون و سەركەوتنانەی هەبێ كە خـەڵكی كوردسـتان و دڵسـۆزانی ئـەم حیزبـە لێـی چـاوەڕوان دەكەن. هەربۆیە دەسەڵاتبەدەستانی ئەم حیزبە، باشترە لە جیاتی گەورە كردنـەوەی لە رادەبەدەری ئەم كارو كردەوانەی بـە هـی خۆیـانی دەزانـن، هـەتا درەنگـتر نـەبووە مشوورێكیش لەو گرفتانە بخۆن كە هەر بۆخۆیان تووشی ئەم حیزبەیان كردوون.

درێژەی هەیە.

لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی

حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێرانەوە

١٣٨٥/٨/١٢

٢٠٠٦/١١/٣

## وەڵامێك بە:

ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەكارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموكرات

(بەشی سێهەم)

بۆ ئەوە سەرانی قۆڵی پاوانخواز نە خۆیان نە خەڵكی دیكە فریو بدەن "ئاوڕدانـەوە"ی قـۆڵی پـاوانخوازی حیـزب وەك گوتمـان هەوڵـەكانی ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخۆی حیزبی دێمۆكرات بۆ بەربەست دانان لە رێی پـاوانخوازی و رەفتارەكانیـان بـە مەبەستی یەكدەست كردنی ئەم حیزبە بە "كێشەی درۆیی" و "قەیرانی دەسكرد" نـاو دەبـا. لـەم پێوەندییـەدا ئۆپۆزیسـیۆن بـە "بڵاوكردنـەوەی دەنگـۆی ناڕاسـت و بردنەدەرەوەی باسەكانی نێوخـۆی حیـزب و پەنابردنـە بـەر زۆر لایـەنی دەرەكـی" لـە بەرەبـەری پلینـۆمی پێنجـەمی كۆمیتـەی ناوەنـدی لـە سـاڵی ١٣٨٤دا تاوانبـار دەكـا. بابزانین نیازەكانی قۆڵی ناوبراو لە پلینۆمی پێنجەمدا كە ناوی دەنێ "بەجێ گەیاندنی ئەو ئەركانـەی لـە كـۆنگرەی سـێزدەدا بـەڵێنی دابـوو" چ بـوون كـە سـەرئەنجام "لـەم قۆناغـەشدا بـە دڵفرەوانـی و بـە هەسـتكـردن بـە بەرپرسـیارەتیی مێـژوییـەوە ...

گرفتــەکانی چارەســەر کــرد"؟ بەداخــەوە ئــەم نیازانــە شــتێك نــەبوون جگــە لــە بەرەوپێشبردنی یەکەمین و دواهەمین پرۆژەی ئەم قۆڵە کە بەرەوپێشبردن و بـە ئاکـام گەیاندنی پرۆژەی یەکدەست کردنی حیزب بوو. کاری ئەو پلینۆمـە بێجگـە لـە هێنـدێك شتی رۆتینی ئەوە بوو: ٢ کـەس لـە دەرەوەی وڵات بـە پێـی بڕیـاری کۆنگرە بکـا بـە ئەنـدامی ئەسـلیی کۆمیتـەی ناوەنـدی ، دەفتـەری سیاسـیی ٦ ئەنـدامیی ئـەوکات یـا بکاتەوە بە پێـنج کـەس (هاوڕێیـەك لـە قـۆڵی کەمینـەی رێبـەری لێبخـا) یـا کەسـێکی دیکەی سەر بە زۆرینە بێنێتە نێو دەفتەری سیاسی و بیکا بـە ٧ کەس،چـاو بـە ئـایین نامـەی نێوخـۆیی ئۆرگانـەکانی سـەربە کۆمیتـەی ناوەنـدی دا بخشـێنێتەوەو بڕیاریـان لەسەر بدا.

قــۆڵی دەســەڵاتدار، بــە پێــی تێگەیشــتنێکی چــەوتی خــۆی لــە دیمۆکراســی و بەکارهێنانی ئامرازی زۆرینـەی رێبـەری، نیـازی ئـەوەی هـەبوو هـەموو ئـەو کارانـە لـە بەرژەوەندی خۆی و بە زیانی کەمینەی رێبـەری لـەم پلینۆمـەدا جێبـەجێ بکـا. پـێش پێکهـاتنی پلینـۆمی کۆمیتــەی ناوەنـدی و لـە دەفتـەری سیاسـییشدا هـیچ چەشـنە ئامادەیی‌یەکی بۆ قبووڵکردنی داواکانی کەمینەی رێبەری لەم پلینۆمەدا پێشان نەدەدا و، دەیگوت کۆمیتەی ناوەندی (کە مەبەسـتیان زۆرایـەتیی رێبـەری بـوو) هـەر جۆرێـك بڕیار بدا، سەلاحییەتی هەیە و هەقی خۆیەتی. لێرەدا بوو کە کەمینە رایگەیاند ئامادە نیە لە پلینۆمێكدا بەشداری بکا کە هیچ رۆڵێکی بێجگە لە شەرعیەتدان و رەسمیەتـدان بە جێبەجێ بـوونی نیـازی یـەك لانەیـەی زۆرینـە، نـەبێ. کـاتێکیش دەرکـەوت زۆرینـە لەسەر بڕیاری خۆی سوورە و کۆبوونەوەکەی بەبێ بەشداریی کەمینـەی رێبـەری، پێـك دێنێ ـ کە ئەمە لەتکردنی حیزبی دێمۆکراتی لێ دەکەوتەوە ـ هاواری بردە لای هەر دوو حیزبی دۆست و برا، پارتی دێمـۆکرات و یەکیـەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی زۆرینە لەم کارە پڕ مەترسی‌یە بگێڕنەوە و نەهێڵن حیزبی دێمۆکرات لەت بێ. سـەرانی قۆڵی پاوانخوازی حیزب ئەگەر ئەوەندە نیگەرانی پەنابردنی کەمینـەی رێبـەری بـۆ لای "لایـەنی دیکـە" و "بردنـە دەرەوەی گرفتـەکانی حیـزب" بـوون و هـەن، دەبـێ پـێش

ئەوەی کار بگاتە جێگای باریك، "بەرپرسیاریەتیی مێژوویی" لە خۆیان نیشان بدەن. ئەگەر پاراستنی یەکیەتیی حیزب بە قەبوولکردنی لانی کەمی داواکانی ئۆپۆزیسیۆنیشیان لە نەهاتنەدیی کاتیی هەموو نیازەکانی خۆیان پێ باشترە، هەق ئەوەیە سوپاسی ئەو "لایەنە دەرەکی"یانە بکەن کە لەوان پتر دڵسۆزی یەکڕیزیی حیزبی دێمۆکراتن و نایانهەوێ ئەم حیزبە لەت بێ. پاشان ئەوە چ "وشیاری" و "دڵفرەوانی" و "هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیی مێژوویی"یەکە لە پێناوی پاوانخوازیی خۆیاندا، هەموو جارێ حیزبی دیمۆکرات تا سەر لێواری لەتبوون دەبەن و، تەنیا ئەو کاتەی هەموو لا پێیان راگەیاندن ئەم شێوە حیزب بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی زۆرینەی ڕێبەری، هیچ خزمەتێك بە حیزبی دێمۆکرات ناکا، بەناچار و بۆ ماوەیەکی کاتی، "دڵفرەوانی‌یەکی نەخوازراو" لە خۆیان دەنوێنن و درێژەی نیازە خراپەکانیان بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵ دەگرن؟!

"ئاوڕدانەوە" کاتێك دەچێتە سەرنامە ٢٠ خاڵی‌یەکەی رۆژی ١٣٨٦/٥/٧ی ئۆپۆزیسیۆن، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم قسەیەی ئۆپۆزیسیۆن لە پێشەکیی نامەکەیدا کە **"حیزبەکەمان دووچاری وەزعێك بووە کە تەنیا دوژمنانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن"** جارێکی دیکە دەکەوێتەوە چەواشەکاری و پێهەڵگوتن بەو دەسکەوتانە کە لە لاپەڕەکانی پێشتردا بەدرێژی لەسەریان رۆیشتوە و وەك بەڵگەی **دەست پێکردنی سەردەمی زێڕینی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات لە بەرەکەتی زاڵبوونی ئەم قۆڵە** پێیان دەنازێ. بەڵام لە ناو بردنی ئەو کار و کردەوانەی خۆیان کە نامەیئۆپۆزیسیۆن بە دوای ئەم رستەیە دا ئاماژەی پێکردوون،بوون بە هۆی وەزعێکی نێوخۆیی دڵتەزێن، خۆدەبوێرێ. داوا لە هەموو خوێنەران دەکەین جارێکی دیکە پێشەکیی نامەکەی ئۆپۆزیسیۆن بخوێننەوە و قەزاوەت بکەن ئەو وەزعە نێوخۆیی‌یەی ئاماژەی پێ کراوە، بێجگە لە دوژمنانی حیزبی دیموکرات، بۆ چ کەسانێك جێگای دڵخۆشییە؟ بەڵام لە بارەی کارەکانی دیکەی دوای کۆنگرەوە هەروەك لەبەشی دووهەمی ئەم وەڵامەدا گوتمان **"بناغەی هیچ کام لەوکار و چالاکییانەی ئەمڕۆ هەن و سەرانی قۆڵی**

**پاوانخواز دەیانەوێ هەموو گرفت و عەیبەکانی دیکەی پێداپۆشن، لە دوای کۆنگرەی سێزدە دانەنراوە... ئەگەر سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونێکیش بووبێ هەموو تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب تێیاندا بەشدار بوون. ... خۆشەویست بوونی حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەرە شەهیدەکانیش لە نێو خەڵکی کوردستاندا، یا ڕێزگیران لە چەند دەیە خەباتی ئوسوولیی ئەم حیزبە و بایەخ پێدرانی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا نە تایبەتە بەدوای کۆنگرەی سێزدە و، نە بەڵگەیە بۆ نەبوونی قەیران لە نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتدا..."** بەو حاڵەش هەر بۆ ئەوەی سەرانی ئەم قۆڵە نە خۆیان فریو بدەن، نە خەڵکی دیکە، وەبیرهێنانەوەی چەند ڕاستی بە پێویست دەزانین:

١ـ چالاکیی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و، وەڕێخستنی کار و چالاکیی جۆراوجۆر (ڕێپێوان، مانگرتن و خۆپێشاندان) لە لایەن ئەوانەوە بە خۆشی‌یەوە لەمێژساڵە هەیە. نەك پێش کۆنگرەی ١٣، بەڵکوو لە پێش کۆنگرەی ١٢شەوە لە نێوخۆی وڵات، نەورۆز، ڕۆژی شەهیدان، بۆنە مێژوویی‌یەکانی وەك ٢٥ی گەلاوێژ و ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دەرفەتێك بوون بۆ خرۆشانی ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی وشیار و هەقخوازی کوردستان. لە زۆر بۆنەی دیکەشدا وەك ڕفێندرانی ئۆجەلان، ڕاگەیاندنی فێدرالیزم لە ئێراق و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستانی ئێران، حەرەکەتی جەماوەریی بەرینیان وەڕێخستوە کە بووە بە هۆی وەحشەت و تووڕەیی کۆماری ئیسلامی. حیزبی دێمۆکراتیش لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا، بەم بۆنەیەوە شانازیی بە وشیاری، ئازایی و ئاگایی و یەکیەتیی نەتەوەیی ئەوان کردوە. ئایا حاشاکردن لەم ڕاستی‌یە بێ ئەمەگی بەرامبەر بە ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان نیە؟

لە دەرەوەی وڵاتیش، نموونەی چالاکیی شیاوی ئافەرینی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ساڵانی پێش کۆنگرەی ١٣دا زۆرن. ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و

لاوە دێمۆکراتەکان لە کاتی ڕاگەیاندنی بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنووس و دانانی لەوحی یادکردنەوەی شەهیدانی بێرلین و هێندێك بۆنەی دیکەدا ئەنجامیان داون، لە چالاکییەکانی دوای کۆنگرەی ١٣ ئەگەر زیاتر نەبووبن کەمتر نەبوون. وادیارە **سەرانی ئەم قۆڵە تەنیا ئەوکار و چالاکییانە بە گرنگ و شیاوی یادکردنەوە دەزانن کە دوای کۆنگرەی ١٣ بەڕێوەچوون!**

٢ ـ بێزاریی خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی و ڕادەی بەرزی ئاگایی سیاسی و ئامادەیی بەرخۆدان و بووژانەوەی هەست و بیری نەتەوەیی‌یان لەمێژساڵە بووە بە هۆی ئەوە بە هەر بیانوویەك بڕژێنە سەر شەقامەکان و بەگژ هێز و دام و دەزگا سەرکەتکەر و جینایەتکارەکانی ڕ ێژیمدا بچنەوە. بەم هۆیەشەوە کە حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبەیان خۆش دەوێ، شتێکی سروشتی‌یە کە زۆربەی دروشمەکانیان لەم جۆرە حەرەکەتانەدا بە قازانجی حیزبی دێمۆکرات و بە لایەنگری لە ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبەیە. ئەم ڕاستی‌یە بە هیچ جۆر بە مانای ڕێکخستنی حەرەکەتەکان لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە نیە تا ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدە بەناوی خۆی بیاننووسێ و وەك دەسکەوتی خۆی بەچاوی هاوڕێیانی حیزبی و ڕێکخراوەکانی دیکەی دا داتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەم حەرەکەتانەدا بەشدار نەبوون. چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ڕێبەری‌یە و ڕاگەیەنەکانی حیزب لەگەڵ ڕووداوەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژی ١٣٨٤، پێچەوانەی ئەم ئیدیعایەی بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی و قۆڵی دەسەڵاتداری حیزب دەسەلمێنێ کە دەڵێن ئەوان ئەم حەرەکەتانەیان وەڕێخستبوو.

٣ ـ لە بارەی **"سەفەری سەرکەوتووانە و پڕ دەسکەوت"**ی کاك مستەفا هیجری بۆ دەرەوەی وڵات، ئێمە ئارەزوو دەکەین ئەو ئیدیعایانەی "ئاوڕدانەوە" ڕاست بن. بەڵام دەپرسین **ئەو بەڕێزە کام ناوەندی بڕیاردان و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی دیوە کە پێشتر حیزبی دێمۆکرات لە ئاستی خوارتر لە سکرتێر و جێگری سکرتێر و ئەندامی دەفتەری سیاسییش‌دا نەی‌دیبن؟ یا لە ئاستێکی بەرزتر لە ئێستادا، پێشوازییان لە**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات نەکردبێ؟ کام لایەن و ناوەند و کەسایەتی بەرزی سیاسی، دیپلۆماتیك و مرۆڤدۆستی دیوە کە پێشتر پێوەندییان لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتدا نەبووبێ و چاویان بە رێبەران و نوێنەرانی ئەم حیزبە نەکەوتبێ؟**

یەك لەو ناوەندە بڕیاردەرانەی جیهان کە گوایە بەوپەڕی گرنگییەوە کاك مستەفایان وەرگرتوە، ئەمریکایە. لەم بارەیەوە پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم ئیدیعایە راستە، چۆنە تا ئێستاش لە هیچ ئاستێکدا وەڵامی ئەو پەیامە پیرۆزباییيە خەست و خۆڵەی ناوبراویان بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەی دووبارەی جۆرج بووش ـ کە ئەو هەمووە رەخنەیەی هێنایەوە سەر سکرتێر و رێبەری حیزب ـ نەدایەوە؟

٤ ـ هەموو کەس دەزانێ پێکهاتنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەمساڵی ئێرانییەکان لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی کۆنگرێس و سەنای ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی KNC (کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا). بە هەوڵی ئەو رێکخراوە بوو کە نوێنەرانی رێکخراوەکانی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال و ژمارەیەك کەسایەتیی ئێرانی و رۆژئاوایی، لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێران لێك کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد کە بێگومان ئەم کارە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. **بۆ ئێمە زۆر خۆش دەبوو ئەگەر حیزبی دێمۆکرات ـ کە پێوەندییەکی چەندین ساڵەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە ـ چاوساغ و رێنوێنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال بۆ لای ئەمریکاییەکان بوایە، نەك بە پێچەوانەوە، سکرتێری حیزب لە سۆنگەی ئەندامەتیی حیزب لەم کۆنگرەیەدا رێی بکەوێتە ساڵۆنەکانی کۆنگرێس و سەنای ئەو وڵاتە.**

چەند خۆش دەبوو هەروا کە لە راگەیەنەکانی حیزبدا بە ئەنقەست وا نیشاندرا، بە راستی سکرتێری حیزب لە سەنا و کۆنگرەدا وتاری پێشکێش کردبا. بەڵام هۆی چیە قسەکانی بەڕێزیان بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەی ئێرانییەکان، جیاواز لە وتاری هەموو کەسانی وەك خۆی ناوی **"وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنگرە و سەنای ئەمریکا"**ی لەسەر دادەنرێ و راست هەوڵەکانی ئەو بە "بردنی کێشەی کورد لە

کوردستانی ئێران بۆ نێو هاوکێشە سیاسی‌یەکانی جیهانی و ناوچەیی" ناودێر دەکرێ؟ دیارە پارلمانی فەرانسەش شوێنێك نیە کە تەنیا دوای کۆنگرەی ١٣، ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرالدا، سکرتێری حیزب رێی تێ‌کەوتبێ. هەر لەم پارلمانە، جارێك بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و جارێکی دیکە بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌یەوە وچەند جاری دیکەش بە موناسەبەتی جۆراوجۆرەوەو لە بەرەکەتی دۆستایەتیی حیزب و رێکخراو و کەسایەتی‌یە فەرانسەیی‌یەکان لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات، رێورەسمی تایبەت بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێوەچووە و، مەسەلەی سەرەکی لە هەر دوو کۆبوونەوەکەشدا هاوپێوەندی لەگەڵگەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

کە وایە جیاوازیی سەفەرەکانی سکرتێری گشتی لە دوای کۆنگرەی ١٣ لەگەڵ سەفەرەکانی سکرتێری گشتی لە دەورەکانی پێشوودا چی‌یە کە ئەوانی پێشوو هیچ بایەخێکیان (لە روانگەی سەرانی قۆڵی پاوانخوازەوە) نەبووە بەڵام هی ئەم دووساڵە **"هەوڵی دیپلۆماتیکی سەرکەوتوو و پڕدەسکەوت"** بوون؟ یا دەبێ سکرتێری ئێستای حیزب دیپلۆماتێکی بەتوانا و مرۆڤێکی زۆر شارەزا لە سیاسەت و تەواو ئاگادار لە وەزعی دنیا بێ کە زۆر بەداخەوە وانیە و ئەم راستی‌یە بێجگە لە هێندێك لایەنگری دەمارگرژی خۆی، هەمووان دانی پێدا دەنێن. یا دەبێ ئاڵوگۆڕێك لە بەرپرسانی دیپلۆماسیی حیزبدا رووی دابێ کە دەزانین زۆربەی ئەو بەرپرسانەش کە کاری پێوەندی‌یەکان دەکەن هەر ئەوانی پێشوون. ئەگەر گۆڕانێکیش رووی‌دابێ، بە زۆری وەك زۆربەی ئاڵوگۆڕەکانی دیکە مەبەستی جەناحییان لە پشت بووە نەك بردنەسەری چۆنایەتی و بەرهەمی کار. **تەنیا جیاوازیی ئەم دەورەیە لەگەڵ پێشوو لەوەدایە زۆرترین هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوەی هەموو کاروچالاکی‌یەك وەك دەسکەوتێکی نوێ و بێوێنە نیشان بدرێ. بە ئەنقەستیش وانیشان دەدرێ کە ئەم "دەسکەوتانە" بەرهەمی زۆرینەی رێبەری و بە تایبەتی بەرهەمی بیر و هەوڵەکانی سکرتێرن. هەر**

**ئەوەش کە لە زۆربەی هەواڵ و راپۆرتـەکانی تایبـەت بـە دیـدار و چـاوپێکەوتنەکانی سکرتێر لە دەرەوەی وڵاتدا، بە ئەنقەست ناوی بەرپرسانی پێوەندییەکانی حیزب کە رێکخـەر و پێکهێنـەری ئـەم دیدارانـە و چاوسـاغی سـکرتێر بـوون، ناهێنرێـت، بـۆ گەورەکردنەوەی سکرتێر و تەواوکردنی هەموو کارەکان بە ناوی ئەوەوە، بە قیمەتی پشتگوێ خستنی زەحمەتی کەسانی دیکەیە.**

نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" هیچ حیسێبێکیش بۆ "حافظە"ی خەڵك و بیروبۆچـوون و رەخنەی زۆریان لە بارەی هەڵە سیاسییەکان و هەڵە یەك بە دوای یەکەکانی سکرتێر و زۆرینەی رێبەریدا، ناکەن کە خۆش یا ناخۆش ئەمانیش پێوەنـدییان بـەم "سـەردەمە زێڕینە" و مانگەکانی پێش نووسرانی نامـەی ئۆپۆزیسـیۆنەوە هەیـە ! هەرواکـە باسـێك لەو رەفتار و کردەوە بەرنامەبۆدانراوەی خۆیان بە مەبەستی یەکدەست کردنـی حیـزب لە مـاوەی دوو سـاڵ و چـەند مـانگی پـێش نووسـرانی نامـەی ئۆپۆزیسـیۆندا ناکـەن ! ئەوان رێگایەکی بەدرێژایی مێژوو تاقیکراو بەڵام سەرنەکەوتوویان بۆ خۆ تەبرەئـەکردن لەو قەیرانەی بۆخۆیان دروسـتیان کـردوە، گرتۆتەبـەر. ئـەویش تاوانبـارکردنی لایـەنی بەرامبەریانە. هەر بۆیە ئـەو راسـتیانەی پێشـەکیی نامـەی ١٣٨٥/٥/٧ی ئۆپۆزیسـیۆن قامکی لەسەر داناون بە **"تاوان و گوناحی درۆ و دەسکرد"** کە لە لایەن **"چەند کەس"** دراونـــە پـــاڵ رێبەرایـــەتی، لەقەڵـــەم دەدەن وبـــۆ رەتکردنـــەوەیان پـــەنایان بـــۆ چەواشـەکارییـەکی ئاشـکرا، هەڵبەسـتنی "تـاوان و گونـاح"ی بـە راسـتی "درۆ و دەسکرد" و سەفسەتەی زۆر ناشیانە بردوە کە لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

**نامەی رۆژی ١٣٨٥/٥/٧ی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەرچی ئیمزای ٢٥ کەس لە ئەنـدامانی رێبەریی پێشوو و ئێستای پێوەیە، بەڵام ئەو قسە و داوایانە نەك هەر هی "ئەو چەند کەسە"، بەڵکوو وەك سەرانی قۆڵی دەسەڵاتداریش لە نزیکەوە لێی ئاگادارن، قسە و داوای سەدان کادر و پێشمەرگە و هەزاران ئەندامیی حیـزبن کـە بـە تۆمـار و ئیمـزا و نامەی تایبەتی، پشتیوانیی خۆیان لەو نامەیە راگەیاندوە.**

یەکەم "سفسگە"ی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" کە بە خـەیاڵی خۆیـان بـە مەبەسـتی ورووژانـدنی هەسـتی ئەنـدامان و لایـەنگرانی حیـزب پـەنایان بـۆ بـردوە، بـە هەڵـە ماناکردنـەوەی وشـەی ئۆپۆزیسـیۆنە. لـەو بارەیـەوە دەڵـێن: "لـە نێوخـۆی حیزبێکـی شۆڕشـگێڕدا کـە خـەریکی بـەڕێوەبردنی خـەباتێکی سـەخت و دژوار و ڕێبـەریی جوولانەوەیەکی مافخوازانە دەکا، ئۆپۆزیسیۆن هیچ مانایـەك نابەخشـێ، ئۆپۆزیسـیۆن یانی دژ و ڕکەبەر، دژ و ڕکەبەری حیزبی دێمۆکرات دەتوانێ کێبێ؟!". داهێنەری ئەم ناوە بۆ ناڕازیانی نێوخۆی حیزب لە ڕێبەری، کاك مستەفا هیجرییە. ئەم "سفسطه"یە جـارێکی دیکـەش لـە لایـەن ئۆپۆزیسـیۆنەوە هـەر بـە کـەلکوەرگرتن لـە "اسـتدلال" و وتووێـژی بـەڕێز کـاك مسـتەفا لەگـەڵ گۆڤـاری مەڵبەنـد (کـە لـە ژمـارە ٤٣٨ی "کوردستان"یشدا بڵاو بۆتەوە) پووچـەڵ کراوەتـەوە. **نووسـەرانی نامـە دەتـوانن لـە سەرۆکی قۆڵەکـەیان بپرسـن بۆچـی خـۆی و هاوقۆڵـەکانی وەك ئۆپۆزیسـیۆنی پـێش کۆنگرەی ١٣ کە بە هۆی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە حیزبدا، لە ئۆپۆزیسیۆنی نەجاتیان بووە، ناوبردوە. حیزبـی دێمـۆکرات پـێش کـۆنگرەی ١٣یـش خـەریکی بـەڕێوەبردنی "خەباتێکی سەخت و دژوار و ڕێبەریی جوولانەوەیەکی مافخوازانە" بوو. ئـەدی دژ و ڕکەبەری ئەم حیزبە لەو کاتدا "دەیتوانی کێبێ؟!"**

"ئاوڕدانەوە" دەڵێ لەنێو ئەو کەسانەی نامەکەیان ئیمزاکردوە کەسـانێك هـەن کـە ئەندامی دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی جێگر و موشاویری کۆمیتـەی ناوەندین. ئەم قسەیە ڕاستە. بەڵام ئەوش هەر نیشانەی ڕاسـتیی نێـوەرۆکی نامەکـەی ئۆپۆزیسیۆنە کە دەڵێ هەرکەس لەگەڵ قۆڵی زۆرینەدا نەبێ، ئەندامی هـەر ئۆرگانێك و لە هەر ئاست و پلـە و پایەیـەکدا بـێ، ناتوانـێ لـە دەرەوەی ویسـت و ئـیرادەی قـۆڵی دەسەڵاتدار ڕۆڵـی لـە بڕیـاردان و بەڕێوەبـەریدا هـەبێ و، بـەو تاوانـە کـە لـە ڕێبـەریی حیـزبدا کەمینەیـە، هـیچ داوایـەکی ڕەوا و هـیچ قسـەیەکی حیسـابیی بـۆ ناچتەسـەر. "ئاوڕدانـەوە" بـەو نـاوە کـە لـە ئەساسـنامەی حیـزبدا هـیچ ئاماژەیـەك بـە وشـەی ئۆپۆزیسیۆن نەکراوە حاشا لەو ڕاستییە دەکا کە لە کۆنگرەی دەیەمەوە تا کۆنگرەی

سێزدە کەمینەی ڕێبەری یا هەر کەمینەیەك لەنێو حیزبدا بە ڕەسمی ناسراوە و مافی ئەوەی پێدراوە لە ڕۆژی دوای کۆنگرەوە (لە کۆنگرەی ١٠ پەسندکرا ٦مانگ پێش کۆنگرە) بیروبۆچوونەکانی خۆی لە ناملیکەی ناوخۆیی و کۆبوونەوە حیزبی‌یەکان‌دا رابگەیەنێ و تەبلیغاتیان بۆ بکا. لەو کاتیشەوە تا کۆنگرەی سێزدە بە کردەوە ئەو کەمینەیە حیسابی بۆ کراوە و لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبدا لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر و دابەشینی کار و پۆستەکانی حیزب، وەك تەرەفێك سەیری کراوە و بەپێی نفووزی لە نێوحیزبداو زۆر لەوە زیاتریش، لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری و لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکان‌دا، کار و بەرپرسایەتییان پێ سپێردراوە.

ئەگەر ئەو داوایەی لە خاڵی ١ دا هاتوە "رستەیەکی سەرتاپا چەواشەکارانەیە" و تا ئێستا بەم جۆرە عەمەلی نەکردوە، **بۆچی قۆڵی دەسەڵاتداری حیزب چەندین جار ئەو داوایەی رەت کردۆتەوە کە "کەمینەی ڕێبەری ئێستا" با بە دڵخوازی قۆڵی دەسەڵاتدار ئەو جێگایەی پێ بدرێ کە کەمینەی پێشوو لە یەکێك لە سێ کۆنگرەی ١٠ ، ١١ و ١٢ی دا هەیبووە؟** هەر ئەوە کە ئەم زۆرینەیە ئامادە نیە جێگا و مەوقیعییەتی کەمینە لە هیچ کام لە کۆنگرەکانی ١٠ ، ١١ و ١٢ دا بدا بە کەمینەی ڕێبەری ئێستا مانای ئەوەیە کە زۆرینەی پێشوو بەرپرسانە و دێمۆکراتیك لەگەڵ کەمینە جووڵاوەتەوە و هەلومەرجێکی باشی بۆ بەشداری لە بەڕێوەبەری و بڕیاردانی حیزبدا پێك هێناوە، هەروەها مانای ئەوەیە کە **زۆرینەی ئێستای ڕێبەری بە راستی پاوانخواز و "تۆتالیتێر"ە و حازر نیە هیچ کام لەو مەوقیعییەتانەی پێشووی خۆی کە گوایە غەدریشی لێ کرابوو، بدا بە کەمینەی ئێستا.** لە قامووسی قۆڵی پاوانخوازدا هەر چەشنە لەمپەر دانانێك لە سەر ڕێی نیاز و مەبەستە پاوانخوازانە و جیاوازیدانەرانەکانیان وەك **"لەتکردنی حیزب"** واتا دەکرێتەوە. "ئاوڕدانەوە"کەشیان، دیالۆگ لە گەڵ لایەنی بەرامبەر و حیساب بۆ کردنی، ناودەنێ "بە ڕەسمی دابەشکردن و بە ڕەسمی ناسینی ئینشیعاب لە حیزبی دێمۆکراتدا. " **ئەوان هەر لە کۆنگرەی**

**سێزدەوە حیزبیان کردوە بە دوو بەش و، ئەو بەشەی بۆ مەبەستە جەناحی‌یەکانیان لە گەڵیاندا نیە، بە عالەمی ئاشکرا مافە حیزبی و تەشکیلاتی‌یەکانیان زەوت دەکەن و بەم جۆرە رەفتاریان لەگەڵ دەکەن کە لە پێشەکیی نامەی ١٣٨٥/٥/٧دا هاتوە. ئەوە "لەتکردنی حیزب بەکردەوە" نیە! بەڵام هەرکات لەگەڵ داوای بەیەك چاو سەیرکردنی هەموو ئەندامانی حیزب و پێویستیی دابین بوونی حەق و حوقووقی بەشە "نامەحرەم" و زۆر لێکراوەکەی، رووبەڕوو بوون، دەبن بە خەمخۆر و دڵسۆزی یەکیەتیی حیزب.** بە راستی ئەم ئیستیدلالەی ئەوان، چ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ ئیستیدلالی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیستە کۆن و نوێیەکانی ئێران هەیە کە بەردەوام باسی برا بوونی هەموو ئێرانی‌یەکان دەکەن، بەڵام هەرکات گوتت با منی برا بچووك هەقم هەبێ بە زمانی زگماکیی خۆم بخوێنم پێت دەڵێن تەجزیەتەڵەب! و سەرکوتی "برا"ی خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن؟!

نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" لە هەرجێیەك لە بەرپەرچدانەوەی خاڵەکانی نامەی ١٣٨٥/٥/٧دا کەمیان هێنا و قافیەیان پێ‌تەنگ بوو یا ئۆپۆزیسیۆن بە داوای لەتکردنی حیزب تاوانبار دەکەن یا پەنا بۆ "سفسطە"یەکی تازە دەبەن. نموونەیەکی دیکە لەو سەفسەتانە لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی ٢ی نامەکە، یا پەسندکرانی بڕیارێك لە کۆنگرەی ١٢ لەبارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوەیە. "ئاوڕدانەوە" ئەمە بە **"تەوهینێکی گەورە بە رابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزب"** ناو دەبا و، وەك هێنانە ژێر پرسیاری هەموو هەوڵ و خەباتی حیزبی دێموکرات وبە تایبەتی رێبەری بلیمەت و شەهید دوکتور قاسملووی نەمر "بۆ ئەوەی کە حیزب بە راستی حیزبێکی دێموکرات بێ" دەیناسێنێ. دەڵێین هەر پرسیارێکی روون، وەڵامێکی روونیشی هەیە. پرسیار ئەوەیە **ئایا کۆنگرەی دوازدەیەم بڕیاری روون و دیاریکراوی لە بارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئۆرگانەکانی نێوخۆیی‌دا پەسند کردوە یان نا؟** بێگومان ناتوانن حاشای لی بکەن، چونکە کۆنگرەی سێزدەش هەر ئەو بریارەی پەسندی کردۆتەوە و، ئەگەر حاشاشی لی بکەن فیلم و بەڵگەنامەکانی تایبەت بەم کۆنگرانە لەو

بارەوە شایەدی دەدەن . پەسندکردنی ئەو بڕیارەش راست لەو پێوەندی‌یەدا بوو کە هەر ئەمانەی ئەمڕۆ چارەنووسی حیزبی دێمۆکراتیان گرتۆتە دەست چونکە بێجگە لە دەسەڵاتخوازی قسەیەکی دیکەیان نەبوو، لە جیاتی قسەکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشکرادا، نیاز و مەبەستەکانی خۆیان لەژێرەوە و لە پەنا و پەسیوان و بە کەلکوەرگرتن لە دەستەبەندیی نهێنی دەبردەپێش و خۆیان لە "شفافیت" و تێکۆشانی نێوخۆیی ئاشکرا دەدزییەوە. بەو حاڵەش هیچ کات نەیانویست بە رێگای ئەم بڕیارەدا و بەهۆی رەخنەی روون و ئاشکرا مەبەستەکانیان ببەنە پێش. چونکە ئەوان بۆ ئەم مەبەستانەیان کەلکیان لە چەکی ساز کردنی دەنگۆ و درۆ و بوختانی ژاراوی و رازیکردنی هەرکەس بە قەول و بەڵێنی تایبەت بەخۆی وەردەگرت. ئەم جۆرە میتۆدانەش رووی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشکرا و ئۆرگانی نێوخۆیی حیزبیان نەبوو، چونکه دەست بەجێ پووچەڵ دەکرانەوە. نەبوونی بڕیارێکی لەم چەشنە لە پێشوودا، بە مانای ئەوە نیە کە ئازادیی بیرورا دەربڕین لە حیزبی دێمۆکراتدا نەبووە، تا بەهۆی ئەم لێکدانەوەیە "هەر هەموو هەوڵ و خەباتی حیزبی دێمۆکرات... بۆ ئەوەی حیزب بە راستی ببێ بە حیزبێکی دێمۆکرات" یا ناو و ناوبانگی دێمۆکراتبوونی دوکتور قاسملوو و نازناوی "مامۆستای دێمۆکراسی" بوونەکەی بچێتە ژێر پرسیار. زۆر پێش ئەوەی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" رێگایان بکەوێتە نێو حیزبی دێمۆکرات،کەسانێك لە ئوپۆزیسیۆنی ئەمرۆ شانبەشانی دوکتور قاسملوو هەوڵی جێگیرکردنی پرەنسیپە دێمۆکراتیکەکانیان لە نێو ئەم حیزبانەدا دەدا. ئەم جۆرە "سفسطە" و ئیستیدلالانەش مرۆڤی تێگەیشتوویان پێ هەڵناخەڵەتێ. حیزبی دێمۆکرات لە کۆنگرەکانی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌دا پابەندی بە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و کنوانسیۆنەکانی سەر بەم بەیاننامەیەی هێناوەتە نێو بەرنامەی خۆی. بەڵام لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، زۆر لەو ماف و ئازادییانەی لەو بەیاننامەیەدا هاتوون، بۆ کەمایەتی‌یە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکان دابین و دەستەبەری کردبوون. ئەوە لە حاڵێكدا بوو کە هێشتا ئەو بەیاننامە جیهانی‌یە هەر

بڵاو نەببۆوە. ئایا دەکرێ بڵێین چونکە حیزب لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا باسی مافی مرۆڤی هێناوەتە نێو بەرنامەکەی، پێشتر دژی مافی مرۆڤ بوو؟! شاکارێکی دیکەی "ئاوڕدانەوە"ی قۆڵی دەسەڵاتدار، خۆبواردن لە خاڵی ٣ ی نامەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێمۆکرات و زۆر رۆیشتنی لەسەر پرەنسیپی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە حیزبی دێمۆکرات، لە جێگای وەڵامدانەوە بەو خاڵەیە. **قسە لەوە نیە کە زۆرشت لە حیزبی دێمۆکراتدا وەك پرەنسیپ هەن، قسەکە ئەوەیە بۆچی رێگا نادەن ئەم پرەنسیپانە بەڕێوەبچن.** قۆڵی دەسەڵاتدار لە سەرەتادا بە تایبەت لە نێوان کۆنگرەی ١٢ بۆ ١٣دا، قسەکانی خۆیان کە تاوانبارکردنی هاوڕێیانیان بە لادان لە رێبازی دوکتور قاسملوو و کەمڕەنگ کردنی کار و تێکۆشانی حیزبی و بەدگویی سکرتێر و بەرپرسانی حیزبی بوو، لە سایتەکان و بەشێوەی نهێنی و مەحفەلی بڵاو دەکردەوە و لە بڕیاری پەسندکراوی کۆنگرەبۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆیان کەڵکیان وەرنەدەگرت. لە دوای کۆنگرە و تەنانەت لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەشدا کۆسپیان هێنایە سەر رێگای ئازادیی بیروڕا دەربڕین و هەڕەشەیان کرد ئەگەر تەون و بەست و دەستەبەندیی نهێنیی ئەوان لە قاوبدرێ، لە بەرامبەر شێوانی کۆبوونەوەکان و بێحورمەتیکران بە هاوڕێیانی رەخنەگر و ناڕازیدا بەرپرس نابن. ئەمەیە هەموو باوەڕ و رێزی ئەوان لە ئاست پرەنسیپی ئازادیی بیروڕا دەربڕین . لە کۆبوونەوەکانی دوای کۆنگرەی ١٣وە بێحورمەتی بە کەسانێك کە رەخنە لە سکرتێر و رێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدە دەگرن بووە بە شتێکی باو کە لێی ناپرسرێتەوە و تەنانەت ئەو کەسانەی ئەو جۆرە بێحورمەتیانە دەکەن تەشویقیش دەکرێن. زۆر پێشمەرگەش هەر بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕین لەو رەفتار و کردەوانەی دەسەڵاتداران کەوتوونەتە بەر رق و بە بیانوویەکی دیکە بەڵام لە راستیدا هەر بە تاوانی بیروڕا دەربڕین، سزادراون.

دەبێ حیکمەتی خۆبواردنی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" لە خاڵی ٣ چی بێ؟ مەسەلەکە زۆر روونە. ئەوان ئەگەر بڵێین کاك مستەفا وەڵامێکی زۆر باشی بە نەزمی ئەفشار داوەتەوە، ئەوە هەموو خەڵك بە تایبەت لە دەرەوەی حیزبی دێمۆکرات

پێکەنینیان پێدێ و رەخنە و نارەزایەتییان لەم وەلامدانەوەیە چەند ئەوەندەی دیکە زیاد دەکا. ئەگەر دان بە هەلـەبوونی وەلامەکە دابنێن، ئەوە ئەو ئوستوورەیەی بەخەیالی خۆیان لە سەرۆکی قۆلەکەیان دروستیان کردوە دێتە ژێر پرسیار. پاشان ئەوان هەروەك بەکردەوە نیشانیان داوە نە ئەهلی رەخنە لە خۆگرتنن نە ئازایەتیی رەخنەگرتن لە سەرۆك قۆلی خۆیان هەیە. ئەگەر قسەکانی کاك مستەفاش دووپات بکەنەوە کە وەلامی ئەم نامەیە بە ئەنقەست و بۆ پووچەلکردنەوەی پیلانی دوژمنانی رەنگاورەنگ لە دژی دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی بەم جۆرە دراوەتەوە، کەس بە جیددی وەرناگرێ. چونکە هەر ناوبراو بۆ خۆی گوتبووی ئەم نامەیە نهێنییە و نەدەبوو بلاو ببێتەوە. بۆیە **نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" گونجاوترین رێگایان دیارە بە لێکدانەوەی خۆیان هەل بژاردوە و کورد گوتەنی بەردێکیان لە سەر داناوە. بەلام ئەو کارە ئەگەر توانیویتی بۆ نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" رێگایەکی گونجاو بێ بۆ خۆدزینەوە، بۆ خەلکی تووڕە لە نێوەرۆکی نامەی نەزمی ئەفشار و وەلامی کاك مستەفا هیجری نابێ بە جواب!**

لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە

٨/١٨/ ١٣٨٥ــ ٩/١١/٢٠٠٦

**درێژەی هەیە**

## وەلامێك بە:

ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەکارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات

(بەشی چوارەم)

پەرۆشیی قۆلی پاوانخواز بۆ پرەنسیپ و ئامانجەکانی حیزب یا مەبەست و بەرژەوەندەکانی خۆی؟

"ئاوڕدانەوە" پاش بازدانێکی شەرمێونانە بەسەر خاڵی ٣ی نامەی ئۆپۆزیسیۆندا کە تایبەتە بە هەڵە سیاسی‌یەکانی دوای کۆنگرەی ١٣ و لە هەمووان گرنگتر وەڵامی کاك مستەفا هیجری بە نامەی نەزمی ئەفشار، درێژە بە تاوانبارکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە " **بێپرەنسیپی و بێمەسئوولیەتی**" دەدا. سەرنجڕاکێش ئەوەیە نووسەرانی "ئاوڕدا نەوە" خۆیان لەجیێ حیزب داناوە و "ئەسل و پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی حیزب" بە چاوی لایەنی بەرامبەریان دا دەدەنەوە. ئەوە لە حالێكدایە کە بۆخۆیان لەگەڵ تەقینەوەی ناڕەزایەتیی نێوخۆیی حیزب سەبارەت بە پشتگوێخستنی ئەو پرەنسیپ و ئەسڵە دیموکراتیکانە بەرەوڕوون! ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر درکاندنی نهێنی‌یەکانی حیزب و بردنی شتەکان بۆ دەرەوەی حیزب، ئەوە ئاوێکە سەرانی قۆڵی پاوانخواز هەر لە پێش کۆنگرەی سێزدەوە، بۆخۆیان رشتوویانە. بەڵام ئەو کات چونکە باسکردنی شتەکان لە دەرەوەی حیزب بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ سکرتێر و زۆرینەی رێبەری بوو، لەگەل ئەوەی تێکەڵ بە شتی ناڕاست و بەمەبەستی شێواندنی راستی‌یەکان بوون، ئەو بەڕێزانە نەك بەخراپیان نەدەزانین ، بەڵکوو لە باریزانیاری و مەعلووماتەوە، ببوونە سەرچاوە بۆ "حەمەگاوان"ەکان و "هەڵوەدا"کان. واتە ئەو قسانەی بەناوی ئەوجۆرە کەسانەوە لە دەرەوەی حیزب بڵاویان دەکردنەوە و فڕیان بە راستی‌یەوە نەبوو، لە کۆبوونەوەی حیزبی‌دا و بە زمانی خۆیان نەیان دەهێنایە گۆڕێ و، درکاندنی "نهێنی‌یەکانی حیزب" و "نەپاراستنی پرەنسیپەکان" و جاڕدانی دەنگۆکانی خۆیان لە دەرەوەی حیزبدا، بە شتێکی رەوا و ئاسایی دەزانی. **ئەگەر کەسێکیش لە نێوخۆی حیزبدا، نیەت و مەبەستی ئەودیوی ئەم جۆرە کارانەی لی لەقاوداban و بیگوتبا، پێویست ناکا بۆ گەیشتن بە پۆست و مەقام ئەم شتانە بکەن، بە "جێبەجێکەری ویستی نەیارانی حیزب و لە سەرووی هەمووانەوە کۆماری ئیسلامی " تاوانباریان دەکرد.**

بڕواننە ئەم لۆژیکە عەنتیکەیە. ئەوان لە هەر هەلومەرج و مەوقیعیەتێكدا بن و پەنا بۆ هەر رەفتار و کردەوەیەك بەرن، "حیزب" هەرئەوانن و کارەکانیان هەر رەوا و

دیموکراتیك و، بەرامبەرەکانیان "بێپرەنسیپ"، "بێمەسئوولیەت"، "نادیموکراتیـك" و"جێبەجێکەری ویستی نـەیاران"ن. قـەتیش وەلامـی ئـەو پرسـیارە نادەنـەوە ئەگـەر زۆرینە بوون لە رێبەریدا بە واتای حیزب بـوون و سەرچـاوەی هـەمووجۆرە رەوایـەتی (مشـــروعیت)یەکە، بۆچـــی ئـــەم کارانـــەی دوای کـــۆنگرەی ١٣ ناویـــان لـــێ نـــاوە "بێپرەنسیپی وبێمەسئوولیەتی" بۆ خۆیان پێش کۆنگرە لـە دژی زۆرینـە ئـەنجامیان دەدا؟ ئەگـەر زۆرینـەی ئـەوکات هـەقی خـۆی بـوو بـەمجـۆرەی دەگـەڵ بکـرێ، ئـەدی زۆرینـــەی رێبەرایـــەتیی ئێســـتا بـــۆ دەبـــێ لـــەم قاعیدەیـــە بـــەدەربێ؟ بـــەو حاڵـــەش ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزب هەمووکات لەگەڵ ئەوەدا بووە کە رێگا بدرێ ئەنـدامانی حیـزب بـە راشـکاوی قسـەی خۆیـان لـەنێو حیـزب دا بکـەن و، سـەبارەت بـە جـۆری بیرکردنەوە و رەخنەیەك کە دەیگـرن کێشـەیان بـۆ دروسـت نـەکرێ. بـەڵام بمانـەوێ و نەمانەوێ کاتێك لەنێوخۆی حیزبدا، هەلومەرجێکی لەبار بۆ دەربڕینی بـیروڕا نـەبێ و، هەر قسە و رەخنەیەك لە تەئییدی قۆڵی دەسـەڵاتدار نـەبێ، ژانەسـەر بـۆ خاوەنەکـەی دروست بکا، قسەکان لە دەرەوەی حیزب دەکرێن. "ئاوڕدانەوە" بۆ سەلماندنی تاوانە هەڵبەستراوەکانی قۆڵی پاوانخواز لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، ئاماژە بە کۆبوونـەوەی گشتیی ١٤ی خەرمانانی ئۆپۆزیسیۆن و "نیەت و ویستی راسـتەقینە"ی بەڕێوەبـەرانی دەکا. **"شانازی کردنی بـەڕێزان حەسـەنزادە و رەسـتگار بـەوە کـە بـۆ چارەسـەری گیروگرفتی نێوخۆیی حیزب پەنایان بردۆتەبەر حیزبەکانی کوردستانی ئێراق"** یەك لەو نیـەت و ویسـتانەیە کـە "ئاوڕدانـەوە" بـە خـەیاڵی نووسـەرانی لێـی لـە هـەرا داوە. پێشتر باسی هۆو چۆنیەتیی پەنابردنی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بـۆ لای هـەر دوو سـەرۆك و رێبەرایـەتیی هـەر دوو حیزبیسـەرەکیی کوردسـتانی ئێـراق پـارتی و یەکیـەتیمان کـرد. هـەر لـەو بارەشـەوە بـەرێز حەسـەنزادە لـە کۆبوونـەوەی ١٤ی خـەرمانانی ئەمسـاڵ دا جیـاوازیی جـۆری پێوەنـدیی ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ و قـۆڵی دەسـەلاتدار بـە " لایـەنی دەرەکـی " ی روون کـردەوەو گـوتی:

**" ١ ـ ئێمە چووین بۆ ئەوەی ئەم حیزبە لەت نەبێ، ئەوان بۆ تەقویەتی جەناحی خۆیان چوون.**

**٢ـ ئێمە چووین بۆ لای هەر دوو حیزب، ئەوان هەر بۆ لای لایەکیان چوون .**

**٣ـ ئێمە لە شوێنی کاری رەسمی چووین بۆ لایان، ئەوان لە مەزرەعەوماڵی شەخسی.**

**٤ ـ  ئێمە بە ئاشکرا چووین بۆ لایان، ئەوان بە دزی."**

بەڵام لە سەرانی قۆڵی پاوانخواز دەپرسین ئەگەر پەنابردن بۆ لای ئەو بەڕێزانە بۆ ئەوەی نەهێڵن حیزبی دیموکرات لەت بێ، یا بۆ هاوکاریی حیزب لەچارەسەر کردنی کێشەیەکدا کە بۆخۆی ناتوانێ چارەسەری بکا شتێکی مایەی شوورەیی‌یە، بۆچی ئەم حیزبەتان تووشی قەیرانی ئەوتۆ کردوە کە ئەندامەکانی بۆ چارەسەرکردنی ناچاربن پەنا بۆ ئەم حیزبانە ببەن؟ بۆچی لە ژێر سێبەری رێبەریی سەرکردەکان و، یاسا و دەسەڵاتی پارلمان و حکوومەتێکدا کە ئەم حیزبانە پێکیان هێناوە، دانیشتوون؟ **ئەوەی نەك هەر بۆ شانازی نابێ بەڵکوو مایەی شوورەیی‌یە، پەنابردن بۆ دوژمنانە. ئەگینا دەستەوداوێن بوونی بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی و پارتی و یەکیەتی بۆ ئەوەی فریای حیزبی دیموکرات کەون و یارمەتی بە چارەسەرکردنی قەیرانی نێوخۆیی ئەم حیزبە بکەن، نەك  تاوان نیەبەڵکوو پێویستە. ئەو رێبەرانە، هەر ئەوانەن کاتێك وەك سەرکۆماری ئێراق و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم هەڵبژێردران، خەڵکی کوردستانی ئێران شانازییان پێوە کردن و بەخۆشیی هەڵبژێرانی ئەوان بۆ ئەم جۆرە پۆستانە، ڕژانە شەقامەکان ولە بەر چاوی دوژمنی دەسەڵاتدار کردیان بە جێژنی نەتەوەیی.** ئەگەر ئەم حیزبانە و سەرکردایەتی‌یەکەیان لە خانەی دۆستانی حیزبی دیموکراتدان، هەر وا کە بۆ چارەسەری زۆر گرفتی دیکە پێوەندیگرتن بە وان و داوای هاوکاری لێکردنیان شتێکی ئاسایی‌یە، پێوەندی‌بە وان بۆ ئەوەش کە قسەیەکی خێر لە کێشەیەکی ئاوا چارەنووسسازدا بکەن، هەر ئاسایی‌یە.  بەڵام مخابن "ئاوڕدانەوە" بە خوێنەرانی خۆی ناڵێ ئەم قسانەی چەندجار لە بەڕێزان حەسەنزادە و رەستگار نەقڵیان دەکا، چۆنی دەست کەوتوون. پێشتر کە کۆپلەیەك لە قسەکانی کاك حەسەن

رەستگار لـەم کۆبوونـەوەیاندا بـۆ کەسـانی خۆیـان لـە دەرەوەی کوردسـتان نـاردبوو گوتبوویـان ئـەم قسـانە کەسـێك کـە لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆن بـووە و لـە کۆبوونەوەکـەدا بەشدار بووە، تۆماری کردوون و دوایـە کـە لـە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ هەڵگەڕاوەتـەوە، داویە بە "حیزب"! ئەوەی کە شیاوی هەڵوێستە لەسەرکردنە، نەك بێپایە بوونی ئـەم هەڵگەڕانەوەیـە، بـەڵکوو کـەڵکوەرگرتنی قـۆڵی دەسـەڵاتدار لـە رەفتـار و کـردەوەی پۆلیسـی و ئەمنییـەتی بـەدژی هاورێیـانی حیزبیـی خۆیانـە. بـەڵێ ئـەو بەرێزانـە بـە ئاگـاداری لـە کـات و شـوێنی کۆبوونـەوەی گشـتیی ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ، پێشـەکی دەزگـای "شـنوود"یان لـە وێ جـێگیر کردبـوو! بـەڵام ئۆپۆزیسـیۆن قسـەیەکی بـۆ شاردنەوە نەبوو، هەر بۆیە رێگـای دا هـەر کـەس پێـی خـۆش بـێ لـەم کۆبوونەوەیـەدا بەشدار بێ.

"ئاوڕدانەوە" لە هەر جێگایەك بۆی کرابێ، بۆ چەند تاوانی نـوێ کـە لـە داهـاتوودا "لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی گشـتی‌دا" بیـان داتـە پـاڵ ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ، راوکـەی داناوە. **"هەوڵی کەمڕەنگ کردنی پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی حیزب و کپ کردنەوەی دەنگە ناڕازی‌یەکان"** لە سالانی پێش کـۆنگرەی ١٣دا، یـەك لـەو راوکانەیـە کـە جـارێ "ئاوڕدانەوە" هەڵی گرتوە بۆ مێژوو. بێگومان ئەگەر "ئاوڕدانەوە" کەس یا کەسانێکی شـك بردبـا کـە لەسـەر دەربڕینـی بـیرورا و رەخنـە لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوەی حیزبـی و نامیلکەی نێوخۆیی‌دا، هەوڵی کپ‌کردنی دەنگیان درابـێ، هـەڵی نـەدەگرتن بـۆ مێـژوو. شتێك کە لە سالانی پێش کۆنگرەی ١٣دا، ئەویش بە بڕیاری راشکاوانەی کۆنگرەی ١٢ مـەنع کرابـوو و تەنانـەت وەك خەیانـەت نـاوی برابـوو، دەسـتەبەندیی نهێنـی و کـاری ژێرزەمینی بوو. ئەگەر رێبەریی حیزب دژی هەوڵێك وەستابێتەوە، لە چوارچێوەی ئەم بڕیارەدا بووە و هەر بەپێی ئەم بڕیـارەش سـکرتێر و رێبـەریی حیـزب نـەیان دەتـوانی هیچ دەنگێکی ناڕازی کە قسەی خۆی بەڕوونی و لـە پشـت میکرۆفـۆن بکـا، کـپ بکـا. دەقی ئەم بڕیارە لێـرەدا دەخەینـە بـەر چـاو: **لـە رۆژی دوای کـۆنگرەی دوازدەوە هەرچەشنە دەستە بەندی‌یەکی نهێنی بە قازانجی شەخسـیو گرووهـی بـە تـاوان تـا**

**سنووری خەیانەت دەناسرێ‌و لە سەر دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی پێویستە شتی وا لە هەر کەس بینرا بە توندی سزای بدەن‌و تەنانەت لە حیزبی دەربکەن. هەر لەو کاتەدا نەزەر دەربڕین لە سەر هەرکام لە سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت ئامانجە ئیستراتیژی‌و درێژخایەنەکانیش‌و رەخنەگرتن لە هەر کەس‌و ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبی‌دا بە تەواوی ئازادە بەو مەرجە رێگا بە موخالیفانیش بدرێ نەزەری خۆیانی لەسەر دەربڕن.** هەر لێرەش‌دا لە هەموو ئەندامانی حیزب کە لە نزیکەوە ئاگایان لە رووداوەکانی نێو حیزب هەیە، دەپرسین کام لایەن لە نێو حیزبی دیموکراتدا، هەوڵی پێشێل کردنی ئەم بڕیارەی داوە؟ واتە پێش پاوانکردنی دەسەڵات نەك بەوجۆرە کە ئەم بڕیارە داوا دەکا، بەڵکوو بە نهێنی کاری بۆ مەبەستەکانی کردوە و، دوای زاڵبوون بەسەر حیزبیش‌دا، دەرەتانی دەربڕینی بیروڕای ئازادی لە ئەندامانی حیزب ستاندۆتەوە؟ "ئاوڕدانەوە" پاشان دێتە سەرخاڵی چواری نامەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ. لەو خاڵەدا هاتوە: **"لە دوو ساڵی رابردوودا بە سەدان کەس سزادراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ، یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵکراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێکدانەوەی جەناحی بووە..."**. نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" بێجگە لە ئینکاری ئەو راستی‌یە، دەڵێن **"حیزبی دیموکرات لە دوای کۆنگرەی ١٣ەوە زیندان و بەندیخانەی نەماوە تا کەس بخرێتە بەندیخانەوە"!!** ئێمە زۆر لەسەر ئەم "ئینکار"ە ناڕۆین و هەر ئەوەندە دەڵێین ئەگەر ئەم قسانە راست نین و سەرانی ئەم قۆڵە لەوە باشتر لەگەڵ ئەندامانی "نامەحرەم"ی حیزب جووڵاونەوە، بۆچی بەسەدان کادر و پێشمەرگە پشتیوانیی خۆیان لەم نامەیە راگەیاندوە؟ ئەگەر ئەم نامەیە ئاوێنەی وەزعی نێوخۆیی ئەم حیزبە نیە، چلۆن توانیوێتی نزیك بە نیوەی پێرسۆنێلی ئاشکرای حیزب و بە هەزاران ئەندام لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لە خۆی کۆ بکاتەوە؟ سەرانی قۆڵی پاوانخواز کە زۆر مەراقی ئەوەیان هەیە وەك نوێخواز و ئەمڕۆیی سەیربکرێن، بەداخەوە هێشتا لەگەڵ ئەم راستی‌یە ساکارە بێگانەن کە باوەڕ بە مافی

مرۆڤ و رێزگرتن لە ئازادی و ئـابڕوو و کەرامـەتی تاکـەکان یـەك لـەو تایبەتمەندییانەیـە مرۆڤـی سیاسـیی نـوێ و مـۆدێرنی پێدەناسـرێتەوە. **خۆزگـە لـە جیـاتی هـەڵگیرانی رواڵـەتیی زینـدان و بەندیخانــە لــە دوای کــۆنگرەی ١٣، نــەریتی تاوانبــارکردنی پێشمەرگەکانی حیزب بە "نفووزیی دوژمن" بە دوای پەیوەست نەبوون بـە جـەناحی دەسەڵاتداردا، نەهاتبایە نێو حیزب. خۆزگە بەندیخانە بە رەسمی هەبایە و رێوشوێنی زاڵ بەسەر بەندیخانەداو رەفتار و کردەوەی کاربەدەستان لەگـەڵ گیراوەکـان لـەژێر چاوەدێریی ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکان و کۆڕ و کۆمەڵی داکۆکی لە مافی مرۆڤدا بایە.** لەم بارەوە حەز ناکەین هەمووشتێك بڵێین و هەر ئەوەندە لـە سـەرانی ئـەو قۆڵـە دەپرسین: ئایا ئەو کەسانەی گیراون، بۆ چەند رۆژێك راگـیراون یـا بـۆ مـاوەی چـەندین حەوتوو؟ئـەدی ئەگـەر لـە بەندیخانــە رانـەگیراون لەمیوانخانــە راگـیراون؟! یـا ئـەو رەفتــارەی لــە مــاوەی گیرانیــاندا لەگــەڵیان کــراوە لەگــەڵ رێوشــوێنە دیــاریکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان و کنوانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە بەیاننامەی جیهـانیی مـافی مـرۆڤ کە حیزبی دیموکرات پابەندیی بەوانی لە بەرنامەی خۆیدا هێناون دەگونجێن؟ داننانی گیراوەکان بە "نفووزی بوونی خۆیان" لەژێرهەڕەشە و ئازار و ئەشـکەنجەدا بـووە یـان نا؟ ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە مرۆڤی شەریف و نیشـتمانپەروەر بـووبن و بەناهـەق ئـەم جـۆرە تاوانـەیان درابێتـە پاڵ،ئایـا شـایانی ئـەوەنین لـە لایـەن ئینسـانی ئـازادیخواز و دیموکرات داکۆکییان لێبکرێ؟ ئەدی ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە چوونەوەیان بۆ باوەشی رێژیم نەك لە بەر "نفووزی بوون"، بەڵکوو لە بەر سووکایەتی و بوختان پێکران لە نێو حیزبێك دا کە هاتبوون خزمەتی پێ بکـەن بوو،چـی؟! یـا ئەگـەر باوەشـێك بێجگـە لـە باوەشی حیزبـی خۆشەویسـتی خۆیـان شـك نەبـەن و ئامـادەبن لەبـەر چـاوی بـیروڕای گشتی تـاوان و بوختـانی "نفـووزی بـوون و بەسـتراوەیی بـە رێـژیم" وەدرۆبخەنـەوەو، مەبەســتەکانی پشــت ئــەم تاوانبارکردنــە وێــڕای ئــەو بێحورمــەتی و ئەشــکەنجە جۆراوجۆرانەی لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆمیتەی ئەمنییـەت پێیـان کـراوە ئاشکرا بکەن، چ قسەیەکتان بۆ کردن هەیە؟ **ئێمە هیوادارین سەرانی ئەو قۆڵە، بـیری**

**کەڵکوەرگرتن لەم ئیعترافاتە ساختەیە بۆ بە ناهەق تاوانبار کردنی هاوڕێیانی نارازیی خۆیان لە مێشکیان دەرکەن،چونکە زۆر بەڵگەی زیندوومان بۆ وەدرۆ خستنەوەیان هەیە.** یەك لەو داوایانەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ کە سەرانی قۆڵی دەسەڵاتدار زۆر پێی تووڕەن، **"پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحیەتی وەك یەکەوە کە بە هەموو بڕیارەکان‌دا بچێتەوە"** یە. چونکە گوایە "هەر یاسا و پرەنسیپێکی حیزبیی بەدڵی نەبوو هەڵی دەوەشێنێتەوە و ... دەبێ بە دەسەڵاتی رەها لەنێو حیزبدا". ئەو داوایەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، بە تێگەیشتنی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" دژی ئەساسنامە و یاسا و پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی حیزب و رەوتی خەباتی حیزبی دیموکرات و ئاوات و ئارمانەکانی حیزب و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمانە و بەها و ئەرزشەکانی حیزبی کە خوێنی هەزاران شەهیدی لەپێناودا دراوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە". **ئەگەر لە جێگای وشەی حیزب یا پرەنسیپە دیموکراتیکەکان و ئاوات و ئارمانەکانی حیزب، "قۆڵی دەسەڵاتدار" و "ویست و نیەت و بەرژەوەندە جەناحی‌یەکانی زۆرینەی رێبەری" و دەسکەوتەکانی دەستەبەندیی نهێنی و بڕیارشکێنیی قۆڵی دەسەڵاتدار دابنێین، باشتر لە هۆی نارەحەتی‌یەکەیان تێدەگەین.** ئەو بەڕێزانە ئەگەر لەخۆیان نەگۆڕن دەزانن هۆی سەرەکیی دروستبوونی قەیرانی ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات لەو راستی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ: زۆرینەیەك کە بە دەستەبەندیی نهێنی و بڕیارشکێنی و هتد خۆی بەسەر ئەم حیزبەدا زاڵ کردوە، خۆی پێ هەموو حیزبە و ئامادە نیە دان بە بوونی لایەن یا لایەنەکانی دیکە لەنێو حیزب دا بنێ. چونکە داننان بە لایەنی دیکەدا، یانی حیساب کردن بۆ ئەوان و بەشدارکردنیان لە بڕیار و بەڕێوەبەری‌دا. ئەو زۆرینەیە نایهەوێ سنوورێکی روون لە نێوان زۆرینەی رێبەری و باقیی حیزبدا هەبێ. چونکە قەبوولکرنی ئەو سنوورە یانی پێڕاکێشان بەقەرا بەرەی خۆی و "متعهد" بوون لە بەرامبەر مافەکانی بەرامبەرەکەی‌دا. ئەم زۆرینەیە دەیەوێ ئەگەر رێگای‌دا کەسێك یا کەسانێك لە بەرامبەرەکەی بێنە نێو کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، یا هێشتی چەند کەسێکیان بمێن بە جێگر و

راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و چەند پۆستێکیپلە دوو و پلە سێی پێسپاردن، ئـەوە نەك وەك هاتنەدیی لانیکەمیمافی "لایەنی بەرامبەر" بـەڵکوو وەك ئیمتیـازێکی گـەورە کە "حیـزب" داویـە بـەو کەسـانە، سـەیری بکـرێ. نـەبوونی ئـەو سـنوورە دیـاریکراوە لەنێوان زۆرینە و باقیی حیزب دا، هەمیشە دەستی قۆڵی دەسەڵاتدار ئـاوەڵا دێڵێتـەوە هەرچـی بەرامبەرەکـەی بـۆی نەسـەلماند بـە " کارشـکێنیی حیـزب" لەقەڵـەمی بـدا. هەرچەشنە لەمپەر دانانێك لە بەرامبەر دەسـەڵات و حوقـووقی سـنووڕنادیار و پێناسـە نەکراوی خۆی، بە هەوڵدان بۆ لەتکردنی حیزب و زۆرداریی کەمینە بەرامبەر بە زۆرینـە بناسێنێ. هەر بەربەرەکانییەك لەگەڵ نیاز و پرۆژەکانی بۆ یەکدەست کردنـی حیـزب، بە دژایەتی لەگەڵ ئوسوول و پرەنسیپە دیموکراتیکەکان و بردنە ژێر پرسـیاری بـەها و ئەرزشە حیزبییەکان ناودێر بکـا و قازانجـە جـەناحییـەکانی خۆشـی لەگـەڵ بەرهـەمی خوێنی هەزاران شەهیدی حیزب بخاتە تای تەرازوویەك. **لە ڕوانگـەی ئەوانـەوە هـەموو ئەو پرەنسیپە دیموکراتیکانـەی کـە ئێخـە بـۆ لـە دەستچـوونی دادەدڕن ئەوەیـە کـە دیموکراسی یانی بڕیاری زۆرینە و ئەگەر زۆرینە نەتوانێ بەپێی ویستی خۆی بڕیار بدا، دیموکراسی مانای نابێ. بەڵام هیچ وەڵامێکیان بـۆ ئـەم پرسـیارە نیـە ئـەدی ئەگـەر زۆرینە بەهۆی ماهییەتی پاوانخوازانەی خۆی گوتی "بەشی خـۆم بۆخـۆم بەشـەکەی تۆش دەخۆم" و ئامادە نەبوو دان بە لایەنی دیکە لە نێو حیزب دابنێ و بە ڕەسمیی بناسێ و لە هەر مەسەلەیەکدا لەگەڵی بکەوێتە دیالۆگ و حیسابی بۆ بکا، بێجگە لەم جۆرە هەیئەتانە چ شـتێکی دیکـە دەتوانـێ سـنوورێك لەبـەردەم پـاوانخوازییەکـەی دابنێ؟** نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" پێکهێنانی ئەم جۆرە هەیئەتانە لـە دژایـەتی لەگـەڵ "ئامانجەکانی حیزب" (بڵێ بەرژەوەندی جەناحیی زۆرینـەی ڕێبـەری)دا دەبیـنن. لـەم پێوەندییەدا داستانێکیان دەسەریەك کردۆتەوە کە ئێمەش وەبیرهێنانەوەی لـە چـەند بارەوە بە پێویست دەزانـین. داسـتانەکە بـە ڕیوایـەتی ئـەوان، بریتـییـە لـە هەوڵـدانی کەسانێك کە دژی ڕەوتـی نوێکردنـەوە و ئـاڵوگۆڕ پێکهێنـان لـە نێـو حیـزبدا بـوون و دیموکراسییان پێ تەحەممول نـەدەکرا و دەیانەویسـت حیـزب بـەرەو شـوێنێکی دیکـە

ببەن، هەر بۆیە گەلاڵەیەکیان هێنا بۆ لابردنی هەڵبـژاردن. دیـارە ناچینەوە سـەر ئـەم "رەوت"ە و "نوێخوازی" و "ئاڵوگۆڕ پێکهێنان"ەکەی لەنێو حیزبدا. چونکە لەبەشـی یەکـەمی ئـەم وەلامدانەوەیـەدا بـە بەڵگـە و دەلیلـی روون تیشـکمان خسـتنە سـەر. نوێخوازی و ئاڵوگۆڕتەڵەبیی ئەم رەوتەش لە هەڵبژاردنی رێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٣دا بە شێوەیەکی زۆر کۆمیك خۆی نواند.

بەڵام لەبارەی ئەو گەلاڵەیەوە کە گوایـە کەسـانێك بـۆ لابردنـی هەڵبـژاردن و لەبـەر تەحەممول نەکردنی دیموکراسـی هێنابوویـان، چـەند روونکردنەوەیـەك پێویسـتە. ئایـا بێجگە لـە کـاك مسـتەفا هیجـری کـە لەگـەڵ ئـەوەی لـە کومیتـەی ناوەندی‌دا دەنگـی موافیقی بۆ دابـوو دەیگـوت ئـەو گەلاڵەیـە هـەدەفی مـن تـەئمین ناکـا (واتـە کۆمیتـەی ناوەنـدیی هەڵبـژێردراو بـە هـۆی ئـەو گەلاڵەیـە، کۆمیتـەی ناوەنـدی‌یـەك نابـێ کـە مـن سکرتێری گشتی) هیچ ئەندامێکی دیکەی کۆمیتـەی ناوەنـدی هـەبوو ئـەو گەلاڵەیـە بـە پێچەوانەی قازانجی حیـزب بناسـێ ؟ پاشـان زەحمـەت نـەبێ بـۆ ئـەم خەڵکـەی روون بکەنەوە **کۆبوون ئەوانەی پـێش کـۆنگرەی ١٢ لـە ترسـی هەڵبـژاردنی دیموکراتیـك و ئاکامەکانی دیموکراسی لە کۆنگرەیەکدا کە زۆرینـەی دەنگدەران لە بەرامبەرەکـەیان بوون، هەر دوو پێیان چەقاند و گوتیان نایەینە کۆنگرە هەتا لە ئێستاوە هەڵبژێرانمان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی داهاتوو دەستەبەر نەکرێ؟** ئێوە نەبوون کە داواتـان کـرد هـەر دوو قۆڵی حیزب (زۆرینە و کەمینە) پێش چوونە کۆنگرە وەکوو دوو لایـەن دابنیشـن و لەسـەر تـەرکیبی کۆمیتـەی ناوەنـدیی داهـاتوو سـاغ ببنـەوە و گـەرەنتیش بـۆ جێبەجێبوونەکەی دابنێن؟ ئایا ئەمە چارەسەرکردنی کێشەی نێوخـۆی حیـزب بـەهۆی دوو ریش‌سپی و دوو سەرۆك عەشـیرەت و، لابردنـی هەڵبـژاردن و تەحـەممول نـەکردنی دیموکراسی بوو؟ ئەگەر وەلامتان بەڵێیە، بۆچی ئەمەتان کرد و بـوون بـە رچەشـکێنی چارەسەرکردنی کێشەی نێوخۆیی بەهۆی ریش‌سـپی و سـەرۆك عەشـیرەت؟ لەبەرچـی زەندەقتان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسیی زۆرینە چووبوو و، لەترسـان پەناتان بۆ رێککەوتن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر برد؟ ئەگەر ئەمانە کارێکی مەنتیقی بوون

و لێیان پەشیمان نین، بۆچی لە ئێمەی دەکەن بە دژایەتی لەگەڵ نوێخوازی و ئـاڵوگۆڕ پێکهێنان و تەحەممول نەکردنی دیموکراسی؟ پەسندکردنی ئەم گەلاڵەیـە کـە سـەرانی قـۆڵی پـاوانخواز ناویـان نـاوە گەلاڵـەی نەهێشـتنی هەڵبـژاردن و تەحـەممول نـەکردنی دێمۆکراسی، هـەوڵێك بـوو بـۆ نەهێشـتنی جـەناحبازی و ململانێـی ناسـالم لـە پێنـاوی گەیشــتن بــە پۆســتی رێبــەریدا. داهێنــەری گەلاڵەکــە بــەڕێز عــەلی مێهرپــەروەر و، فەلسەفەی ئامادەکردنی گەلاڵەکەش ئەوە بوو کە هەتا ئەو کاتەی هەڵبژێرانی ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندی، بە توانا و لێوەشاوەیی‌یـەکانی خۆیـەوە نەبەسـترێتەوە، تـا کاتێـك دەستەبەندی و جەوسازی و یارگیریی بەنهێنی، چارەنووسی هەڵبژاردنەکان لـە حیزبـی دیموکراتدا دیاری بکا، ململانێی ناسالم و کێشە و قەیرانی نێوخـۆیی لـە حیـزبدا هـەر دەمێنێ. بەڵام کاتێك تێکۆشـەری حیزبـی بزانـێ هـەوڵ و توانـا و تایبەتمەنـدی‌یـەکانی خۆی، نەك هێنانی کەسانی نزیك لە خۆی بۆ کۆنگرە، شانسـی هەڵبـژێران بـە ئەنـدامی رێبـەریی حیزبـی دیمـوکراتی بـۆ دابـین دەکـا، لـە جیـاتی پـەنابردن بـۆ جـەناحبازی و ململانێی ناسالم، مەرجەکانی پێویسـت بـۆ کاندیـداتۆریی ئەنـدامی رێبـەریی حیـزب لـە خۆیدا، زیاتر و بەهێزتر دەکا. "گەلاڵەی هەڵبژاردنی کۆمیتـەی ناوەنـدی" کـە لێـرەدا ناکرێ شی بکەینەوە، بەگوێرەی کۆمەڵێك مەرج و رێوشوێنی دیاریکراو، لیستێکی لـەو کاندیدایانە کە زۆرترین ئیمتیازیان هەیە، بـۆ کـۆنگرە دەردەکـرد. دیـارە گەلاڵەکـە لـە کۆنگرەدا دەنگی بۆ وەردەگیرا و ئەگەر پەسند کرابا لیستی پێکهاتوو لە کاندیداکان بە گوێرەی ئەم گەلاڵەیەش، دەنگی کۆنگرەی بۆ وەدەرگیرا.

بـۆ ئــەوەی خوێنــەران ناراسـتی و عــەوام خەڵـەتێنی و چەواشـەکاری‌یـەکانی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" لە پێوەندی لەگەڵ ئەم گەلاڵەیـەدا باشـتر هەسـت پێبکـەن، حەزدەکەین لەم بارەیەوە چەند پرسیار بێنینە گۆڕێ و چەند خاڵێـك روون بکەینـەوە:

١ـ ئایا گەلاڵەیەك کە کۆنگرە دەنگی بۆ بدا و پەسندی بکا و، لیسـتێك لـە کاندیـداکانی ئەندامی رێبەریی حیزب، بە زۆرایەتیی دەنگـی ئەنـدامانی کـۆنگرە، بـبن بـە کۆمیتـەی

ناوەنـدیی حیـزب، بـەمانانی نادیموکراتیـك، لابردنـی هەڵبـژاردن و نەهێشـتنی دیموکراسی‌یە؟

٢ـ ئەگەر ئەو قسەیەی سەرانی قۆڵی پاوانخواز راست بێ و ئەم شێوە هەڵبژاردنە بە واتای نەهێشتنی هەڵبژاردن و تەحەممول نەکردنی دیموکراسی بێ، ئەدی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بە پێی لیستی فیکس لە کۆنگرەی هەشتەمدا بە پێی ئەم مەنتیقەی ئێستایان چۆن دەکرێ دیموکراتیك وبەشێك بووبێ لەو هەوڵانەی حیزبی دیموکرات بە گشتی و دوکتور قاسملووی نەمر بە تایبەتی بۆ جێگیر کردنی دیموکراسی داویانە؟ دیارە ئێمە ئەویش هەر بە مەشرووعو دیموکراتیك دەزانین چونکە زۆرایەتیی کۆنگرە پەسندی کردوە.

**٣ـ سەرانی ئەم قۆڵە خۆیان وەك پارێزەری "بەها و ئەرزشە دیموکراتیکەکانی حیزب کە هەزاران شەهیدیان لە پێناودا دراوە" دەناسێنن و بەرامبەرەکەشیان بە نادیموکرات لە قەڵەم دەدەن. تەنانەت تا ئێستاش رەخنە و ناڕەزایەتیی هاوڕێیانیان لە هەڵبژاردن بە پێی لیستی فیکس لە کۆنگرەی هەشتەمدا بە تاوان و خەیانەت ناو دەبەن. ئەدی هۆی چی‌یە ئێستا بۆ خۆیان کەوتوونە دژایەتیی هەڵبژاردن بەپێی لیست؟ ئەویش لیستێك کە نەك لە گۆترە و لەسەر ئەساسی رەزامەندیی ئەم یا ئەو سەر قۆڵ، بەڵکوو بە گوێرەی توانا و لێوەشاوەیی کاندیداکان و رێوشوێنی روون و مەرجی پێویست ئامادە بکرێ!**

٤ـ "گەلاڵەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی" وەك بەکردەوە دیتمان و، زۆربەی هاوڕێیانی حیزبی لە هەر دوو قۆڵ دانیان پێدانا، توانی کەش و هەوا و پێوەندی‌یە نێوخۆیی‌یەکانی حیزبی دیموکرات تا رادەیەکی زۆر بەرەو باشبوون ببا. هۆی سەرەکیی پێکهاتنی ئەو فەزا ئارام و لەبارە ئەوە بوو زۆر کەس لەوانەی جاران بۆ هەڵبژێران یا هەڵبژێرانەوە بە ئەندامی رێبەری لە کۆنگرەی داهاتوودا، پێشەکی یارگیری و دەستەبەندییان دەکرد و ئەمەش فەزای ناخۆشی بەسەر کۆنفرانسەکان و کۆنگرەدا زاڵ دەکرد، دوای پەسند کرانی گەلاڵەکە ئەمەیان بە پێویست نەدەزانی،

چونکە یا بەپێی بەراوردی خۆیان دەچوونە ناولیستی کاندیداکان، یا هەر لە جێدا، جەناحبازی رۆڵێکی لە هەڵبژاردنیاندا نەدەبوو.

**٥- ئەو هەلومەرجە لەبارەی لە ئاکامی پەسندکرانی ئەم گەلاڵەیەدا پێك هاتبوو، باشترین زەمینەی بۆ نەهێشتنی جەناحبازی و ململانێی ناسالم لە حیزبی دیموکراتدا پێك هێنابوو. دیارە گومان لەوەدا نیە گەلاڵەکە هەروا کە زۆر تایبەتمەندیی باشی تێدا بوو، لاوازی و کەم و کورتییشی هەبوو. ئەگەر گەلاڵەکە دەوڵەمەندتر کرابا و لاوازییەکانی چارەسەر کرابان، یا جەوهەرەکەی- هەڵبژێرانی تاك پشت ئەستوور بە توانا و مەرجەکانی خۆی نەك بەستراوەیی بەم یا ئەو قۆڵ- کرابا بە بناغەی هەڵبژاردن لە حیزبی دیموکراتدا، حیزبی دیموکرات لە دەورەیەکی دوور و درێژ ململانێی ناسالم رزگاری دەبوو و دەیتوانی هەم کۆنگرەیەکی زۆر دەوڵەمەندتر پێك بێنێ، هەم کۆمیتە ناوەندییەکی لێوەشاوە و گونجاو هەڵببژێرێ و وەڵامدەرەوەی زۆر چاوەڕوانیی بەجێ بێ کە ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان هەیانە.**

٦- بەداخەوە سەرۆکی قۆڵی پاوانخواز و هێندێك کەسی دیکە کە خۆیان گوتەنی ئەم گەلاڵەیە مەبەستەکانی ئەوانی دابین نەدەکرد، واتە بەو پۆست و مەقامانەی نەدەگەیاندن کە لە مێژ بوو ئارەزوویان دەکرد، لەژێر ناوی "نوێخوازی" و "پێویستیی پێکهێنانی گۆڕان" و داکۆکیی رواڵەتی لە هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسیدا، بەشێوەی جۆراوجۆر کەوتنە دژایەتیی ئەم گەلاڵەیە و، هەلومەرجە ئارام و لەبارەکەشیان لەبار برد. هەر لەسەرەتای کاریشەوە نیشانیاندا ئەوەی بەلایانەوە کەمترین بایەخی نیە نوێخوازی و شایستەسالاری و دیموکراسی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە و، ئەوەی مەبەستی سەرەکییانە هێنانی کەسانی بەستراوە بە خۆیان بۆ کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندییەکی بەدڵی خۆیانە. قەیرانی ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات بەرهەمی ئەو "رەوت"ەیە کە نەیویست جەناحبازی و ململانێی ناسالم لە کۆڵ حیزبی دیموکرات بێتەوە، چونکە بە بێ ئەو ململانێ ناسالمە و بەبێ دەستەبەندیی نهێنی، مەبەستەکانی دابین نەدەبوو. قەیرانێك کە ئەمڕۆ حیزبی دیموکراتی تێکەوتوە

بەرهەمی هەوڵی ناپیرۆزی کەسانێکە کە هەر شتێك لەگەڵ مەبەست و بەرژەوەندە پاوانخوازەکانیاندا نەگونجێ، دژایەتیی دەکەن. هەر لە رێوشوێن دانان بۆ هەڵبژاردن تا دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی زۆرینە و مافەکانی جۆراوجۆرییەکانی نێو حیزب. لە هاتنەگۆڕی گەڵاڵە و پرۆژەی نوێ بۆ نەهێشتنی پاوانخوازی تا سەر هەڵدانی تەیفی جیاواز لە خۆیان لە نێوخۆی حیزب دا. بەڵام ئەم هەوڵدانەیان لەگەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشی و قەیرانێكدا کە بۆ حیزبی دیموکراتی بە دیاری هێناوە، پێکەنینی تاڵی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات و رووناکبیرانی کوردستانیشی لەگەڵدا بووە. چونکە ئەم بەزمانەیان لەژێر ناوی "نوێخوازی" و "پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ" و وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی سەردەمدا بەڕێوەبردوون!

درێژەی هەیە

لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە

١٣٨٥/٨/٢٥ـ ٢٠٠٦/١١/١٥

## وڵامێك بە:

ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەکارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات

(بەشی پێنجەم)

**فەلسەفەی وجوودیی پاوانخوازان: "بەشی خۆم بۆخۆم، بەشی تۆش دەخۆم"**

"ئاوڕدانەوە"ی قۆڵی پاوانخوازی حیزبی دیموکرات لە درێژەی رەتکردنەوەی داواکانی نامە ٢٠ خاڵییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆدا باس لە دوو خاڵی سەرنجڕاکێش دەکا و دەڵێ: "ئایا بەڕای ئەو چەند کادر و ئەندامە چی دیکە پێویست بەوە ناکا حیزب لەو پێناوەدا [دابین بوونی دیموکراسی و ئازادی و خەباتی نوێ و سەردەمیانەی حیزب بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و ...] خەبات بکا و چونکە ئەوان دەنگی خەڵکیان لەگەڵ نیە، دەبێ حیزب بۆ پاراستنی مەسلەحەت و بەرژەوەندی ئەوان، ببێ بە

دیوەخانی چەند ریش سپی‌یەك؟!!؟!" (زەقكردنەوەی وشەكان لە لایەن ئێمەوەیە).
ئاشكرایە كە سەرانی ئەم قۆڵە تا ئێستاش نایانهەوێ دان بەوەدابنێن كە حەرەكەتێك كە بۆ راستكردنەوەی حیزبی دیموكرات و سنوور دانان لە بەردەم پاوانخوازیی ئەوان وەڕێ كەوتوە زۆر لە ناڕەزایەتی دەربڕینی " چەند كادر و ئەندام" بەرینترە. ئەوان وادەزانن خەڵك وەك سەردەمانی پێشوو ئاگایان لە زۆر رووداو و گرفتی نێوخۆیی حیزبەكان نیە و ئەگەر بشیانهەوێ شتێك لەبارەی حیزبێك بزانن ئەوە چاویان بڕیوەتە زاری دەمڕاستەكان و نووسینی قەڵەمبەدەستانی سەرانی ئەو حیزبانە و هەرچی‌یەك بیڵێن باوەڕیان پێ‌دەكەن. بەڵام لێكدانەوە و نووسینی خاوەن نەزەرانی كوردستان لە سێ‌مانگی رابردوودا دەری‌خست كە ئەم بۆچوونە هەڵەیە و لە سایەی پێشكەوتنی تێكنۆلۆژیی پێوەندی‌یەكان و وشیاریی سیاسی و رۆشنبیریی گشتی‌دا، هیچ راستی‌یەك لە خەڵك ناشاردرێتەوە. هەر بۆیە ئەم هەوڵە كە دەیەوێ ناڕازییانی حیزب بە چەند كادر و پێشمەرگە نیشان بدا، بێ‌فایدەیە. لەوەش بێ‌كەلكتر ئەوەیە كە حەرەكەتی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموكرات وەك هەوڵدانی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ وەدەستهێنانەوەی پۆستی سكرتێری گشتی پێشان بدرێ. ئەگەر "ئەو چەند كادر و پێشمەرگە"یە كە بە نوێنەرایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموكرات نامەی ۱۳۸۵/۵/۷یان ئیمزا كردوە، هەر خۆیان بان و لە زۆر ئۆرگان و كۆمیتە و بەشەكانی حیزبی دیموكرات لە كوردستان و وڵاتە جۆراوجۆرەكانی جیهان‌دا، لە سەرانی پاوانخواز لایەنگر و پشتیوانیان زیاتر نەبا، هەم دەسەڵاتبەدەستانی حیزب ئەوەندە دیموكرات و دڵفراوان نەبوون كە بە كەمتر لە دەركردنیان لە حیزب رازی بن، هەم جێبەجێكردنی نیاز و مەبەستەكانیان لە هەموو جێ‌یەك لەگەڵ بەرهەڵستی‌یەكی ئەوتۆ بەرەوڕوو نەدەبوو كە زۆر شتیان لێ پووچەڵ بێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم قسەیە تۆزقاڵێكیش لە راستی‌یەوە نزیك بێ، ئەم خەمخۆرە رواڵەتییانەی دیموكراسی و ئازادی و ئەم بەناو ئاڵاهەڵگرانەی خەباتی نوێ و سەردەمیانە كە گوایە دەیانەوێ "كۆمەڵگا لە پێوەندی‌یە دواكەوتووەكان دەرباز" بكەن، حەق ئەوەبوو بزانن كە رەوایی و بەحەقبوونی ویست

و داخـوازی ئەنـدامانی حیـزب یـا تاکـەکانی کۆمـەڵ، نـەك بـە زۆری و کـەمیی ژمـارەی داواکاران، بەڵکوو بە گونجان و یەکدیگر بوونیان لەگـەڵ مافـە دیاریکراوەکـانی ئـەوان، پێوانە دەکرێ.

وەك پێشتر گوترا، ملنەدانی سەرانی ئەم قۆڵە بۆ داننان بە بوونی لایـەنی دیکـە لـە نێـو حیـزبدا بـۆ ئەوەیـە هـیچ "تعهـد"ێکیان نەکەوێتـە مـل و ناچـار بـە ڕەچـاوکردنی مافەکانی کەسانی بەرامبەریان نەبن. ئەوان ڕاست ناکـەن کـە دەڵـێن کێشـەیان لەگـەڵ وشەی "ئۆپۆزیسیۆن" هەیە چونکە ئەگەر لایەنی بەرامبـەریان نـاوی دیکەشـی لەسـەر بێت، مادام داوای بەشدار بوون لە بڕیـاردان و بـەڕێوەبردنی حیـزبدا دەکـا و دەیـەوێ بەقەرا نفووز و سـەنگی خـۆی لـەم حیزبـەدا ڕۆڵـی هـەبێ، هـەر قبووڵیـان نیـە. دیـارە لەسـەرێکەوە ناهەقیشـیان نیـە کـە ئەوەنـدە زەنـدەقیان لـەم داوایـە چـووە. ئـەوان عومرێکە کار بۆ ڕۆژێکـی وا دەکـەن کـە حیزبـی دیمـوکرات بکـەن بـە پـاوانی خۆیـان و هەرچـی لەدەسـتیان هـاتوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەنجامیان داوە. ئێسـتا چـلۆن ئـەم دەسکەوتە بە نرخەی دەستەبەندی و بڕیارشکێنی بەفیڕۆ بدەن و شەریك و برابەش بـۆ خۆیان قایل بن ؟!

بەڵام لـە هـەمووی ئەوانـە سـەیرتر باسـکردنیان یـا نیگـەرانییان لـە بـوونی حیزبـی دیموکرات بە دیوەخانی سـەرۆك عەشـیرەتەکان یـا دیوەخـانی چـەند ڕیشسـپییەکە. سەیر بوونی ئەم قسەیە لەوەدایە کە سەرەڕای ئەم هەموو دروشمەی ئـەو بەڕێزانـە لـە بـارەی پرەنسـیبە دیموکراتیکـەکان و سـەروەریی یاسـا و سـەلاحییەتی ئۆرگانـەکانی حیزب دەیدەن، بەداخەوە لەدوای کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە هیچ کات بەقەت ئێسـتا تـەکڕەوی و سـەرەڕۆیی بەسـەر حیـزبدا زاڵ نـەبووە. ئەمـەش پـێش هـەموو شـتێك دەگەڕێتـەوە سـەرخۆپێزۆری وخۆبـەمیحوەرزانینی سـەرۆکی قـۆڵی دەسـەڵاتدارو، فەردپەرسـتیی بـە ئەنقەسـت پەرەپێـدراو لـە لایـەن دەوروبەرەکەیـەوە. ئـەم خـۆ بەمیحوەرزانین و خۆپەرستی و تەکڕەوییەی سەرۆکی قۆڵەکـە بـە ڕادەیەکـە کـە نـەك هـەر بڕیـار و پرەنسـیبەکان و ئۆرگانـە سـەلاحیەتدارەکانی حیـزب، بـەڵکوو حیزبـی

دیموکرات لە تەواوەتی خۆیدا، لە نیاز و مەبەستەکانی خۆی، بەبچووکتر دەزانێ. گێڕانەوەی ئەم نموونە تازەیە دەتوانێ ڕاستیی ئەم قسەیەتان تاڕادەیەك بۆ دەربخا: لە یەکێك لە دانیشتنەکانی نێوان دوو هەیئەتی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و باڵی دەسەڵاتدار لە مانگی گەلاوێژی ئەم ساڵدا کاك مستەفا هیجری کاتێك بڕیارشکێنی و دەستەبەندیەکانی پێش کۆنگرەی ١٣ی خۆی لە پێناوی گەیشتنی بە پۆستی سکرتێریی بە چاودا درایەوە، گوتی: **"ئەگەر مەبەست لە عەهد و پەیمان شکێنی ئەوەیە کە من بەرامبەر بە لیستەکە (گەڵاڵەی هەڵبژاردن) کردم ئەوە دەبێ بڵێم من عەهد و پەیمانم لە بەرامبەر جووڵانەوە هەیە. بۆ من زۆر تەبیعیە ئەگەر بزانم حیزبی دیموکرات بە کەلك نایە لە گەڵی نەبم. عەهد و پەیمانی من لەگەڵ میللەتەکەم و جووڵانەوەکەمە..."**

بڕواننەئەم ڕوانینە خۆپەرستانە و هەر لەو کاتەدا "بانێك و دوو هەوایە"! ئەگەر ئێستا کەسانێك لەنێو حیزبدا بەرامبەر بە بڕیارێکی جیاوازیدانەرانەی ئۆرگانێك یا بەرپرسێك ناڕەزایەتی دەربڕن، ئەوە بە بڕیارشکێن و بێپرەنسیب و دژی دیموکراسی دەناسێندرێن. بەڵام ئەگەر کاك مستەفا تەشخیسیدا کە بڕیاری بەتێکڕای دەنگی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٢ لە بارەی مەنع کردنی دەستەبەندیی نهێنی، یا گەڵاڵەی بەتێکڕای دەنگ پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی بۆ هەڵبژاردن، مەبەستەکانی ئەو، دابین ناکەن و ئارەزووی بوونەوە بە سکرتێری لێ وەدوا دەخەن، مافی ئەوەی هەیە بڕیارەکە و گەڵاڵەکە هیچ، بەڵکوو حیزبی دیموکراتیشی بۆ وەلا بنێ. دیارە بە پێچەوانەی ئیدیعای "ئاوڕدانەوە"، نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن لەم دانیشتنانەدا زۆر قسە و وەڵامی مەنیقییان بۆ سەرانی قۆڵی دەسەڵاتدار هەبوو. یەك لەو قسانە ئەوەبوو کە بە کاك مستەفا گوترا ئەگەر جەنابت بۆت هەبێ هەست بە "وحی" بکەی و لەپێناوی ئەم جۆرە ریسالەتەی بەرهەمی زەینی خۆتدا، هەقی ئەوەت هەبێ بڕیاری کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی بخەیە ژێر پێت، هیچ مانای نیە ئەو هەقە بۆ خەڵکی دیکە نەبێ. تۆ دەبوایە ڕێزت لە بڕیاری کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی گرتبا. بەڵام بەداخەوە چونکە

بەڕێوەبردنی لە بەرژەوەندی شەخسیتدا نەبوو، نەتکرد و ئێستا پێچەوانەکەی داوا دەکەی، ئەویش لە حالێکدا کە ئۆرگانەکان زۆربەی ئەو بڕیارانەی دەیدەن لە بەرژەوەندی جەناحی دەسەلاتدار دان.

بێگومان لە دیوەخانی سەرۆك عەشیرەتەکانیشدا، ئەگەر سەرۆك عەشیرەت قسەیەکی وای کرد یا کارێکی وای ئەنجامدا کە بە زیانی گشتیی عەشیرەتەکەی یا نەتەوەکەی تەواو ببوو، عەشیرەتەکە بۆیان هەیە سەرکۆنەی بکەن و داوای لێبکەن هەڵەکەی خۆی راست بکاتەوە و تووشی لەمە خراپتریان نەکا. بەلام "لە ئەمڕۆ"ی حیزبی دیموکراتدا، سکرتێر بێئەوەی حیسێبێك بۆ دەفتەری سیاسی بکا، نامەیەکی سەرانسەر بێحورمەتی بە گەلی کورد،تەئیید دەکاو بە خراپترین شێوە وەلامی دەداتەوە. کاتێکیش دەنگی ناڕەزایەتی بەدژی نێوەرۆکی ناسیاسی و جێگای داخی ئەم وەلامە لەنێوخۆ و دەرەوەی حیزب بەرزدەبێتەوە، نە نووسەری وەلامەکە ئامادەیە لە بورجی عاجی خۆی دابەزێ و بەجۆرێك ئەم هەڵەیەی خۆی راست بکاتەوە، نە کەس لە "مەحرەمان" و دەوروبەرەکەی دەوێرن یا ئیجازە بەخۆیان دەدەن لەسەر ئەم هەڵەیە، لێی بپرسنەوە. لەمەش سەیروسەمەرەتر ئەوەیە بەڕێوەبەرانی دیکەی قۆلی دەسەلاتدار کە لەبارەی ئاغای نەزمی ئەفشارەوە پرسیاریان لێدەکرێ، هیچی تێدا ناهێڵنەوە و وەك مەمانان باسی شووێنیست بوون و بێڕێزیی ناوبراو بە "مقدسات"ی نەتەوەی کورد دەکەن، بەلام کە دەچنە سەر وەلامی کاك مستەفا هیجری بە نامەی ئەو شووێنیستە، دەلێن کاك مستەفا باشترین وەلامی داوەتەوە! ئێستا گیانی عەشایری و دواکەوتووانە بەسەر ئەم پێوەندییەی قۆڵ و سەرۆکەکەیدا زاڵە یا رێوشوێنە دیموکراتیك و شارستانی و مۆدێرنەکان، با خوێنەران خۆیان وەلام بدەنەوە.

"ئاوڕدانەوە" کە دەچتە سەر رەتدانەوەی خالی حەوتەمی نامەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، دیسان قۆلی پاوانخواز لە جێگای حیزب دادەنێ و دەلێ حیزب باوەڕی قوولی بە خەبات و چالاکیی دوو توێژی لاوان و ژنان هەیە، "چۆن بێلۆتفیان لەگەڵ دەکا؟!"

پاشان بۆ سەلماندنی قسەی نووسەرانی، پشت بە فیلمی هەڵگیراو لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە مانگی خەرماناندا دەبەستێ، کە گوایە لەم کۆبوونەوەیەدا دەرکەوتوە "بەرپرسی لاوان و چەند کەسێکی نزیك بە ئەو، لە کاروبارەکاندا کەند و کۆسپیان پێك هێناوە". دەرکەوتوە کە "بەرپرسی لاوان بە ڕێنوێنیی کەسانێك لەوانەی ئەو ٢٠ خاڵەیان ئیمزاکردوە و لەڕاستیدا بە دەستێوەردانی ئەو کەمینەیەی کادر و ئەندامانی حیزب، گێرە و کێشە لە ڕەوتی کارەکانی لاواندا پێك هاتوە".

خۆزگە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" و سیناریۆنووسانی نێوحیزبی دیموکرات بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانەی دەیاندەنە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزب، لە جیاتی پشت بەستن بە فیلمی هەڵگیراو، پشتیان بە ڕاستی و بەڵگەی بڕواپێکراو بەستبا. چونکە وەك بۆ خۆشیان دەزانن ئەم فیلمانەی هەر لە سیناریۆکەیانەوە تا دەستنیشانکردنی دەرهێنەر، ئەکتەرەکان، فیلم هەڵگران و دیاریکردنی کات و شوێنی تەسویرکردنیان، هەمووی بە پێی نەخشە و بەرنامەی خۆیان بووە، ڕووی زۆر مەجلیسانیان نیە. ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ لە نامەی ٧ی گەلاوێژدا داوای لە قۆڵی دەسەڵاتدار کردوە بێ لوتفی لەگەڵ یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان نەکەن و واز لە کارشکێنی و دەستێوەردانی کاروبارەکانیان بێنن. کەچی سیناریۆنووسانی قۆڵی پاوانخواز لە مانگی خەرماناندا کەوتوونە خۆ فیلمێك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم داوایەی ئۆپۆزیسیۆن بەرهەم بێنن، ئەویش بەهۆی کوڕی یەکێك لە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" کە چ هەڵبژێرانی وەك موشاویری بەڕێوەبەری لە دوای کۆنگرەی ٣ی لاوان و چ هەڵبژێرانی بۆ ئەندامەتیی بەڕێوەبەرییەکانی پێشووی یەکیەتیی لاوان، بەڵگەی جەناحی ڕەفتار نەکردنی ئەو بەڕێوەبەرییانە بووە. لە کۆنگرەی یەکەمەوە تا ئێستا، لە حاڵێکدا قۆڵی پاوانخواز هەموو جارێ هەوڵی ئەوەی بووە کەسانی بەستراوە بەخۆی بەسەر بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاواندا زاڵ بکا و قەتیش سەرنەکەوتوە، بەدەنە و بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان ئاگایانە و بە هەست بە بەرپرسایەتی،

ژمارەیەکی بەرچاو لەوانی وەك ئەندامی بەڕێوەبەری و راوێژکاری بەڕێوەبەری هەڵبژاردوە. ئەم نیازپاکی‌یەی زۆرایەتیی لاوانی دیموکرات لە کاتێکدا بووە کە ئەگەر کەمینەی بەستراوە بە قۆڵی پاوانخواز دەستی رۆیشتبا، هیچ کات ئەمەی نەدەکرد. بەڵام سەرانی قۆڵی پاوانخواز لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بڕیاریان داوە نەك هەر هەموو ئۆرگانەکانی حیزب، بەڵکوو رێکخراوەکانی لاوان و ژنانیش بە تەواوی بێننە ژێر چۆکی خۆیان. کاتێك بە رێگای حۆراوجۆردا نەیانتوانی رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بکەن بە فەرمانبەری بێ ئەم لا و ئەولای خۆیان، هەوڵیاندا بە بێ ڕێزدانان بۆ پێڕەوی نێوخۆ و بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان و رێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، ناوەند و بەڕێوەبەریی تایبەت بە خۆیان لەپێشدا لە دەرەوەی وڵات پێك بێنن. شانبەشانی ئەمەش بەرپرس و بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە کوردستانیان خستەژێرفشار کەیا تەسلیمی نیاز و مەبەستەکانیان بن، یا چاوەڕوانی چارەنووسێکی وەك چارەنووسی یەکیەتیی لاوان لە ئوروپابن.

چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆنفرانسی لاوانی ئورووپا لە دانمارك (٢٠٠٥) و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوان لە سوئێد (رەزبەری ٢٠٠٦) کە بە ئەنقەست لاوانی سەربە قۆڵی دەسەڵاتداریان بۆ بانگ کرابوو، ئەم راستی‌یە دەسەلمێنن کە سکرتێری "گشتی"، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات و قۆڵی دەسەڵاتدار بەگشتی ئاگایانە و بە بەرنامە کاریان بۆ بێ‌سەلاحیەت کردنی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرە کردوە. فشاری سەرۆکی ئەم قۆڵە بۆسەر سکرتێری یەکیەتیی لاوان و دەستێوەردانەکانی لە کاروباری نێوخۆی ئەو رێکخراوەدا گەیشتە جێگایەك کە بۆ سەپاندنی ویستەکانی خۆی بەسەر سکرتێر و بەڕێوەبەریی گشتی‌دا، لە ژوورەکەی خۆی کۆبوونەوەی پێ‌دەکردن و مەبەستەکانی خۆی بە سکرتێری یەکیەتیی لاوان دیکتە و ئیمزا دەکرد. بە ئەمری سکرتاریا (سکرتێر) و تەنانەت بە بێ ئاگاداریی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و بەرپرسی سایتی "کوردستان میدیا"، بۆ ماوەی نزیك بە دوو حەوتوو لینکی سایتی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە سایتی

"کوردستان میدیا" هەر لەژێر ئەم ناوەدا کرایە لینکی کۆمیتـەی سـوئێد(ی یەکیـەتیی لاوانی سەر بە قۆڵی خۆیان).دیارە ماوەیەك بۆ خەواندنەوەی تـوڕەیی سەرچـاوەگرتوو لەم کارە،قبوولیان کرد شتەکە وەك هەوەڵێی لێ بکرێتەوە.بەڵام ئەوە بۆ چەند حەوتوو دەچێ ئەم کارەیان دووپـات کردۆتـەوە! سـکرتێر و

زۆرینەی رێبەریی حیزبی دیموکرات دەیانەوێ لە پاوانخوازی و خۆسـەپێنیدا، نـەك لـە دیموکراتبـوون و رێزگـرتن لـە پرەنسـیبە لەمێژینـەکانی حیزبـی دیمـوکراتدا، بـبن بـە سەرمەشق بۆ لاوانـی دیمـوکرات. سـەرنج بدەنـە ئـەم رەفتـارە و لەگـەڵ ئیـدیعاکانیان لـەبارەی نوێخـوازی و جەوانگـەرایی و خـەباتی سـەردەمیانە بـەراوردیان بکـەن. لـە رەزبەری ئەمساڵدا لـە سـوئید کەسـانی بەسـتراوە بـە خۆیـان لـە کۆمیتـەی حیزبـی و یەکیەتیی لاواندا دەنگ دا تا کۆبوونەوەیەکی خۆمانە و بـەبێ بەشـداریی زۆربـەی ئـەو ئەندامانەی بـە نامـەحرەمیان دەزانـی، پێـك بێـنن و بەڕێوەبەرییـەکی بـە دڵـی قـۆڵی دەسەڵاتدار بێننە سەر کار و تەنانەت لە نیگابانەکانی بەردەرگا بۆ پێشگیری لە هاتنی ئەنــدامانی نامــەحرەم و میوانــانی نــەخوازراو کــەلکیان وەرگــرت. بــەڵام کاتێــك کۆنفرانسێکی یەکیەتیی لاوان لە نۆروێژ بە موافەقەتی بەڕێوەبـەری گشـتیی یەکیـەتیی لاوان، پێك هات و بانگەواز کرابوو هەموو لایەك تێیدا بەشدار بن، قۆڵی زۆرینەی حیزب نەك هەر نەیهێشت هەموو لا تێیدا بەشدار بن، بەڵکوو بەڕێوەبەران و تەنانەت میوانانی حیزبیی ئەم کۆنفرانسەشی سزادا. لە نۆروێژ ئەندامی بەڕێوەبـەریی گشـتیی یەکیـەتیی لاوان و هەڵبژێراوی کـۆنگرە، لەسـەر پێکهێنـانی کۆنفرانسـی رێکخراوەکـەی خـۆی کـە موافەقـەتی بەڕێوەبـەریی گشتییشـی لەسـەر بـووە، لـە حیـزب دەردەکـرێ، بـەڵام لـە فینلانـد هاوڕێیـەکی حیزبـی کـە قـەت ئەنـدامی یەکیـەتیی لاوانـیش نـەبووە، پێـی دەسـپێردرێ کۆنفرانسـی یەکیـەتیی لاوان بـە بـێ موافەقـەتی بەڕێوەبـەریی گشـتی و تەنانــەت بــە بــێ بەشــداریی بــەرپرس و زۆربــەی ئەنــدامانی کۆمیتــەی بەرێوەبەرییەکیەتیی لاوان لەو وڵاتە پێك بێنێ!

زۆرینەی ڕێبەریی ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات بەم کردەوە و ڕەفتارانەی بێجگە لە خۆسەپێنی و جیاوازیدانان دەتوانێ چ شتێکی دیکە فێری ئەو لاوانە بکا کە لە دەوری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە؟ دیارە سەرۆکی پاوانخوازان و ئەو چەند کەسەی لەگەڵ ئەودا بڕیاری یەکلاکردنەوەی حیسێبی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتیان داوە و کەوتوونە تەمبێکردن و تۆڵەستاندنەوە لە پارێزەرانی سەربەخۆیی تەشکیلاتیی ئەو ڕێکخراوەیە، بۆخۆشیان دەزانن ئەوەی لەو پێوەندییەدا کردوویانە و دەیکەن لەگەڵ هیچ ئوسوولێکدا ناگونجێ، بۆیە هەتا ئێستاش نەیانوێراوە بە ڕەسمی و ڕاشکاوی بڕیارەکانی خۆیان رابگەیەنن. بۆ وێنە سکرتێری ئێستای یەکیەتیی لاوانیان لە کۆبوونەوەیەکی چەند کەسیی سەرانی قۆڵدا، لەو پۆستە لابردوە، بەڵام پاش تێپەڕینی زیاتر لە مانگێك هێشتا بەخۆیان نەگوتوە! یەکێك لە خۆشیان کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە، کردووە بە چاوەدێر بە سەر بە بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتی لاواندا، دیارە نەك بۆ ڕاگوێزتنی لوتفی هەرچی زیاتری ئەم قۆڵە بۆ نێو یەکیەتیی لاوان، بەڵکوو بۆ زاڵکردنی ئۆتۆریتەی پاوانخوازان بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا. روون نیە ئەو بەڕێزانە کە ئەوەندە لافی پاراستنی ئوسوول و پرەنسیبەکان لێدەدەن بەپێی کام ئەسل و پرەنسیب ڕێگە بە خۆیان دەدەن ئەندامان و بەرپرسانی یەکیەتیی لاوان سزا بدەن و ئەندامی حیزبی سەبارەت بە بەشداری لە کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوان لە حیزب دەربکەن. بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات یا ئەندامانی دەفتەری سیاسیی سەربەم قۆڵە چ نیازێکی خێریان هەیە کە بە جیا و بەتایبەتی لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی گشتی پێوەندی دەگرن و داوای لابردن و هێنانە سەرکاری ئەم و ئەویان لێدەکەن و لەم پێوەندییەدا بەڵێنی جۆراوجۆریان پێ دەدەن؟ ئەمانە لوتف باراندن بەسەر یەکیەتیی لاواندان یا دەستێوەردان بە مەبەستی داگیرکردنی سەنگەرە لەگیران نەهاتووەکان بە هەرنرخێك؟!

نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" بەوهۆیەوە کە نە نیازی داننان بە راستیەکانیان هەیە و نە بەڵگەیەکی قایمیان بۆ رەتکردنەوەی داواکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ هەیە، زۆر زوو دەکەونە دەستەوەستانی و بە تاوانبارکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە چەواشەکاری، یا پـازدان بەسەر مەسەلەکەدا، یـان پـتر لەسـەر نەڕۆیشـتن لەبـەر مەسـلەحەتی حیزبـی، خۆیـان دەرباز دەکەن. بۆ وێنە بەسەر خاڵی ٨ی نامەی ئۆپۆزیسـیۆندا بازیـانداوە کـە دەڵـێ "بـە روونـی دیـارە کـە کـاری تەشـکیلاتی لەگـەڵ هاوڕێیـانی نێوخـۆی وڵات و دنیـای دەرەوەش کەوتۆتە ژێر تەئسیری بیروباوەڕی جەناحی." ئەمـە راسـتیەکە و نـاتوانن حاشـای لێبکـەن. ئـەوان دەیانـەوێ تەشـکیلاتی حیـزبیش لـە پـاوانی خۆیـاندا بـێ، ئەندامانی حیزب تەنیا ئەوان ببینن و قسـە لـەوان ببیسـن و بـیروڕا و بۆچـوونی لایـەنی بەرامبەریان گوێ لێ نەبێ، تا ئەو شتانەی لە غەیابی لایەنی بەرامبـەر و لـە دژی ئـەوان پێیان گوتوون، سپی نەکرێنەوە. شتێکی سروشتیەیە مەبەسـتیان لـە پـاوانکردنی ئـەم بوارەش ئەوەیە، هـەر کـەس لـە خزمـەت مەبەسـتە جەناحیـەکانیاندا نـەبوو، بـا لـە تەشکیلاتی حیزبدا زۆریش چالاك بێ، بیخەنە پەراوێز. کەسانێکیش کـە بـۆ مەبەسـتە جەناحیـــەکانیان هـــەوڵ دەدەن، مەیـــدانی پـــتر و ئیمتیـــازی زیاتریـــان بـــدەنێ. بڵاوکردنەوەی "ئاوڕدانەوە"یەك لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات" لەپێشدا لـە نێـو تەشکیلاتی نهێنیی حیـزبدا و بڵاوکردنـەوەی زۆر دەنگـۆ و شـتی ناڕاسـتی دیکـە لای ئەندامانی حیزب لەدژی بەڕێوەبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، دەری دەخـا کـە سـەرانی ئـەو قۆڵـە، تەشـکیلاتی حیـزبیش بـۆ بەرەوپێشـبردنی مەبەسـتە جەناحیـەکانیان بەکاردێنن. جیاوازیدانانی بە ئاشکراشیان لە نێـوان ئـەو ئەندامـە نهێنیانـەی تووشـی راکردن لە ئێران و گیرسانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبن، بەڵگەیەکی دیکەیـە بـۆ سـەلماندنی راسـتیی قسـەی ئێمـە. ئەوانـە کـە گومـانی نزیکـی لـە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخۆیان لێدەکرێ، ماڵیان پێنـادرێ، بـەڵام بـۆ کەسـانێك کـە لـە خۆیـان بـە نزیکـی بزانن، دەستبەجێ خەمیان لێدەخۆن. نموونە لەبارەی جیاوازیدانان لە نێوان ئـەو دوو دەســـتەیە لـــە ئەنـــدامان یـــەکجار زۆرن کـــە بەوەنـــدە قەناعـــەت دەکـــەین.

سەبارەت بە خاڵی پێوەندیدار بە بابەتی تەلەویزیۆنیش، "ئاوڕدانەوە" بێجگە لە تاوانبارکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە شتی بێبنەما و چەواشەکاری و،" خۆبواردن لە هەرقسەیەك لەبەر مەسڵەحەتی حیزبی"، هیچی دیکەی پێنیە. یەك لەو تاوانانەی لە زۆر بۆنەدا داویانەتە پاڵ لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ ئەوەیە کە راپۆرتیان لە کارمەندانی سەر بە تیشك تیڤی داوە کە ئەم تەلەویزیۆنە هی حیزبی دیموکراتە. سەرانی ئەم قۆڵە بۆخۆیان وەخت و بێوەخت و لە راگەیەنە گشتییەکاندا، تیشك تیڤی نەك وەك بەرهەمی هەوڵی چەندین ساڵەی هەموو حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەك دەسکەوتێکی ئەم قۆڵە دەناسێنن و دەیانەوێ لە ئاست هەموو هەڵە و کردەوە زیانبارەکانی دوو ساڵ و نیوی رابردوودا، بە رووی خۆیانەوەی بگرن. واتە بۆخۆیان لە هەموو کەس زیاتر ئەم قسەیان بڵاوکردۆتەوە کە ئەم تەلەویزیۆنە هی حیزبی دیموکرات و راست هی ئەوانیشە، بەڵام ئەگەرلایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن بڵێن ئەم تەلەویزیۆنە هی حیزبی دیموکراتە بە تاوان لەسەریان دەنووسن.

خۆبواردنی ئەوان لە چوونە نێو داواکەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ لە بارەی تەلەویزیۆنەوە، بێهۆ نیە. ئەوان دەزانن ئەگەر قسەی لێ نەکەن و دەستی لێ نەدەن باشترە. چونکە شتەکە لەوە دەرچووە بشاردرێتەوە. یەکێك لە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" کە بەڕواڵەت بەرپرسی "تیشك تیڤی"یە، بۆ خۆی دانی بەوە داناوە کە کاك شاهۆ جوابی ناداتەوە و چی خۆی پێیخۆش بێ دەیکا. سەرۆکی ئەم قۆڵەش کاتێك لە دوای سەفەری ئەمساڵی پرسیاری لێکرا بۆچی لە حاڵێکدا هەم لەنێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات یادی ١٧ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە شێوەیەکی باش کرایەوە، هیچ پەیامێکت لە رێگای تیشك تیڤییەوە بەم بۆنەیەوە نەنارد، گوتی من پەیامم نارد بەڵام نازانم بۆچی تەلەویزیۆنی تیشك بڵاوی نەکردەوە. ئەگەر ئەم قسەیە راست بێ مانای ئەوەیە کاك شاهۆ، نەك هەر وەڵامی "جێگری سکرتێر"، بەڵکوو وەڵامی خودی سکرتێریش ناداتەوە. دیارە ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە کە پەیامەکە شیاوی بڵاوبوونەوە نەبووبێ، جا لەبەر چی؟ نازانین. قسەی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە

که **"له دانانی پێرسۆنێلی تەلەویزیۆنیش‌دا وەك هەموو شتەكانی دیكە گیانی جەناحی و جـەناحبازی زاڵـە، هـەر بۆیـە پێویسـتە سەرپەرسـتی‌یەكی كـارزان و لێوەشـاوە و هاوبەش بۆ كاری تەلەویزیۆن دابنرێ"**. بەڵام دەبێ بگوترێ وەك لەم مانگانەی دواییدا دیتراوە تەنانەت لە بڵاوكردنەوەی هێندێك لە بەرنامەكانیش‌دا بۆ وێنە ئـەو وتووێژانـەی لەگـەڵ هاورێیـانی حیزبـی كـراون، گیـانی جـەناحی زاڵـە. زۆر لـە بینـەران بـۆ خۆیـان هەستیان بە زاڵبوونی ئەو گیانە كردوە و رەخنە و سەرنجی خۆیان بە رێبـەریی حیـزب راگەیاندوە. ئەگەر "ئاوڕدانەوە" بە ئەنقەست و لەبەر پێنـەبوونی وەڵامێـك كـە رووی مەجلیسی خوێنەرانی هەبێ، لە چـوونە سـەر هێنـدێك خـاڵ خـۆی بـواردوە، ئێمـە بـەو بۆنەیەوە كە لە بەشەكانی دیكەی ئەم وەڵامـەدا، كـەم و زۆر ئاماژەمـان بـە نێـوەرۆكی ئەو خاڵانە كردوە (وەك خاڵی ١٠ و خاڵی ١١)، خـۆ لـە دووپاتكردنـەوەیان دەپـارێزین. بەڵام سەبارەت بە خاڵی ١٢، هەر ئەوەندە بە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" دەڵـێین ئەگـەر راست دەكەن فەرموون ئەو نموونە زۆرانە ناوبەرن كە كارتان بـە كەسـانێك سـپاردوە و وەریـان نـەگرتوە. بـۆ خوێنەرانیشـی روون بكەنـەوە ئـەو كـارەی بـەو كەسـانەتان سـپاردوون و وەریـان نـەگرتوون، چـین؟ و ئـەو كارانـەش كـە بـەوان بـوون و لێتـان وەرگرتوونەوە كامانـەن؟ بـا روون بێتـەوە "كـاری شـیاو"ی تەشـخیس دراو لـە لایـەن ئۆرگانی سەلاحییەتدار كە ئێوە كردووتانە بە وێردی زاری خۆتان، تا چ رادەیەك لەگەڵ توانـا و ئـەزموون و لێهـاتوویی و كەسـایەتیی بێكاركراوەكـان گونجـاون؟ سـەبارەت بـە خـاڵی ١٣ كـە "ئاوڕدانـەوە" دەڵـێ وشەبەوشـەی درۆ و چەواشـەكاری و عەوامفەریبی‌یە و هیچی دیكـە، ئێمـە نـەك نووسـەرانی "ئاوڕدانـەوە"، بـەڵكوو هـەموو هاورێیەكی حیزبیی راستگۆ و بەویژدان بە شاهید دەگرین كە ئایانیـازی ئـەم قۆڵـە لـە دابەشینی كار و پۆستەكان و دەستێوەردانی ئایین نامەكان‌دا بێجگە لـە "بەدەسـتەوە گرتنی ناسروشتیی زۆرایەتیی زۆربەی ئۆرگانەكان و جێگیركردنی مۆرەكانی خۆیـان لـە كومیتـە و كومیسـیۆنەكان‌دا و گـۆڕینی ئـایین نامـەكان بـەجۆرێك كـە لەگـەڵ ئـەم مەبەستانەدا بگونجێن، شتێكی دیكە بووە. ئەوان ئایین نامـەی هـەر ئۆرگانێكیـان بـەو

دیدەوە کە ئەگەر کەسانێکی لە جەناحی بەرامبەری لێیە، بیخەنە پەراوێز و، بڕیاردان بەدەست خۆیان بێ، ئامادەکردوە و بەو هۆیەوەش کە زۆرینەی کومیتەی ناوەندییان پێبووە، چی لە بەرژەوەندیان دا بووە، پەسندیان کردوە. ئێمە تەنیا سکرتاریا بە نموونە دێنینەوە کە پێشتر چۆن بووە و ئێستا چی بەسەر هاتوە (هەر بۆ ئەوەی نامەحرەمی لێ نەمێنێ، یا بە ڕواڵەت نامەحرەمی لێبێ بەڵام بەکردەوە هیچ کارە بێ). جا کاتێك وەزعی شوێنێك کە سکرتێر کاری لێ دەکا و ئیدیعاش دەکا سەر بە هیچ قۆڵێك نیە، ئەمە بێ، وەزعی ئۆرگانەکانی دیکە روونە.

نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" کاتێك چوونەتە سەر خاڵی ١٤، لە بیریان نەبووە پرسیارێك لە خۆیان بکەن و بڵێن باشە ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو بەخۆ هەڵگوتنەمان لە بارەی مافخوازی و ئازادیخوازی و دڵسۆزی بۆ خەباتی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد، لەو جێگایە کە باس لە خاکی باب و باپیرانمان و بێڕێزی بە ئاڵا و نەخشەی کوردستان و سمکۆ و قازی محەممەد دێتەگۆڕێ "کام تا لام" زمانمان، ببوورن قەڵەممان نەگەڕاوە و یەك حەرفیشمان لە بارەی خاڵی ١٣ی نامەی ئۆپۆزیسیۆن نەهێناوەتە سەر کاغەز. ئەدی بۆچی ئاوا بە درێژی لەسەر خاڵی ١٤ کە هەمووی چوار دێڕە بڕۆین؟! "ئاوڕدانەوە" باسکردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ لە "تەوازون" بە نیشانەیەکی دیکەی بێ باوەڕیی بە دیموکراسی و هەڵبژاردن"ناو دەبا. ئەگەر ئەم قسەیە راست بێ ئەوان بەرچاوترین نموونەی بێباوەڕی بە دیموکراسی و هەڵبژاردنن، چونکە هەر لە کۆنگرەی دەیەمەوە تا کۆنگرەی ١٣، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، بەو هۆیەوە کە بۆخۆیان زۆرینە نەبوون، ناڕازی بوون و وەزاڵەهاتبوون. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە لە هەڵبژاردنی کۆنگرەکانی پێشتردا جیاوازیی رێژەی ئەندامانی هەر دوو لا لە رێبەریدا بە تایبەتی لە ئاستی ئەندامانی ئەسلیی کۆمیتەی ناوەندیدا یەکجار کەم بوو. زۆر لە پۆستە گرنگ و کلیدییەکانیش دەدرا بە کەمینەی رێبەری. رەنگە هیچ شتێك وەك ئەم داوایەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، ئیدیعاکانی ئەوان بەتاڵ نەکاتەوە کە **"ئێمە ئامادەین زۆرینەی ئێستای رێبەری، جێگای پێشووی خۆی لە رێبەریی هەڵبژێردراوی یەکێك لە**

**کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢دا بە هەموو شتێکەوە بدا بە کەمینەی ئێستای ڕێبەری".**
بۆچی بەلای ئەم پێشنیارەدا ناچن و خۆی لێ کەڕ دەکەن؟ چونکە خۆیان دەناسن و دەزانن ئەمە لەگەڵ ستراتێژیی ئەوان کە پاوانکردنی حیزبی دیموکراتە، ناگونجێ. "ئاوڕدانەوە" پاشان چۆتە نێو شیرینکاریی ئەدەبی و کەلامی و، تەئویلێکی بەڕواڵەت نیشتمانپەروەرانە و خەباتگێڕانە بەڵام لە راستیدا هەلپەرستانەی لە زاراوەی "حصە اسد" (بەشی شێر) کردوە و دەڵێ "ئایا بوون بە ئەندامی ڕێبەری لەم حیزبەدا شانازیی مێژوویی و نەتەوەیی و وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی پیرۆز و دژوارە یان بەڕای ئەو هاوڕێیانە کەلاکی قوربانییە کە دەڵێن بەشی شێر بۆ فلان دانراوە!!" ئەم لێکدانەوەیە نیشانەی بێگانەیی لە گەڵ ئەدەب و واتاناسی و بە کاربردنی زاراوە ناسراوەکانە.داهێنەری ئەم تەئویلە عەنتیکەیە کاك تەیموور مستەفاییە. لەو بەڕێزە دەپرسین ئەگەر ئەندامەتی لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتدا شانازیی مێژوویی و وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی پیرۆزە کە بێگومان وایە، جەنابت و هاوقۆڵانت بۆچی نەتانویست بە ڕێگای سالم و بەدوور لە دەستەبەندیی نهێنی وباندبازی پێی بگەن؟ بۆچی دەستەبەندیی نهێنی و گەلەکۆمەکیتان کرد بۆ ئەوەی کەسانێکی دیار لەم "شانازییە مێژووییە و وەئەستۆگرتنی ئەرکی پیرۆز" بێ بەش بکەن؟ هۆی چیە ئەگەر کەسانێکی دیکە لە بێبەشکرانی بە ئەنقەست لەم شانازییە مێژووییە ناڕازی بوون و داوایان کرد لە لێهاتوویی و توانایان کەلك وەربگیرێ و گوتیان با پاشماوەی راوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەنی بەرامبەرتان بن، ئەوکات ئەم "شانازییە مێژووییە" و ئەو "وەئەستۆگرتنەی ئەرکی پیرۆز" دەبێ بە کورسی و مەقام و بەرامبەرەکانتان بە کورسی تەڵەب و مەقامخواز تاوانبار دەکەن؟ بۆچی ناوکەی سەرەکیی زەوتکەرانی ئەو "شانازییە مێژوویی" و ئەو "ئەرکە پیرۆز"انە تاقمێکی دیاریکراو لە خالۆزا و پوورزا و ئاوالزاوا و ئامۆزاکانن؟!
لەبارەی ئەو بەندە لە خاڵی ١٤ کە دەڵێ "جێی خاڵیی کاك خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندیدا بدرێ بە ئۆپۆزیسیۆن و دیاریکردنی نەفەرەکەش بە خۆی بسپێردرێ"،

"ئاوڕدانەوە" دەڵێ "ئەوە جێی خاڵیی کاك خالید نیە و کورسیەکی‌ئێرسی نیە". جارێ هەر بەبێ ئەوەی زۆر دوور کەوینەوە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" ئەو شتەی بۆخۆیان بە "وەئەستۆگرتنی ئەرکی پیرۆز" و "شانازیی مێژوویی"یان دادەنا، کە یەکی دیکە داوای کرد کردیان بە کورسی!

بەڵام سەیرەکە هەر لەوەدا نیە. هەر ئەو بەڕێزانە ئەم رستەیان بۆ کەسانی ساویلکە بە جۆرێکی سەیرتر لەم تەئویلەی بۆ "بەشی شێر" کردوویانە، لێکداوەتەوە و گوتوویانە ئەوانە داوادەکەن ئێستا کە کاك خالید خۆی ئیستیعفای داوە، هەر بۆخۆی کەسێکی دیکە بکا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە جیاتی خۆی! دیارە ئەو لێکدانەوەیان بە ئەنقەست بڵاوکردۆتەوە،ئەگینا دەزانن مەبەست ئەوەیە هەروا کە هەڵبژێرانی دوو کەس (هەر یەکەی لە جەناحێك) لە دەرەوەی وڵات بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لە پلینۆمی پێنجەم بەرهەمی رێککەوتنی ئەو دوو جەناحە بوو، ئێستا کە کاك خالیدیان ناچار بە ئیستیعفا کردوە، ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی لە دەرەوەی وڵات، لە ئۆپۆزیسیۆن هەڵببژێردرێ.

لەبارەی ئیستیعفای کاك خالید عەزیزیەوەش دەبێ بگوترێ، ملدانی زۆرینەی رێبەری بۆ هەڵبژاردنی ناوبراو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە پلینۆمی‌شەشەم دا، لە رووی ناچاریەوە و بۆ هێورکردنەوەی ئەو ناڕەزایەتیە بوو کە ئەوکات بەرەو رووی سەرانی ئەم قۆڵە ببۆوە. هەر بۆیە هێشتا پلینۆمی دواتر بەسەردا نەهاتبوو کە ئەم "ئیمتیاز"ە نەخوازراوەی دابوویان بە لایەنی بەرامبەر، بە سەیرکردنی کاك خالید وەك کەسێکی "نامەحرەم" و لە پەراوێزدا هێشتنەوەی، وەریان گرتەوە. بەڵێ سکرتێر بە رواڵەت داوای لێکرد ئیستیعفاکەی وەربگرێتەوە، بەڵام نە هەوڵیدا ئەو گرفتانە چارەسەر بکا کە کاك خالیدیان ناچار بە نووسینی ئیستیعفاکردوە، نە لەگەڵ هاتنەوەی ناوبراو بۆ پلینۆم و باس لە هۆیەکانی نووسینی ئیستیعفانامە، رەزامەندیی دەربڕی. ئەو قسەیە راستە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی پۆستێك هەڵدەبژێردرێ. بەڵام لێرەدا قسەکەی خۆیان وەبیر دێنینەوە و دەڵێین ئایا بەڕای

ئەوان لەحیزبی دیموکراتدا کەسی لێهاتوو و شایستە بۆ ئەم پۆستە لەنێو ئەو چەند کەسەدا نەبێ کە ئێوە مەبەستتانە، پەیدا نابێ؟

لێرەدا چەند شتێك لە ئیستیعفانامەکەی کاك خالید عەزیزی دەخەینە بەرچاوی خوێنەران تا بزانن ئەم هۆیانە چن کە مەیدان لە کەسانی لێوەشاوە و بە کەلك لەنێو حیزبی دیموکراتدا تەنگ دەکەن و چ کەسانێك بە ئەنقەست ئەم وەزعە دەخولّقێنن:

پلینۆمی پێنجەمی ک ن بە گوێرەی بڕیاری کۆنگرەی سێزدە، کاک شاهۆو منی وەک دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە دەرەوەی وڵات دیاری کرد.

1– تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە منەوە هەبو ، من وام چاوەڕوان دەکرد کە ڕێبەری حیزب بە مەشوەرەت لەگەڵ خۆم ئەرک و بەرپرسایەتی منیش بە گوێرەی شارەزایی و بە لەبەر چاوگرتنی لانی کەمی ویست و عەلاقەی خۆم دیاری دەکات. بەڵام، بە داخەوە پێش ئەوەی من بکرێم بە ئەندامی ک ن، بەش و ئەرکیشیان بۆ دیاری کردبوم، واتە بەشی ئینتیشارات. تەنانەت بێ مەشوەرەت لە گەڵ من ئەندامانی ئەو بەشەش دیاری کرابون. بەشێک کە چوارچیوە و نێوەرۆک و بەرنامەی کاری بۆ ڕێبەری،بۆ من و ئە ندامانی ئەو بەشەش بە تەواوی نارون بوو.

2– من دەمزانی کە دیاری کردنی من وەک بەرپرسی ئەو بەشە، ئەویش بە و شێوەیەی کە لە خاڵی 1 ئاماژەم پێکردووە، بەو مەبەستە نەبووە کە لە شارەزایی و ئەزمونی من بۆ کاری حیزب لە جێگەی خۆی کەڵک وەربگیرێت. سەرەڕای هە موی ئەو ڕاستییانە، بە پێچەوانەی ویستی خۆم وتەنیا لەبەر بەرژەوەندی حیزب و زۆرتریش بەو مەبەستە کە فەزای نێوخۆیی حیزب ئارام بێتەوە و کارەکانیش لە دەرەوە وەگەڕ بکەون، و بە هیوای باشتر بوونی میکانیزمی سازماندەهی و ئیدارەی دەرەوەی وڵات ئەو ئەرکەم قەبوول کرد.

3– پێم خۆشە ئەو ڕاستیێ دەستنیشان بکەم کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا کە کار و مەئموورییەت و بەرپرسایەتی حیزبیم بووە، هەرگیز کارم نەکردووە،یان شەر و دەستە بەندیم نەکردووە بۆ ئەوەی ببم بە ئەندامی ک ن. مەبەستی سەرەکی من لە قەبووڵ کردنی ئەندامەتی ک ن ئەوە بووە کە چۆن بە گوێرەی توانایی خۆم لەو پۆستە کەڵک وەرگرم بۆ ئەوەی منیش لە ڕادەی خۆمدا کار بکەم بۆ ئارام کردنەوە و"سالم سازی" فەزای نێوخۆی حیزب. فەزایەک کە هەمو لایەک هەست بە ئەمنییەتی سیاسی–حقوقی–فەردی بکەن.

4-بەڵام، بە داخەوە و زۆر بە کورتی، شێوەی ئیدارەی دەرەوەی وڵات و میکانیزمی بریار دانی ئەو ماوەیە جۆرێک بووە کە هیچ مەجالی دەور و دەنگ و کاری، بۆمن وەک ئەندامی ک ن نەهیشتبۆوە. زۆر بە ڕاشکاوی بلێم بە تەواوی لە پەراوێز خسترابوم و دوور کرابوومەوە. لە و کەش و هەوایەدا من دوو ڕێگام لە پێش بوو. یان کار کردن بە قیمەتی شەر و کێشە، ئەویش بەو شێوە ناخۆشەی کە ئێستا کەم و زۆر لە نێو حیزبدا باوە، یان واز هێنان لە بەرپرسایەتی. دیارە من وازهێنانم هەڵبژارد. هەرچەندلە کاری حیزبیدا من پێم وانییە کە دەبێت هەمو کارێک و هەمو کەسێک بە دڵی من بێت.

براتان . خالد عزیزی 20- 10-2005

وەك زۆرجاری دیکەش گوتومانە مەبەست لەو نامەیەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بۆ رێزدار هیجری و قۆڵەکەی ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات ببێتە هی هەمووان و هەموو لا هەست بە "مشارکت" لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لە حیزبەکەیاندا بکەن. وەختایەك زۆرینەی رێبەریی ئەم حیزبە نەیهەوێ لە هیچ کاروبارێکدا بەرامبەرەکەی بکا بە شەریك، راست بەناوی "داکۆکی لە سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندی" و "پێشگیری لە پێشێلکرانی پرەنسیبەکانی حیزب" خۆی وەك تاقە بڕیاردەر و بەڕێوەبەری حیزب دێڵێتەوە و، گوێی بیستنی هیچ داوایەکی مەنتیقیشی نابێ. هەر لە وەڵامدانەوەیان بە خاڵەکانی ئەم داوانامەیەدا دەری دەخەن کە تا سەر ئێسقان پاوانخوازن و، ئەو هەمووە پایەندییە رواڵەتی‌یەیان بۆ ئەساسنامە و پرەنسیبەکانی حیزب، بۆ زاڵکردنی تەك دەنگی و یەکدەستی بەسەر حیزبدایە نەك بۆ داکۆکی لە دیموکراسیی نێوخۆیی و پاراستنی مافە حیزبی و تەشکیلاتی‌یەکانی ئەندامانی حیزب. ئەگینا لە کاتێکدا هیچ کەسی بەستراوە بە خۆیان نەماوە کە لە ماوەی ئەم دووساڵ و نیوەدا کار و پۆستی شیاویان پێ نەسپاردبێ و لە حاڵێکدا زۆربەی ئەو کەسانەی بە ئەنقەست خستوویاننە پەراوێز، چەندین ساڵە کاروباری ئەم حیزبە بەڕێوە دەبەن و توانای خۆیان سەلماندوە، دیاریکردنی چەند راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆپۆزیسیۆن، بەڕاستی شتێکی ئەوەندە گرنگ و چارەنووسسازە؟! ئەگەر نیگەرانی تێکچوونی ئارایشی سەندەڵی‌یەکانی کۆنگرەی داهاتوو نین و هیچ باکێکتان لە ئاکامەکانی دیموکراسی و

هەڵبژاردن نیـە، بەشـدارکردنی ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری ئـەم حیزبەدا چ زیانێك بەوان دەگەیەنێ. ئەوەش کە "ئاوڕدانەوە" وادەنوێنێ ئۆپۆزیسـیۆن دەیـەوێ راوێـژکاران تـەنیا لـەو کەسـانە هەڵببـژێردرێن کـە نامەکـەیان ئیمـزا کـردوە، چەواشـەکاری‌یەکی بـە ئەنقەسـتە. مەبەسـت لـە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ هـەموو ئـەو کەسانەن کە قۆڵی دەسەڵاتدار بە نامەحرەم و بێگانەیان دەزانێ. ئاشکراشە ئەو جۆرە کەسانە سەدان بەرامبەری ئەو ٢٥ کەسەن کـە نامەکـەیان ئیمـزا کـردوە. بـەڵام ئەگـەر مەبەست ئەو ٢٥ کەسەش بێ، بۆچی ئەو کەسانە کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەزموونی

چەندین ساڵ بەڕێوەبردنی زۆر پۆست و بەرپرسایەتیی گرنگیان لەم حیزبەدا هەیە، ناتوانن ببنە هۆی بەهێز بوونی کۆمیتەی ناوەندی؟هەر وەها ئەگـەر قـۆڵی دەسـەڵاتدار بـەرعۆدە بـێ پاشمـاوەی راوێـژکارانی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـەوان هـەڵ بـژێرێ، بۆچـی سەلاحییەتی کۆمیتەی ناوەندی دەچێتە ژێر پرسـیار؟ شـتێکی سروشـتی‌یە کۆمیتـەی ناوەندی دوو بەشە، بەشـێکی سـەر بـە قـۆڵی دەسـەڵاتدارە و، قۆڵەکـەی هـەر چۆنێك ئـیرادە بکـا، ئـەو بەشـە لـە قسـەی ناچـێتە دەر. لایـەنی بەرامبـەریش لـە کۆمیتـەی ناوەندیـدا، چ سـەر بـە قـۆڵێکی دیـاریکراو بـن، چ بێلایـەن، هیچـکامیان دژی "مشـارکت"دانی ئەندامـە هـەڵاوێردراو ولـە پـەراوێزخراوەکانی‌حیزب لـە بڕیـاردان و بـەڕێوەبردنی کاروبارەکـانـدا نـین. هـەر لـە دوا کۆبوونـەوەکانی هەیئەتـەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و قۆڵی دەسەڵاتدار (رۆژی ٥شـەممە ٢٥ی خـەزەڵوەر)دا بـوو کـە سەرانی ئـەم قۆڵـە ددانیـان بـەوەدانا ئەگـەر ئـەم دوو هەیئەتـە رێـك بکـەون کۆمیتـەی ناوەندی لە قسەیان ناچێتەدەر و ئاکامی‌رێککەوتنەکان تەسویب دەکا. لەبارەی ئـەو ئاکامەشەوە کە "ئاوڕدانەوە" لە پێوەندی لەگـەڵ بەنـدی "ج"ی خـاڵی چـورادەهەمدا هەڵی هێنجاوە، دەڵێین **ئـەوە فەلسـەفەی وجـوودیی پاوانخوازانـە کـە "بەشـی خـۆم بۆخـۆم، بەشـی تـۆش دەخـۆم"**. دلوای‌ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ، نـەك زێـدەخوازی و خواردنی بەشی بەرامبەر، بـەڵکوو ئەوەیـە کـە بەشـەکەی و خۆشـی بـە بەشـەکەیەوە، نەخورێ و لە راستی‌دا خەباتی نێوخۆیی بۆ مانەوە لەحیزبدا دەکا. مەسەلەکە ئەوەیە

تـەرکیبی بەڕێوەبـەریی هـەر ئۆرگانێـك رەنگدانـەوەی تـەرکیبی ژێرکۆمـا یـا رێکخـراوە حیزبیەیەکـە بـێ، نـەك ئـەوە زۆرینـەی ئەنـدامان لـە هـەر لایـەك بـن، زۆرایـەتی و بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەریەکە هەر بە قۆڵی پاوانخواز بێ! ئەمـەش شـتێك نیـە هـەر کەس لەگەڵ ئەلفوبێی دیموکراسی ئاشنا بێ، تێی نەگا!

دیارە "ئاوڕدانەوە" بەلای خاڵەکانی دیکەی نامەی ئۆپۆزیسیۆن‌دا تیـژ تێپـەڕیوە و لەبارەی ئەوانیشەوە بێجگە لە ئینکاری راستی و تاوانبـارکردنی ئۆپۆزیسـیۆن، قسـەی دیکەی نیە. لە باسی خاڵی نۆزدەهەمیش‌دا دەڵێ "لە رادیۆ و رۆژنامـە و تەلـەویزیۆنی حیـزب‌دا دەبـێ سیاسـەتەکانی حیزبـی دیمـوکرات بـڵاو بکریتـەوە و دەبـێ دەنگـی ئازادیخوازی و مـافخوازیی نەتەوەکـەمان بـن، نـەك بـیر و بۆچـوونی جیناحیەیـان تێدا بڵاوبکرێنەوە!!" بەڵام هەر بە ئەمری سەرۆکی نووسەرانی ئەم "ئاوڕدانەوە"یە و هـەر بە بڕیاری خۆیان رێگە نەدراوە زۆر بابەت کە لە سەداسـەد لـە خزمـەت سیاسـەتەکانی حیزبی دیموکرات و دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازیی نەتەوەکەمان‌دا بوون، لە رۆژنامـە و چاپەمەنیی حیزبدا بڵاو ببنەوە. پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بـۆ کۆنفرانسـێك لەبارەی کورد لە ئوستراليا، وتارێکی دیکـەی ئـەو بـەڕێزە بـە داکـۆکی لـە بەیاننامـەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی کۆمار، لەبەر بەرچـاوتەنگیی ئێوە لە رۆژنامەدا سانسۆر کران یا لەبـەر دژایـەتییان لەگـەڵ سیاسـەتەکانی حیـزب و ناتەبا بوونیان لەگەڵ ئازادیخوازی و مافخوازیی نەتەوەکـەمان؟ لـە حاڵێـك‌دا قسـەکانی سـەرۆکی قۆڵەکـەتان لـە سـاڵۆنی گشـتیدا هـەم وەك بەخشـنامە وبـە تایـپ کـراوی بـۆ ئۆرگانەکان نارد و هەم لە "تێکۆشەر"دا بڵاوتان کردەوە، قسەی بەڕێزان حەسـەن‌زادە و کەسایەتیەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆتان لە سەر ئەو قسانەی کـاك مسـتەفا هیجـری، لـە هـیچ کـوێدا بـڵاو نـەکردەوە و تەنانـەت ئامـادە نـەبوون کاسـێتێك لـە قسەکانیان بدەنەوە بەخۆی. بۆچی لە ماڵپەڕەکانی حیزب‌دا، هـیچ شـوێنەوارێکتان لـە نووسـین و وتوویـژ و لێدوانـەکانی سـکرتێری پێشـووی حیـزب و زۆر بابـەتی دیکـەی کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆن نەهێشت؟

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە ئاگاداری هەموو ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی دیموکرات و هەروەها بیروڕای گشتیی بگەیەنین کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموکرات لە درێژەی دوا هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی یەکڕیزی بەسەر قۆڵی پاوانخوازداو، بە سەرنجدان بە "حساسیت"ی یەکجار زۆری ئەوان بە خاڵی ١٤ی نامەکە کە سێ داوای بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی بەشێك لە نابەرامبەریەکەیان و پێکهێنانەوەی جۆرێك تەوازوون لە رێبەریی تێدایە، هەروەها چونکە ئامانجی ئۆپۆزیسیۆن جێگیرکردنی میکانیزمی پێکەوە بوونە نەك وەرگرتنی پۆستی "مشاورت" بۆ بەڕێوەبەرانی، رای گەیاند کە واز لەم خاڵە دێنێ، بەڵام لەسەر جێبەجێبوونی جەوهەر و نێوەرۆکی خاڵەکانی دیکە پێ دادەگرێ. بەڵام بەو هۆیەوە کە جەوهەری زۆربەی داواکانی دیکەش هەر لە دژایەتی لەگەڵ پاوانخوازی و یەکدەست کردنی حیزبدان،سەرانی ئەو قۆڵە ئامادە نەبوون چارەنووسی بەرژەوەندەکانی خۆیان بە قوربانی گەڕانەوەی یەکیەتی و یەکڕیزی بۆ نێو حیزبی دیموکرات بکەن.

درێژەی هەیە

ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٨٥/٩/٢ ٢٠٠٦/١١/٢٣

## ئاوڕدانەوەیەك[ی چەواشەکارانە]لە گرفتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات

(بەشی شەشەم و کۆتایی)

"ئاوڕدانەوە" بەرلەوەی بچێتەسەر دژکردەوەی خۆیان بەرامبەر بە داواکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، دەڵێ :"ئەگەر چاوێک لە تەرکیبی ئەو کەسانەش بکەین کە ئیمزاکەیان کردوە و ناوەکان ریز بکەین و لێیان وردبینەوە، زۆر شت دەردەکەون کە ئەو ئەرکە بە خۆتان دەسپێرین". با لێرەدا هەم یارمەتیی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" و هەم یارمەتیی خوێنەران بدەین بۆ ئەوەی هێندێک شت روون بکەینەوە و بە هۆی ئەم

ڕوونکردنەوانە نیازی نەدرکاوی نووسەرانی ئاوڕدانەوە دەربخەین:
لە نێو ئەو ٢٥ کەسەدا ٩ کەس هەن کە زۆربەیان هەم پێش کۆنگرەی هەشت ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بوون، هەم لە دوای کۆنگرەی ١١ بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردراونەوە. بەڵام شتێک کە ئەوان لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەندامەتی و بەرپرسایەتی و تێکۆشانیان لە باڵی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"ی حیزبی دیموکراتدا بووە. دیارە نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" لەم نووسینەیاندا ئەدەبیان نواندەوە، ئەگینا لە جێی دیکە مەبەستەکەیان ڕوونتر دەردەبڕن و دەڵێن ئەوانە "کۆنەلادەر"ن و ئەوانەش کە لە بەربەرەکانی لەگەڵ پاوانخوازیدا، هاوهەڵوێستیانن، "تازە لادەرەکان"ن.
بەڵام ناوبردنی هاوڕێیانی حیزبیی ناڕازی لە پاوانخوازای و ڕەفتار و کردەوەی نادیموکراتانە و خۆپەرستانە بە "لادەر"، بێجگە لە بێ پرەنسیبی و دوورکەوتنەوە لە ئەخلاقی سیاسی دەتوانێ چ تایبەتمەندییەکی دیکە بگەیەنێ؟! ئەگەر "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" سەبارەت بە لادان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ٨، "لادەر" بووبن، ئەوانەی لە دوای یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات بەوان بڵێن "لادەر" بۆخۆیان چەندجار لادەرن. چونکە بە بڕیاری کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دیموکرات ڕیزەکانی ئەم حیزبە یەکیان گرتەوە و هەر بە پێی بڕیاری ئەم کۆنگرەیەش هەموو بڕیارێکی دوژمنانەی پێشوو یەک لەوان بەکاربردنی ئەم جۆرە ناو و ناتۆرانە، هەڵ وەشێندرایەوە. کۆنگرەکانی دواتری حیزبی دیموکراتیش نەک هەر شتێکی پێچەوانەی ئەم بڕیارەیان پەسند نەکردوە، بەڵکوو بە شانازییەوە یادی ئەم هەنگاوە مێژووییەیان کردۆتەوە. ئەوانەی ئەم بڕیارانە پێشێل دەکەن و لە پەسندکراوەکانی چەند کۆنگرە لەم بارەیەوە لادەدەن، لادەری ڕاستەقینەن. ئەوان نەک هەر بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی پەسندکراوەکانی حیزب، بەڵکوو بە وەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی گشتی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیش کە پێشوازیی بێ وێنە لەو یەکبوونەوەیە بوو، هەر لادەرن. ئەمەش دووروویی و هەڵپەرستیی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" دەگەیەنێ کە لە

کاتی پێشوازیی بەرینی بەشدارانی کۆنگرەی ١٠له داوای یەکبوونەوە و، لە وتووێژەکانی ساڵی ١٣٧٥ـ١٣٧٤ی نێوان دوو باڵی حیزبدا، سەرەڕای نارەحەتیی دەروونییان، پێشەوبڕەی لایەنگرانی راستەقینەی یەکبوونەوەیان دەدایەوە و، وایان دەنواند لە هەموو کەس زیاتر یەکبوونەوەیان پێ خۆشە. بەڵام دواتر هەرکات ئەو هاوڕێیانەمان بە دڵی ئەوان و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی کەسی و جەناحیی ئەواندا نەجووڵابنەوە، پێیان گوتوونەوە "لادەر".

ئەگەر ناوی ئەو ٢٥ کەسەش لەگەڵ ناوی زۆرینەی رێبەریی حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر یەک دابنێین و پێکەوە بەراوردیان بکەین زۆر شت دەردەکەوێ. بۆ وێنە دەردەکەوێ ئەوانەی خەباتگێڕی لەمێژینەی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتن و سالانی سەردەمی دیکتاتۆریی پاشایەتییان لە بەندیخانەکانی ئەو رێژیمە یا لە خەبات و تێکۆشان شانبەشانی شۆرشگێڕانی سالانی ١٣٤٧ ـ ١٣٤٦ و رێبەری مەزن دوکتور قاسملوودا تێپەڕ کردوە، لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆدان نەک لەگەڵ قۆڵی دەسەلاتدار. ئەوانەی بە سیمای رۆشنبیری و فەرهەنگی و ئەدەبی و رۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتیش دەناسرێن هەر لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ دان. هەر ژمارەی کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی دوو یا سێ کەس لە بەڕێوەبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بە قەرا ژمارەی زۆرینەی رێبەریی حیزبی دیموکرات و، ژمارەی ئەو وتارانەی تەنیا چەند کەس لەو ٢٥ کەسە بە لایەنگری لە سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات و خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیان نووسیویانن چەند بەرابەری ژمارەی تێکڕای لایەنگرانی قۆڵی دەسەلاتدار دەبێ. سەرانی قۆڵی دەسەلاتدار دەتوانن یەک بە یەکی ئەندامانی رێبەریی خۆیان لەگەڵ ئەو ٢٥ کەسە بەراورد بکەن، با زەحمەتەکانی ئەوان لەگەڵ زەحمەتەکانی خۆیان، بەرپرسایەتی و ئەرک بەڕێوەبردنی ئەوان لە بواری جۆراوجۆر و ناوچە و هەلومەرجی جیاوازدا و، با رێز و خۆشەویستیی ئەوان و خۆیان لە نێو خەڵکی کوردستانیشدا بەراورد بکەن. ئێمە نەک هەر پێشوازی لە بەراوردکردنی واقیع بینانە و بە

ویژدانانەی بەڕێوەبەریی هەر دوولا دەکەین، بەڵکوو زۆریش بە پێویستی دەزانین بۆ ئەوەی زۆر راستی روون ببنەوە.

دیارە ئەو کەسانەی نامەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیان بۆ قۆڵی دەسەڵاتدار ئیمزا کردوە، سەدی ۱۰ی هەموو ئەو کەسانە نین کە بە شێوەی جۆراوجۆر پشتیوانییان لەم نامەیە کردوە. ئەگەر خوێنەرانی ئەم باسە و ئۆگرانی حیزبی دیموکرات چاوێکیش بە تەرکیبی ئەواندا بخشێنن بۆیان دەردەکەوێ ئەم حیزبەی ئەمڕۆ تاقمێک پاوانخواز کردوویانە بە قوربانیی بەرژەوەندە شەخسی و جەناحیەکانیان، سەرمایەیەکی بەنرختر لەو تێکۆشەر و ئەندامە بەوەج و دڵسۆز و کارامانەی بۆ درێژەدانی رێگاکەی نیە.

"ئاوڕدانەوە" لە دوابەشی خۆیدا دەچێتە سەر هەوڵەکانی قۆڵی دەسەڵاتدار "بۆ چارەسەری گرفتی نێوخۆیی" و جارێکی دیکە کێشە و قەیرانەکە بە "کازب" ناودەبا. دیارە هەر ئەمە بۆخۆی دەری دەخا وەختێک وەزاڵەهاتنی بەکۆمەڵی لایەک لە حیزبی دیموکرات بە کێشەی " کازب "بزانن، هەوڵەکانیشیان بۆ چارەسەرکردنی، چەند ناواقیعی و بێ بنەما و، "دڵفرەوانی و هەست کردن بە بەرپرسایەتی "یەکەشیان، چەند لە راستی و نیازپاکیەوە بە دوور دەبێ . لەم بەشەدا "ئاوڕدانەوە" کۆمەڵێک ئیددیعای پێشوو دووپات دەکاتەوە کە تەنیا ئامارە بە دوو نموونەیان دەکەین. یەکەم ئەوە کە لە "چەندین دانیشتنی بەدوای یەکدا" لایەنی کەمینە هیچ وەڵامێکی مەنتیقییان بە رێبەرایەتیی حیزب نەدایەوە: دووهەم "بە نووسراوە حیزب تەهدید بەوە کراوە کە شکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دەکرێ!!" ( زەقکردنەوەی وشەکان لە ئێمەوەیە) . نووسەرانی "ئاوڕدانەوە" زۆربەی ئەم راستیانەی لەم وەڵامدانەوەیەدا ئامارەیان پێ کراوە، "لە م چەندین دانیشتنانە" بە گوێی خۆیان ، بیستوویانە. با خوێنەران قەزاوەت بکەن و بزانن کام لایەن قسەی مەنتیقین پێیە. ئەگەر لە دووهەم ئیددیعاشیان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم خەبەرەی هەر ئەو بەرێزانەدابوویان بە سایتی "کوردستان TV" هەر ئەم ئیددیعایەی

ئێستایانە بە جۆرێکی دیکە دایان ڕشتبوو: "عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەڕەشەی هێنانی هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی بۆ سەر حیزبی دیموکرات دەکا"! کە دیارە کاتێک هەم بەڕێز حەسەنزادە و هەم یەکیەتیی نیشتمانی دژکردەوەیان بەرامبەر ئەو هەواڵە درۆیە نیشان دا، سەرچاوەی هەواڵەکەش هەر راست پشت ئەستوور بەرورونکردنەوەکەی مامۆستا حەسەنزادە،ئەم هەواڵەی خۆیان وەدرۆ خستەوە! لە زۆر بۆنەی دیکەشدا گوتوویانە بە نووسراوە هەڕەشەیان لێ کردووین کە هێزەکانی ئاسایشمان دێننە سەر. بۆ روونبوونەوەی راستیی مەسەلەکە دەقی ئەم نامەیە یا بە قەولی نووسەرانی "ئاوردانەوە" ئەم هەڕەشەیە لێرەدا دەخەینە بەرچاو، با دەرکەوێ کە ئەوە دادخوازییە یا هەڕەشە:

هاوڕێیانی بەڕێزی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی!

لەگەڵ سڵاو

ئەمڕۆ ئاگادار کراین کە لە جێژنیکان هێندێ لە پێشمەرگەکانی سەر بە جەناحی ئێوە قسەی سووک و جنێویان بە چەند برادەرێکی ئۆپۆزیسیۆن گوتوە و ئەوانیش هاتوونە جواب و بۆتە شەڕ و دەمەقاڵە. بە سەرنجدان بەوە کە هەر دوێنێ لێرە لە کۆبوونەوەی هێزی پارێزگاریدا هێرشی ناشیرین کراوەتە سەر چەند کەس لە براکانی ئێمە و تۆمەتیان دراوەتە پاڵ، هەروا بە پێی رێنوێنییەک کە لێڕەڕا دراوە بە کاک شاهۆ و کاک خوسرەوی بەهرامی و داوای لە قاودانی ئێمە دەکا و قسەی ناشیرینی لە بارەی ئێمەوە تێدا کراوە، پێمان وایە ئەوە خەتێکی مەرکەزییە و ئێوە لە پشتی راوەستاون.

بۆیە تکا دەکەین هەر ئەمڕۆ دەستوور بدەن لێرە و لە جێژنیکان و لە هەموو شوێنێک کۆتایی بەو فشار و هێرش و پەلامارانە بێ و رێگا بدەن لە فەزایەکی ئارامدا کارەکان بکەین.

هەروەک پێشتر بە زمان عەرزمان کردوون جارێکی دیکە پێتان رادەگەیەنین لە هەر کوێیەک ئەو رەفتارانە دووبارە ببنەوە بێ ئەوەی خەبەرتان پێ بدەین داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین

ئەمنییەتی گیانی و ماڵی و حەیسیەتیی هاوڕێیان بپارێزێ و رێگا نەدا شتی نەخوازراو روو بدا.

**لایەنی ئۆپۆزیسیۆن**
**دوانیوەڕۆی ٢٥ی گەلاوێژی ٨٥**

وەک دەبینن ئێمە گوتوومانە ئەگەر درێژە بەم جۆرە رەفتارانە بدەن و لێی نەپرسنەوە داوای دادخوازیی خۆمان دەبەینە لای حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام بەرپرس و جێگری بەرپرسی کومیتەی ئەمنییەت کە هەر دووکیان لە قۆڵی دەسەڵاتدارو ئەندامی کومیتەی ناوەندین، بە پێی خۆیان بۆ راپۆرتدان لە کۆمەڵێک ئەندام و پێشمەرگەی حیزب و تاوان خستنە پاڵیان چوون بۆ ئاسایش. تاوانبارکردنەکەش لە سەداسەد بوختان و درۆ بوو. کام یەک لەو دوو کردەوەیە مایەی شەرم و شوورەیین؟ پاشان ئەوان بۆ جێگیرکردنی دەسکەوتەکانی کودەتای تاقمێک لە لاوانی بەستراوە بە خۆیان لە دژی ئەندامانی دیکەی یەکیەتیی لاوان، پەنا بردن بۆدامودەزگاکانی حکوومەت لە وڵاتێکی وەک سوئێد بە کارێکی رەوا دەزانن، بەڵام وریا کردنەوەی خۆیان لە لایەن ئێمەوە کە ئەگەر درێژە بە هەڕەشە و سووکایەتی و هێرشی فیزیکی بۆ سەر لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بدەن و لێی نەپرسنەوە، پەنا بۆ حکوومەتی هەرێم دەبەین، بە ناڕەوا دادەنێن؟ بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حکوومەتەکە هی کوردە و ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دا دەژیین، یان بەو هۆیەوە کە دەتوانێ کۆسپ بێ لەسەر رێی جێبەجێ بوونی هەڕەشە و مانۆڕەکانیان؟!
ئەمەی خوارەوە بەشێک لە نامەی دەمڕاستی قۆڵی دەسەڵاتدار و مۆرەی ئەوان بۆ یەکدەست کردنی یەکیەتیی لاوان لە ئوورووپایە کە بۆ جەماعەتەکەی خۆیان لە سوئێدی نووسیوە: ناوبراو داوا دەکا ئەم نیازانەیان کە یەکدەست کردنی یەکیەتی لاوان یا بە گوتەیەکی دیکە لەتکردنی یەکیەتیی لاوانە، لە رێگای پەنابردن بۆ دەوڵەتی سوئێد جێبەجێ بکەن. بەڵام لە کوردستان ئەگەر لایەنی زۆرلێکراوی حیزبی

دیموکرات نیازی پەنا بردن بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێ، بە قەباحەت دادەنرێ!

بەرێزان سڵاوو رێز!

وێرای ئاراستە کردنی پیرۆزبایی بە بۆنەی بەریوەچوونی کۆنفرانسی گشتی لاوان لە سوئێد، تکایە بە زویی ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی دوایە تووشی کێشە و گرفتی ئەوتۆ نەبن کە چارەسەر کردنی دژوار بێت.

١ـ راپۆرتەکە بنێرن بۆ دەوڵەت و ئەنجامی کۆنفەرانسیان پێ رابگەیەنن.

٢ـ سەبارەت بە هێرش و گێرەشێوێنی ئەو تاقمە بە شاهیدی " واکتەکان" ئاگاداری بە دەوڵەت بدەن، ئەگەر لەوبارەوە "واکتەکان" ئامادە بن راپۆرتێک بدەن، ئاکامەکەی باش و گرینگ دەبێت.

٣ـ باسی گەندەڵی و دەست پیسی بهێنەوە گۆرِی وئەوەش رابگەیەنن کە چۆن خەڵکیان فریو داوە، بۆ ئەوەی گەندەڵی و دەست پیسی ئەوان ئاشکرا نەبێت...

٤ـ لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتی بەرێوەچوونی کۆنفرانس و دابەش کردنی پۆستەکان پەلە بکەن.

٥ـ بە نامەی رەسمی کۆمیتەی شاری لینشۆپینگ تاکوو گرتنی کۆنفرانسی شارەکەیان هەڵوەشاوە رابگەیەنن، ئەو کارە لە رێگای دەوڵەتەوە بکرێت باشترە...

هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمیتە چەند قازانجی گرینگی هەیە:

١ـ سەرۆکەکانی ئەو ئاژاوەچییانە دەستەوەستان دەبن و گرووپەکە هەڵدەوەشێتەوە...

٢ـ باریان نابێت بۆ کارشکێنی و ئاژاوەنانەوە لە بەرانبەر رێبەری هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی حەوتەمدا.

٣ـ مەشرووعیەتی بەرێوەبەری بۆ هەموو لایەک دەچەسپێت و جێدەگرێت.

٤ـ بەم جۆرە ناچار دەبن گوێ بدەنە بریاو راسپاردەکانتان.

٥ـ ئیدی ئەم کۆمیتە ناچارە کە مل بە خواستەکانی ئێوە بدات و دەستی ئاژاوەچییەکان کورت دەکرێتەوە...
هەر بژین بۆ خزمەتی کوردو کوردستان
هاورێتان : رەحیم رەشیدی ٢٠٠٦.٠٩.٠٣

ئەو بەناو میکانیزمانەی زۆرینەی رێبەری لە ١٢ خاڵ دا بە نیازی بەرپەرچدانەوەی داواکانی ئۆپۆزیسیۆن گەلاڵەی کردوون و "ئاوردانەوە" بە پاشکۆی خۆیدا هەڵی واسیون، دوو بەشن. هێندێکیان ئەو بوختان و تاوانانەن کە قۆڵی دەسەڵاتدار وەخت و بێوەخت داونیەتە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و، لە جێی خۆیدا و هەر لەم وەڵامدانەوەیشدا بەرپەرچ دراونەوە. بەشێکیشیان پرەنسیپی حیزبین کە هەر بۆخۆیان لەسەر رێی جێبەجێبوون و بەرێوەچوونیان بوون بە کۆسپ. لە راستیدا ملدانی قۆڵی دەسەڵاتدار بۆ دانیشتن و دیالۆگ لەبەر مەحکووم نەبوون لەبەرچاوی بیروڕای گشتی نەک لەبەر چارەسەری گرفتی نێوخۆی حیزب بووە. گەلاڵەیەکیش کە گوایە وەک میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی خۆیان گوتەنی "قەیرانی کازب " هێناویانە بۆ ئەوەیە ئەم دانیشتن و دیالۆگە رواڵەتییانەیان لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆن هیچ رێککەوتنێکی ئەوتۆی لێ نەکەوێتەوە کە پلان و نەخشەکانی ئەوان بۆ یەکدەست کردنی حیزب تێک داتەوە. با ئەندامانی حیزب و بیروڕای گشتی بزانن کە سەرانی ئەم قۆڵە هیچکام لە هەوڵەکانیان لە رووی نیازپاکی و بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نێوخۆیی حیزب نەبووە چونکە:

١ـ هەتا ئەوکاتەی ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی حیزب لە شێوەی یەکگرتنی ناڕازییەکان لە ژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن و لە نووسینی نامە ٢٠ خاڵییەکە بۆ کاک مستەفا هیجری و زۆرینەی رێبەریی حیزبدا، خۆی دەرنەخست هیچ گەلاڵە و بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیوخۆیی نەبووە و تەنانەت حاشایان لە بوونی هەرچەشنە گرفتێکی جیددی لە نێوخۆی حیزبدا دەکرد.

٢ــ کاتێکیش بە رواڵەت وەخۆکەوتن تا گرفتی نێوخۆیی چارەسەربکەن، بەناو میکانیزمەکانیان شتێک نەبوون جگە لە داوای مل دانەواندنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بۆ ئیرادەی نادیموکراتیک و بەهەڵە بەکارهێنراوی زۆرینە.

٣ــ لە حاڵێکدا داوای سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن، بەرەسمی ناسرانی ئۆپۆزیسیۆن یا لایەنی بەرامبەر لە لایەنی زۆرینەی رێبەریە دیالۆگ وحیساب بۆکرانی لە هەر مەسەلەیەک دا بووە، هەر لە هەوەڵەوە هەوڵیان دا لە دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن وەک لایەنێک خۆ ببوێرن و، پاش چەند دانیشتنی دوولایەنە، لە کۆبوونەوەی خۆیاندا کە ناوی پلینۆمیان لەسەر دانا، بڕیاریان دا چی دیکە دانیشتنی دوو لایەنە نەکەن.

٤ــ لە جیاتی پێشاندانی نیاز پاکی و هێورکردنی بارودۆخەکە و هەڵگرتنی هەنگاوی رێخۆشکەری رێککەوتن، تۆڵە ستاندنەوە و سزا و تەمبێی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنیان زیاتر کرد، زەقتر لە جاران جیاوازییان لە نێوان "مەحرەم" و "نامەحرەم"دا دانا و "دستورالعمل"ی نهێنییان بۆ بەسیجی لایەنگرانیان بۆ ئیفشاگەری و وەڕێخستنی درۆ و بوختانی ژاراوی لەدژی ئۆپۆزیسیۆن بۆ مۆرەکانی بەستراوە بە خۆیان رەوانەکرد کە ئەمە بەشێکیەتی: سەبارەت بەو وەزعە پێویستە ئەو ئیقدامانە بکرێ:

ئەلف: لە سەر خاڵەکانی نامەکە لە نێو ئەندامان دا ئیفشاگەری و ڕەوشەنگەری بکرێ و، ئەو ئیدیعا ناڕەوایانە پووچەڵبکرێنەوە.

ب : ئاکارو کردەوەی ئە جەماعەتە لە سەرەتاوە بە تایبەت لە کۆنگرەی سێزدەوە تا ئیستا باس بکرێ.

٥ــ هەر چەشنە هەول و تەقەللایەکی دۆستانە و خێرخوازانە و دڵسۆزانەی دۆستانی حیزبی دیموکرات هەر لە حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانەوە تا کەسایەتی‌یە ناسراو و خۆشناوەکانی کورد و هاوڕێیانی حیزبیی بێلایەنیان بێ وەڵام هێشتۆتەوە و تەنانەت لەبەردەم هەنگاوی ئەوان بۆ لێک نزیک کردنەوە، بوون بە کۆسپ بۆ

ئـەوەی "تعهد"یان بـۆ دروست نـەبێ و ناچـار نـەبن مـل بـۆ بەشێک لـە داواکانـی ئۆپۆزیسیۆن رابکێشن.

لـە راستیدا دیالۆگێک کە ئەوان حـەزیان لێ یە ئەوەیە بەڕێوەبـەران و نوێنـەرانی ئۆپۆزیسـیۆن لـە کۆبوونـەوەی دەفتـەری سیاسـی، کۆمیتـەی ناوەنـدی و کۆبوونـەوە گشـتی یـەکاندا بەشـدار بـن و گـوێ لـە قسـەی زۆرینـەی رێبـەری بگـرن. ئەگـەر قسەیەکیشـیان هـەبوو دەتـوانن لـەو کۆبوونەوانـەدا بیانکـەن. بـەڵام هـەقیان نیـە داوای رێککـەوتن لەگـەڵ زۆرینـە بکـەن و سـنوورێک بـۆ پـاوانخوازیی زۆرینـە دابنـێن. چونکـە لـە دێمۆکراسیی قۆڵی پاوانخوازدا،"رێککەوتن" بە مانای لـەتکردنی حیـزب و بێ سەلاحییەتکردنی رێبەری و ئۆرگانەکانە. لە بەرامبەر "رێککەوتن"دا "بڕیار"یان هەیە کە ئەویش دیارە زۆرینە دەیدا. لەم جۆرە عەقڵیـەتـەدا شـتێکی سروشـتی یـە کـە زۆرینـە هـیچ لایـەنێکی بەرامبـەر بـە رەسـمی ناناسـێ و شـەریک و برابـەش بـۆ خـۆی قبـوول ناکـا. ئەمـەش راسـت عـەقڵییەتێک و مەنتیقێکە کـە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ لێـی راپـەڕیوە و چـی دیکە پەیڕەویی لی ناکا.

تـەحریمی بـەناو پلینـۆم و ئـەو کۆبوونـەوانـەی دەکـرێن بـە نوێنگـەی سەپاندنی دەنگی زۆرینـە و زاڵکردنـی گوتـاری چەپڵـە، لـەو راسـتی یـەوە سەرچاوە دەگـرێ کـە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆ چـی دیکـە مـل بـۆ ئیرادەیـەک راناکێشێ کە ئەم حیزبە تەنیا بە هـی خـۆی دەزانـێ و مـاف و دەرفـەتی وەک یـەک بـە ئەنـدامانی حیـزب رەوا نـابینێ و، بـە بیـانووی جۆراوجـۆر خـۆی لـە بەرەسمی ناسینی لایـەنی بەرامبـەر دەدزێتـەوە. ژێسـتی بـێ لایەنانـەی بـەڕێز کـاک مسـتەفا هیجـرییش تـا ئەوکاتـەی لـە هـەموو ئـەفرادی قۆڵەکـەی پتـر لـە خـەمی بەرژەوەنـدە جـەناحی یـەکانی دا بـێ، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ هەڵ ناخـەڵەتێنێ ،ومادام وەک سـەرۆکی قۆڵ رەفتار دەکا نـەک سکرتێری گشتی ، هـەر وەک سـەرۆکی قـۆڵیش سـەیری دەکـرێ. نووسـەرانی "ئاوڕدانـەوە" و سـەرانی قـۆڵی دەسـەڵاتدار کـە تـەنانـەت ئامادە نین بـەناو گـەلاڵـە و میکانیزمـەکانیان بـە نووسراوە و بـە ئیمزای خۆیان بدەن بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و لـە سایتـەکان و وتارە ئینتێرنێتی-

یەکاندا دەیانخوێنینەوە، رەخنە لە ئۆپۆزیسیۆن دەگرن کە ئامادە نین شتەکانیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا باس بکەن، بەڵام ئەوان ئەگەر نیازی چارەکردنی کێشەکەیان هەبێ دەزانن کێشەیەک لە ماوەی چەند مانگدا نەیانەوێ رێگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە و رێگە بۆ رێککەوتنی هەر دوولا لەسەری خۆش نەکەن، لە پلینۆمێکی چەند رۆژیدا و بە بڕیاری زۆرینەیەک کە خۆی و جۆری تێگەیشتنی لە مافی زۆرینە ئەم قەیرانەی خوڵقاندوە، چلۆن چارەسەر دەکرێ؟ ئەگەر بە راستی خوازیاری دیالۆگ و وتوویژن، بۆچی ئامادە نین لەگەڵ نوێنەرانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دیالۆگ بکەن و، لەبەرچی خۆ لە ئیمزای رێککەوتن لەگەڵ لایەنی بەرامبەریان دەبوێرن؟ خۆ ئەوان لەگەڵ خۆیاندا کێشەیان نیە و لەگەڵ خۆیاندا دیالۆگ ناکەن؟ پاشان ئەو رێگا دیموکراتیکە کە قەرارە لەم دیالۆگ و وتوویژانەدا پێی بگەن چ رێگایەکە کە بناغەکەی لەسەر نەفی و رەتکردنەوەی بەرامبەرەکەیان دامەزراوە؟ ئەوان مەبەستیان دیالۆگ لەپێناوی دیالۆگ و کاتکڕین بۆ جێبەجێکردنی نیازە جەناحییەکانیان و لە مەیدان دەرکردن و لە حیزب وەدەرنانی یەک لە دوای یەکی تێکۆشەرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن بە بیانووی جۆراوجۆرە. دیالۆگ و وتوویژی ئەوتۆش کە نیازپاکی و هەنگاوی جیددی و بەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی لەپشت نەبێ و خوازیارانی ئەم جۆرە دیالۆگە کێشەکە بە دروستکراو و، لایەنێک لە کێشەکە بە تاوانبار بزانن، ئاکامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە. "ئاوڕدانەوە" کە لە دێڕبەدێڕی خۆیدا بۆ بێبەری بوونی سەرانی قۆڵی دەسەڵاتدار لە نیەت و مەیل و "توانا و زەرفییەت و پوتانسیەلی" پێکەوە بوون و هەڵکردن لەگەڵ جیابیران لە نێو حیزبدا، شایەدیی داوە، دەڵێ حیزبی دیموکرات دەتوانێ "کێشەکانی نێوخۆی چارەسەر بکا و پێویست بە دەستێوەردانی دەرەکی ناکا". لەوەدا کە حیزبی دیموکرات ئەگەر رێبەری و بەڕێوەبردنەکەی بە دەست کەسانی دیموکرات و هەمووڵابین و بەرپرسەوە بێ، زەرفییەتی ئەوەی هەیە بە هەزاران و دەیان هەزار تێکۆشەر و ئەندامی دیکە بە سەلیقە و بیروبۆچوونی

جیاوازەوە لەخۆی کۆبکاتەوە، هیچ گومانێک نیە. بەڵام ئایا ئیرادەیەک کە بەسەر زۆرینەی رێبەریی ئەمڕۆی حیزبی دیموکراتدا زاڵە "کە توانا و زەرفییەت و پوتانسیەلی خۆی" تەنیا لە هەڵاواردن و دەرکردن و لەپەراوێز خستنی تێکۆشەرە دێرینەکانی ئەم حیزبەدا نواندوە و کارنامە سیاسی‌یەکەشی لە رەفتار و مودیرییەتی پاوانخوازانەی باشتر نیە، دەتوانێ لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەم ئیدیعایەی نووسەرانی "ئاوڕدانەوە"دا بێ؟

"ئاوڕدانەوە" سەری باسەکەی بە تاوانبارکردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بە لەتکردنی حیزب دەگرێ و، دەڵێ "باسی جیابوونەوە و لەت کردنی حیزب لە لایەن هەر کەس یا هەر جەریانێکەوە بە هەر بیانوویەک بێتە ئاراوە باسێکی غەیرە مەسئوولانە، نادیموکراتیک و نیشانەی ئیفلاسی تەواوی ئەو کەس یا جەریانەیە و ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان نابێ ئەو کەس و جەریانە ببەخشن". نووسەرانی "ئاوڕدانەوە"و سەرانی قۆڵی پاوانخواز ئەگەر فیلمی کۆنگرەی سێزدەیان بە بێ سانسۆر بڵاوکردبایەوە، بێگومان ئەندامانی حیزب بە گشتی و هەموو خەڵکی کوردستان گوێیان لە پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بۆ کاک مستەفا هیجری لە ساتەوەختی راگەیاندنی خەبەری هەڵبژێرانی ناوبراو بە سکرتێری گشتیی حیزبدا دەبوو کە لەبەر چاوی ئەندامانی کۆنگرە گوتی : ئەمن حیزبێکی وەسەریەک کەوتوو و یەکگرتووم تەحویلی کاک مستەفادا، هەموو داوای من ئەوەیە ئەویش بە یەکگرتوویی ئەم حیزبە بهێڵێتەوە. بەڵام بەداخەوە کاک مستەفا و هاوقۆڵەکانی هەر لەو ساتە بە دواوە کاریان بۆ دابەشکردنی ئەندامانی حیزب بەسەر خۆمانە و نامەحرەمدا کردوە و حیزبیان تووشی لەتبوونێکی رانەگەیەندراو کردوە. حەرەکەتی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بۆ گەڕاندنەوەی یەکیەتی و پێکەوەبوونی واقیعی لەسەر بناغەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی میکانیزمی دیاریکراوە و، دژایەتیی سەرسەختانەی قۆڵی دەسەڵاتدار لەگەڵ داواکانی ئۆپۆزیسیۆن راست بەو مانایەیە کە دەیانەوێ ئەم لەتبوونە رەسمییەت پەیدا بکا. دیارە

سەرۆکی قـۆڵی دەسـەڵاتدار لـە هێنانـەگۆڕی باسـی لـەتبوون لـە کۆڕوکۆبوونـەوەی رەسمیی حیزبیشدا هەر خۆی دەستپێشخەر بووە. ئەمە دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری لە کۆبوونەوەی ١٣ی خەرمانان لەو پێوەندیەدایە: قسەیە خۆش نیە، بەڵام لە خراپترین حاڵەت دا ئەگەر لە نەزەری بگرین، کە من لەو باوەڕەدا نیم کە بگەینە ئەو خراپترین حاڵەتە، دەبینە دوو حیزبی جیاواز، باشە ئەگەر بووینە دوو حیزبی جیاواز دەبێ دوژمنی یەکتری بین؟ پێویست ناکا. ئەتوانین دوو هاوپەیمان بین دوو رەفیق بین. ئەو بنەماڵانە، ئەو کادرو پێشمەرگانە ساڵەها پێکەوە ژیاون، پێکەوە تاریخیان هەیە، پێکەوە رابردوویان هەیە، قەرار نیە ئەگەر رۆژێک واشی لێهات ئیدی وەکوو دوو لایەنی دوژمن چاو لە یەکتر بکەین. جا بۆ ئەوەی وەکوو دوو لایەنی دوژمن چاو لە یەکتر نەکەین لە ئیستاوە دەبێ بناغەی دۆستایەتی ، تەفاهوم، لێک حاڵی بوون و تەحەمولی یەکتری تەمرین بکەین. حەتمەن دەتوانین ئەو کارە بکەین.

جا نازانین دوای ئەم هەمووە کارەی خۆی و هاوقۆڵەکانی بۆ لەتبوونی حیزبیان کردوە، ئامادەن دوا دەرفەتەکان بۆ پێشگیری لەم چارەنووسە نەخوازراوە بقۆزنەوە؟ یا ئەگەر دوادەرفەتەکانیشیان لەبار برد ئایا بەم قسانەیخۆیان وەفادار دەمێننەوە ؟

بەڵام ئەگەر حیزبی دیموکرات لەتبوونی بەسەردا بسەپێ، مێژوو مەسئولییەتی ئەم رووداوە تاڵە لە پای وەرەقەی ئەعمالی رێبەرییەک دادەنووسێ کە لێوەشاوەیی بەڕێوەبردنی حیزبی دیموکرات و، توانا و زەرفییەت و پوتانسیەلی پاراستنی یەکیەتی و یەکڕیزیی ئەم حیزبەی نەبوو. بەرپرسایەتیی لەتبوونی حیزبی دیموکرات دەکەوێتە ملی تاقمێک کە لەگەڵ چەمکی یەکسانیی حوقووقیی ئەندامان، لەگەڵ چەمکی "مشارکت"(بەشداری) و وێکهەڵکردن و لێک تێگەیشتن، بێگانەن و، بۆ ئەوەی رێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی حیزبی دیموکرات بۆ هەمیشە لە دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، ئامادەن هەموو بەڵایەک بەسەر حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بێنن.

## دوا وتـه

رەفتارو کردەوەکانی قوڵی دەسەڵاتداری حیزبی دیموکرات لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی رابردوودا و تەنانەت نێوەرۆکی ئەم "ئاوڕدانەوە"شیان کە ئێمە لە ٦ بەشدا وەڵاممان دایەوە، شایەدی بۆ ئەم راستی‌یە دەدەن کە ئەوان لە جیاتی بەدەنەیەکی وریا و رەخنەگر، لەجیاتی تاکی خاوەن کەسایەتی و بیروبۆچوونی تایبەتی و خاوەن مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، جەماوەرێکی گوێڕایەڵ و دەست لەسەر سینگیان دەوێ کە بەچاوی سەرۆک و وەک کەسێکی پیرۆز، وەک کاریزما بڕواننە کەسی یەکەمی خۆیان و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. فەرمانەکانی سەرووتری خۆیان بە "بەڵێ قوربان" و، دروشمەکانیان بە چەپڵە وەڵام بدەنەوە و کەمترین گومان لە قسەی سەرانی خۆیاندا نەکەن. ئەگەر کەسێکیش رەخنەی لەم دام و دەزگایە گرت و تیشکی خستە سەر نێوەرۆکەکەی ، دەمکوت کردن و لەسەر رێ لابردنی بەهەر شێوەیەک بە پێویست بزانن "یا لەگەڵ منی یا دژی منی" فەلسەفە و جەوهەری بیرکردنەوەی ئەم دەسەڵاتبەدەستانەیە. ئەوان بۆ نیشاندانی هەقداربوونی خۆیان تەنیا یەک رێگا دەناسن، ئەویش تاوانبارکردنی لایەنی بەرامبەریان. لە هیچ چەشنە تاوانبارکردنێک ناسڵەمێنەوە و کەلکوەرگرتن لە دزێوترین جۆری سیناریۆکانیش بۆ "سەلماندن"ی تاوانەکان بە شتێکی ئاسایی دەزانن. بێجگە لە خۆیان کەسیان قەبوول نیە و نایانهەوێ بێجگە لە خۆیان کەسی دیکە لەنێو حیزبی دیموکراتدا هەبێ. ئەگەر کەسانی دیکە، سەرەڕای ئەم جۆرە رەفتارەش کە لەگەڵیان دەکرێ، هەر ئامادە نەبن حیزبی خۆیان بۆ ئەوان بەجێ بێڵن، رێگای ئەوەیان لیَ دەگرن دەنگیان دەربێ و مافی ئەوەیان پێ نادەن دەستیان بەکەس رابگا، یا کەس دەستی بەوان رابگا. چونکە هەمووی ئەمانە بۆ دەسەڵاتدارەتی و بەڕێوەبەرێتیی ئەوان مەترسی دروست دەکا! لەگەڵ هەمووی ئەم جۆرە بیرکردنەوە و رەفتار و کردەوانەشدا، دەیانهەوێ وەک رەوتێک کە دێمۆکراتی واقیعی، نوێخوازی راستەقینە و داهێنەری شتەنوێیەکان لە هەناوی ئەوەوە دێتە سەر دنیا، خۆیان پێشان بدەن. بەڵام کارنامەی

ئـەو رەوتــە و گیـان و بیـری زاڵ بەسـەر بەڕێوەبـەران و، جـەماوەری حیزبیـی پـەروەردەکراو بـۆ پشـتیوانیی ئـەو رەوتـەدا، نـەک هـەر ئـەم ئیدیعایە ناسەلمێنن بەڵکوو زەنگی مەترسیی لە دایکبوونی سەرەڕۆیی، دیکتاتۆری و فەردپەرستی لـەنێو حیزبێکـی دیموکراتدا دەزرینگێننەوە. لەگـەڵ رێـز و سوپاسـی زۆرمـان بـۆ حەوسـەڵەی ئـەو بەرێزانـەی بـۆ خوێندنــەوەی ئــەم زنجیــرە وەڵامــە لــە یەکــەم بەشــەوە تــا ئێسـتا لەگـەڵماندا بـوون و بـەبێ دەمـارگرژی و بـە ئینسـافەوە بڕیـار لەسـەر نێوەرۆکیـان دەدەن، ئـەم وەڵامـە بـەم قسـە بەنرخانـەی بـەختیار عـەلی کۆتـایی پـێ دێنـین: "...ئـەم جـۆرە ناکۆکییـە کوشـندانە، دواجـار زیانێکی بەرچاو لـە تێگەیشتنمان بۆ دیموکراسییەت دەدەن، چونکـە تـا ئەندازەیــەکی زۆر پابەنــدی تێگەیشــتن و تەفســیرکردنی مانــای دیموکراسـین. لــە راسـتیدا ئــەم ناکۆکییــە دەروازەیــەکی گرنگــە بــۆ تێگەیشــتن لــە تــەواوی ماهییــەتی دەســەڵات لــە کوردســتاندا. دیموکراسـیبوونی هـەر گرووپێکـی سیاسـی ئـەو کاتـە بـەیان نابێـت کـە خـودی گرووپەکـە خـۆی دەبێتـە کەمینەیـەکی سیاسـی، بـەڵکوو ئـەو کـات دەردەکــەوێت، کــە ئــەم گرووپــە خــۆی دەبێتــە زۆرینــە. هــەموو کەمایەتییـەکی سیاسـی لـە دونیـادا مـەیلێکی زیـاتر و بـەرچاوتر بـەلای دیموکراسـییەتدا نیشـاندەدات، چونکــە تــەنیا لــە ژێــر ســایەی دیموکراسـییەتدا کەمایـەتی دەتوانێـت شـتێک لـە مـافی هـەبێت، بـە پێچەوانــەی فاشـییەتەوە کــە سیسـتمی سـڕینەوەی هــەموو جـۆرە کەمایەتییەکە.

فاشییەت هێزێک دروستدەکات لـە خـۆی رادەبینێـت تـەواوی کۆمـەڵگا بخاتـە دوای دروشـمەکانی خـۆی، لـە هەسـتکردن بـە هێـزەوە سـەرچاوە دەگرێت، هێزێک بە شێوەیەک لە غروری خۆیدا نوقمـە پێیوایـە پێویسـتی بە هیچ جۆرە پێکەوە ژیانێک لـەگەڵ هێزەکـانی تردا نییە. کانگای هـەرە گـەورەی دیکتاتۆرییـەت و فاشـییەت لـەو بڕوایـەوە هەڵـدەقوڵێت، کاتێـک هێزێکـی سیاسـی دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کـە ئـەو زۆرینەیـەکی هێنـدە مـەزن دروسـتدەکات دەتوانێـت بـۆ ماوەیـەکی درێـژ هـەموو ئەجنـدەکانی

خۆی بە سەر مێژوو و کۆمەڵگا و هەندێک جار بەسەر تەواوی دونیاشدا بسەپێنێت. هەربۆیەش فاشییەت دیاردەیەکە لە "مێگەڵ" جودا نابێتەوە، بە هیچ تەماشاکردنی کەمایەتییەکانیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەیەتی. فاشییەت لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت هاوڕێی سێ دەرکەوتەی سەرەکییە کە بریتین لە:

١ـ دیاردەی مێگەڵ دروستکردن.

٢ـ دروستکردنی کەمایەتییەکی گوناهبار.

٣ـ مۆنۆپۆلکردنی راگەیاندن."

وتاری"کێشەی زۆرینەو کەمینە لە نێوان دیموکراسیەت و فاشییەتدا"
کتێبی: خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار ،بەختیار عەلی،٢٠٠٥

**کۆتایی**

**ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**1385.09.04**

**2006.11.26**

**سەرئەنجام پاش تێ پەرینی ٢ساڵ و نیو لە کۆنگرەی ١٣ و پاش ئەو هەموو حەول دانەی خێرخۆازان ودۆستانی حیزب بۆ چارە سەری کێشەکان بێ ئاکام مانەوەی ئەو هەوڵانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوو بە دوو لەت و رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥هەرکام بە جیا تێکۆشانی سیاسی خۆیان دەست پێ کرد.**

**ئەوەش دەقی بەیاننامەی ئۆپوزیسیۆنی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## بەیاننامە

***ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!***

***کۆمەلانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!***

***حیزب و رێخکراوە سیاسی یە کوردستانی و ئێرانی یەکان!***

***دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان!***

لە یەکێك لە ناسکترین هەلومەرجەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتـەوەی کورد و بزووتنەوەی دێموکراسی خوازی لە رۆژهەلاتی نێوەراست دا، نیزیك بە دوو ساڵ و نیوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی جێگای متمانەو پشتیوانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان، حیزبێك کـە بـە دەسـتی بـە توانـای پێشـەوا قـازی محەمـەد دامەزرا و بە بیری تیژی دوکتور قاسملوو نویّ کریەوە،لە ئاکامی پـاوانخوایی زۆرایـەتی کۆمیتـەی ناوەنـدی دا تووشــی قـەیرانێکی قـووڵی تەشـکیلاتی بـووە کـە سەرانسـەری قەوارەکەی هەر لەسەریّ ڕا تا خواریّ داگرتوەو بە کردەوە کردوویەتـە دوولـەت. پـاش پـتر لـە دوو سـاڵ هـەولّی نهێنی بۆ گێرانـەوەی یـەکڕیزی ویـەك دڵـی بۆ نێـو حیزبـی دێموکرت، رۆژی ٧ی گەلاوێژی ١٣٨٥ ئێمە بە ناوی "ئۆپوزیسیۆن" یادداشتێکی بیست مادەییمان خستە بەرچاوی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندی کە قـەبووڵکردن و جـیّ بـەجیّ کردنی دەیتوانی میکانیزمێك بۆ چاری گـیرو گرفتـەکان و گێرانـەوەی یەکپارچـەیی بـۆ ریزەکانی حیزب بە دەستەوە بدا. هـەر چـەند ئـەم یادداشـتە وەك سـەنەدێکی نهێنی ئامادە کرابوو، بەلاَم بیّ ئەوەی بمانەویّ کەوتە نێو میدیاکان و ئـەو کەسانەی ئـۆگری چارەنووسی بزووتنەوەی کـورد و حیزبـی دێمـوکراتن لێـی ئاگـادار بـوون. بـە داخـەوە چەند کۆبوونەوەی وتووێژ لە سەر ئەو یادداشتە و هەروەها هەولّ و تەقەلای هێندیّ لـە دڵسۆزانی کورد لە نێوەوەو دەرەوەی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و هـەولّی نێوبـژیکردنی هێنـدیّ حیزبـی کوردسـتانی لەوانـە پـارتی دێمـوکراتی کوردسـتان و یەکیەتیی نیشتمانی کوردسـتان و هـەروەها هـەولّی نوێنـەرانی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردستانی ئێراق بە هۆی رەدکردنەوەی قۆڵی زۆرایەتی یەوە بیّ ئاکام مایـەوەو قـۆڵی دەسەلاتبەدەسـتی کۆمیتــەی ناوەنـدی بـە رەفتـاری توندوتیـژ بەرامبـەر جـودابیران رۆژبەرۆژ کەلێنی نێوان خۆی و لایەنی ئۆپوزیسیۆنی گەورەترو فرەوانتر کرد. لە راستی دا ئەو لایەنە بـە ئاشـکرا هـەولّی داوە لـەتکردنێك کەلـە دوای کـۆنگرەی سـێزدەوە بـە کردەوە بە سەر حیزبی دێموکرتی دا سـەپاندوە، رەسمییـەت پـیّ بـداو سـتراتیژیی لـە مێژینەی خـۆی سـەبارەت بـە پووچـەڵکردنەوەی هـەنگاوی " وەسـەریەك کەوتنـەوەی

بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە دوای کۆنگرەی دەیەم، پیادە بکا. ئێستا ناچارین بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە هەموو لایەك ئاگادار بکەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بۆ پاراستن یان باشتر بڵێین بۆ گێرانەوەی یەك پارچەیی بۆ ریزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات گەیشتۆتە بنبەست و ئەگەر ئێمە نەمان توانیوە یەکریزی بە سەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنین، ئەوان توانیویانە لەتبوونی حیزب، حیزبێك کە بە فرمێسکی چاوو خوێنی دڵ و شەوو شەونخوونیی هەزاران تێکۆشەری شەهید و بریندارو کەم ئەندام گەیشتۆتە ئەمرۆ، بە سەر ئێمەدا بسەپێنن. لەو پێوەندیەدا حەز دەکەین چەند مەسەلەی گرنگ وبەپەلە رابگەیەنین ١ _ هەڵوێستە سیاسی یەکان و بنەما تەشکیلاتی یەکانی ئێمە کەدیارە ریشەیان لە سیاسەت و بنەما فکری و تەشکیلاتی یەکانی حیزب دایە و لەگەڵ پێداویستی یەکانی هەلومەرجی تازەی خەبات و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە موتوربە دەکرێن، لە دەرفەتێکی دیکەدا بە ئاگاداریی تێکۆشەرانی حیزب و بیروڕای گشتی دەگەیەندرێن. مەبەست لە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە زۆرتر ئەوەیە کە رابگەیەنین لە مرۆ بەدواوە ئێمە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیمان بە جیا لە قۆڵی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندی درێژە پێ دەدەین و لەو رێگایەش دا بە پشتیوانی سەدان کەس لە باشترین و بە ئەزموونترین کادرو پێشمەرگەکان و هەزاران کەس لە ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان پشت ئەستورین. ٢ـ ملّ راکێشانمان بۆ لەتبونی حیزب تەنیا بۆ ئەوەیە کە چی دیکە تواناو لێوەشاوەیی تێکۆشەرانی حیزب بە فیڕۆ نەچێ و سەرفی گیرو گرفتی نێو خۆیی نەکرێ، بەڵکو هەوڵەکان روویان پێ بکرێتە وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانی دژی دوژمنانی ماف ئازادی یەکانی گەلی کورد، نەك قۆڵ و لایەنەکانی نێو حیزب. بۆیە بەرەسمی رادەگەیەنین کە کاری ئێمە دژایەتی و بەربەرەکانیی سیاسی و تەبلیغاتی و.....دژی هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیەو لە هیچ مەیدانێك دا دەست پێشخەر نابین. ئاواتمان ئەوەیە لایەنی

بەرامبەریش هەر ئەم هەڵوێستە بگرێتە بەر و ڕێگانەدا دوژمنانی بزوتنەوەی کورد پێمان خۆش بن و دۆستانمان نا ئومێدی دایان بگرێ.

٣ــ ئاشکرایە کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و بە شێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی و بە سەدان بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزب، لە کوردستانی ئێراق و لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دەژین، کە لە هەموو کەمپەکان دا بنەماڵەکان تێکەڵ و دراوسێی یەکترن. ئەم وەزعە تا پێش کۆنگرەی سێزدە زۆر سروشتی و لە دوای کۆنگرەش تا ئێستا بە هەرحاڵ "قابل تحمل" بووە. بەڵام ئێستا ئیدی هەموو شتێك پێویستی بە لێك جیاکردنەوە هەیە لەو پێوەندی یەدا ئێمە لە لایەنی بەرامبەر داوا دەکەین هاوکاری بکا تا بە شێوەیەکی شارستانیانە وبێ کێشەو ناخۆشی لێك جیابینەوەو دوژمنان بە خۆمان خۆش نەکەین. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئارەزووی ئێمە ئەوان مل بەو کارە نەدەن، سروشتی یە کە بەرپرسایەتیی ئەو کارە دەکەویتە سەر شانی کار بە دەستانی هەرێمی کوردستان. هیوادارین هەم سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەم حکوومەتی هەرێم و هەم دوو حیزبی دۆست و برامان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و ئەخلاقیی خۆیان لەو پێوەندی یەدا بەجێ بێنن و هەموو ئاواتمان ئەوەیە لەم هەلومەرجەی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا کە چاوەدێرە سیاسی یەکان ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی لە ئێران و ناوچەکەدا پێش بینی دەکەن هەموو لا جۆرێك ڕەفتار بکەن کە زەبر لە یەکیەتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستان نەدرێ و ئەگەر نەمان توانیوە لە نێو حیزبی دێموکراتیکی یەکپارچەدا هەوڵەکانمان وەسەریەك بخەین، ڕێگای ئەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی یەکی کوردستانی دا پێکەوە کار بکەین بەربەست نەکرێ.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل و لە ریزی پێشەوەیان دا قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی میللی ــ دێموکراتی گەلی کورد

*کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*١٣٨٥/٩/١٥ هەتاوی*

*٢٠٠٦/١٢//٦ میلادی*

هەر دوو لایەن باش دەزانین کە دوو ساڵ دەبوو کێشەو دووبەرەکی لە ناو حیزبەکەمان‌دا تووشی قەیران و ئاڵۆزی قووڵی کردبووین، بە جۆرێك کە تواناکان و ئینرژی یەکان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بە تەواوی لە کەمی دابوو و زۆربەی هەرە زۆری وزە و تواناییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی یەکتری بەکاردەبرا و لە ئاکامدا حیزبێکی بەتوانا و بە ئەزموون، لێك ترازا و هاوسەنگەرانی سی ساڵە سەنگەرەکانیان لێك جودا کردەوە. لە سەرەتای لەتبوون‌دا، بە هۆی هەڵەی کەسانی نابەرپرس زۆر کردەوە و خرووقاتی ناشیرین رووی دا و خەریك بوو کارەساتی زۆر تاڵ و دڵتەزێنی لێ بکەوێتەوە. بەڕاستی ئەگەر هێندێك کەس، هەستیان بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر نەتەوەکەیان دا نەکردبایە، کەسانی نابەرپرس دەبوونە هۆکاری خوێنڕشتنی هاوسەنگەرانی دوێنییان و رووداوی قەرەبوونەکارو رووی دەدا.

نامەوێ باسی کێشەکانی دوای لەتبوون بکەم چونکی بە کردەوەیەکی خراپ و دیاردەیەکی نادێموکراتی دەزانم جا چ لە لایەن "حدك" یا "حدکا" وە بێ. کردەوە قێزەون و خراپەکان مەحکوومن و هیوادارم قەت دووپات نەبنەوە. ئاواتەخوازم بەهیممەتی رۆڵە زانا و ئازاکانی کورد، هەرچی زووترە تەواوی کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی هەر دوو حیزبی دیمۆکرات لە ریزێکی یەکگرتوو و هاوڕێیانەدا ببنەوە یەك و دڵی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان و دڵسۆزانی گەلی کورد خۆش بکەن.

## هۆیەکانی دوو کەرت بوونی حیزب

لە پرسی لەتبووندا، زیاتر لێك تێنەگەیشتن و قسەنەکردن و دیزە بەدەرخۆنەکردن گەورەترینی ئەو کۆسپانەن کە مەودا و کەلێنەکان زیاتر دەکەن و ئەگەر بەرەبەرە لەسەریەك کەڵەکە بن ئەوە زۆر کۆسپ و تەگەرەی ناخۆش و قەرەبوو نەکراوەی دیکە دێنە سەر ڕێ. بەراستی ناتوانم بڵێم کە کەمینە لە لەتبوونی حیزب بێ بەرییە، بەڵام زۆرینە یان وا باشترە بڵێم دەسەڵاتدار بەرپرسایەتی زیاتر لە سەرشانە و بەم پێیە لە لەتبوونیشدا بەشی زیاتری پێدەبڕێ. چونکە لەراستی دا لە هیچ کوێی دنیایە نەبینراوە کەمینە زوڵم لە زۆرینە بکا (جگە لە رێژیمی ئاپارتایدی پێشووی ئەفریقای باشوور) و تەنگی پێهەڵچنێ. بۆیە هەمیشەئەکسەرییەت دەسەڵاتدارو باڵادەستە. یەکەمین هۆکاری لەتبوونی حیزب لە دابەش کردنی کاری دوای کۆنگرەی ١٣ سەرچاوەی گرت، کە بە جۆرێك وەك پێشتریش ئاماژەی پێ کراوە کار و بەرپرسایەتییەکان زۆر ناعادڵانە دابەش کرابوون و بە زۆری بە دەست دەسەڵاتدارەوە بوون. بە تایبەتی لە دەسکاری ئایین‌نامەکاندا.

ئەو چەند وتەیەی کاك بابا عەلی کە لە یەکێك لە پلینۆمەکانی دوای کۆنگرەی سێزدەو، دواتر لە رۆژهەڵات دا بڵاوی کردەوە بەڵگەی زیندوون وتوویەتی:

**(ئەو دەستەواژەم جارێکی دیکە لە پلینۆمێکی کومیتە ناوەندیدا پێ وترا. ئەوکاتەی دەموت نابێ ئاییننامەی کومیتە ناوەندی وا دەستکاریی بکرێ کە ببێ بە کاڵای پڕ بە باڵای جیناحی زۆرینە و چۆنتان پێ باشە بەکەڵک وەرگرتن لە ئەهرومی دەنگی زۆرینە بیگۆڕن. پێیان وتم مەئمووریەتت پێ سپێردراوە بۆیە وا قسە دەکەی . لەراستیدا بەردی بناخەی لەتکرانی حیزب لەو پلینۆمەدا و بەو شێوە دەستکاریانە کە لە بەرژەوەندی جیناحی زۆرینەدا کرا، دانرا)**

بەڵام پێشتر وانەبوو لەماوەی سێ کۆنگرەی ١٠و ١١و ١٢ مامۆستا حەسەن‌زادە زۆرینەی پێ بوو و تەنانەت لە دابەشینی کار و بەرپرسیارەتییەکاندا زۆر زیاتر لەوەی بە کەمینە دەدا کە چاوەڕوانی بوون، بۆ وێنە لە کۆنگرەی دە دا تەواوی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لە باڵی کەمینە دیاری کردبوو و بە جۆرێك هاوکاری و هاوڕایی نێوان ئەو دوو جەناحەی خۆش کرد کە دەرەتانی کار کردن پێکەوە زۆر رەخساو و لەبار بوو. بەڵام لە دەورانی کاك مستەفا دا دابەشینی کار زۆر ناعادڵانە کرابوو و ئەوە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پێش کۆنگرە قەول و بەڵێنێکی زۆریان بە هاوباڵەکانیان دابوو

کە لە فڵانە شوێن و فیسارە شوێنیان دادەنێن و بۆ ئەوەی لێیان هەڵنەگەڕێنەوە، دەبووایە بەڵێنەکانیان بېردایەتە سەر. هەر بۆیە لە دابەشینی کاری دوای کۆنگرەی سێزدەدا خەڵکێکی زۆر لە باڵی کەمینەی ڕێبەریدا بێکار کرابوو و خرابوونە پەراوێزەوە و بەجێی زۆربەی ئەوانە کەسانی نەشیاو و ناشارەزا لە کاری ئیجرایی و بەڕێوەبەریدا دانرا بوو. لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی ڕێبەری و شارەزایی کاك مستەفا ئەو کات بە قەرای مامۆستا حەسەنزادە نەبوو و لە جیاتی ئەوەی دوای کۆنگرە خۆی لە سەرۆك جەناحی بشواتەوە و وەك سکرتێری هەردووك لا دەربکەوێ، هەردووکیانی پێکەوە دەکرد، هەر بۆیە لایەنی بەرامبەری دوای ماوەیەك لێی سارد بوونەوە و ئیدی لەوە بە دوا زیاتر وەك سەرۆك جەناح لێیان دەڕوانی نەك سکرتێری حیزب. ئەمەش کاتێك زیاتر زەق بۆوە کە مامۆستا جەماوەری باڵەکەی هەروا لە پەراوێز خرابوو و هیچ پرس و راوێژێکی پێ نەدەکرا. هۆیەکی دیکە ئەوە بوو کە، گەرچی دوو دەورە بوونی سکرتێر شاکارێکی گەورە بوو، بەڵام بەراستی بۆ حیزبێك کە لە خەبات دابوو و تووشی زۆر قەیرانی بەگرێوگۆڵ ببوو، دانانی ئەو بەندە یارمەتی بە کۆتلەبەندی دەکرد و بوارەکەی زیاتر خۆش دەکرد، بەم پێیە لایەنی کاك مستەفا زیاتر هەوڵیان دا کە بتوانن دەسەڵات لەو لایەنە وەربگرنەوە بۆ ئەوەی نەکا کەسێکی دیکە لە جێگای عەبدوڵڵا حەسەنزادە دابنێن. هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەموو توانایەکیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی پۆستی سکرتێری و دەسەڵاتی زۆرینە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. هۆیەکی دیکەی لەتبوونی حیزب لاوازی باری سیاسی ڕێبەری حیزب بوو، بۆ وێنە ئیمزا کردنی پلاتفۆرمێك لە گەڵ پان ئێرانیستەکان کە نەتەوەی کوردیان بە قەوم ناو بردبوو و رەخنەی ڕێبەری کەمینە و بەشی زۆری بەدەنەی حیزب لەم کردەوەیەی زۆرینەی ڕێبەری قەیرانێکی دیکەی لێکەوتەوە. هەروەها وڵامی لاوازی کاك مستەفا بە نامەی "نەزمی ئەفشار" ئاستی دوور ڕوانی و دووربینی سکرتێری لاواز و نزم دەرخست و تەنانەت نەزمی ئەفشار ستراتیژی حیزبی هێنایە ژێر پرسیار. لەمبارەوە کەمینە بە زەرەبین لە خاڵە لاوازییەکانی زۆرینە دەگەڕاو زیاتری زەق دەکردەوە.

لە لایەکی دیکە نووسینی بەناو وتاری قێزەون و کێشەخوڵقێن لە ماڵپەڕە ئینترنێتییەکاندا کە (مەبەست هەردوولایە) بە بێ ناو نیشان بڵاودەبوونەوە، یارمەتی بە ئاژاوەو کیشەکان دا و زیاتر ئاورەکەی خۆش دەکردو کەسانی نابەرپرس هەر رۆژێ بە ناوێك وتارێکی نارەواو پڕ لە سووکایەتییان بڵاودەکردەوە و بە قەولی فارس"از

آب گل الود ماهی گرفتند". بە بڕوای من هەموو ئەو کێشانە لە لای مامۆستا حەسەنزادە و کاك مستەفا هیجری چارەسەر دەکراو لەتبوونیش لای ئەوان بوو بە هیچ کەسی دیکە لەتبوون نەدەکراو لە توانای دا نەبوو. ئێستا قسە لە (خودبزرگ بینی) و مشاوری خراب ناکەم کە لە هەر دوو باڵ یارمەتیان بە لەتبوون کرد. ڕەنگە پرسیار بکرێ باشە بۆ هێشتیان ئەوە روو بدا؟ هەرکەس دەتوانێ تەفسیری خۆی لە سەری بێ ئەگەر لە خۆیان بپرسی یەکتر تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەوەم بە روونی بۆ دەرکەوتووە بە بێ ئەو دوو کەسە، کەس لە توانای دا نەبوو حیزبی دیموکرات بەرەو لەتبوون بەرێ. من سەبارەت بە لەتبوونی حیزب لەوە زیاتری باس ناکەم چونکە خوێنەر خۆی دەتوانێ هۆکارەکانی لەتبوون لەو بەڵگە و دیکۆمێنتانە هەڵکرێنێ کە لە کتێبەکەدا هاتوون.

## زیانەکانی کەرتبوونی حیزبی دیموکرات

گەرچی بە داخێکی گرانەوە حیزبی دێموکرات حیزبی جێگای هیواو هۆمێدی کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لەتبوو،و ئەوەی کە نەدەبوو رووی بدا، رووی‌دا، بەلام خالی جێگای سەرنج ومایەی هۆمێد ئەوە بوو کە هەر دوولا لە لێدوانەکانیان دا شانازیان بە رابردووی حیزبی دێموکراتەوە، درێژەدانی رێگای رێبەرانی شەهید (قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی ) وپرینسیپەکانی حیزبەوە دەکردولایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی نوێبوونەوەو چاکسازی لە گوتارو کردارو ئازادیی رادەربڕینی راشکاوانە هێنایە گۆڕێو بەڵێنی ئەوەیان دا کە بایەخی جیدی بدەن بە بەشداریی ژنان ولاوان لە حیزبەکە دا. بەلام لەتبوونی حیزب خەسارو زیانی قەرەبوو نەکراوەشی بە دواوە بوو وبەر لەهەر شتێك ئەو لەتبوونە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ودوژمنانی حیزبی دیموکراتی پێ شاد بوو. زیانی لەتبوونی حیزب ئەوەیە کە دوژمنانی نەتەوەکەمان لە سەرووی هەموان کۆماری ئیسلامی شایی لە دلگەرا، ئەو حیزبەی کە ٣٠ ساڵ بە یەك چەك ولە یەك سەنگەر داو بە یەك قەڵەم لە بەرامبەر ئەو رێژیمە درەندەیە بەربەرەکانی دەکردو هەمیشە زەندەقی لێی چووبوو،

پاش ٣٠ ساڵ سـەنگەرەکانیان لێـك جـودا کـردەوە بـەمجۆرە زەبرێکـی قـورس وەبـەر یەکیەتیی ریزەکانی حیزب کـەوت بـە جۆرێـك نـە تـەنیا لایـەنگران وئەنـدامانی نـاوخۆو دەرەوەی لێك هەڵبڕی، بەڵکوو بنەماڵەی شەهیدانیشی لێك کردو تا ماوەیەك کەشێکی ماتەم ودڵساردی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاو خەڵکی کوردستانی تووشـی شـلەژان ونیگەرانی کرد. بەداخەوە زیانێکی دیکەی لەتبوون ئەوە بوو کە هێـزو توانـای هـەردوو لا بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ سەلماندنی رەوایی خۆیان و لاواز کـردن وبـە کـەمگرتنی لایـەنی بەرامبەر تەرخان کرا. لە حالێکدا هەردوولا لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو لە یەك سەنگەر بـە سـەدانجار دفاعیـان لـە یـەکتر کـردووە، ئـەو دۆخـە مخـابن هێنـدێ رووداوی تـاڵ وناخۆشیشـی لێ کەوتـەوەو ئێسـتاش کـەموزۆر لـە راگەیندنـەکان دا رەنـگ دەداتـەوە. هەروەها لە ئاکامی لەتبووندا،بەشێکی زۆر لە ئەنـدامانی حیـزب لـە رووی ناچـارییەوە لایـەکیان هەڵبـژارد، ئـەگینا خوازیـاری لـەتبوون نـەبوون و ژمارەیـەکیش ریزەکـانی حیزبیان بەجێهێشت. لە لایەکی دیکەوە ئەم کەرتبوونە، هێندەی دیکـەی فـەزای لێـك نزیـك بوونـەوەو یەکیـەتیی نێـوان حیزبـە کوردییـەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانی تەمومژاویتر کرد لانیکـەم هیـوای پێکهێنـانی هاوبەنـدی یـان بەرەیـەك لـە نێـوان ئـەو هێزانـەی تـا نووسـینی ئـەم دێرانـەش خـۆش نـەکردو ئەوەنـدەی دیکـەی فـەزای بـێ متمانەیی دان بەیەکتر دانان وبە کەمگرتنی لای ئەو هێزانە بـە هێزتـر کـرد. هەرچـۆنێك بێ ئەم لەتبوونە زۆر خەسارو کـەلێنی قـووڵی خسـتەناو ریزەکـانی حیـزب وگـەل و بـە داخەوە هێشتاش برینی ئەو لەتبوونە سارێژ نەبۆتـەوە وخـەڵکی کوردسـتان بـە چـاوی هیـواوە دەڕوانـە ئـەو رۆژەی کـە هـەردووك حیزبـی دیمـوکرات لـە قـەوارەی حیزبێکـی یەکگرتوو ویەك هەڵوێست دا کوورەی خەبات وتێکۆشان نێڵ بدەنەوە.

## تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دوای ئـەوەی کـە هـیچ رێگەیـەك بـۆ پێکەوەهـەڵکردن و پێکـەوە کـارکردن نـەما و تەواوی وزە و تواناییەکانی حیزب بۆ بەرپەرچدانەوەی یـەکتری و پـەرەگرتنی کێشـە و ناکۆکییەکان لەکار دەکرا، رۆژی ١٥ی سەرماوەز ئۆپۆزیسیۆن تێکۆشانی سیاسی خۆی بە ناوی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان دەسـت پێکـرد، رۆژێـك دواتـر رێبـازی سیاسـی خۆی لە ژێر ناوی "هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئێمە" بڵاوکردەوە. هەر چەند رۆژ دواتر، رەوتی ریفۆرمی بانگەوازی بڵاوکردەوە کە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان درێـژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن. دیارە ئەوانە لە پێشدا سـەردانی کـاك مسـتەفا هیجریـان کردبوو و ناوبراو وڵامی هیچکام لە مەرج و داخوازییەکانیانی نەدابوونەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ و شپرزە دا بـووو دارایـی حیزب و راگەیاندنی حیزب لە دەست لایەنەکەی دیکەدا بوو، بەڵام هـەر وەك پێشـبینی دەکرا ئەو خەڵکـەی کـە لەگـەڵ حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان کـەوتبوون، پێشـتریش نیشانیان دابوو کە لە زۆر کێشمەکێش و تەنگوچـەڵەمەی رۆژگـار تێپـەڕیبوون و بەشـی هەرەزۆریان رۆڵـەی رۆژی تەنگانـە و سـەردەمی سـەختی شـاخ بـوون. لـە رێبـەری بـە ئەزموون و کادری بەتوانا و فەرماندەری لێهاتوو و لاوانی رووناکبیر پێـك هـاتبوو، هـەر بۆیەش قۆڵیان لێ‌هەڵماڵی و شانیان وەبەر داو لـە ماوەیـەکی کـورتدا توانیـان زۆربـەی ئەو کەندوکۆسـپانە بڕەوێننـەوە و رووی خـەبات و تێکۆشـانیان بەتـەواوی لـە کۆمـاری ئیسلامی کرد و تەنانەت بڕیاریان دا کە ئەگەر بلوێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوویان لە بەرەیـەك دا کـار بکـەن. لایـەنی "حـدکا"ش هـەروا وەك پێشـوو لـە کێشـەخوڵقاندن و سووکایەتی پێکردن و بڵاوکردنەوەی شـتی ناراسـتیش نەدەپرینگانـەوە و "حـدك"یان وەك "لادەر" و "تاقم" و ... ناودەبرد و لە "تیشك تـی‌ڤی"یـەوە هێرشـێکی نـاڕەوا و یـەك لایەنـەیان دژی "حـدك" دەسـت پێکردبـوو و هـیچ کـات ئامـادە نـەبوون لـە دانیشتنێکی دووقـۆڵی یـان هاوبـەش و رووبـەڕوودا بـاس لـە سـەرهەڵدانی کێشـەکان و

هۆکارەکانی لەتبوون بکەن و ئێستاش جاروبار بە بیانووی جۆراوجۆر و بێبنەما هەڵدەکوتنە سەر "حدك" و وادیارە بوونی ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە کۆسپی گەورەی سەر ڕێی خۆیان دەزانن و تا نووسینی ئەم دێڕانەش وەك حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دانیان پێدانەهێناوە. تەنانەت چەند ڕۆژ دوای لەتبوون بە هاورییەکی ڕێبەری "حدك"یان گوتبوو "هەر ٦مانگ تا دووساڵ تەواو دەبن و لێك بڵاو دەبن دیارە ئەو زۆری تکاو داوای کردبوو ئێستاش درەنگ نەبووە سێ ڕۆژ تێپەریوە بە قسەیان نەکردو پاشان بە کاك مستەفای گوتبوو کە ئەوەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە وا نیە...... "تەنانەت لە زۆر جیگای دیکە باسیان کردبوو کە یارمەتیان مەکەن زۆر زوو دەتاوینەوە. نەك پێش بینیيەکە دروست لە ئاو نەهاتە دەر، بەڵکوو وەك حیزبێکی مودێڕن پێشکەوتوو ناسراو بە گەرمیش پێشوازی لێ کرا، چونکی لە بەرامبەردا سیاسەتی دروست و بەجێی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی زۆر زوو راستی کیشەکان بۆ خەڵکی کوردستان روون بکاتەوە و لە ڕێگەی وتووێژ و بڵاوکردنەوەی سی.دی و رادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانەوە قسە و پەیامی خۆی بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ و بڕیار و هەڵوێستەکانی بە روونی بۆ خەڵکی باس بکا.



کۆبونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سکرتێری خالیدعزیزی و

مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان



کۆبونەوەی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکرات





هەیئەتی کۆمەلە، پارتی ئازادی وخەبات لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان

گەرچی حیزبی دێموکرات لە باری ئابوورییەوە نەیتوانی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا، تەلەویزیۆن دابمەزرێنێ کە بەراستی زۆر پێویست بوو، بەڵام کاتێکیش دامەزرا بەپێی سیاسەتی حیزب نەکرایە تریبوون و سەککۆیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دەنگۆ و پڕوپاگەندەیەی کە لە "تیشك تی.وی"یەوە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڕێخرابوو و زیاتر لە سەر پرسی نەتەوەیی و لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و خزمەت بە ئەدەب و کولتووری کوردی و سیاسەت و تێڕوانینە نوێیەکانی حیزب چڕبۆوە.

لەبیرمان نەچێ کە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی حیزبەکەیان سەربەخۆ بێ، زۆریان یارمەتی بە تەلەویزیۆن کرد و زیاتر لە دەیان هەزار دولار لە یارمەتی خۆیان بۆ دروست کردنی ستۆدیۆ بەخشی. دیار بوو ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو ئامادە بوون گیانیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەیان بکەن، هەر ئەو چاوروانیەشیان لێ دەکرا. هاوکات خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزب یارمەتییەکی باشی حیزبیان کرد کە ئەوانە نیشانەی پەرۆشی و بەتەنگەوەهاتنی خەڵکی کوردستان بوو بۆ حیزبە خۆشەویستەکەیان. پێدا چوونەوە بە قەوارەی حیزب ئەرکێکی دیکە بوو کە دوای لەتبوون کەوتبووە سەرشانی ئەندامانی حیزب و هەر لەم پێوەندییەدا ریزە کۆبونەوەیەك دەستی پێکرد و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی لێك درانەوە. هەرچەند قەوارە و رێکخستن و ئۆرگانەکانی حیزب لێك ترازا بوو، بەڵام زۆر زوو پێدا چوونەوەی پێداکراو سەر لە نوێ ئۆرگانەکان رێکخرانەوە بەرپرسیان بۆ دانرا و کار و تێکۆشان دەستی پێکردەوە. لە هەموو ئەوانە گرینگتر کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات زۆر ئازایانە لە هاوینی ١٣٨٦و بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٨٧دا بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری سیاسی و تەشکیلاتی چوونەوە ناوخۆ و سەلماندیان کە ئیرادەی ئەوەیان هەیە کە وەك دەیەی ٦٠و٧٠ لە هەر شوێنێك پێیان خۆش بێ حزووریان دەبێ و دەتوانن چالاکانە کاری سیاسی و تەشکیلاتی و تەنانەت نیزامیش بەڕێوەبەرن. ئەوان سەلماندیان هەروەك جاران

خۆشەویستی خەڵکن و لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازییان لێدەکرێ و هەروا ئامادەن بە بەخشینی خوێنی ئاڵیان بەرگری لە نەتەوەو ئامانجە رەواکانیان بکەن.

لە "سازماندهی"یەك کە دوای لەتبوون کرا، من وەك بەرپرسی فێرگەی سیاسی ــ نیزامی دەستم بەکار کرد، بە داخەوە وەك ئاماژەی پێ کرا حیزب لە بارو دۆخێك دابوو کە بارەگاکانمان هەر پێکەوە بوون، بۆیە کاری فێرگەش وەك ئۆرگانەکانی دیکە بە دژواری بەڕێوە دەچوون و هەر بەم پێیەش هەوڵ و هیممەتی بەرزی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بە گشتی و، فێرگە لە راپەڕاندنی کارەکاندا جێگەی رێزو ئەمەگناسی یە.

## کۆنکرەی ١٤

حیزبی دێموکرات ئەزمونێکی زۆری لە هەڵبژاردن دا هەبوو هەمیشە هەڵبژاردن کۆمەلێك گیروگرفتی بە دوای خۆی دا هێناوە، هەر بۆیە بۆ کۆنگرەی ١٤ کە حیزب کۆمەڵێك دروشمی گەورەی هەلگرتبوو و پێشتریش "هێڵە گشتی یەکانی رێبازی ئێمە" کە دوای لەتبوون لە لایەن حیزبەوە بڵاوببۆوە، دەبوایە لە کۆنگرەدا تاوتوێ بکرێن و بڕیاری گونجاو و میکانیزمی شیاویان بۆ دابنرایە. هەر بەم پێیە، حیزب بۆ نووسینەوە و پێداچوونەوەی بەرنامەو پێرەوی ناوخۆ، داوای لە کەسانی شارەزا و بەتوانا کردبوو و تەنانەت لەم پێناوەدا کەسانی غەیرە حیزبیشی بانگهێشت کردبوو کە راو بۆچوونەکانی خۆیان بە نووسراوە بخەنەڕوو، کارێك کە لە تەمەنی حیزبی دیمۆکراتدا نەکرابوو و خودی ئەمەش لەجێدا وەك نیشانەی باوەڕبوون بە بەشداری بە کۆمەڵ و بەهێند وەرگرتنی روانگەی خەڵکانی بژاردەو هەڵکەوتوو دەژمێردرا. بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکان، تەرحێکی ژیرانە و بەجێ هاتەئاراوە کە زۆربەی کێشە و گرفتەکانی پێشووی چارەسەرکرد بوو و بۆ ئەو قۆناغە زۆر گونجاو بوو. چونکە زۆر جار لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا و لە ئۆرگانەکانی سەر

بەدەفتەری سیاسی یا ناوەندەکاندا بەهۆی دەستەبەندی، جەناح بەندی و ناوچەگەراییەوە زۆر کەسی لێهاتوو و بەتوانا لە چوونە کۆنگرە بێبەری دەکران. لەم پێناوە دا بڕیار درا کە هەموو پێشمەرگەکان بە جیا هەڵبژاردن بکەن و بۆ هەر شارەی بەپێی ڕێژەی پێشمەرگەکانی، پێشمەرگە بنێرنە کۆنگرە و بۆ کادرەکانیش هەر بەو شێوەیە هەڵبژاردن کرا. (بۆ وێنە ئەگەر شارێك بیست کادری بووایە و چوار کەسی دەبووایە بچووبایەنە کۆنگرە، دەبووایە هەموو کادرەکانی حیزب دەنگیان بدایە و لە ناو کاندیداکانی ئەو شارەدا چوار کەس کە لەوانی دیکە دەنگی زیاتریان بهێنایەتەوە دەچوونە کۆنگرەو بۆ پێشمەرگەکانیش هەر وا کرا و ئەوانیش بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە دەبووایە بچووبایەنە کۆنفڕانسی کادرەکان، ئەمجارە ڕاستەوخۆ دەچوونە کۆنگرە). بەمجۆرە هەم پێش بە هەڵە وکەموکوڕییەکانی ڕابردوو گیرا و هەم چۆنییەتیی گرتنی کۆنفرانسەکان، گرتنی کۆنگرەی حیزب و شێوەی هەڵبژاردن وڵامدەری ئەو ئامانجانە بوون کە لە "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" دا هاتبوون. هەروەها زۆر بیروبۆچونی نوێ لە حیزبدا هاتنەگۆڕێ، لە ئەزموونی ڕۆڵەکانی لە مێژینەی حیزب کەڵك وەرگیرا، ژنانی لە ڕێبەری ئەو حیزبە دا جێگە و پێگەی زیاتریان بۆ تەرخان کرا، تواناکان بێ لە بەر چاو گرتنی تەمەن و ناوچە و هتد، لە ئاستی جوراوجۆر دا مەیدانیان پێ درا.

بە مەبەستی گرتنی کۆنگرە ڕۆژی ١٣٨٦/١٢/١٦ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە " قەڵای بەرخۆدان" نوێنەرانی کۆنگرە کۆبوونەوەو کۆنگرە لە ژێر چاوەدێری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دا گیرا. هەمان ڕۆژ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆنگرە دەستی پێکرد. کاك فەتاح کاویان بە چەند وتەیەك بەڕەسمی کۆنگرەی کردەوە، پاشان خیزانی کاك سەلام عەزیزی چەپکە گوڵی بنەماڵەی شەهیدانی پێشکەش بە کۆنگرە کرد. سەرجەم ١٨٦ کەس لە کۆنگرە بەشداربوون کە بێجگە لە نوێنەری کادر و پێشمەرگەکان، نوێنەرانی دەرەوەی وڵات و هەروەها نوێنەرانی ئەندامانی حیزبی نیشتەجێی باشووری کوردستانیش بەشداربوون. ڕێژەی

ژنان لەو کۆنگرەیەدا ١٦/٦ بوو و نێونجی تەمەنی بەشداربووانیش ٤٠ ساڵ بوو. پاش ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنەکان دەست بەکاری کۆنگرە کرا. لە ماوەی ٨ ڕۆژ کاری کۆنگرە بە تایبەت لە سەر ڕاپۆرت و بارودۆخی حیزب باس و ڕاگۆڕکێیەکی زۆر کرا. ئەو کۆنگرەیە زۆرترین کاتەکانی بە باسی سیاسی تێپەڕاند و کەشێکی سالم و پڕ باس و لێکدانەوە بە سەر فەزای کۆنگرە دا زاڵ بوو. کۆنگرە کۆمەڵە بریارێکی دروست و بەجێی دا، لەوانە پێداگری لەسەر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ڕەزامەندیی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرەی لەگەڵ بوو و هەروەها ئامانجی ستراتیژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی کردە "دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا". کۆنگرە هەروەها بڕیاری دا کادر و پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا حزووریان هەبێ و بەپێی هەلومەرج بچنەوە ناوچە. بە کار هێنانی ئەقڵی بەکۆمەڵ و بەشداریی هەموو ئەندامانی حیزبی لە کاری حیزبی دا و کۆمەڵێك ڕێوشوێنی دیکە کە لە "هێڵە گشتییەکان" دا هاتبوون، کۆنگرە بڕیاری دابوو لەسەر بەڕێوەبردنیان و بە کردەوە جێبەجێکردنیان. سەرەنجام لە قۆناغی کۆتایی کاری کۆنگرەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری کرا کە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیك دا بەڕێوەچوو. ئەمجارە بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ٤٣ کەس خۆی کاندیدا کرد کە ٢١ کەس هەڵبژێردران کە ١٧ کەسیان بۆ ناوخۆ و ٤ کەس بۆ دەرەوە دیاری کران. بۆ جێگرەکانیش ٣٨ کەس خۆیان کاندیدا کرد بوو دەبووایە ١٢ کەس هەڵبژێردرێن. خۆ کاندیدا کردنی ئەو هەموو خەڵکە نیشانەی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی زیندوو بە توانایە و پشت ئەستوورە بە وەچەی نوێ و چینی جۆراوجۆری نێو کۆمەڵ بە تایبەتی ڕووناکبیران. هەر ئەوەش بوو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیەکی نوێ هاتنە ناو ڕێبەری حیزبەوە و خۆیان لە بەڕێوەبەری حیزب دا دیتەوە.

ئەم کەسانە لە کۆنگرەی ١٤ دا وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

خالید عەزیزی، حەسەن ڕەستگار، قادر وریا، حەسەن قادرزادە، مستەفا مەولودی، ڕامبود لوتف پووری، کەماڵ کەریمی، عومەر باڵەکی، مستەفا مەعرووفی، سیامەك

وەکیلـی، بـرایم ئیبراهیمـی، سـەیید بـرایم کـەریمی، کوێسـتان فتـوحی، عەبـدوڵڵا بەهرامی، خەدیجە مەعزوور، کەریم سـەقزی، هـیمن سـەیدی، ئاسـۆ حەسـەنزادە، ئیقبالێ سەفەری، کوێستان گادانیو مستەفا شەڵماشـی کـە چـوار کەسـی دوایـی بـۆ دەرەوە دیـاری کـران. هـێمن سـەیدی رووی کـردە دەرەوە و پـاش ٩ مـانگ لـە لایـەن کومیتە ناوەندیەوە ئەندامەتی رێبەری لێ ئەستێندرایەوە، چونکە ئەو خۆی لـە سـەر لیستی کوردستان کاندیدا کردبوو. دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی، ئـەو کەسـانەی خوارەوە وەك جێگری کومیتە ناوەندی هەڵبژێردران:

خالید وەنەوشە، جەعفەر زەمانی، برایم چووکەڵی، سوهەیلا قـادری، سمایـل شـەرەفی، کـوروش نوسـرەتی، محەممـەد کەسـرایی، خـەلیل فرامـەرزی، رەحمـان پیرۆتـی، کـاوە ئاهەنگـەری، مـەولود سـوارە و رەحـیم محەمـەدزادە، کـە ئـەم سـێ کەسـەی دوایـیش بـۆ دەرەوە دیـاری کـران. دیـارە کـاك جەعفـەر زەمـانی لـە هـاوینی ١٣٨٨بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە ماڵئاوایی لێ کردین.



کۆنگرەی ١٤ – برایم چووکەڵی



کوردستان، چووکەڵی، خوشکە خەجیج ، گوڵاڵە محەممەدزادە کۆنگرەی ١٤



مامۆستا سەلاح، عەلی لالە، بازیار، چوکەڵی، ئەنوەرکەریمی ورحمان گەورکیکۆنگرەی ١٤



کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی ١٤



جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ١٤



برایم چووکەڵی،خالید عزیزی، خێزانی کاک سەلام

هەرهەمان شەو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دیاری کردنی سکرتێر کۆبوونـەوە، کاك خالید عەزیزی بە چەند هۆیەك نەی دەویست ناوی وەك سکرتێری بێ و ئەنـدامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەویان وەك وتەبێژی کۆمیتەی ناوەنـدی دیـاری کـرد. هەرچـەند لـە ئەساسـنامەدا سـکرتێر وتەبێـژی حیزبـە، لـەو شـەوەدا کـاك خالیـد وەك سـکرتێر رانەگەیـەنرا وبـەڵام ئـەرکی سـکرتێری هـەبوو وەك نەفـەری یەکـەم لـە هـەموو شـوێن

وجێگایەك وكۆبوونەوەیەك قسەی دەكردو بەشدار بوو، دوای ساڵ و نیویەك پاش كۆنگرە كاتێك ئامادەگی سكرتێری بوو تێگرای ئەندامانی كومیتەی ناوەندی پێشتر دەنگیان بۆ دابوو چونكی ناوبراو لە نێو ئەندامانی رێبەری دا زۆر خۆشەویست وجێگای پەسەندی هەموان بوو، لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لە نێو حیزبە كوردییەكان دا زۆرترین لایەنگری لە نێو حیزبەكەی خۆیدا هەیە كە كەم سكرتێر و بەرپرسی یەكەمی حیزبەكان وابووە. كاك خالید عزیزی لە سەرەتای دەست بە كاربوونەوە لە لایەن ئەندامانی حیزب وخەڵكی كوردستان پێشوازی باشی لێ كرا لە ماوەی كە وەك وتەبێژ قسەی دەكرد خەڵك ناسیان وبۆیە كاتێك ناوی سكرتێری لە سەر دانراو لە"كوردكاناڵ " بڵاو بۆوە خەڵكی زۆر خوشحاڵ كردو چونكی بە چاوێكی كراوە دەڕوانە سكرتێری حیزب.

چەند رۆژ دوای كۆنگرە نەورۆزی ساڵی ١٣٨٧بە سەر داهات و بەم بۆنەوە كاك خالید عەزیزی پەیامێكی ئاراستەی خەڵكی كرد كە لە ناوخۆی ولاتیش پێشوازییەكی گەرمی لێ كرا.

كۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموكرات لە چەند بارەوە گرینگی تایبەتی هەبوو، ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا كە خۆی لە محەكی دێموكرات بوون بدا، ئەو باوەرە جوان و رێكوپێكانە هەر لە قاڵبی تێئۆریدا نەمان و بەكردەوە جێبەجێ كران. ئاوڕدانەوە لە رابردوو و رەخنەگرتن لە كردەوەكانی پێشوو لە ناو حیزب دا مەیدانی بۆ كرایەوە. هەڵبژاردنێكی ئازاد و سەربەخۆ لە كۆنگرەدا بەڕێوەچوو كە بەشداربووان توانیان دەنگەكانی خۆیان بێ لە بەرچاوگرتنی پێوەندیی كەسێنی و بە ئارەزوی خۆیان لە سەندوقی دەنگدان بخەن. گرینگییەكی دیكەی كۆنگرە ئەوە بوو كە زۆر كەس و لایەن پێیان وابوو كە دەسەلاتخوازی حیزبی لەت كردوە، بەلام لە كاتی هەڵبژاردندا بە كردەوە دەركەوت كە ئەوانە تەنیا بوختان و شتی دەسكرد بوون، چونكە كۆمەلێك لە ئەندامانی لە مێژینەی حیزب لە رێبەری كشانەوە، بە تایبەتی عەبدوڵلا حەسەنزادە كە نووكی هێرش بوو و بەردەوام ئەو تۆمەتەیان دەدایە پاڵ كە لەبەر دەسەلات حیزبی

لەت کردوە، مامۆستا بەو کارەی نیشانی دا کە کێشەی ئەو کێشەی دەسەڵات نییە. بەشداری کردنی رادەیەکی زۆر لە خەڵکی رووناکبیر و لاوان یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆنگرەی ١٤ بوو، ئەو توێژە زۆر شارەزایانە و چالاکانە لە کۆنگرەدا بەشدارییان کرد. ئەو چاوەروانییەی خەڵك لە کۆنگرەی هەبوو کە حیزبی دێموکرات چالاکتر بێ و گوڕوتینێکی زیاتر و بەرچاوتر بە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان ببەخشێ، تا رادەیەکی زۆر هاتە دی. بڕیارێکی دیکەی کۆنگرە، چوونەوەی کادر و پێشمەرگە بۆ ناو خەڵك بوو و دواتر ئەو بڕیارەش بە کردەوە جێبەجێ بوو. حوزووری کادر و پێشمەرگە لە دوای کۆنگرەی ١٤ لە نێو خەڵك دا، خەڵکی گەشاندەوە. حیزبی دێموکرات بەو کردەوەیەی کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر تێکۆشانی حیزبەکەمان هەبوو، توانی ئەو حیزبە بکاتە ئەکتەرێکی چالاك لە هاوکێشە سیاسی یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت کۆماری ئیسلامی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە لە" راپۆرتی نهێنی ناوەندی لێکۆڵینەوە و ستراتیژی کۆماری ئیسلامی" ٣٠ لاپەرە لە سەر کوردستان بنووسێ کە چۆن پێشگیری لەو جموجۆڵانەی حیزب و ........ بگرێ. حیزب بەم جەولانەی، توانی تا رادەیەك وڵامدەری هەلومەرجی نوێ بێ، بەڵام بەقەرای پێویست نەبوون، بۆیە دەبێ لەمبارەوە زیاتر خۆمان ماندوو بکەین و هەوڵ و تەقالای زیاتر بدەین بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناو خەڵکی خۆماندا بین وتا گەبیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەمان کە وەدی هێنانی ئامانجی شەهیدانە، بەردەوام بین.



سالۆنی کۆنگرەی ١٤



سەید حسین، برایم چوکەلی، عومەرشاداب، حەسەن قادرزادە، محەممەد جزا، قادر وریا، برایم ئیبراهیمی، مستەفا مەولودی، ٢٥ گەلاوێژی ١٣٨٧



پەلێ هێرش لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان، بەهاری ١٣٦٢



لکێکی هێزی بەیان رەشەمەی ١٣٦٢



پشتی حوسین ئابادی بۆکان، پەلێکی هێزی بەیان، پاییزی ١٣٦٤



برایم چووکەڵی، شەهید خالید ئەنباری بەهاری ١٣٦٥



دەستەیەك پێشمەرگە لە پشتی حاجی قەڵا



پشتی شێخەڵوان ١٣٨٧



برایم چووکەڵی ساڵی ١٣٧١






کارۆڵ نوسەری کتێبی قاسملووی کورد، چووکەڵی و......



٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٧



شەهیدانی فەرماندە وەستا ئەحمەد و هەمزە بهنام هاوینی ١٣٦٦



فەتتاح ئیلخانیزادە وبرایم چوکەلی پاییزی ١٣٦٤



شەهید علی قالویٚ، برایم چوکەڵی و عەوڵا کانی سیرانی بەهاری ١٣٦٥



چووکەڵی، ناسر رەزازی، موکریان چوکەلی، گوڵاڵە محەممەدزادە



برایم چووکەڵی وشەهید عوسمان ساروقامیشی چیای پەڕەژال هاوینی ١٣٦٩



برایم چووکەڵی لە گەڵ دەستەیەك پێشمەرگە



مادیح ئەحمەدی و برایم چووکەڵی، لە یادی ٢٠ ساڵەی هەڵەبجە



بەیان و برایم چووکەڵی، گوڵاڵە محەممەد زادە، ڤیان چووکەڵی



دوکتور شەرەفکەندی لە کاتی سەردانی هێزی بەیان ساڵی ١٣٦٩



شەرەفی ، تالەبانی، هیجری، حەسەن زادە مهرپەروەر



مام جەلال، شەهید دوکتور قاسملوو، نەوشیروان مستەفا، عبدالله حەسەنزادە

## نووسەر لە چەند دێڕێك دا

* لە ١٣٦٠/٨/١٨ بوە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ولە هێزی بەیان دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد.

* لە بەهاری ١٣٦٣ وەك سەرپەل دیاری کراوەو تا کاتی بریندار بوونی،و دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕاوەتەوە نێو هاوسەنگەرانی وکراوەتەوە بە سەرپەل تا ساڵی ١٣٦٥ ئەو بەرپرسایەتی یەی هەبووە.

* ساڵی ١٣٦٦ کراوە بە جێگری لك و هەر لە هاوینی ئەو ساڵە دا وەك فەرماندەری لك دیاری کراوەو لە زستانی ٦٦دا بوو بە ئەندامی کومیتەی شارستانی بۆکان.

* ساڵەکانی ٦٧ و٦٨ ئەندامی کومیتە شارستان و فەرماندەری لك بوو.

* ساڵەکانی ٦٩ و٧٠ وەك فەرماندەری لك ئەرکی بەرێوە بردووە.

* ساڵی ١٣٧١ لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بە سەرپەرەستی هێزی ٢ی رێبەندان و ئەندامی مەڵبەندی ٢ دیاری کرا.

* ساڵەکانی ١٣٧٢ و٧٣ و٧٤ بەرپرسایەتی فەرماندەری هێزی بەیانی پیێ سپێردراوە .

* ساڵی ٧٥ و٧٦ فەرماندەری هێزی پارێزگاری سەر بە دەفتەری سیاسی بەرێوە بردووە.

* دوای کونگرەی ١١ی حیزب لە زستانی ١٣٧٦ بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکانی پیێ ئەسپێردراو تا پێکهێنانی ناوەندەکان لە ساڵی ٧٧ دا ئەو بەرپرسایەتی یەی بەرێوە بردووە.

* ساڵی ١٣٧٨ وەك ئەندامی ناوەندی٢ی کوردستان و فەرماندەری تیپ دیاری کراوەو تا ساڵی ١٣٨٥ ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردەوە.

* لە ساڵی ١٣٨٥ وەك بەرپرسی فێرگە دیاری کراو لە کۆنگرەی ١٤ دا لە ساڵی ١٣٨٦ بوو بە جێگری کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی فێرگە.

- نووسەر بێجگە لەو کتێبەی لە بەر دەستتان دایە، بەرگی یەکەمی"چەپکێك گوڵاڵە سووره"تایبەت بە شەهیدانی حیزبی دێموکرات ( ناوچەی بۆکان)کتێبی" لە چیاکانی موکریان تا دەشتی کۆیە"،" ئەزمونەکانی مودیرییەتی فەرماندهی "، چاپ وبلاو کردۆتەوە. هەروەها قارەمانانی نەتەوەی ژێر دەست ئامادەی چاپ کردنە.